
# بۆليفاری نەی

کەریم دەشتی

٢٠١٣

رۆمان

* ناوی کتێب: بۆلیڤاری نەی
* ناوی نووسەر : کەریم دەشتی – –1955 – هەولێر
* ژمارەی سپاردن: (        ) ساڵی (        ) هەولێر
* چاپی دووەم
* ئیمێل karimdashti59@yahoo.com
* ژمارەی مۆبایل 07504512785
* وێنە نووسەر : هێلکاری هونەرمەند محمد اسماعیل
* مافی چاپ و بڵاوکردنەوەو کۆپی و وەرگێڕانی یا دووبارە بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە، تەنها مەرجێ کەدەبێ رەچاو بکرێت ئەوەیە نابێ دەسکاری بکرێت، دەنا دەخرێتە ژێر باری یاساییەوە.


Mohammad Ismail
24-12-2015

• کاتی خۆی کە ئەم ڕۆمانەم نووسی، بریتی بوو لەوەی کە ئێستا لە بەر دەستی ئێوەی ئازیز دایە، بەڵام پاشان هەندێ بەشیم لە ژێر ناوی جیا جیادا، وەک چەند بەشێکی سەربەخۆ بڵاوکردەوە، هەربۆیەش بە پێویستم زانی، یەکپارچە بڵاوی بکەمەوە.
• بولیفار بە مانای کێڵگە دێت، یا کەنار، لە هەمان کات هێمایە بۆ رزگاریی، من وەکو چەمکی بولیفۆنی بە کارم هێناوە، لە سەر سێ ئاستی یوتیپی و وەهم، داڕمان ، پەرتەوازەبوون و گۆشەگیریی مرۆڤەکان، کارم کردووە.

کەریم دەشتی ٢٠١٣

این سخن پایان ندارد لیک من
امدم زان سر به پایان می روم

جەلالەدینی ڕۆمی

له نەیستاندا، کتێبێ هەیە سەربووردەی ئێمە دەگێڕێتەوە.

لەگەڵ تۆمە کەی وەڵامم دەدەیتەوە؟ دەزانم جارێکی دیکە و بۆ ئەبەد گوێم لە وەڵامێکی تۆ نابێ، ئاخ کچەکەم، کێ هەیە مشتێ بۆنی ئەو زەویانەم بۆ بێنێ ، کە لە بارانێکی ناوەختا زێدی منی تژی ئەوین دەکرد؟ کێ بۆ تاقە جارێکی دیکە تۆ دەباتەوە ناو ئەو تەمانەی هەموومانی لەناو سپیاتی وندەکرد، بە ڕێچکۆڵە باریکەکانەوە دەچووینەوە ناو دارستانەکان، ئەو دارستانە جوانانەی کە خودا بەخشی بووی بە زێدی من؟ کچەکەم : هەندێ کەس بەوە دەڕوخێن و تاقەت لە گیانیاندا نامێنێ، کە لەناو ئازارەکاندا ونیان دەکەن، پەڕیوەی دوور دووریان دەکەن، دەیانخەنە ئەودیو سنوورە هەڵەمووتەکانەوە، بەڵام ئەوانە نازانن بەختەوەری لە کوێدایە، تۆ بەدوای بەختەوەریدا مەگەڕێ، بەختەوەری خۆی بۆ تۆ دێت و دەتدۆزێتەوە، هیچ زێدێک نییە، بۆ تا هەتا زێدی تۆ بێت، باش بزانە، لەو سەرزەمینەدا زێدی تریش هەن .

## بەشی یەکەم

## نیشتیمانێک لە وەهم

ئەوە هەندێ لەو قسانەی سەمەد بوون، کە بەسەر پەلکی قامیشەلانەوە نووسیبوویەوە، هی ئەو کاتە بوون، کە لە سنووره زۆر زۆر دوورەکانی زەویدا، هەراسان بوو بوو، خۆشی نەیدەزانی چۆن ئاوەها وەک شووشەیێ خوێن، فرێدراوەتە ئەو شوێنە چۆڵ و ترسناکەوە، لەو کاتەی کە خەریکی دابەزین بوو بۆ ناو ئەو جەنگەڵە ترسناکەی کە هەرگیزاو هەرگیز ، شوێنێکی دیکەی ئاوەها لەم سەر زەوییەدا نادۆزرێتەوە، بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەوانەی کە هێندە بە پەلەبون ئاوەها لە زێدی خۆی وەدەرینێن و بەدووری بخەنەوە، چۆن و کەی شوێنی وایان دۆزیوەتەوە؟ چۆنیان زانیوە کە ئەگەر مرۆڤ ئەلێرەدا بەرهەلا کرێت، ئەوە ڕزگاربوونی مەحاڵە، بۆیە سەمەدی کتێبدار لەو دەمانەدا دڵی یەکجار توند دەبوو، مەرگی خۆی دەخوازی، بەڵام خۆ مەرگ بەدەستی ئەو نەبوو، هەرچەند دەیتوانی، شەوو ڕۆژ بە ناو ئەو جەنگەڵەدا، ڕێگا تاریک و توناوتونەکانی تەی دەکرد، بە هەموو لایەکدا دەچوو، ئەگەر یەک تروسکەی ڕزگاربوونی تیا بەدی کردبا، بەلام سەمەدی کتێبدار بۆ هەرلایەک دەچوو، تووشی ئەو کوێرە ڕێگایانە دەبوو کە هیچ دەرچونێکی تیا نییە و بونبەستێکی ئەبەدییە، کەچی لە ڕۆیشتن و بیرکردنەوەدا نەدەکەوت، چەندین مانگ و مانگ لەناو ئەو جەنگەڵەدا مایەوە، بووبوو بە بەشێک یا زیندەوەرێک لەو زیندەوەرانەی ناو جەنگەڵ، پیاوێکی لاوازو ڕیش درێژ، بالابەرزو کەمدوو ، ئاخر دەبێ چ پارسەنگێک لە میزانی ئەواندا بگۆڕێ ، پیاوێکی ئاوەها پەڕیوەی ناو ئەو جەنگەڵە بکەن؟ بۆ تا هەتا نەتوانێ بگەڕێتەوە، هەتا ئەو کاتەیش کە پەی بە ڕێگاکانی گەڕانەوە دەبات، ئەوە ڕەنگە ریشی لە زەوی بخشێ ، تازە ئەو هێندە بەناو ئەو جەنگەڵەدا شۆڕ بووبۆوە و ڕێگەی تەی کردبوو، هێندە هەوای ساف وبێگەردی ناو ئەو جەنگەڵەی هەڵمژتبوو، هێندەی ئاژەڵی کێوی و دڕندەو ماڵی بینیبوو، لە شێوەو سروشت و ئەدگاری جارانی چووبووە دەرەوە، سەمەدی کتێبدار هەندێ جار چەندین شەوو ڕۆژ بە بێ جولە و لەناو کرێشمەو ڕامانێکی قووڵدا دادەنیشت، ئاگای لەسەر زەوینی جەنگەڵدا نەدەما، دوور دوور دەکەوتەوە لە جەنگەڵ، دەچوو بۆ دونیایەکی دیکە، ئەو دەمانەیش بۆ ئەو خۆشترین ساتە وەختەکانی جەنگەڵ بوو، ئەندێشەی زێدی خۆی دەکرد، کە دەبێ کەوتبێتە کام لای ئەو سەرزەمینە نادیارەوە؟ پاشان لە هەر لایەک بێت ئەوە خۆ ئەو جەنگەڵە نەفرەتییە

کۆتایی نایەت، تازە مەحاڵە بتوانی لە کۆت و پێوەندی ئەو جەنگەڵە ڕزگاری بێت و بکەوێتە ئاوەدانییەوە، ئەو پێی وابوو ئەو جەنگەڵە هێجگار کەوناره، لە بەر چاوی ئەودا بە هەزاران هەزار چەشن خۆی دەنواند، لە نێو ئەو جەنگەڵەدا شەوو ڕۆژ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەو سێبەرە چڕەی کە جەنگەڵ هەیبوو چی وای جیاواز نەبوو لە شەو، ئەوە نەبێ شەوانە ئەستێرە و مانگی دەبینی، بە هەزاران هەزار تروسکەی باریک و نەخشین شۆڕدەبونەوە ناو کون و کەلەبەرەکانی دارستان، هەندێ جار سەمەد هەوڵی گرتنی ئەو گوریسە تیشکانەی دەداو گەرەکی بوو پێیانەوە سەرهەڵگەڕێ و بەرەو ئاسمان بچێ، هێندە خوی لەبەرگە گرتن و وەرزشی ڕۆحی ڕاهێنابوو، لەو دارستانە چڕەدا، گەیشتبووە ئەو یەقینەی دەتوانێ بە هۆی ئەم تیشکە باریک و جوانانەوە، خۆی لە چەنگاڵی ئەم جەنگەڵە ڕزگار کات، بگاتە خوداوەند، هەندێ جار چەندین تیشکی باریکی دەگرت و بەیەکەوەی وەکو گوریسێ دەیهۆنیەوەو لەیەکی شەتەک دەدان، شەوانە توند توند خۆی پێ دەبەستانەوە، بۆ ئەوەی کە بەرز بوونەوە بۆ ناو دڵی ئاسمان، ئەویش لەگەڵ خۆیاندا بەرزکەنەوەو ڕزگاری بکەن، چەندین جار لە نیوەی ڕێدا دەکەوتە خوارەوە بەیانی کە بە ئاگا دەهاتەوە، لەناو زەنەکی جەنگەڵدا تا ئاستی شانەکانی نوقم بووە، بەڵام ئەو هەرگیز کۆڵی نەدەدا، ڕزگاربوون لەو زەنەکانە زۆر سەختتر بوو لە دێوەزمەی ئەو جەنگەڵە، بەڵام ئەو لە زێدی خۆی زۆری لەو زەنەکانە بینی بوو، دەیزانی ڕێوڕەسمی ڕزگاربوون چۆن چۆنی دەبێت، بۆیە دوای هەموو هەوڵەکانی، خۆی ڕزگار دەکردو دەهاتەوە سەر زەوییە شێدارەکان و خۆی دەهاوێشتە ناو ئەو گۆڵە گەورە گەورانەی، کە لەناو جەنگەڵدا هەبوون، خۆی لە لیتاوی زەنەک پاک دەکردەوە، لە نێو جەنگەڵدا هێندەی ئاژەڵی کێوی دی بوو، ئاژەڵە کێوییەکانیش هێندەیان سەمەد بینی بوو، ترسییان لەیەک شکابوو، کتێبداریش ببوو بە یەکێ لەو ئاژەڵە کێویانەی نێو جیهانی جەنگەڵ و کەوتبووە ژێر ڕکێفی دەستوری جەنگەڵ، دەیزانی چۆن خۆی ڕزگار بکات، شەوێکیان کە دونیای نێو جەنگەڵ خامۆش و بێدەنگ بوو، قیرەی بۆقەکان لە لێواری گۆڵ و جۆگەلەو گۆماوی ژێر درەختەکان، دەنگی ئەو مەلانەی کە شەوانە دەیانچڕی، دونیای خامۆشی جەنگەڵیان ئاوەدان دەکردەوە، لە کەلێنی زۆر بەرزو بڵندی کاژە هەزارساڵیەکاندا، ئاسمانێکی شینی ساماڵ زیوینی بەدیکرد، تریفەی مانگ هێندە جوان هاتە بەرچاوی، لەداخانا هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسک بوون، ئەو شەوانەی بە بیری هاتەوە کە

لەگەڵ منداڵانی گەڕەک، لە ژێر تریفەی مانگە شەوانی هاویندا، تەپکەیان دادەنایەوەو دەچوونە ڕاوی ئەو مەلانەی کە شەوانە چاوی فڕینیان نییە، لە ناخەوە هێندەی خەمخوارد، ئاگای لەخۆ نەماو کەوت، خەوێکی هێندە قووڵ دایگرت، لە دونیای دابڕاند، هەر لەو خەوەدابوو کە دووبارە ئەو تریفەو تروسکانەی چەپک چەپک دەکردن ، لە شێوەی گوریسێکی هێجگار بە تین ڕێکی دەدانەوە و خۆی پێ دەبەستانەوە، ئیدی ئەمجارە هێندە بەرز بۆوە، تا وای لێهات جەنگەڵ لە حوکمی چاویدا چووبووە دەرەوە، تا دەهات بەرز دەبۆوە، بەڵام لەیەک ساتدا مانگ و ئەستێرە نەمان، تریفەی مانگ و تروسکەی تان و پۆکراوی گوریسەکە لەبەریەک هەڵوەشایەوە، ئیدی سەمەدی کتێبدار لەو بەرزاییەوە، خزایە خوارەوەو چەند شەوو چەند ڕۆژێ بێئاگا لەو شوێنەدا مایەوە، کە تیایا کەوتە خوارەوە، ئەو کاتەی کە بە ئاگا هاتەوە، خۆی لەناو بێشەڵانی قامیشەڵانێکدا بینییەوە، کە شنەی با ورد ورد سەمای پێدەکردن، خەڵکانێکی بینی لە هاتووچۆ دابوون، ئەودەم زانی، کە ئەو ئێستاکە لە نێو ئاوەدانیەکدایە، بەڵام هیچی لە بارەوە نەدەزانی.

## بەشی دووەم

ئێواران سیحرێکی شین شین ، شین هەروەکو دەریا، ئەو ناوەی دادەپۆشی، ژین شەلاڵی سیحرێکی ئەبەدی دەبوو، لەو ناوەدا هەموو شتەکان جێگەی رامان و کرێشمە بوون، جێگەی فڕین و باڵکەوتن و ترس بوون، هەندێجار هەمان ئەو ترسە، وەکو شەوێکی هێجگار درێژ و نووتەک،لە چەشنی دێوێکی فەلامەرزدا ڕادەکشاو هەمووانی لە سڕبووندا پەکدەخست، هەندێجاریش وەک زێمارێ لە غەیبەوەڕا بێت، ڕاپێچی بنارو دۆڵەکانی دەکردن، ئەو زێمارە ئاسایی نەبوو، کەس نەیدەزانی ئایا ئەوە لە دەمی مرۆڤەوە هەڵدەچێ، یا لە بوویەرێکی کەونی نادیاردا؟ لە قووڵایی چاخەکانەوە بوو، یا لە تەنکایی و ڕۆخانەی رووبارەکانەوەڕا دەهات؟ کاتێک سەمەدی کتێبدار لە بەرتای ئەو زێمارەدا دەوەستاو بیری دەکردەوە، تەواوی شووشەی زەینی دەشکا، دەکەوتە ناو ئەندێشەو خەیاڵاتێکەوە، کە بێدار بوونەوە لەوێدا سەخت بوو، تژی سیحرو وەهم و تراویلکە بوو، هەمان ئەم هاوارە هەموویانی لە بۆتەی بێدەنگیدا بەرەو کەنارەکانی سەرسامیی پەلکێش دەکرد، هەموو بە یەکەوە وەکو ئەوەی کە هێزێکی نادیار ڕایانپێچێ و هەڵیانداتە ناو پانتایی کارو ئومێدێک ، کە هێزێکی ئەبەدی و هەرهەری بوو، بەیەکەوە ڕایاندەکرد، ئەو هێزە هێزێک بوو تژی ئەوین و فیراق ، تژی بێدەنگی و هەراو زەنا، تژی گەرم و گوڕی و تژی شەوق و سەوزایی و باران و خۆڵەمێش و تاریکی و ڕەشەبا، ئیدی هەموو ئەوانە لە ناو یەک چوارچێوەی بووندا، بەیەکەوە وەکو چەند کەسانێکی رووت و قووت و ڕەنگاورەنگ، مەلەیان لە ناو گۆمی لێکدانەوەی مندا دەکرد. کەس ئەوەندەی کتێبدار لەم هاوارو زێمارە نەدەگەیشت، کەسیش ئەوەندەی ئەو،گیانی شەلاڵی کاریگەرییەکانی نەدەبوو، کە ئەو سەربوردەی ژیانی پڕ لە نەهامەتی و ناسۆری و فیراقی لە نیشتیمانی خۆی دەگێڕایەوە، مرۆڤ هەناوی پڕ لە ئاگر دەبوو، بۆیە لەبەرامبەر ئەو هاوارەدا، گیانی خۆی دەکردەوەو دەتگوت لەبەرامبەر خودادا دەوەستێ، ئەو هاوارە هەندێجار وەکو لافاو هەڵدەڕژا، هەندێجاریش بە چەشنی تریفەی مانگ دەوری دەدایین، جارجارەیش وەکو شنەبایەک کە لە باخی سێوەوە بێ هەڵیدەکرد، لە لافاوەکەدا دونیا غەرقی کەفێکی سپی سپی دەبوو، ئاسمان و زەوی دەبوون بە کەف، کەف سەراپای کەونی دادەپۆشی،کەف، کەف، کەف، دەتگوت دونیا لە ناو مەرجاندا ڕاکشاوە، کە هاواریش کۆتایی دەهات، هیچ کەفێک لە ئارادا نەدەما، کاتێکیش هاوارەکە وەک تریفەی مانگ

هەڵدەڕژا، ئیدی ئەو نیشتیمانەی کە لە نەمامێکی قامیشەوە سەریهەڵدا، نوقمی شەوقێکی جاویدانی دەبوو، کتێبدار لەوکاتانەدا هەڵدەچوو و ڕۆحی دەکەوتە کفکفانەوە، ئەوکاتەی هاوارەکە وەکو شنەبایێ لە باخی سێوەوە هەڵیدەکرد، ئەوی ڕاپێچی ناو سنووری نەیستانەکە دەکردەوە، ئەو لەم هاوارانە دەگەیشت، بەڵام هەرگیز نەیدەدرکاند.
شتێکی سادە نەبوو کە ئەو هەموو فەرتەنەیەی نایەوە، ئەو تەواو ئاشقی ئەو شنەبایە بوو، کە بۆ دەمێکی کورت بەسەر نەیستانەکەوە هەڵیکردو ئەو ناوەی لە بێدەنگی دا بەجێهێشت، نەیستانەکە تەواوی کوختەکەی ئەوی لە خۆ گرتبوو و ئەوی لە تەواوی خەڵکەکە جیا دەکردەوە، ئەو تەرزە شنەیەش زۆر لە مێژ بوو، بەم دەنگە دڵڕفێن و پڕ لە سیحرو بەم زەمزەمە مانابەخشەوە هەڵینەکردبوو، شنەبایەک بوو لە دەست و دەنگی مرۆڤ دەچوو، تەواوی نەیستانەکەی خستبووە سەماوە، ڕاستی من ئەوە بۆ یەکەمجاربوو، سەمای ئاوا ببینم، هەربۆیەش لەو ڕۆژەوە ئەو بایە هەڵیکرد، ئیدی ئەو ون بوو و جارێکی دیکە نەگەڕایەوە، ئاخۆ ئەو بە دوای دۆزینەوەی چ مرازێکدا چووە، ئاوا باکە لە گەڵ خۆیدا بردووە، جاچۆن دەکرێ لە گەڵ بادا قسە بکرێت؟ یاخود مرۆ چۆن دەتوانێ با بدوێنێ؟ بایەک کە وەک سیحر بێ، ئەمەیان خەیاڵەو نەکراوەو ناشکرێ ، ئەدی کتێبدار لە سۆنگەی چیدا ڕەگەڵ ئەو بایەدا کەوت؟ بەڵام مادامەکێ کەس ناڵێت وانییە ئەوە من بەڕاستی دادەنێم، چونکە زۆ جاران بە ناو نەیستانەکەدا گوزەری دەکرد، ئەو لەبەرخۆ تەنگەتاو دەبوو، قسەکانی هەروەکو ڕشتێ بەردی ئاوی لە دەمیا دەهاتنە دەرەوە، کە دەکەوتنە سەر زەوی و شڵپەو تەقەتەقیان دەهات، من ئەوانەم بە چاوی خۆم دەبینی، بە گوێی خۆم دەمبیست، هەندێجار لە ناو ئەو نەیستانەدا سەیری ئاسمانی دەکرد، یا ورد سەیری ئەو ڕەوە مەلانەی دەکرد، کە بەسەر سەرییەوە ڕەت دەبوون، یا دەنیشتنەوە، کە دەنیشتنەوە ئەو دادەنیشت، سەری لەناو ئەژنۆکانی دەشاردەوە، ئەو کات سەمەدی کتێبدار دەتگوت مرۆیەکی بێ سەرەو لە دونیادا دابڕاوە. ئەودەم وەکو ئەوە وابوو کە کۆنە برینێکی کولابێتەوە ، یا نسکۆیەکی کەوتبێتەوە یادو هەڵیتەکێنێ، چونکە زۆر جاران کە تەواوی خەڵکی، بە دەوری ئەودا کۆدەبوونەوە و هەموویان لە ناو سەرسامی قسەکانی ئەودا، دەمیان بەش دەبۆوە، وەک ئەوەی کتێبدار هەموویانی لە کارتەی سیحر دابێ، ئاوەها بوو، لەوم بیستووە کە ئەو بەو

دڵە بریندارەوە زەحمەتە تا سەر بژیت، . کاتێکیش کە ڕەوە مەلەکان بە ئاسمانەوە دەبوون، کتێبەکەی دەخستە باخەڵی و هێدی هێدی بە شوێنیاندا دەکەوت ، ئەو کتێبە لەلای ئەودا وەکو کۆرپەیەکی تاقانە وابوو، ئەوەندەی ئەو کتێبە لا گرینگ بوو، هەرگیز بۆ ساتێکیش لە دەستی نەدەکردەوە، زۆر جاران دەیگووت هەرخۆم دەزانم ئەو کتێبەم بە چ ماڵوێرانییەک دەست کەوتووە،لەناو چەندین پەرەگرافی پەیکەرەکەی کۆشک هەڵقوولاوە، تا دواجار کە بینیم هێدی هێدی لە نەیستانەکەدا بە دووردەکەوتەوە ، ئەو نەیستانەی کە ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی جوانکردن و پاک کردنەوەو چاندنی نەمامی تازە بوو، تا دەهات دوورترو دوورتر دەبۆوە، هەندێجار لە ناو ئەو داوە تیشکانەی کە تێکەڵ بە تەمێکی تەنک دەبوون وندەبوو، بە دیار دەکەوتەوە، تەواو تێکەڵی ئەو تەشقە تەماویەدا دەبوو.

ئەمە دواجار بوو کە بینیم، ئیدی بۆ ئەبەد ونبوو، نەماندۆزییەوە، تا جارێکی تریش بیبینمەوە، چۆن چۆنی بەناو نەیستانی بە خەیاڵ زادگایدا دەگەڕاو دەسووڕایەوە، وەک ئەوەی گەنجینەی تەمەنی خۆی تێدا ون کردبێت. بەڵام ئەوەی کە زۆر سەیرو سەمەرە بوو، ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت، هەموو شەوێ لە ناو هەمان نەیستاندا کەسێکی وەک چۆن ئەو دەبینین،کە ئەویش ئاوەها بەناو ئەو نەیستانەدا دەسوڕێتەوە وهەندێجار دادەنیشێ وسەری دەخاتە ناو ئەژنۆکانی و بیر دەکاتەوە، هەندێجاریش سەیری ئاسمان دەکات، ئەوەی من ئاگاداربم ئەوە چەندین ساڵە ئەو ڕۆیشتووەو نەگەڕاوەتەوە، ئەو کاتەیش کە ئەو ڕۆیشت نەیستانەکە تەنها ماڵەکەی ئەوی لە چاوان ونکردبوو، بەڵام ئێستاکێ نەیستان هێندە پەڕوپۆی داوە، خەریکە تەواوی ئەو ناوە دادەپۆشێ، بەڕاستی ئەو بنە قامیشانە زۆر سەیر بوون، کە با هەڵیدەکرد، ئەو ناوە دەبوو بە سەرچاوەی هەزاران هەزار دەنگ و سەدای موزیکیی و دڵی مرۆڤیان دادەخورپاند، نەک هەر من ئیدی خەڵکەکەش کەوتبوونە، خەیاڵی ئەو نەیستانەوەو بیریان لەو پیاوە دەکردەوە، کە ڕۆیشت و ئیدی نەگەڕایەوە.

لەولاوەش هەربابا بوو خەڵکی شەوانە سایەدی ئەوە بوون، تا بزانن کە چی لەناو ئەو نەیستانەدا ڕوودەدت، هەرشەوێ کە دەگوزەراو بەسەر دەچوو، شێکی تازە لەناو ئەو نەیستانەدا، دەبووە جێگەی سەرنجی خەڵکەکە، هەندێجار زیاد لە دوو کەس، کە هەمان کتێبداری گۆرین خۆی بوو، بەناو ئەو نەیستانەدا دەسووڕانەوە، جارجار دادەنیشتن، جارجارەش

به سەرسامییەوە سەیری ئاسمانیان دەکرد، بۆ خەڵکەکە بووبوو بە جێ تەماشای گوماناوی ، هەموو بە یەکەوە بەرەو پاوانی نەیستانەکەوە ڕایاندەکرد، بەڵام تا ئەوان دەگەیشتن، هەمان ئەو دوو سیمایە لە دوور دوورەوە ئاوڕیان دەدایەوەو ون دەبوون، کاتێکیش خەڵکی دەگەیشتنە ناو نەیستانەکەوە، جگە لەورشەی باو لەرەی سیحراوی گەڵاوگوڵی قامیشەکان و ئەستێرەی ئاسمان، شوێنەوارێکیان لەم ڕووداوە نەدەدۆزییەوە.
کاتی خۆی کتێبدار بەرلەوەی بگاتە ئەو بڕیارەی، ئەو ناوە جێ بهێڵێ و بکەوێتە دوای ئارەزووە نادیارەکەی خۆیەوە، خەڵکەکە وەک کەسێکی نووارنی و کاریگەر سەیریان دەکرد، هەمیشە بەدەوریەوە ئەڵقەیان دەبەست و شەوانە لە ژێر تیشکی مانگەشەودا هەموو بەیەکەوە کتێبی ستایشی ئەویان لە زەیندا دەردەهێناو دووبارە بە دەنگێکی بەرز بەرز، بۆ ئەویان دەخوێندەوە، ئەوان هەرچییەک سەمەدی ڕێبەر دەیگوت و هەرکارێکی ئەو ئەنجامی دەداو هەر جولەیەکی دەکرد، لەسەر دەرودیوارو زەوی و کاغەزو پەلکی قامیشەڵان دیاننوسییەوە، یەکێ لەو پەیڕەودارە ئاشق بەو ڕێبەرە دەیگوت: بۆ ئەوان هەموو شتەکانی کتێبدار، وەک پەندی ئاگر وابوو، ئەوەی پشتگوێی خستبا ئەو پەندانە دەیسووتاندن.
کتێبدار هەندێجار ئاگر لە چاوەکانیدا بەرز دەبۆوە و نوور لە دەستەکانیدا هەڵدەچوو، پیاوێکی کەمدووی هەمیشەی ناو خەون خەیاڵات بوو، هەرگیز تێکەڵی قسەی خەڵک نەدەبوو، بەجەستە لەگەڵ ئەوان بوو، بەڵام بەدڵ و ڕۆح لە شوێنێکی دیکەی زۆر دوور بوو زۆر، لە ناو بیرو خەیاڵی ئەوان ڕۆژانی کۆشک و پەیکەرەکەو ڕۆژانی ڕەشی ئەوان سەردەمان بوو، هەموو جارێکیش کە لە دەمەو ئەسرانێکەوە دەگەڕایەوە ناو نەیستان و بە هەمان ڕێگەی جاراندا ڕەت دەبوو، خەڵکی دەیانبینی کە شەوقێکی بە تین، ئەو ناوەی دادەپۆشی، دووبارە دادەنیشت و سەری خۆی دەخستەوە ناو ئەژنۆکانی، لەگەڵ ورشەی گەڵا و لەگەڵ ڕەتبونی ڕەوەمەلەکان هەڵدەستایەوەو دوور دوور دەکەوتەوە، سەمەدی پەیڕەودار بۆ سەدان بگرە بۆ هەزاران هەزار جار تا برستی هەبووە ڕۆیشتووەو دوور کەوتۆتەوە، پاشان دوای مەغریبانێکی درەنگ درەنگ دەگەڕایەوە، بەڵام جاری دوایی بوو، ئیدی بۆ ئەبەد نەگەڕایەوە، کەچی هەموو شەوانێک کەسێک یا چەند کەسانێک، هەندێجار دەیان و سەدان کەس شەوانە، لە ناو نەیستانەکەی ئەوا، لە هاتووچۆ دابوون، ئەم بارە بە چەشنێ دووبارە دەبۆوە، هەرجارەی ئەفسونێکی دەخوڵقاند، هەندێ جار ئەو خەڵکە

باوەش باوەش گەلای قامیشەلانیان دەرنی و بەستەیان دەکردو بەپشتی خویان دادەداو رەت دەبوون، هەندێ جاریش کە دەهاتنەوە، بنە قامیشی تازەیان لەگەل خویاندا دەهێناو وردە وردە زەوییان بۆ دەکۆلیو بە رەگەوە لە ژێر زەوییان دەنا، بۆ بەیانی قامیشەکان هەمووی دەبوونە کەمەربەندی قامیشەلانەکە خۆی ، تا وای لێهاتبوو دارستانی ئەو قامیشەلانە هێندە زیادی کردبوو، تخووبی هەموو زەوی و زارەکانی داگرتبوو، بەلام کە بۆ بەیانی تەمەشایان دەکرد، ئاسەواری هیچ شتێکی ئاوایان هەست پێنەدەکرد، ، خولیای زانینی ئەم راستیەو پەی بردن بە نهێنی ئەم رووداوە، خەلکەکەی وا لێکردبوو، کە هەر هەموویان بە پەلە بوون بکەونە دوای ئەو شتانەی کە لە ناو نەیستاندا رووی دەدا ، ئەم بارە نادیارە، بە رادەیەک پەنگاوەی دابۆوە تا وای لێهاتبوو خەلکەکەش، بووبوون بە بەشێک لە سیمای سەمەدی رێبەرو کتێبدار و ئەوانی تر سەمەدییان بەراستی ودروستی لەواندا دەدیت ، هەر بابا بوو شەوانە خەریکی ئەو قامیشەلانە بوون، کە پڕ دەبوون لە سیمای سەمەدی کتێبدارەوە، کە ئەوە بۆ چەند سالێک دەچێت رۆیشتووەو نەگەراوەتەوە، هەر ئەو نەگەرانەوەشە وایکردوە، تەوقی غەریبی بیانکوژێ و لە ناو تەنهاییدا مەست ببن ، ئەگەر کەسێکی لاییدە شەوانە رێی کەوتبا نزیک ئەو قامیشەلانەوە، ئەوا بە دەیان چرای دەبینی، بە دەیان جولەو بزاڤی دەبینی، بە دەیان تارمایی و تانۆکی قامیشی دەبینی، کە لەناو ئەو پاوانە سەوزەزارەدا لە جولە دابوون ، کتێبدار لەتاو فیراق و دوورکەوتنەوەی لە زێدی خۆی لە هیچ شوێنێ ئارامی نەدەگرت، لەمێژ بوو ئەو ناوەی جێهێشتبوو، هەموو ئەو شتانەشی باسکردبوو، کە لە ژیاندا لە کیسی چووبون، کەس نەیدەزانی ئایا کتێبدار ئاشق بوو؟ سەروەت و سامانی لە دەست چوو بوو، هیچ خەبەرێ لەو شتانە نەبوو.
تا دەهات ناو ئەو نەیستانە پڕ دەبوو لەتارمایی سەمەدی رێبەر، هەندێجار ئەو هەموو سەمەدانە بەیەکەوە خەریکی چاندنی شەتلە نەمامی نەیستان بوون، هەندێجاریش هەموو بەیەکەوە گەلای نەیستانەکەیان دەرنی و بەستە بەستەیان دەکردو دوور دوور دەرۆیشتن، کەسێکیش نەدەگەرایەوە، بۆ بەیانیش کە لەخەو هەلدەستان، هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو و نەیستان هەر نەیستانی جاران بوو، نەلکێکی لێ زیاد کراوەو نەگەلایەکی لێ رنراوە، بەلام هەموو شەوێکیش سەمەدەکان بە ئاشکرا بە دیار دەکەوتن و ون دەبوون، بەراستی ئەمە سەیرو سەمەرەیەک بوو بۆ خۆی، کە خەلکەکەی دەهاری، خەلکی هەموو بەیەکەوە دادەنیشتن و راوێژی یەکتریان دەکرد، هەرهەمووشیان ئەو راستییەیان دەزانی

و به چاوی خۆیان دەیانبینی، بەڵام کەسێ نەبوو وەڵامیان بداتەوە، تەنانەت کە لەگەڵ یەکتریش دادەنیشتن، سەیریان دەکرد چەندین کتێبدار بە هەمان سەروسیماوە لەگەڵیاندا دانیشتوون، هەموویان بێدەنگ وەک سەمەدی کتێبدار خەیاڵاوی، بێ ئەوەی تاقە قسەیەکیش بکەن هێدی هێدی هەڵدەستانەوەو بەرەو نەیستاندا بەریدەکەوتن، ئەو نەیستانەی تا دەهات پانوپۆڕ دەبۆوە و تا دەهات بەرزتردەبۆوە و دەگەیشتە عەویقی ئاسمان، وردە وردە سیمای خەڵکیش دەگۆڕاو هەموو دەبوون بە یەک سیما، تا وای لێهاتبوو خەڵکی ئەو ناوە شەوانە هەرهەموویان کتێبداری پیر بوون، بە ڕۆژیش ئاسەوارێک لە کتێبداردا نەدەما، ئەوەیان بارێکی وای دروست کردبوو، کە خەڵکی هێندەی پێیەوە مەست بووبوون، قسەیەک لە بارەی ژیانەوە نەمابوو، ئیدی وای لێهاتبوو لە بەیانییەوە تا تەقڵی ئێوارە سایەدی ئەوە بوون، کە چۆن بگەنەوە ناو نەیستان، پێشتر بۆ ماوەیەکی باش کاروباری خۆیان وەکو هەموو خەڵکانێکی دیکە ئەنجام دەدا، بەڵام ئێستاکە وردە وردە خەڵکی کەمتر دەستیان ئیشی تایبەتی خۆی دەگرت و تا دەهات وازیان لە سروشتی ڕۆژانەی خۆیان دەهێناو خۆیان دەدایە دەست قەدەری ئەو سیحرەی شەوانە لە قاوغی خۆیانیانی دەبردە دەرەوەو هەموویانی دەدایە دەست بیرکردنەوە، لە نەمانی ڕێبەرو پێشەنگی جاری جارانیان و قەدەری سەمەدییەتی لە دەست چوویان، هەر هەموویان دەچوونەوە سەر پیشەی ئەوەوە ، چاندنی نەی و ڕنینی گەڵاو پۆپی زیادەو کۆکردنەوەیان و بارکردنیان، جا ئایا ئەم هەموو بەستە گەڵایانەیان بۆ کوێ دەبرد؟ لەبەرچاویاندا شتێ بەرجەستە دەبوو، کە کت ومت ڕاستی بوو، هەرخۆیان خۆیانیان دەبینی، کەوا هەریەکەو بەستە گەڵایەکی لە پاوانی نەیستاندا بە شانەوەیەو بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆن و لەو سەرەوە هەریەکەوکۆمەڵە شەتڵێکی هەڵگرتووەو بەرەو قامیشەڵان دەگەڕێنەوەو خەریکی چاندنیان دەبن، شەوانەیش دەکەوتنە خەوێکی قووڵەوەو ئاگایان لە هیچ نەدەما، ئەم ڕەوتە بەجۆرێ پەرەی سەندبوو، تا وای لێهاتبوو ژنەکان پیاوەکانی خۆیان نەدەناسییەوە، ئیدی هەموو ژنێ سەمەدێکی بۆ دەهاتە ماڵەوە، ژنان پیاوەکانی خۆشیان لێ ببوو بە کتێبدار و شەوانە بێ چەند و چوون، ژنەکان لە گەڵ کتێبدارەکان دەخەوتن، کە لە سیمادا سەمەدی کتێبدار بوون و وەکی تریش هەمان مێردەکانی خۆیان بون ، یا هەر وایان بە خەیاڵدا دەهات ، تەنانەت هەندێ ژن کە منداڵیان دەبوو، منداڵەکانیش کت ومت سەمەدی کتێبدار بوون، تا وای لێهاتبوو

سەمەدی کتێبدار وەک ڕۆحێکی تازەو یادگاری ڕۆژانی زوویان چووبووە ناو گیانی هەموو ئەو خەڵکەوە، بۆیە لەو ناوە جگە لە خەیاڵکردن لە نێو قەڵەمڕەوی نەیستاندا، هیچ شتێکی دیکە لە ئارادا نەمابوو، ئەوە نەبێ هەر هەموویان بەیەکەوە خەریکی گەورەکردنی قەڵەمڕەوی نەیستان بوون، نەیستانیش تادەهات بەرزوبەرزتر دەبۆوە، تا دەهات زەوی و زاری ئەو ناوەی دادەگرت، هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە میانی ئەو خەڵکەو دونیادا نەمابوو، قامیش و گەڵای بەرزو هەڵڕژاوی نەیستان بووبوو بە ئایدیای ئەو خەڵکە، وای لێهاتبوو کەسێ لەو ناوە نەیدەزانی چی لە زەوی و ئاسماندا هەیە، یاخود ئەوان لە کوێی ئەو دونیایەن، یاخود ئەوان لە پێناوی چیدا ئاوا بوونەتە ئەو سەمەدەی کە بە ڕۆیشتنی یەکجاری خۆیەوە سەمەدییەتی ئەبەدیی بۆ ئەوان بە جێهێشتووە؟ تەنانەت من خۆشم کە ئەمە دەگێڕمەوە هەست دەکەم کتێبەکەی کتێبدارم لە باخەڵەو کتێبدارێکم لەو کتێبدارانە، خەریکی گێڕانەوەی حەکایەتی نەیستان، ڕنینی گەڵاو پۆپی پوچ و رزیوی نەیستانەکانم.

ئیدی تا دەهات مەملەکەتی نەیستان، لە ژێر تارای ئاسمانی شیندا فراوان و فراوانتر دەبوو، لەشکری ئەم مەملەکەتە هەموو دەوروبەری داگیر کردبوو، ئەوەی کە فەرمانڕەوایەتی ئەو مەملەکەتەی دەکرد، ڕۆحێکی جاویدانەی سەمەدییەت بوو، دروشم و ئاڵاو کۆشک و تەلارو جلی لەشکرو پاشاو جێگرو داردەست و کارەکەران، هەر هەموویان سەمەد بوو، ئەو سەمەدەی کە بە تاقی تەنها لەناو پاوانی سەوزی نەیستاندا دەژیا و پەندو وانەکانی خۆی بۆ خەڵکی هەڵدەڕشت و پەرش و بڵاوی ناو زەین و ڕۆحی خەڵکی دەکردن، ئەو پەندو وانانەی کە پەیوەست بوون بە سەلواکانی مرۆڤ و ئازارەکانی سەرزەمین و ژیان لەناو باخچەی ئەبەدی گەڵاو گوڵ و گەڕانەوە بۆ تەنهایی، ئیدی بۆ ئەبەد ڕۆیشت و نەگەڕایەوە ، ئەو ناوەی لەناو ماتەمی ئەبەدی کارکردندا لە ناو نەیستاندا بە جێهێشت و هەموو بوون بە تارمایی ئەوو جیاوازییەکان نەمان، هەزاران هەزار کتێبداری دیکەی لە دوای خۆی بە جێهێشت و نەیستان بوو بە نیشتیمانی ئەبەدی ئەوان، هەر شەوەی بە هەزاران هەزار، وەک ئاپۆڕەی بێ کۆتایی ئەو لەشکرە لەبن نەهاتووە، روویان لە مەزاری نەیستان دەکردو بە دەوری کوختەکەی کتێبداردا دەسووڕانەوەو هەریەکە باوەشێ لە نەمامی تازەی قامیشی لەباوەش بوو و وردە وردە ئەو قامیشانەیان دەچاندو بە هەزاران هەزاریشیان دوای سووڕانەوە بە دەوری کوختەکەی سەمەددا ئەو گەڵاو گوڵە زیادانەیان کۆ دەکردەوەو دەڕنی و بەستە بەستەیان دەکرد، بەرەو شوێنێکیان دەبردن،

که له چاوی مرۆڤ به دوور بوو، یەکەمین ئاواتی ئەو لەشکرە چاندنی قامیش بوو ، ئەوان پێیان وابوو نەیستان و هەبوونی قامیش وێنەیەکی ئەبەدی پڕ لەرەنگی ڕێبەرەکەیان دەبەخشێ بەزەوی و هۆیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بەرگەی ژیانی دوای ونبوونی ڕێبەرەکەیان بگرێت، ئەو ڕێبەرەی که هەمیشه له تاو فیراقی له زێد، باوەشی به قامیشەلان دەکرد، هەموو شتێ له نێو ئەم یۆتیپیەدا به قامیش دەستی پێ دەکردو به قامیش کۆتایی دەهات، تا دەهات ژمارەی کتێبدارەکان و پەیڕەوانی کتێبدار روو له زیادبووندا بوو، هەندێجار که مرۆڤ سەیری ئەو نەیستانەی دەکرد، که له هێزی چاودا چووبووە دەرەوە، له لێکدانەوەی مرۆڤدا رەتی کردبوو، سەری سوور دەما، لەوەی چۆن چۆنی لکی ئەو قامیشانە تا ئاسمانی خودا هەڵچوو بوو؟ وای لێهاتبوو بسته زەوییەک نەمابوو، هەر هەمووی بووبوو به زادگای نەیستان، تەنانەت هەندێ شوێن ئاسمانی تێدا ون بوو بوو نەدەبیندرا، ئەوسا که با هەڵیدەکرد ژیانێک له ناو ئەو مەملەکەتە دەستی پێدەکرد، هەمووی سیحرو رەنگ و دەنگ و جوانی بوو، بەهەزارەها ئاواز مرۆڤیان تا ئەو پەڕی مەستی دەبردو خەڵکی تێکڕا له نێو سەمایەکی دەروێشانەی سەمەدییەتدا دەتوانەوە، که کت و مت سەردەمی باخۆسیەت و سەردەمی ئەفسانەو مەیخانەکانی ئوروک بوو، که ئەو دەنگ و سەدایانە تێکەڵ بەیەک دەبوون مرۆڤ وای هەست دەکرد، ئەوە سەردەمی دەنگ و ئاوازە و جگە له دەنگ و ئاواز هیچ شتێکی دیکە لەسەر زەویدا بونی نییە، بەراستی که مرۆڤ لەو گوزەرانەدا رادەماو خەیاڵی خۆی بەملاو بەملادا دەبرد، هەستی بەوە دەکرد که ئەمە دونیایەکە له هەوای وەهم، یاخود له وێنەی سیحر، ئەوەی که جێگەی سەرنج و رامانی زیاتر بوو، ئەوە بوو تەواوی ئەو خەڵکە له ڕووخسارو سیمادا له ناو پرۆسەی دۆناودۆنێکی سەمەدیانەدا دەچونەوە ناو ئاوێنەی ئەو مەملەکەتەوە، وەک ئەوەی سەمەدی پیر ڕۆحێکی هەمەلایەنەبێت و چووبێتە ناو گیانی هەموو ئەو خەڵکەوە، هەرهەموویان دەچوونەوە سەر ئەو سەمەدەی تا توانی لەناو ئەو دارستانەدا ژیاو ڕۆژانە نەمامی دەچاندن و گەڵای زیادەی دەڕنین، بۆ دواجار که ڕۆیشت ئیدی بۆ ئەبەد نەگەڕایەوە.

لەسەرەتای پاییزی ئەو ساڵەدا مانگەشەوێکی هێجگار بەشەوق و باق و بریق، ئاسمانی نەیستانی رووناک دەکردەوە، خەڵکی به لێشاو خەریکی چاندنی نەی بوون،و لەوسەرەوەش به لێشاو بۆ ڕنینی گەڵاو پۆپی نەیستانەکە دەچوون، هەر هەموویان یەک ڕووخسارو یەک ئاکارو یەک ئاواتی لەمێژینەی کتێبداریان هەبوو، هیچ کەسێ له کەسێکی دیکە جیا

نەدەکرایەوە، تەنانەت ژنەکان تووشی ئەفسوونێکی سەرسوڕهێنەری وا بووبوون، لە پێست و هەستی خۆیان چووبونە دەرەوە، هەرخۆشیان ڕێبەرئاسا بیرییان لەو ئەفسوون وەهمە دەکردەوە، کە لەلای ئەوان بەشەو دەبوو بە حەقیقەت و بە ڕۆژیش دەگەڕانەوە دواوەو وەکو جارانیان لێدەهاتەوە، هەندێجار ژنەکان لە ناو هیستیریای خەجاڵەتێکی بێ وێنەدا شەویان دەبردەسەرو ڕۆژییان دەکردەوە، کە شەو دادەهات وەک ئەوەی هێزێکی گەورەو گەردونی ڕایانکێشێتە باوەشی مێردەکانیان، ئاوابوو، بە درێژایی شەو دەچوونە باوەشی مێردەکانیان، هەمان ئەو مێردانەی کە چووبوونە پێستی سەمەدەوە، زاووزێیان دەکرد، کە سپێدە لەخەو هەڵدەستان و ژنەکان دەگەیشتنە یەکتری وەکو ئەوەی لە ئاهەنگێکی گەورەدا شەویان بەسەربردبێ، هەموویان بەلای یەکتری دادەچوون و بەشەرمەوە سەری یەکتریان دەکرد، چونکە هەموویان شارەزای قەبارەی ئامێری مێردەکانیان بوون و دەیانزانی کە ئەوەی ئەمشەو چۆتە ناو گیانی ئەوانەوە لە هی مێردیان نەدەچوو ، جا هەبوو گەورەترو هەبوو بچووکتری چووبووە پاڵ ، بەڵام چونکە هەموویان سیمای کتێبداریان وەرگرتبوو، ئەوا لەشەودا ئەو سنوورە نەدەماوماڵەکان هەمووی دەبوون بە یەک ماڵ و کەس کەسی نەدەناسییەوە، ژنان لەبەرخۆ دەیانگووت کە لەباوەشی کتێبدارێکدا خەوتوون و سوێندیان دەخوارد کە ئەو وەکو شەیداو ئاشقێکی تێنوو هەڵیدەکوتایە سەریان، تا بەیانی غەرقی لەززەت و خۆشییێکی بێ وێنەی کردوون، لەززەتێک کە هەرکاتێ بیریان لێ دەکردەوە ، سەریان گێژی دەخوارد، کە ئاخۆ بۆچی هێندە ئاگراوی و ڕاکێشکارو پڕ لە تاسووق و ئارەزوو بووە؟ بەرادەیەک بیریان لە بەسەمەدبوونی مێردەکانی خۆیان لە کاتی شەوو مێردەکانی خۆیان لە کاتی ڕۆژدا دەکردەوە ، کە هیچیان لەبیر نەدەما، تەنانەت هێندە پەلەیان بوو کە شەو دابێ و بچنە ناو قامیشەڵانەکان و درەنگان بێنەوە، بۆ ئەوەی بکەونەوە ناو هەمان ئەو لەززەتە بێ سنوورەی، کە مێردە بەسەمەدبووەکانیان لەشەودا لە پشتی ئاسمانەوە بەوانیانی دەبەخشی، مێردەکانیشیان کە بەیانی لەخەو هەڵدەسان، ماندوو مردوو لەبەرکاری چاندنی قامیش و ڕنینی گەڵا ڕزیوەکان، تادرەنگانێ هێزی هەستانەوەیان نەبوو، ئەو منداڵانەی کە لەناو ئەم مەملەکەتەی نەیستاندا لە دایک دەبوون، لەو مەخلوقە سەیرو سەمەرانە دەچوون، کە هەردەمەو شێوازو ڕووخسارێک بنوێنن، ئەوانە کۆمەڵە سەمەدێکی بچکۆلانە بون، کە لەناو وەهم و سیحرو جادووی نەیستاندا چاویان هەڵێنا بوو، ئەو نەیستانەی کە سەمەد بە درێژایی

ژیانی دروستی کردبوون و ئاوی بۆ لە بناران رادەکێشاو نەمامی بۆ لە چیایان دەهێنا، ژنەکان کەسەیری منالەکانی خۆیان دەکرد، چاک دەیانزانی ئەوە بەرهەمی ئەو لەززەتە بێسنوورەی ئەو شەوانەیە کە لەو پیاوانەوە وەریاندەگرت ، کە وەک مێردی خۆیان دەهاتنە باوەشیانەوە، کە هی خۆیان نەبوو و بەڵام هێزی ئەو لەززەتەو بە سەمەدبوونی هەموو پیاوەکان و وەک یەک لێهاتنیان، هەموو ئەو لێکدانانەوەیان هەرەس پێ دەهێناو لە ناو یەکیەتییەکی بێوێنەی ڕەشەشەویدا دەتوانەوە، ئەوان دەیانزانی کە ئەوانە بەشەو سەمەدن و کە لە خەویش هەڵەستنەوە مێردی ڕاستەقینەی خۆیانن، بۆیە کە لەڕووخساری منداڵەکاندا رادەمان، هەندێجار سوێندیان دەخوارد، کە ئەوانە سەمەدن و هەندێجاریش لە ڕۆژی رووناکدا لە پێستی ئەو ڕێبەرەدا دەچوونە دەرەوەو دەبوونە منداڵی بەڕاستی پیاوەکانیان، ئەم حاڵەتە بەرادەیەک ژنەکانی ناو مەملەکەتی نەیستانی هەراسان و گێژ کردبوو، کە پیاوەکانیش پەییان پێ بردبوو، بەڵام پیاوەکان کە لە ناو ئەو فانتازیا گەورەیەدا ژیانیان بەسەر دەبرد، داخۆ تاقەتی ئەوەیان مابوو کە بڕێ لەو خەیاڵە تەرخان بکەن بۆ ئەو مەسەلەیە؟

## بەشی سێهەم

تازە کار لە کار ترازاوە، ئاخر من نە ئەو منەی جارانم، کە لە بانێژەی دەرەوەی نەیستاندا، بە دڵێکی سادەو بە ڕۆحێکی کراوە، سەیری دەوروبەرم دەکردو ئێواران وەکو هەموو مرۆڤە سادەکان دەچوومەوە ناو منداڵەکان و باسی خەڵکی ناو نەیستانم بۆ دەکردن، نە نەیستان وەک جارانە،کە ناوە ناوە دەستی هەموویانم دەگرت و بەناو ڕاڕەوە دورودرێژەکانیدا هاتووچۆمان دەکرد ، لەناو ئەو نەیستانەدا سەیری مانگی جوان و ئەستێرەکانمان دەکرد، ئیدی تێکەڵ بە سیمای سەمەدیانەی ئەو خەڵکە دەبووین، کە هەموویان یەک پارچە بووبوون بە سەمەدی کتێبدار، هێندەی نەدەبرد، لە نیوەی ڕێگادا ئێمەش هەمان ڕووخساری کتێبدارمان وەردەگرت و دەبووینەوە هەمان ئەو خەڵکە، جیاوازیمان نەدەماو منیش دەکەوتمەوە ناو هەمان خەون و خەیاڵات و وەهمی بێ سنووری ناو نیشتمانی نەیستان، کە دوێنێ شەو لە ناو نورو تیشکێکی ئەبەدیدا غەرق بوو بوو ، کە گەیشتمەوە بەر دەرگا نەمن ئەو باوکە بووم کەشەیدای بینینی منداڵەکانم بووبم، نە ئەوان ئەو منداڵانە بوون کە بە بزەو پێکەنینی خۆیان ، مەستی باوکایەتیان دەکردم، ئەو ئەندێشەیە لە نێو ئەو جەنجاڵەدا وێرانی دەکردم . سرووتی ئەو نێوەندە گۆڕراو تاریکیەک ئەو ناوەی داپۆشی، لە تاریکی سەردەمانێکی زووی سەرهەڵدانی مرۆڤی سەرەتا دەچوو.  ئیدی دەنگ و سەدای ئەو هاوارەی کە دوێ شەو تادەهات، ئەو ناوەی تیشک باران دەکرد و ئاسۆی بەرچاوی مرۆڤی لە تیشک و ڕووناهی غەرق دەکرد، بەسەرچوو بوو، تا دەهات ئەو بانگە بە دوور دەکەوتەوە و تیشک لە ئارادا نەدەما، ئەو دیاردەیە ڕۆحی تێکدەشکاندم و دەستە پاچەی دەکردم، هەر لەبەردەرگاوە دەستم کرد بە راکردن و هەرچەند بە دوور دەکەوتمەوە سەداو بانگی منداڵەکانم کە هاواری منیان دەکرد، کز تر دەبۆوە. هێندەم راکرد و بە دوور کەوتمەوە، تا وای لێهات بە ئاستەم گوێم لە و بانگ و سەدایە دەبوو.  ئیدی وردە وردە من لە دونیای دەنگ و سەداو نیشتمانی خۆڵەمێش وەدوور دەکەوتمەوە، دەچوومە ناو دونیایەکی خۆڵەمێشی، لەو سەرەوەش ئەو بانگەی کە دونیای نوقمی تیشک دەکرد، نەماو بە تەنها لە نێوانی نەمانی بانگی منداڵەکانم و بانگی بێ سنووری تیشک هاوێژی کتێبداردا مامەوە، بووم بە تەنها ئەو ڕۆحلەبەرەی کە لە نێوان سنووری ئاسمان و زەویدا تەنهاترین مرۆڤی ئەم کەونە بوو، نە ئاسمان بە هی خۆی دەزانی و نە زەوی بە ڕۆڵەی خۆی وەریدەگرتەوە، بۆیە ئەوەی کە لە دەستم دەهات، لەو سنوورە تەنهایەدا ئەنجامی بدەم هاوارکردن

بوو، هەرچەند توانیم هاوارم کرد، بەڵام هاوارەکانم وەکو ئەوە وابوو، کە لە دورگەیەکی ئیسفەنجیدا بێت، هەرچەند تینم دەدایە بەر ئەو هاوارانە، ئەوەندە زیاتر ئەو ئیسفەنجە هەڵیدەمژی و بە هیچ لایەکدا نەدەچوو، ئەو کاتە ژیان بۆمن لە کونی دەرزی بچوکتر بوو، ڕۆح لە شوێنێکی قایم بوو، ئەگینا هەپرون بە هەپرون دەبوو، چی بکەم باشە؟ ئایا هەر لە نێو ئەو سنوورەدا بمێنمەوە کە سنوورێکە نە ئاسمان خۆی دەکات بە خاوەنی و نە زەوی بە هی خۆی دەزانێ؟ ،یا بەردەوام بم و خۆم لە ڕەونەقی بە سەمەد بوونی تەواوی مرۆڤەکان بشارمەوە ؟ ئەمە بڕیارێکی سەختە بۆمن بە تایبەتی کە دڵم هێندە توند بوو بوو و هێندە لە نیشتمانی سیحری و ڕاستیدا بە دوور کەوتبوومەوە، کە توانای مانەوەم لە دەستدابوو، بە تایبەت کە بیرم لە دوا هاواری مناڵەکانم دەکردەوە،کە تا دەهات لێیان بە دوور دەکەوتمەوە، بۆیە ناچار هەمیشە هاوارم دەکرد، بەڵام کێ گوێی لەو هاوارە پڕ گریان و فرمێسکانەیە؟ بە تایبەت ئەوەم باش دەزانی کە خەڵکی نیشمانی نەیستان ئێستاکێ هەموویان لە ناو لەززەتی ڕەشە شەوی سەمەدییانەی خۆیاندا غەرقی ئەو لەززەتە بووینە، کە من خۆم تووشی دەهاتم توانای هاوارم تیادا نەدەما، تا دەهات دونیا لە تاریکیدا ڕوودەچوو، کە بیرم لە بەراورد کردنی شەوی تیشکباران و ئەو شەوە تاریکبارانە دەکردەوە، ڕۆحم دەبوو بە هەزاران هەزار پارچە، خودایە ئەوە چ وەهم و سیحرێکە من لە ناویانا گیرم خواردووە، ئایا لە هێزی چ کەسێکدایە، بتوانێ بەرگەی ئەو سەختەندازییە بگرێت؟ ئێستاکە سنووری نێوان من و نیشتیمانە ئازیزو پڕ لە سیحرەکەی نەیستان و ئەو زەریای ڕەشی تاریکییە، تا دێ دوورترو دوورتر دەبێتەوە، ئەو هاوارەی کە لە شەوی رابردوودا هەڵیکردبوو و تیشکی دەبەخشی بە کەونی نەیستانەوە، تا دەهات کزو کزتر دەبۆوەو لە گەڵ کزبوونەوەشیا، تا دەهات تاریکی ڕەش و ڕەشتر دەبوو، تا وای لێدەهات تاریکی ئەبەنووسی کەونی دەکرد بە پارچەیەک لە لافاوێکی ڕەش و هەموو شتێکی قووت دەدا، بۆ ساتێک قسەکانی کتێبدارم بەبیرهاتنەوە، کە دەیکردن، لەو کاتەی کە هێشتا لە ناو نەیستاندا مابوو و خەریکی چاندنی نەمامە تازەکانی قامیش بوو و گەڵاو پەلکە رزیوەکانی دەڕنی، بۆ دووری دەبردن ، ئیدی کە دواجار ڕۆیشت و بۆ ئەبەد نەگەڕایەوە، دەیگووت:

دەزانم ڕۆژێ دێ لە شوێنێکدا گیر دەخۆن یا ڕووناکی دەتانخنکێنێ یان تاریکی، ئەگەر ڕووناکی بێت لەززەتی جوانی دەتانکوژێ، ئەگەر تاریکیش بێت لەززەتی دووری لە ڕووناکی دەتانکوژێ! بۆیە ئەوەتان

پێ دەڵێم چونکە من بۆ خۆم هەر لەو کاتەوەی لە زێدی باوانم دابڕاوم ، کوژراوم، ئەوەیش کە منی کوشتووە، ناتوانم جیاوازی نێوان ئەو هێرشە تاریکییەی خوداوەندی بکەم، کە من وام لە ناو ئازاری هەردوکیاندا ، ئا ئەمە تەواو ڕۆحی شڵەژاندوم. تاریکیش تا دەهات لە سروشتی کەونی دەگۆڕی، سەردەمێک هێندە لە ناو ئەو تاریکیەدا شەلاڵی ئاوازی مەرگ بوو بووم، ئیدی من ئەوساکە لەمێژ بوو مردبووم، هەر لەو مردنەدابوو سەمەدی کتێبدارم دەبینی، کە لە بەرایی هەموو هاولاتییەکانی نەیستاندا دەڕۆیی، وەک ڕێبەرێک وابوو کە دەنگی لە با بێ و ڕۆیشتنی لە نوور بێ و وەستانی لە تاریکی، کە هاواری دەکرد، کەون لە با نوقم دەبوو، سەرتاسەری ئەم کەونە بایەک دەیهەژاندەوە، دەمگوت ئێستە نا ئێستاکە، دەچینەوە دواخاڵی قوولایی زەوی و هەموو شتێ کۆتایی دێ ، منیش لەو ئازارە ڕۆحیە ڕزگارم دەبێ، کاتێ دووەبارە بەرێدەکەوت و ئەو هەموو ئاپۆرەی خەڵکەش بە دوایەوە بوو، دونیا لە نوور غەرق دەبوو، چاو چاوی نەدەدیت و دەمگوت ئۆخەی ئەوە تاریکی نەماو منیش لەو سنوورەی بێکەسیدا ڕزگاریم دەبێ و دەگەڕێمەوە ناو نیشتیمانی نەیستان ، کاتێکیش دەوەستا ئیدی دووبارە تاریکی وەک زەریایەکی بێ ڕحم دونیای لە تاریکیدا دیل دەکردو دەمگووت: نا نا مەحاڵە تازە ئێمە جارێکی دیکە رووناکی بدۆزینەوە؟ ئێستاکە من مردووم! ئایا بۆ جارێکی دیکە چۆن دەمرمەوە؟ وا پێدەچێ من لە مردنێکی بەردەوامدا بژیم، مردنێک بەهای کوشتنی بەردەوامی ڕۆحی تێدا لە زیندوو بونەوەدابێ، لەولاوەش تا دەهات تاریکی ئەبەنووس و ئەبەنووسیی تر هەڵدەگەڕا. تا دەهات ئەو شەبەیخونە بە سامتر دەبوو.

خەڵکەکەش تا دەهات لەسەر کارو مەزرای نەیستاندا رشتتر دەبوون، تا دەهات سنووری نیشتمانی نەیستان فراوان و فراوانتر دەبوو، ئەگەر پێشتر توانیباتە ژمارەی خەڵکی ئەو هەرێمە دیاری بکەیت، ئەوە ئێستاکە لەوە چۆتە دەرەوەو لە خەیاڵی مرۆڤ بەدەرە ، تا دەهات تاقەدی ئەو قامیشانە لە بیشەلانی نەیستاندا بەرزو بەرزتر دەبۆوە، بە رادەیەک بوو، کە خەڵکی نە ئاسمانیان لەبیر بوو نە زەوییان نە زەوییان وەبیر دەهاتەوە ، هەرگیز بە خەیاڵیانا نەدەهات کە ڕۆژێ ئاسمانیان دیبێ یا لە سەر پارچە زەوییەک ژیا بن، هەموو شتێ ئێستاکە لای ئەوان بوو بوو بە پاوانی بێکۆتایی نەیستان، بە چاندنی نەمامی نەیستان و کۆکردنەوەی گەلاو پۆپی پووچ و دوور تووڕ هەڵدانی، هەمیشەش ئەوەیان لەبیر بوو و یادی ئەوەیان

دەکردەوە کە چۆن چۆنی کتێبداری ڕێبەریان لە سپێدەوە تا ئێوارە، خەریکی هەمان کارە بووەو ئێستاکە سالآنێکە لە بەرچاوی ئەوان ونبووەو نەهاتۆتەوە، کە بۆ ئەوان پەیڕەو و ڕێدۆز بوو، ئاوو نان و ژیان بوو، تەنانەت کتێبدار بۆ ئەوان مایەی لەزەت و زایین و هێنانەوەی وەچەی تازە بوو، بۆ ئەوان ڕێبەر چی لە خودا کەمتر نەبوو، ئەوەی منداڵیشی نەدەبوو، لە سایەی ڕێبەرایەتی ئەوەوە دەبوو بە خاوەن منداڵ ، ئەوەی کوێریش بوایە لە سایەی ئەو ڕووناهییەی کە ڕێبەر لە کۆتایی هاتنی هاوارەکانییەوە بەرپای دەکرد، دەیتوانی لە هەمان ئەو تاریکییە ئەبەنووسییە دەربازی بێت و ببینێ، نەک هەر ئەمە، ئەوان پێیان وابوو کە پەیڕەودار نوێنەری خوایە لە ناو حوکمرنێتی نیشتمانی نەیستاندا، بۆیە بێ پەروا لەسەر ڕێوشوێنی ئەوداو بە یادی ئەوەوە، هەمیشە بەردەوام بوون.

هەرچەند بیرم لەو خەڵکە دەکردەوە، هێندەی دیکە لەوەدا ڕوودەچووم، کە ئاخۆ ئەوەی من دەیبینم بەڕاستی وایە؟ یاخود من وای دەبینم؟بەڵام کە زێتر دیقەتم دەداو گوێم هەڵدەخست و بە چاو سەیرم دەکردو بە ساو هەستم پێ دەکرد، بە تام تامم دەکرد، کوڕە ئەوە ڕاستییەو هیچ گومانێکی تێدانییە، کە خۆم دەبینی، وا خۆم دەبینی کە ئەوە منم و لە گەڵ ئەو هەموو خەڵکەدا لە هاتوو چووندام و وەکو ئەوان نەمامی نەیستان دەچێنم و وەکو ئەوانیش گەڵاو لق و پۆپی رزیو کۆ دەکەمەوەو توڕی هەڵدەدەم، هەروەکو ئەوانیش سیمای جارانی ڕێبەرم وەرگرتووەو وەکو ئەوانیش نەدەزانم منالّی من کامەیەو کامیانیش لە منن و ژنەکەشم لە کوێ خەوتووەو لە گەڵ کێدا دەخەوێ ؟ بەلاشمەوە زۆر ئاساییی بوو، ئەمەیان وەک تەزوێکی غەیبی ڕۆحی هەڵیدەتەکاندم، دووبارە هاوارەکانم کەوتەوە یاد، ئەوهاوارانەی کت و مت لە هاوارە دێرینەکانی پەیڕەوداری پیر دەچوو، لەو کاتانەی کە لە دوا ترۆپکی تەنهایی دا گۆرانییەکانی خۆی دەچڕی، کە دونیای غەرقی با دەکرد، دووبارە هاوارەکان وەک ئەوەی لە غەیبەوەڕا بێت دونیای لە با لوولدەدا، ئاخ کە با بەو شێوەیە هەڵدەکا،ئاسمان چەند تەنگ دەبێتەوە، بایەک دەتگوت لە دۆزەخەوە دێت، دونیای پڕ ئاگر دەکرد، بە چاوی خۆم دەمبینی، کە هەرچی بەرهەم و ماندووبونی ئەو خەڵکەی ناو نەیستان بوو گڕی دەگرت و سەرزەمین بە بێ قامیش دەمایەوە، هەموو شتێ دەبوو بە ئاگر،ئاگر ئاگر ئاگر، هەموو شتێکی دەکردە خۆڵەمێش و ڕەشی دەکردەوە، زەوی و ئاسمان، هەتا سنووورە دوورەکانی ژێر زەویش، لە ناو ئاگرێکی بێ وێنەی خوداییدا دەینالآند، کاتێکیش کە بە خەمناکی گوێم لە دەروونی خۆم رادەگرت،ئەوە گوێم لە نێڵەی ئاگر دەبوو،ئاگری

دەرونی ڕێبەرم بیر دەکەوتەوە، ئەو ئاگرەی ساڵ دوانزەی مانگ هەناوی دەسووتاند، ئاگری غوربەت و تەنهایی.
هەندێجاریش ئەو بایە دەتگوت لە بەهەشتەوەڕا دێت، هەر لەو کاتانەدا بوو، دەمبینی کە نیشتیمانی نەیستان تا دەهات فراوان و فراوانتر دەبوو، تا دەهات سەوزو سەوزتر دەبوو، سەرتاسەری زەمینی دادەپۆشی، ئەو هاوارە دەتگوت لەخوداوە دێت پێمان دەڵێت: دەبێ سەرزەمینی مرۆڤایەتی لە قامیش دا غەرق بێت ، من ئەو هاوارەم لە مێژ بوو لە ڕێبەری پەیڕەوداردا دەبیست، بەڵام بە دەنگێکی یەکجار کپ و بە ڕەوحانیەتێکی خوداوەندی هێجگار شیرین، تەنانەت هەندێجار لە گەڵ ئەو هاوارانەدا لێوەکانی ئاگریان دەگرت، هەردوو چاوی پڕ دەبوون لە فرمێسک، ئاخ ئێستاکە سەرتاسەری زەوی لەو بایەدا غەرق بووە، ئەو هاوارەش هەرگیز بڕانەوەی بۆ نییە : ئەی پیر تووخودا، بۆ ساتێ ووچان بگرە ووچان، گوێم لە دەنگی مناڵەکانمە، گوێم لە دەنگی ژنەکەمە بانگم دەکات ئەوە تۆ لە کوێیت ؟ لەناو ئەو ئازارە دەرونیەدا بووم هاوارەکە وردە وردە کپ دەبۆوە، ئەوە بوو خۆمم بینی دەمم لە ناو قۆپەنێ گیای ژێر نەیستاندا چەقیوەو گیانم شەلاڵی ئاو بووە.
تازە لەوە چووبووە دەرەوە کە مەزەندەی ئەوە بکەیت، سنووری نەیستانەکەی ڕێبەر تا کوێ ڕۆیشتووە و گەشتۆتە چ سەرزەمینێکەوە؟ ئەوە نەبێ هەموو ڕۆژێ دانیشتوان و کارکەرانی ئەو نیشتیمانە دەگۆڕان و زۆر بە زەحمەت دەتتووانی کەسێک دەستنیشان بکەیت، کە سەردەمانێ ناسیوتە یا بینیوتە، خەڵکەکە ئەگەرچی هەر هەموویان لەیەک نەبان بوون، بەڵام دەتگوت هەزار ساڵە بەیەکەوە دەژین، هەرهەموویان وەکو ئەویندارێکی سینە لە هەزار جێ سووتاو دەمیان لە دەمی زەوی نابوو و هەڵیاندەمژی و شەتڵە نەمامی تازەی قامیشیان دەچاندو قامیشەلانیان پاک دەکردەوە، تەماشای ڕووخساری هەر یەکێکت کردبا، یەکسەر ڕووخساری ڕێبەرت وەبیر دەهاتەوە، ئەو ڕێبەرەی هەر لەبەرەبەیانێکی زوودا هەڵدەساو دەستی دەکرد بە پاککردنەوەی ناو قامیشەلان و نەمامی تازەی نەیستانی دەچاند، جۆگەلە ئاوەکانی دەراوبەند دەکرد ، ئەو جۆگەلانەی کە لە چیاکانەوەڕا بە دەم بای ساردو شەوی درێژو مانگەشەوو باران و بەفرو گۆرانی غوربەتەوە، رایکێشابوونە ناو نەیستانەوە، بەڵام لە عەسرانێکی درەنگوەختدا ڕۆیشت و ئیدی نەگەڕایەوە.
من هەر لەو کاتەوەی کە تاریکی ئەو ووڵاتەی داپۆشی، ئیدی ڕۆحم بۆ ئەبەد داگیرسا و ئاگری لێ هەڵدەسا، بیرم لەو تاریکیە دەکردەوە کە ئاخۆ

لەبەرچی لە بەرزبوونەوەی ئەو هاوارەی کە لە هاواری ڕێبەر دەچوو هێندە بە گوورٍ هەڵدەرژایە ناو نەیستان و مرۆڤ لەبەر شەبەیخونی تاریکی دەکەوتە ناو دۆڵ و دەراو و ناو جۆگەلەکانەوە ؟ ئایا ئەم تاریکییە هەواڵی کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆرییەتی  نەیستانی پەرش و بڵاو دەکردەوە؟یا هەڵوەرینی خۆڵەمیشی ئومێد بوو؟ ئاخر ئەم تاریکییە ئاوا وەکو لافاو هەڵدەرژایە ناو زەین و جەستەو ڕۆحی دانیشتوانە ماندووەکەوە، ئەو دانیشتوانەی هەر لە دوای ئاوابوونی پیری  موغانەوە، هەر هەموویان ڕووخساری ئەویان وەرگرتبوو و شەوانە لە ناو لەزەتێکی کەس کەس نەناسەی ڕەشەڕاویدا مەست دەبوون و هیچ سنووریَ لە ئارادا نەدەما، ئێستاکەش وان لەبەر چاوم،کە وەک مۆرانە ڕوویان لە بێشەڵانی نەیستاندا کردۆتەوەو هەموو لەبەردەم ئاوەکاندا و هەریەکەو زنارێکی پانی لە پشت کردووەو تا چۆکیان غەرقی لیتاوی نەیستان بووینە، هەموو گوێیان هەڵخستووە، وەک ئەوەی گوێیان لە دەنگیَ بووبیَ یا چاوەڕوانی هاواریَ بکەن، کە دیقەتم دا بینیم لەیەک کاتدا هەموو سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕیوە، خودایە ئەوە چی بوو ئەو هەموو حەشاماتە، بەیەکەوەو لەیەک کاتدا قیت بوونەوە؟ دەتگوت ڕۆژی پەسڵانەو بایەک هەڵیکرد دەتگوت سەرسەرە، ڕۆحی مرۆڤی هەڵدەتەکاندو دونیای پڕ لە ئاوی دەریاکان کرد، تادەهات ئەو ئاوە هەڵدەکشاو دەرژایە ناو حەشاماتەکەوە هەموو لە ناو ئەو ئاوەدا هاواریان دەکرد: ئەی پیری موغانی ئەوە تۆ لە کوێی؟ ئەی موغانی پیر ئەوە تۆ لە کوێی؟ کەچی من هیچم نەدەبیست، بەڵام دیار بوو ئەوان لەبەردەم هاوارێکی وادا چۆکیان دادا بوو، سەیری ئاسمانیان دەکرد، ئاو هەموو شوێنێکی داپووشیبوو، باکورو باشورو خۆرهەڵات و خورئاوای داپۆشیبوو، خەڵکەکە هەمووی بەزناری پشتیانەوە خۆیان لەیەک گرێدابوو، هێڵێکیان دروست کردبوو نە سەری دیار بوو نە بن، ئاو تا دەهات بەرزو بەرزتر دەبۆوە، من کە لەوبەرزاییە دوورەوە سەیرم دەکرد، ئاو تا ناوقەدم هاتبوو، هاواری خەڵکەکەو ئەو هاوارەی ئەوان دەیانبیست تێکەڵ بە یەک بوو بوون، نەیستان تا دەهات لەناو گەرمەی هاوارو ئاوی هەڵڕژاودا سەوزو سەوزتر دەبوو، بەرزو بەرزتر دەبوو،  شەوقی پڕ لە جوانی ئەو نەیستانە،لە ناو ئاوەکەدا وەکو دەریایەک لە سیحرو جوانی خۆی دەنواند، کەسەیری دەوروبەری خۆم دەکرد، دونیا وەک سیحرو وەهم وابوو، گیانی شەلالی خەیالێک کردم کە لە مەحالی دەکرد، خەڵکەکە وەک ئەوە وابوون کە بە ڕستێکەوە کرابن بەسەر ئاوەکەوە، لە جۆلانەدابن، ئاو هێندە نەیستانی بەرزکردبونەوە، بینیم هەرهەموویان لە دوا ترۆپکی نەیستاندا ئەو گوڵە

فەریکانە دەڕننەوە کە پڕ لە تۆوی نەی بوو، وەک ئەوەی هاوارەکە بریتی بێ لەوەی کە ئەو ئاوە هەڵسێت و بەرزیان کاتەوە تا ئەو تۆوە کۆکەنەوەو دایوەشێنن و لە وەرزی تازەدا زەوی پێ پڕکەن لە تۆوی قامیش، وردە وردە دەنگ و سەداکە کپ دەبۆوەو خەڵکەکەش لەو ئاسمانەدا دادەبەزین، هەریەکەو بە ئامێزی گەورەگەورەی تۆوی نەیستانەوە، بەسەر پشتی ئاوەکەوە دەهاتنە خوارەوە، هەرهەموویان مەست بوو بوون و هاواریان ببووە گۆرانی، تا وای لێهات هەموویان کەوتنەوە سەرزەوی و هەرهەموو ئەو گوڵە تۆوانەیان کەڵەکەی سەر یەک کردو بوو بە گۆمەزێک لەزیوی سپی، ئەوەندە گەورە بوو بوو، کە تا چاو بڕی دەکرد بەرزبووبۆوە، کاتێ لەو بەرزاییەدا هاتمە خوارەوە و تێکەڵ بە حەشاماتەکە بووم، هەستم کرد تەواو لەناو وەهمێکدا مەلە دەکەم، چونکە نە ئاسەواری ئاو مابوو، نەتەڕاتی، هەموو شوێنێ وەک دەمم وشکی کردبوو، کەچی لقوپۆپی نەیستان لە بەرزایی ئاسماندا هەڵمیان لێ هەڵدەستاو گومەزی تۆوەکەشی ئەو ناوەی داپۆشی بوو، ئیدی خەڵکە ببوون بە پارچەیەک لە قامیشەوانی ئەو قامیشەڵانەی کە سنووری لە چاواندا ون ببوو، ئەو درەختەی نەیستان بە رادەیەک بەرز هەڵگەڕابوو، کە خەریک بوو ئەو ناوە لە سێبەرێکی ئەبەدی دا ون بکات، هە بۆیەش شەوو ڕۆژ هێندەیان جیاوازی نەمابوو، هەر ئەوەش بوو،کە ببووە هۆی گەورەترین سەرسامی ئەو خەڵکە، چونکە جاران شەو کە دادەهات و ئیدی هەربابا بوو ئەو خەڵکە بەرەو ئەو نیشتیمانە ئەفسووناوییە ڕایدەکرد، هەموو لە ناو ڕووخساری ڕێبەری موغاندا دەتوانەوەو دەبوون بە ڕێبەر، ئەمجارەیان لەیەکساتدا هەر لە سپێدەوەڕا کە دەکەوتنە بەر ئەو سێبەرە تاریک و تونانەوە، دووبارە دەبونەوە بە سەمەدی موغان ، کە لە سێبەر دەترازان دەبوونەوە مرۆڤی جاری جاران، جا لەبەر ئەوەی خەڵکەکە لە هاتووچونێکی بەردەوام دابوون، هەر یەکەو بە ڕۆژ چەند جارێ تووشی ئەم حاڵەتەی گۆڕان دەهاتن و تەنانەت ئەو کاتانە منداڵەکانیش باوک و دایکی خۆیان نەدەناسییەوەو ژنان مێردەکانیان لە دەست دەداو پیاوانیش بۆ هەر ژنێک چووبان بە خەیاڵی خۆیان هی خۆیان بوون، ئیدی کار لە کار ترازا بوو، ئالەو دەمانەدا هێزێک نەدەما جیاوازی لە نێوان ئەو مرۆڤانە بکات، هەربۆیەش لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەدا، سنوورێک بۆ تایبەتمەندێتی خانەوادە نەدەما، چونکە لەو کاتەی ئەو گۆڕانانە بە سەر ڕووخسارو ڕۆحی خەڵکەکەوە روویدەدا، ئیدی دەچونەووە نێو کۆمەڵگایەکی مەشاعی وا کە دەتگوت کت و مت سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو قۆناغەیە، خەڵکەکە بە ڕادەیەک دەگەڕانەوە ناو

سروشتی ئەو قۆناغە، کە ئیدی سنوورێک لە ئارادا نەدەما، کاری بەیەکەوە خەوتن و جووت بوون، تەنها شتێ بوو کە ئەنجامیان دەدا، ئەو هێزە لە ناو گیانی هەر تاکێکی ئەو خەڵکە بەڕادەیەک زیندوو بووبۆوە، کە هەر هەموویان لە نێو بازرقەی ئەو لەززەتەدا تازە دەبونەوە، ساڵانە بە هەزاران هەزار وەچەیان دەنایەوە، کە هەر هەموویان سیمایان لە یەک دەچوو، وای لێهاتبوو دایک و باوکەکان، ئیدی لەوە چووبوونە دەرەوە، منداڵەکانی خۆیان بناسنەوە، منداڵەکانیش هەرگیز لە خەمی ئەودا نەبوون، ئیدی ئەوان دەچنەوە سەر کام لەو دایک و باوکانە، سنوور لە نێوان ماڵێک و ماڵێکدا نەمابوو، هەموو ماڵەکان وەک یەک پردەبوونەوە، هەر هەمووشیان ڕووخساری ئەو ڕێبەرەیان دەهاتە بەر کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە ڕۆیشتووە و نەیستانی جێهێشتووە و پشتی لەو خەڵکە کردووە، کەس نەیدەزانی ئایا هێزی کارکردن لە نێو ئەو نەیستانەدا بۆ هێندە بۆتە حەزو ئارەزوو و هۆگری ئەو خەڵکە، ئایا ئەوانە لە پای چییە هێندە موبتەلای چاندنی قامیش و ڕنینی گەڵاوپۆپی ئەو نەیستانەن؟ هەندێجارکە دەمبینی هەموو ئەو حەشاماتە لە شەپۆلێکی دەریایی وا بە هێزدا بەرەو تخوبی ئەونەیستانەدا بەو هەموو هێزو گوڕەوە بەرەو پێش دەچن، ترسێک دایدەگرتم، لەترسی هەڵسانی لافاوی دەریا دەچوو، مرۆڤ کاتێک کە بەسەر گردێکەوە سەیری هەڵسانی ئاو،دەکا کە چۆن چۆنی هەڵدەقوولێ بەرەو هەوراز دێ، ئیدی ئومێدی بە مانەوە نامینێ، چونکە دڵنیایە تا پاش چەند ساتێکی دیکە، هێزی ئاو هەڵیدەلووشێ و دەیکا بە بژێوی هەناوی خۆیەوە، بۆیە منیش لەوە دەترسام کە ئەو لافاوە مرۆییە ڕاپێچم بکات و بەرەو گێژەنی نەیستانم ببات، هەندێجاریش کە سەیری دەست و پەنجەی خۆمم دەکرد، دەکەوتمە سەر ئەو گومانەی کە ئەوە دەست و پەنجەی من نین، گۆڕانێ بەسەر منیشەوە داهاتووە، کە لە ئاوی ئەو لافاوەدا سەیری وێنەی خۆمم دەکرد و زانیم منیش بە دەردی ئەوانەوە چوویمە، خورپەی دڵیشم وەک جاران نەبوو، دەنگم گۆڕا بوو، لەبەرخۆ دەمگووت: دەبێ ڕووخسارو ڕۆحی پەیڕەودار ئاوێتەی منیش بووبێ، بەڵام هەرزوو لەوە پەژیوان دەبوومەوەو پاشان تەواو دەگەیشتمە ئەو قەناعەتەی کەمنیش بوومەتە پەیڕەودار و سەیری هەموو ئەو پەیڕەودارانە دەکەم، ئەوانیش سەیرم دەکەن، تووشی جۆرێک لە گێژ بوون دەهاتم، بەپەلە دەگەڕامەوە ماڵ تاکو بزانم ماڵ و منداڵەکانم بە چی گەیشتون،کە دەگەیشتمەوە ماڵ ئیدی خانەوادەکەی منیش وەکو جاران نەمابوون، کۆمەڵێک سەرکەو بنکە کە تەمەنیان لە ساڵێک زیاتر نەبوو، هەرهەمووشیان وەکو چەند منالێکی

وردیلەی سەرسام کە کت و مت ئەو بوون، لەو ناوەدا دەخولانەوە، بەدەنگێکی تۆزێ بەرز هاوارم دەکرد: نا نا نابێ ئەوە خانەوادەی من بێ، بەڵام هەر زوو ئەو بیرۆکەیە لەسەر بەردی دەرگادا وردوخاش دەبوو، یەکسەر سیمام، سیمای ڕێبەری دەگرت و هێزێک رایدەکێشامە ناو باوەشی ژنەکەم، بەڵام نازانم ئەو هێزە بۆ هێندە گەرم و گوڕو بە تین بوو؟ بە هەڵەداوان دەگەیشتمە ناو باوەشی ژنەکەم و ئەویش هێندە بە تاسووق و ئارەزووەوە دەیگرتمە باوەش، ئیدی دەکەوتمە ناو لەززەتێکەوە، هەرگیز لەززەتی ئاوا بەردەوام وئاگرینم نەدیوە، بە ڕادەیەکی وا بوو کە دەیخستمە خەوێکی هێجگار قووڵەوە، لە هەمان ئەو خەوە قووڵەدا بەناو رارەوی دارستانە چڕەکانی نەیستاندا دەکەوتم و رامدەکرد، تا چاو بڕ کات هەر نەیستان بوو، هەر لەو خەوە دەستم دەکرد بە چاندنی ئەو نەمامە ناسکانەی قامیش ، کە هەرچۆنێ رووا‌ندبام لە گەڵ بادا دەکەوتنە سەماوە، وردە وردە بەرز دەبوونەوە، دەنگ و سەدای ئەو خەڵکەم دەبیست، کە هەریەکەو لە ژێر درەختێکی نەیستاندا، خەریکی جووت بوون و لەززەت بوون، هەر لەو خەوەدا بوو کە سەرتاسەری زەوی نەیستان بوو، جگە لە مرۆڤ و مەل، هیچ شتێ لە قەڵەمڕەوی ئەم نەیستانەدا نەدەسووڕایەوە، کاتێکیش کە لەو خەوەدا وەئاگا دەهاتم، سەرەتا دەمبینی هەموو شتێ وەک جاری جارانە، ژن هەر ژنەکەی خۆمەو مناڵەکانیش بەدەورمەوەن، وەلێ ئەم دۆخە سیحراوی و چاوشکێنە ئەوەندە دووبارە دەبۆوە، زۆر بە دەگمەن ڕووی ڕاستەقینەی خانەوادەکەی خۆمم دەبینیەوە، زۆر بە دەگمەن هاوڕێکانی خۆم دەدۆزییەوە، کە هەمیشە بەیەکەوە بووین، لەگەڕان و سووڕان و هاتوو چۆی یەکتریدا بەردەوام بووین، بەڵام کە ئەمە دەگێڕمەوە ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێ، هەر لە دوای کۆچی ناوادەی ڕێبەرو چۆڵکردنی نەیستانەوە، هیچ یەکێ لەو هاوڕێیانەم وەکو خۆیان نەبینیوە، سەیری هەر یەکێکیانم دەکرد سوێندت دەخوارد ئەوە پیری پەیڕەودارە هاتۆتەوە، ئەم حاڵەتە ئەفسوون ئامێزو پڕ لە جادووە وێرانی دەکردم، ئەو کاتانەی کە دەهاتمەوە حاڵەتی خۆم، تووشی جۆرێک لە غوربەت دەبووم، کە دونیام لێدادەخرا، ئایا مروڤ تا چەند هێزی مانەوەی پێ دەمێنێ؟ کە وەکو چەند بەندەییێکی هەتا هەتایی ناو نەیستان سەیری خۆی بکات، ئێستاش وەک جاران مناڵەکانیشم نابینم، جارێ ئەو پەیوەندییەی کە لە میانی من و ژنەکەمدا هەبوو، کە سوێندمان بە سەری یەکتر دەخوارد، ئێستاکێ جاری واهەیە، هەر نایدۆزمەوە، تەنها ئەو کاتانە نەبێ کە منیش دەبوومە یەکێ لەوان و ئیدی دەکەوتمە باوەشی ژنێکەوە، کە من پێم وابوو

ژنەکەی خۆمە، بەڵام ئێستاکێ گومانێک دایگرتووم کە هەموو ژنەکان هی هەموو پیاوەکانن هەموو پیاوەکانیش هی هەموو ژنەکانن، گومان بۆ کەسێک کە هێشتا لەناو ئەو نەیستانەدا تووشی بەدگۆڕان نەبووبێ کوشندەیە، رەنگە رێگاکانی خۆکوشتنت نیشان بدات، بەڵام هەندێجار بەڕاستی سەرەتا دەگەڕایەوەو هەموو شتێ وەک جارانی لێدەهاتەوە، دەمبینی ئەوە ژنەکەمەو لەژێر سێبەری دەروازەی ماڵەوەدا ڕونیشتووەو منداڵەکانیش بەدەورییەوە یاری دەکەن، بەڵام ئاخ ئەو ڕاستییە هێندەی نەدەخایاند، کە هەمووشتەکان لە ناو کزەبایەکی سیحراویدا دەگۆڕان و قیامەتی لێکدانەوەی دژوار دژوار دەستی پێدەکردەوە، شەوی واهەبوو لە نێو ئەو نەیستانەدا بە هەزاران هەزار منداڵ، رووت و قووت لە ناو بێشەی ئەو نەیستانەدا دەمانەوەو تا ئەو کاتەی لەناو ڕاڕەو و کەلێنی درەختەکانەوە هەموویان بەسەریەکەوە دەکەوتن و خەویان لێدەکەوت، بێ ئەوەی کەسێ بیریان لێ بکاتەوە، ئەو منداڵانە کێن و لە کوێ هاتوون. ئەوە بوو زانیم ئەگەر کاری زاوزێ ئاوا بە خێرایی تەواو بێت، ئیدی ئەو سەرزەمینە پڕ دەبێ لە منداڵ و کەس کەس ناناسێتەوە، ئەو سەرو ئەمسەری نەیستان هێندە لێک بە دوورکەوتبوونەوەو هێندە پان و پۆڕ بووبونەوە، ئەگەر مرۆڤ بە دوای ڕێگەی نەجاتی خۆی گەڕابا، هەرگیز نەیدەدۆزییەوە، هەر هەمووی تێکەڵ بەیەک دەبوونەوە، کەس نەیدەتوانی خەیاڵی ئەوە بکات کەبەکام رێگادا هاتووەو بە کام رێگادا دەچێت، خەڵکانێکی وا هەبوون، بە درێژایی ساڵ لە نێو ئەو نەیستانەدا ون بوو بوون، هەرگیز بە ماڵێ نەدەکەوتنەوە، هەر ئەوەش بوو وردە وردە چەمکی خێزان و خانەوادەو منداڵی خۆم خۆت و پیاوی خۆم و خۆت، لە گۆڕێ دا نەمابوو، وردە وردە ئەو کۆمەڵگایە دەبوو بە یەک تاقە خانەوادەو سنووری نەسل و زاووزێ نەمابوو، هەموو ئەو ژنانەی کە من دەمبینین و کوێرایی چاویان داهاتبوو بۆ تاقە منداڵێ، ئێستاکە نەبیر لە منداڵ دەکەنەوە نە ڕۆژێ لە ڕۆژان باس لەو مەسەلەیە دەکەنەوە، ئەوەی منداڵیشی نەدەبوو، ئێستا بە دەیان وەچەی ناوەتەوە.

لە نێو ئەو مەملەکەتەی نەیستاندا ژیان جگە لە چاندنی نەی و ڕنینی گەڵا ڕزیوەکان، هیچ شتێ لە ئارادا نەمابوو، ئایا ئەوانە دەیانویست سەرزەمینی مرۆڤایەتی لە نەیستاندا غەرق بکەن؟ یاخود جۆرێک لە شێتی بەرۆکی ئەو خەڵکەی گرتبوو، کە هەر هەموویانی لە ناو سیمای سەمەدو نەیستاندا مەست کردبوو؟

## بەشی چوارەم

شەوێکیان دونیا کپ و نەیستان لە ژێر ئاسمانی پڕ جریوەی ئەستێراندا، بە چەشنێ ڕاکشابوو، دەتگوت ئەو ناوە رووبارێکی سەوزەو ئەستێرەکانی تێدا دەدرەوشێتەوە، لەناو ئەو سروشتە بێ سنوورەی ناو قەڵەمڕەوی خودادا، هەتا دەنگی پێشوولەش نەدەهات، ئەو شەوە باش لە سرەوتن دابوو، خەڵکی هەمووی، دوای مەستبوون لە باوەشی ژنەکاندا، کەکەس نەیدەتوانی لە یەکیان جیا بکاتەوەو موڵکی خۆی بناسێتەوە ، چونکە بە پیاو و ژن و منداڵ هەر هەموویان لە ناو ئاوی ڕووخساری ڕێبەری لە دڵ چوویان توابوونەوەو بووبوون بە یەک، دوای ئەوەی لە ناو لەززەتێکی ئاگرینی ئەو ژنانەوە بڕستیان لەبەر بڕابوو، لە خەوێکدابوون دەتگوت خەوی ئەبەدییەو هەڵسانەوەی بەدوادانایەت، نەدەنگێ نە سەدایێ نە جولەیێ، هیچ شتێ لە ژێر گومەزی شینی ئاسماندا، لە ئارادا نەبوو، ئەوە تەنها من بووم لە ناو گومانێکی کوشندەو لەناو لێکدانەوەیەکی خوێنمژدا، سەیری ئەو مەملەکەتەی پیری پەیرەودارم دەکرد، ئەو پیرەی ڕۆژانە هەموو بەیانێک لە سپێدەوە هەڵدەستاو خەریکی چاندنی شەتڵە نەمامی ناسک ناسکی قامیش دەبوو، ئەو شەتڵانەی کە لە چیاکانەوە دەیهێنان و پاشان خەریکی ڕنینی ئەو گەڵاو گوڵە زیادانە دەبوو، کە زەرد زەرد هەڵدەگەان، ئیدی دادەنیشت و سەری خۆی دەخستە سەر ئەو کتێبەی کە بەدرێژایی بوون و مانەوەی لە ناو مەملەکەتی نەیستاندا، هیچ یەک لە ئێمە نەیتوانی بزانێ کە ئاخۆ ئەو کتێبە چییە و چی تیادا نووسراوە؟ پاشان ئێمەی لەناو هەزارەها پرسیارو لێکدانەوەدا بەجێهێشت، وەک ئەوەی بۆ هەزار ساڵ بێ ، هەڵبەت دیمەنەکان دڵڕفێن و ڕەنگاورەنگ بوون، لەلایەکی دیکەوەشەوە دەتگوت تەلبەندی ئەبەدین ، کە هەموو ئێمە مانانیان دیلی خۆیان کردبوو، بەڵێ ئالەم شەوەدابوو، دەنگێک لە دوور دوورەوە پڕژایە ناو نیشتیمانی نەیستانەوە، دەنگێ بوو، دەتگوت لە قووڵایی زەمینەوە وەک ئاگر نێڵەی دەدا، یاخود لە نێو ئاسمانەکانەوە هەڵدەڕژایە ناو خەرابادی نەیستانەوە، سەراپای نەیستانی دەخستە سەماوە ، سەمای گەڵا بەرزەکانی نەیستان و تروسکەی بێ سنووری ئەستێرەکان، بە چەشنێ تێکەڵ بەیەک دەبوون، کە مرۆڤ وای هەستدەکرد، لە ناو خەونێکی هەزار ساڵە دایە، هەرگیز وەئاگا نایەتەوە، ئەو دەنگە تا دەهات تێکەڵ بە خوێنی ئەو ناوە دەبوو، خەڵکی لە ناو پێخەف و ژوورەکاندا ڕادەتەکاند ،کە لە دوای ماندووبوون و جووتبووندا غەرقی خەوێکی قووڵ بووبوون، ئەو دەنگە دەنگی گریانێکی بە تین بوو ئەو ناوەی لە کارتەی ترس دەدا، ئەو گریانە تا دەهات قووڵ و

قوولّتر دەبوو،، هەموویانی بەرەو قوولاّیی نەیستان رادەدا، تا دەهات ئەو دەنگ و گریانە نزیک و نزیکتر دەبۆوە، هەندێجار لە گریانێ دەچوو کە لە دوای کۆستێکەوە بێت، هەندێجاریش لە نالّەیێ دەچوو، کە سوارێ بە تاقی تەنها لەبەر ئازاری برینەکانییەوە هەلّیپڕژێنێتە فەزاوە، هەندێجاریش ئەو دەنگە لە بانگێ دەچوو، کە خەلّکی بەرەو لای خۆی بهەژێنێ، بەلاّم ئەو دەنگە تا دەهات بەرزو بەرزتر دەبۆوە، تا دەهات کاریگەریی زیاتر دەبوو، من بە چاوی خۆم دەمبینی کە گردەکان لە گەلّیا دەهەژان، زەوی درزی دەبرد، وای خودایە ئەم دەنگە لە کوێوە دێت و لە کوێوە وەکو بایەکی بەهێز هەلّدەکا؟ تا دەهات خەلّکی ئاپۆڕەی دەداو بەرەو نەیستان ڕێگەیان دەگرت، کە لەو شەوەدا بە وردی دیقەتی ئەم خەلّکەت دابوایە، ئەوە دەتگوت نەخێر ئیدی سەرجەمی بەشەرییەت لێرەدا کۆبوونەتەوە، زەوی لە ژێر پێیاندا رووەدەچوو، تا دەهات پانتاییی زەوی بچووک دەبۆوە، بە رادەیەک ئیدی زەوی نەدەبینرا، هەر لەو شەوەدابوو خەلّکی لە بەرامبەر تخووبی نەیستاندا دەوەستان و پۆل پۆل و کۆمەلّ کۆمەلّ خەریکی کۆکردنەوەی ئەو تیشکە جوانانە بوون، کە لە ئاسمانەوە وەک بارانێکی بە تین هەلّدەڕژان، ئەو ناوەیان کردبووە تیشکستانێکی ئاوەها، کە مرۆڤ نەیدەتوانی بە تەواوی چاوی هەلّێنێ، وای لێهاتبوو، ئیدی سیمای سەمەدییەکان بوو بوو بە تیشک، هەر ئەوەندەت دەبینی کە ئەوە ملیۆنەها تیشکن و دەجولّێنەوە، خەلّکی لە سیمای مرۆیی خۆیان چووبوونە دەرەوە، ئێستاکە نیشتیمانی نەیستان، بریتییە لە تیشکستان و بەس ، کاتێ کە سەیری سەرو سیمای خۆشم دەکرد لەبەر درەوشانەوەی بێ کۆتایی ئەو خەلّکە و هەلّگرتنەوەو کۆکردنەوەی ئەو تیشکانە، منیش بوو بووم بە تیشکێک لەو تیشکانە، کەوتمە خەیالّی ئەوەی کە ئەگەر سەرجەمی مرۆڤایەتی تیشکایەتی بوایە، چۆن دەبوو؟ واتە لە جیاتی ئەوەی مرۆڤ لەسەرزەوی دا هەبێ تەنها تیشک هەبوایە، خۆشتر دەبوو، یانا؟ هەندێجار دەچووومە سەر خەیالّی ئەوەی کە دیارە ئاسمان خەزنەی تیشکە، بۆیە تا دەهات هەلّڕژانی ئەو تیشکانە لەم نیوەشەوەدا زۆرترو زۆرتر دەبوو، تادەهات نەیستانی بێ سنوور، کە سەرێکی لە خۆراواو سەرەکەی دیکەی لە خۆرهەلاّت بوو، وەک بلّێی ئاگری گرتبێ و لە ناو تیشک و جولاّنەوەی هەموو ئەو خەلّکە تیشکدەرانەوە کەوتبووە سەمایەکی ئەبەدییەوە، لەولاوەش دەنگەکە تا دەهات نزیکترو نزیکتر دەبۆوە، وام هەستدەکرد کە تەنها ئەوە منم لەو دەنگە ناگەم و نایناسم، چونکە بەلای ئەوانەوە دەنگەکە هێندە ئاشنا بوو، هەرکاتەی بەرز دەبۆوە ئەوان وەک ئەوەی کە تیشکەکان بشکێنەوە

دەنووشتانەوەو ئەو ناوە لە هەڵبەزو دابەزی تیشکەکان غەرق دەبوو، دەنگ بە سەر تیشکدا زاڵدەبوو، تیشکەکان شێوەی سەدای ئەو دەنگەی وەردەگرت، کە بە وردی گوێی خۆمم هەڵدەخست، وامدەزانی ئەو دەنگە لەمنەوە هەڵدەچێ، هەندێجار دەتگوت نا نا لە ژێر پێمەوە دێت، ئەمجارەش دەمگووت ئەخێر ئەوە لە ژێر قووڵایی زەوییەوە دێت، نانا لە بەرزایی ئاسمانەوە دێت، کە دووبارە دیققەتم تیژتر دەکرد، دوا هێزی گوێچکەم دەبەخشی بەو دەنگە، کەوتمە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوە دەنگی ڕێبەرە، ئەو ڕێبەرەی کە بەر لە چەندین ساڵ خەریکی دروستکردنی ئەو نەیستانە بوو، هەموو ڕۆژێ نەمامی تازەی دەچاندو گەڵا زەردەکانی دەڕنین، ئیدی لە سەرەتای پاییزێکی ساردا ئۆغری کردو نەگەڕایەوە، لە جێوە ڕاجفریم، ئەرێ دوای ئەو هەموو حەمکە ساڵە دەبێ ڕێبەر مابێت و گەڕابێتەوە؟؟ دەنگەکەش تا دەهات نزیکترو نزیکتر دەبۆوە، تا دەهات ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو دەنگە زۆرتر دەبوو، خودایە ئەوە دەنگی ڕێبەرە بەڵام بۆ هێندە گریاناوی و خەمبارە؟ کە بەمجۆرە بوو، من بۆ خۆم وام لێکدەدایەوە کە پێمان دەڵێ ئێوە ئەو هەموو ساڵە خەریکن زیندانێک لە درەختی قامیشەڵان بۆخۆتان دروست دەکەن و ئیدی قورتارتان نابێت و بۆ ئەبەد ناتوانن لێی دەرچن، بەڵام هەردەبێ دروستی کەن، کاتێکیش ئەو دەنگە لە ناڵە دەچوو، من بۆخۆم وام لێکدەدایەوە، لە ئاسمانەوە هەڵدەڕژایە ناو زەوی نمناکی نەیستانەوە، کە بۆن و بەرامەی خاکەکەی لووتی مرۆڤی پڕ دەکرد، من بۆ خۆم وام لێکدەدایەوە، کە ئەوە پیری پەیڕەودارە و لە ئاسمانەوە بەرەو لای ئێمە دێت و پێمان دەڵێت، کە هێندەتان نەماوە زیندانەکەی خۆتان لە تیشک دروست بکەن و یۆتۆبیای ئەبەدی خۆتان هەبێ.

هەر لەو خەیاڵاتانەدا بووم کە سەرم هەڵبڕی، ئیدی مروڤێ لە ئارادا نەبوو، کە دوو دەست و دوو قاچی هەبێت، هەر هەموویان لە سیمایەکی تیشکامێزی سەمەدیدا خەریکی درەوشانەوە بوون، کە دەستم بەسەرو سیمای خۆم داهێنا، ئەوسا زانیم منیش بوومەتە تیشکێ لەو تیشکانە، بەسەر چۆکدا نووشتامەوەو دەنگەکە پێشڕەوی دەکردم، ئالەو کاتەدا کە تەواو لە سروشتی مرۆڤایەتی خۆمدا چووبوومە دەرەوە، دەنگەکە هێندەی مەست کردبووم و هێندە غەرقی کرێشمەو رامان بووبووم، مناڵەکەی خۆمم بینی کەوەک تیشکێکی باریکەڵەی پڕ لە درەوشانەوەی خودایی بەرەو لای من هەڵدەکشێ، ئەوسا گریانێک دایگرتم، گریانی غوربەتێکی ئەبەدی بوو، سووتانی مرۆڤ بوو، ئەوکاتە بوو زانیم تیشکستانی ئەو

نەیستانە نیشتیمانێکی خۆش نییە، ئەدی چۆن چۆنی بگەڕێینەوە ناو پێستی مرۆییمان و سۆزی نامۆبوون نەمانکوژێ؟؟ کە ژیان لە نێو نیشتیمانی خۆڵەمێشدا لە گرو گڵپە کەوتبوو، خەڵکی هەر هەموویان لە ناو ماڵەکانی خۆیاندا هاتبوونە دەرەوە، لە ژێر تارای مانگە شەوێکی بە تیندا خەوتبوون، یاخود چاکتر وایە بڵێم، دوای ئەوەی هەر هەموو، پیاوەکان لە ناو باوەشی رووت و قووتی ژنەکاندا، لە دوای گەمەو لەززەتێکی بەردەوامدا وەها کەوتبوون، دەتگوت بۆ هەزاران هەزار ساڵی دیکە وەئاگا نایەنەوە، تیشکی مانگ هەڵدەڕژایە سەر رانی رووت و قووتی ژنەکان، وەک نوورێکی بە شکۆ دەبریسکایەوە، هەموو لە ناو دەوروبەرو ئەو ناوەدا ڕاکشابوون، نە دەنگێ دەهات نە زیڕەی منالێ، نە گڤەی بایێ ، تەنها تیشکی مانگە شەو وەک شەباقەیەکی زیندووی پان و پۆر ئەو خەڵکەی داپۆشی بوو، نەیستانەکە هەر چوار دەوری داگرتبوون، بە چەشنێ بوو کە ئەگەر مرۆڤ بۆ تا هەتا رایکردبا ئەوە نەیدەتوانی لە نیوەی سنووری ئەو نەیستانەدا رەت بکات، بە هەزاران هەزار رێگەی باریک و تون لە ناو ئەو ئەشکەوتەدا، لە یەکتریان دەکردەوە، لە ڕاستیدا ئەگەر چی ئەو نەیستانە هێندە سەوزو جوان بوو، بەڵام مرۆڤ لە ناویدا هەستی بەوە دەکرد ئیدی سنووری دونیا هەر لە ناو ئەو نەیستانە دایە، لە دوای ئەو نەیستانەوە بوونێکی دیکە نییە، بۆیە من خۆم هەستم بەوە دەکرد کە ئیدی بۆ ئەبەد لە نێو قەڵەمڕەوی ئەم نەیستانەدا بەندم و ڕزگاریم نابێ ، ئەو شەوە ئەگەر بە وردی دیقەتم لەو مانگە دەدا، هەستم بەوە دەکرد کە وەک ڕێبەرێکی نوورانی لەشکری تیشکی خۆی پەرش و بڵاوی ئەو ناوە کردووە، سایەدی بوون و مانی ئەو خەڵکەیە، کە سەیری دەوروبەری خۆم دەکرد بەو ئومێدەی، کە لە ناو ماڵەکەی خۆمدام و تۆزێ هێور ببمەوە، بەڵام هەمدیس هەستم کرد کە نەک هەر ئەوە ماڵەکەی من نییە، بەڵکو من لە شوێنێکم، نەدیومە نە کەسی تیا دەناسم، لە گەڵ ئەوەشدا، خۆم بەسەر سینەی ژنێکەوە دەبینی کە لە ڕوودا ژنەکەی خۆمە، بەڵام لە ڕووخساردا کەسێکی دیکەیە، یەکسەر ڕاپەڕیم و هەڵسامەوە سەرپێ و دڵم ئەوەندە توند بوو، هێندەی نەمابوو گیانم هەلا هەلا بێت، دانیشتم و سەری خۆم نایە ناو ئەژنۆکانمەوە، گریانێکی قووڵ دایگرتم، کە لەوەتەی هەم ئاوا بە سۆزو سووتانەوە نەگریاوم، هەستم بەوە دەکرد ئەوە گریانێکە بۆ رابردوویێکی دوور یەکجار دوور، بۆ ئەو سەردەمانەی کە نەیستان، تازە چەند پەڕوپۆیەکی دەداو بۆ ئاسمان هەڵدەچوو، گریانێ بوو، بۆ ئەو ڕۆژانەی کە لەگەڵ ماڵ و منالەکانمدا لە بناری ئەو گردۆلکانەوە دەژیاین و ژیان سادەو خۆش بوو، ئەوێستاکەش

لە ناو ئەو قامیشستانەدا کەس کەس ناناسێتەوە، کەس خاوەنی کەس نییە، هەموو بە یەکەوە بوونەتە کۆیلەی دەستی ئەو نەیستانە، کە وەک موگناتیس رایاندەکێشێ و بەیەکەوەیان گرێدەدا، بونەتە ڕۆحی بەجێماوی ڕێبەرو هەریەکە لە پەنایەکدا تەیمانی ڕۆحی خۆی دروست دەکات، بۆ چەند دەقیقەیێ چوومە ناو بێدەنگی خۆمەوە، گوێم لە ئاوازەکانی ڕۆحی خۆم گرت، وام ئەندیشە کرد، شنەبایەکی نەرم نەرم و نەی ئاسا دەچرڕژێتە گوێکانمەوە، ئەو دەنگ و سەدایە لە هەموو لایەکدا هەڵدەڕژایە ناو ڕۆحمەوە، خۆم لەبیر کرد، هەموو لێکدانەوە تاڵ و ناهەموارەکانم لەبیر کرد، هێزێ لە ناو ئەو نەیستانەدا بەم نیوەشەوە درەنگ و مانگەشەوەدا، بولای خۆیم رادەکێشێ، وردە وردە بەناو ئەو هەموو جەستە رووت و قووت و ڕاکشاوانەی بەر مانگەشەودا، بەرەو قووڵایی نەیستان دەچووم، تا دەهات قووڵایی نەیستان چڕوپڕتر دەبوو، تیشکی مانگەشەو کەوتبووە سەر هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم نیشتیمانە درەختاوییە، تا دەهات ئەو هێزە زیاتر پەلکێشی دەکردم بۆناو قووڵایی، سەردەمانێ ئەوەندە رووچوو بووم، کە رێگەی گەڕانەوەم لەدەست چووبوو، مەحاڵ بوو کەسێ بکەوێتە ناو ئەم دارستانە تەماوی و قامیشیە، ئیدی بتوانێ جارێکی دیکە بکەوێتە سەر رێگەی خۆیەوە، تەواو لە نێوەندی بێسنووری ئەو نەیستانەدا کە من خۆم وام هەست دەکرد، لایەکی قامیشەڵان نوقمی بۆنێکی بەتین و کەم وێنە بووە، بۆنێک دەتگوت لە هەزاران هەزار جۆری شەوبۆ و بۆنی ئارەقەی سینەو و بۆنی سووتان و هەڵکروزان و بۆنی ئێسقان و خوێن وبرین و بۆنی مەل و دارودرەخت و ئاسمان و زەوی و باران و مرۆڤ دروست کراوە، بۆنێک بوو هەرگیز لەوەتەی مرۆڤایەتی هاتۆتە کایەوە بۆنی ئاوەها سەیرو سەمەرە پەنگاوەی نەداوەتەوە، ئەو بۆنە لە هەموو لایەکدا دەهات، لە نیوەی نەیستاندا دەوەستاو پەرش و بڵاو دەبۆوە، بۆنێک بوو بەرەو راکردن و نادیاریی هانی دەدام، هێندەی دیکە پەلکێشی ناو جەنگەڵستانی نەیستانی دەکردم، کە سەیری دواوەم کرد، نەمدەزانی من لە کام سنووری ئەم بوونەم، هەستم بەوە دەکرد لە ئاسمان و لە هەوادا رادەکەم، راکردنێ کە ئەوەندە خێرا بوو، هەستم بە ساردی تیشکەکانی مانگ دەکرد، کە وەک لاولاو لە گیانم دەئاڵان و لە دەست و پەنجەم گیر دەبوون، خودایە ئەوە چ هێزێکە ئاوا پەلکێشی ناو ئەم وجودە تەمەنگیزەی کردووم و نیوەی پاوانی ئەو جەنگەڵستانەی لە تیشکی مانگە شەودا غەرق کردووەو لە هەموو لایەکدا دەدرەوشێتەوە، نیوەشی لە ناو بۆنێکی جاویدانیدا مرۆڤی بەرەو هەزاران هەزار خەیاڵ و کرێشمە دەبرد، کە سەرم هەڵبڕی مانگ لە

نیوەیدا شکابوو، بووبوو بە دوو کەرتەوە، کەرتێکی وەک ئەوە وابوو کە خوێنی لێ هەڵڕژێ، ئاوەها تیشکی تیا بازرقەی دەدا، نیشتیمانی نەیستان لە ژێر تیشکدا سەمای دەکرد ، نیوەکە دیکەش لە ناو ئەو بۆنە خوداییەدا سڕ بوو بوو، من خۆم هەستی ئەوەم نەمابوو، کە ئاخۆ ئەوە لە سۆنگەی چییە ئاوا شەیدای راکردنم ، هەمیشەو بەردەوام رامدەکرد و ئەو بۆنەش ئاوەها تێکەڵی مۆخی ئێسقانم بوو بوو، منی لە سروشتی مرۆیی خۆمدا وەدەرنابوو، ئیدی لەملا مانگی شکاو و نیوە لە تیشک و نیوە لە بۆن تازە بۆ من ژیان چارەنووسی دیار نییە و ناچارم هەر ڕابکەم و ڕابکەم، سەردەمێک ئەوەندە رامکردبوو ئیدی کەوتم ، هەستم کرد دەستێ بەسەر ڕۆحما دادێت دڵنیا بووم کە ئەوە دەستی پیری پەیڕەوداره، لە نێو ئەو ئازارە ڕۆحیەدا بە فریام کەوتووە، کاتێ لەو خەیاڵانە دابووم راپەڕیم، خۆم لە ناو گۆماوێکی ساردا بینییەوە، تا گەردنم رۆچووبووم، لە دوورەوە لە پشتی هەزاران لکە قامیشدا خۆرەتاوی سپێدە سەرەتاتکێی لەگەڵ بووندا دەکرد.

## بەشی پێنجەم

ئەو کاتەی کتێبدار لەنێو ئەو نەیستانەدا خەریکی سەیرکردنی کتێبەکەی بوو، هیچ کەسێ هێزی ئەوەی نەدەما، یاخود زاتی ئەوەی نەدەکرد، لە کتێبدار نزیک بکەوێتەوە، گەلێ شتیان لەم بارەیەوە باس دەکرد، کە هەندێجار ئەقڵی مرۆڤ دەوەستاو ناچار دەبووقبووڵی نەکات، یا زۆر بە زەحمەت باوەڕی پێ دەکرا، بەڵام ئەو قسانە دەکرا، بینەری بەڕاستی هەبوون، کە خۆیان بەسەریان هاتبوو، بۆنمونە دەیانگووت سپێدەیەک کتێبدار لە بەرباراندا رونیشتبوو، خەریکی موتاڵا کردنی کتێبەکەی بوو، هێندە چووبووە ناو بابەتەکانی ئەو کتێبەوە، کە هیچیەک لە خەڵکی نەیدەزانی ئەم کتێبە چییەو لە کوێوەی هێناوە، ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەدەما، هەندێجار هەڵدەستایەوەو بە راکردن خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی دەبوو، بیری لە باران و هەورە تریشقە نەدەکردەوە، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، کە نەیستان بە ئاوی باران دەشووڕایەوە، کەچی ئەو کە دەیگێڕایەوە دەیگووت: سوێند دەخۆم و بەو چاوانەی خۆم دەمبینی کە کتێبدار بێ ئەوەی لە ناو ئەو هەموو لێزمەی بارانەدا یەک قەترە ئاوی بەرکەوێ و جلەکانی تەڕ بێ، خەریکی خوێندنەوە دەبوو،، خۆم دەیان جار ئەو حاڵەتەم لەودا بینیوە، کە باران ئەوی تەڕ نەدەکرد، یەکێکی دیکە دەیگێڕایەوەو دەیگووت کاتێک کە لێی نزیک دەکەوتمەوە، ئەو نوقمی بابەتەکانی خوێندنەوەی خۆی دەبوو، هەستم دەکرد کە گڕێ دامدەگرێ وخەریکە دەمسووتێنێ، ئەو کەسە هەتا قوڵ و باسکی خۆشی هەڵدەکرد، بۆ ئەوەی شوێنی سووتانەکانی پیشان بدات، یەکێکی دیکە دەیگووت من خۆم بە چاوی خۆم دەمبینی لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەیدا روناهی لە هەموو جەستەی ڕێبەر هەڵدەستا ، بەڵام کە بە تەکیا رادەبوردم، هەموو شتێ دەوەستاو ڕێبەر بە تیچاوێ سەیری دەکردم ، تەواوی گیانم شەلاڵی ترس و غوربەت دەبوو ، لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە ژنێ دەیگێڕایەوەو دەیگووت: ئێوارەیەک دوای خۆراوابوون بوو، من بۆ کۆکردنەوەی هەندێ پووش و پەڵاش ڕێم کەوتە لای کوختەکەی ئەوەوە، بینیم کە بەسەر قۆپەنێ گیاوە ڕاکشابوو، سەیری کتێبەکەی خۆی دەکرد، من وام هەست دەکرد شتێ دەخوێنێتەوە پەیوەست بێ بە بەفرو باران و ئاسمان، یا ئەستێرەکان، لە ناکاو کۆمەڵێ ئەستێرە داڕژان و هەر هەموویان کەوتنە ناو هەردوو لای کتێبەکەی، سوێند دەخۆم ئەوەم بینی کە ئەو کتێبە لە ناو دەستەکانیدا دەتگوت مەشخەڵە ئاگرێکە، هەر ئەو شەوە بوو کە بۆ

یەکەمین جار بوو، ڕووخساری پەیڕەودار ببینم، کتێبەکە دەدرەوشایەوە، ئەو کتێبەی کە خۆی باسی کردبوو بە چ ئازارو ماندووبونێکەوە وەدەستی هێنابوو، لە پێناویا چەندین گوندوشاری بڕیبوو، چەندین ساڵ ڕەنجبەری بۆ کردووە، تا لەدواجاردا کتێبەکەی کردبووە موڵکی خۆی، کە بۆیەکەمجار بەر لە چەندین ساڵ بینی بووی، یەکێ بەتەنها دانیشتووەو ئەم کتێبە دەخوێنێتەوەو ئەویش بەدزییێکەوە گوێی ڕاگرتبوو، کە گەڕابۆوە ماڵ تا بەیانی خەوی لێنەکەوتبوو، ئیدی هەریەکەو چیرۆکێکی خۆی هەبوو سەبارەت بە ڕێبەرەوە، ئەو ڕێبەرەی کە ئێوارەیەک ڕووی لە خۆراوا کردو بۆ ئەبەد نەگەڕایەوە، کتێبدار لە هەموو ژیانیدا هەر چەند جارێ کە هاتبێتە ناو خەڵکەکەوە، دەنا ئەو بۆخۆی هەر لە گۆشەگیریی و خەڵوەتێکی کەم وێنەدا دەژیا، زۆر بە دەگمەن تێکەڵی خەڵکی دەبوو، بە تایبەت لەوەرزی باراندا، ئیدی لەناو جەنگەڵی نەیستاندا دەگەڕاو دەسووڕا، هەمیشە بەدوای ئەو قامیشە ناسک و سپی و لووسانەدا دەگەڕا، کە هێشتا نە ئەوەندە ڕەق و نە ئەوەندە نەرم بوون و بە ئاستەم تەڕاتیان تیا مابێت، یەکسەر بەو کێردەی کە هەیبوو، تاوەکو ئێستاش کەس نازانێ ئەو کێردەی لە کوێ هێنابوو، کە ئەو هەموو ژیانی لە ناو نەیستاندا بردبووە سەر، ئیدی بەو کێردەوە قامیشە ناسکەکانی هەڵدەپاچین، کەڵەکی سەریەکی دەکردن، بەیانیان بەسەر ئەو قامیشە هەڵپاچڕاوانەدا دادەنیشت و خەریکی دروست کردنی نەی دەبوو، کە لە سازکردنی هەر نەیەکیش دەبۆوە، ئیدی ئەو نایەی ئەزمون دەکرد و دەیژەنی، بەڵام چۆن ژەنینێ، لە هەر نەیێ ئاوازێکی دەهێنایە بوون، کە تەواوی دانیشتوانی مەملەکەتی مەست دەکرد، ئێوارانیش وردە وردە نایەکانی لە پشتی خۆی باردەکردو کەس نازانێ بە نێو ئەو جەنگەڵەدا بۆ کوێ دەچوو.

ئەو ڕۆژەی کە هێشتا بە ئاستەم تاڵە تیشکی خۆر بەسەر نەیستانەکانەوە دەبریسکایەوە، لەناکاو نەیستان ئاگری گرت، ئیدی مەملەکەتی نەیستان ئاگری گرت و نەکوژایەوە، جەنگەڵ لە ناو زیڕەی بێ ئامانی منالاّن و قیژەی ژنان و هاواری پیاواندا، وەک ڕۆژی پەسلاّنێی لێ هاتبوو، نێڵەی ئاگر دەگەیشتە تەشقی ئاسمانێ، ئێوارە بووبوو بە ڕۆژێکی ڕووناکتر لە خۆرەتاو، وەلێ ناخۆشترین ڕۆژی جەنگەڵی نەیستان بوو، بۆکروزی دارستانی نەی و سووتانی ئەو هەموو تەیروتوارانەی لە نەیستاندا هەبوون، ڕۆحی مرۆڤیان دەخستە لەرزیەکی ئەبەدی، چارەیەک لەدەست خەڵک نەدەهات، جگە لەوەی هەریەکەو بەلایەکدا ڕابکات، ئەو لەشکرەی خەڵکی وەها بە ناو یەکدا تیکقژقژابوون مرۆڤ بەبینینی ئەم دیمەنە شەبەیخون ئامێزەوە

چۆکی دەشکا، هیچ شتێ دادی کوژانەوەی نەدەدا، هیچ هێزێ نەیدەتوانی ئەو ئاگرە بکوژێنێتەوە، من بۆخۆم وام هەست دەکرد ، ئەوە کۆتایی مەملەکەتی نەیستانەو ئیدی زەمەنی سیحراوی سەمەدو سەمەدییەکان کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەوەی من بیرم لێ دەکردەوە وا دەرنەچوو، لەوکاتەی زمانەی ئاگر سەرتاسەری ئەو نیشتیمانەی دەلستەوەو دەیکردە خۆڵەمیش، هاوارێک هەڵسا، ئەو عەرشەی سەرەوژێر کردەوە، چیاکانی دەلەراندەوەو بای هەڵدەکرد، دەریاکانی دەخرۆشاند، ئیدی هەر لەو کاتەدا بوو، کە بە چاوی خۆم بینیم ئاسمان درزی برد، پارچە پارچە هەڵدەوەرییە سەر مەملەکەتی نەیستانەوە، ئەو هاوارە هاواری لەمێژینەی ڕێبەر بوو، کەتەنها یەکجار لەومان بیستبوو، کاتێک لە نیوەشەوێکی ئەنگوستەچاودا ڕەشەبایەک هەڵیکرد، تەواوی مەملەکەتی نەیستانی ڕێبەری وردوخاش کرد، هەمان ئەو هاوارە بوو کە بەری لە ڕەشەبا گرت و ڕێڕەوی ڕەشەبای گۆڕی، ئەو نیوە شەوە کتێبدار کەوت و بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵنەستایەوە، هەمان ئەو هاوارەش لەوە دەچوو، بەڵام هێجگار بە هێز، ئیدی بارانێ دایکرد لەوەتەی سەرزەمین دروست بووە، بارانی ئاوەها نەبارییبوو، ئەو ئاگرە گەورەیەی کە بەربووە گیانی سەرزەمینی نەیستان و سەرێکی لە باکوور و سەرەکەی دیکەی لە باشوور، لەبەردەم ئەو بارانەدا خۆی نەگرت، نەیستان تا ناوقەدە بەرزەکانیان، بوو بوو بە خۆڵەمێش، بەڵام باران نەیهێشت بگات بە ڕەگەکان و ئیدی کوژایەوە، مەملەکەتی نەیستان نیوەی سەرەوەی خۆڵەمێش بوو، وەها لە ئاگردا دامرکابوو، کە بایەک هەڵیکرد تەواوی ئەو سووتماکەی هەڵوەراند، ئیدی خەڵک بەرەبەرەی بەیان هەرهەموویان بەدەوری نەیستاندا شوورەیەکیان لە خەم و سوێ بوونەوە دروست کردبوو، هەر هەموویان دەیانناڵاندو ئاخیان هەڵدەکێشا، ئەو شەوە ئەو هاوارە لە ناو ڕۆح و جەستەیان دەنگی دەدایەوە، هەموویان کەوتبوونە، یادی ڕێبەرەوە، کەوتبوونە یادی ئەو ڕۆژانەی کە ڕێبەر چۆن چۆنی بناغەی نەیستانی دادەناو ئاوی بۆ لە چیاکان رادەکێشاو شلکە نەمامی تازەی قامیشی بۆ دەدۆزییەوە، یادکردنەوەی ڕێبەر هەموو برینەکانی ئەوانی دەکولاندەوە، هەر چییەکیان دەکرد دەنگ و سەدای ئەو هاوارە لە گیانیاندا تەواو نەدەبوو، ئەگەرچی ئاگری نەیستانی خامۆش کردبۆوە، بەڵام ئاگرێکی لە گیانی ئەواندا هەڵگیرساندبوو، کە هەرگیز بە هەزاران بارانی ئاوەها دانەدەمرکایەوە، دووبارە هانی ئەوانی دەدایەوە و ڕاپێچی کارکردن و چاندنی دەکردنەوە، ئەو شەوە کە نەخەوتن، هەر لە سپێدەوە کاروانی ئەوان بۆ پاک کردنەوەی جەنگەڵی

نەیستان دەستی پێکرد، لەشکری هەزاران هەزاری خەڵک، ئاوەها ئابلۆقەی جەنگەڵی نەییستانی دابوو لە توانای هیچ کەسێکدا نەبوو، مەزەندەی ئەو لەشکرە پان و پۆرە بکات، هەموو ئەو خۆڵەمێشەیان لە تورەگان دەکرد و بە سەر شانی خۆیانیان دادەداو بەرەو باکوری نەیستان دەچوون، بەڵام لە نیوەی ڕێدا ون دەبوون و ئیدی تاوەکو ئێستاکەش نەزانراوە کە ئەو هەموو خۆڵەمێشەیان بۆ کوێ دەبرد، ئەو ڕۆژە تا ماوەی یەک هەفتە حەسانەوە، بیست و چوار سەعات کاریان دەکرد، نیشتیمانی نەییستان لە کەشکەڵانی فەلەکەوە بۆ نیوەی قەدی نەیستانەکانەوە نزم بوو بۆوە، هەیبەتی سەوزایی خوداوەندی لە نێو دوکەڵ و خۆڵەمێشی ئەو ئاگرە ناکاوە خامۆش بووبوو، دڵی لەشکری ئەو خەڵکە هێندە توند بوو بوو، هیچ چەمکێک بۆ خواردنی گەنمەشامی و پەتاتە و لەززەتی جارانی نەمابوو، هەموویان خاو بووبوونەوە، خاوبوونەوەیەک موژدەی سەرەتای کۆتایی ئەوان بوو، سەرەتای دارمان و کەوتن. چونکە خەمێکی تیر بە ڕووخساری خەڵکی مەملەکەتی نەیستانەوە، ئومێدی لە دڵی مرۆڤ دەرفاندو تووشی ڕاڕایی دەکردن، ماندووبونێکی زۆرو شەکەتییەکی بێ سنوور لە جەستەو نیگایاندا موژدەی نەکبەتی و ناهەمواری دەبەخشی، ئەو خەڵکە تا دەهات جەستەیان لەڕو لاواز هەڵدەگەڕا، ئاخر ئەوان کەس نەیدەزانی چۆن دەژین، چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، جگە لەو کێڵگە بچووک بچووکانەی پەتاتەو گەنمە شامی کە لە کەلێن و بۆشایی جەنگەڵی قامیشەڵاندا هەبوو، هیچ شتێکی دیکە لە ئارادا نەبوو، هەموو خوردو خۆراک و بژێوی ئەوان، ئەو دووشتە بوو، بۆیە کە سەیری ڕووخساری ئەوانت دەکرد، کە لە ناو سیمای ڕێبەردا دا ون بووبوو، ئەو ڕێبەرەی کە لە ئێوارەیەکی خەمگین دا نەیستانی بەجێهێشت و نەگەڕایەوە، ئەوە تاڵە ڕەنگێکی زەردیلەت بە دەم و چاویانەوە دەدیت، کە گوزارشتی لەو خواردن و ماندووبوونە دەکرد، کە ساڵ دوانزەی مانگ ئەوانی هەردەلووشی، سنووری مەملەکەت هێندە بەرفراوان بووبوو، ئەگەر بەسەر گردەکانەوە سەیری ئەو جەنگەڵەت کردبوایە، ئەوە دەتگوت خودایە ئەوە چ ئەشقێکی وا بە تینە، سەبارەت بە نەیستانەوە لەڕۆحی ئەوانیدا چاندووە؟ئایا ئەوە ئاوازی ژەنینی ئەوە، کە ئەوان بەرەو باوانی دوور دوور دەبات و دەیانخاتە ناو قاوغی ئەو غوربەتەوە؟ یا هێزی ئەو لەززەتەیە، کە نەیستان و ڕۆحی ڕێبەر لەوانیدا بزواندووە؟ لەلایەک خوردو خۆراکەو لە لایەکی دیکە ماندووبوونی بێسنووری چاندن و ڕنینی ناو قامیشەڵان و لەلایەکی دیکەشەوە، لەززەتی بەردەوامی شەوانەیە، هەموویانی بەرەو نەمان دەبرد، کەچی ئەوان بێ

ئەوەی بیر لەو ڕاستییە بکەنەوە، بەردەوام دەبوون، لەسەر کاری خۆیان، شەوو ڕۆژ بە ئومێدی گەڕانەوەی ڕێبەر و گوێگرتن لە پەندو حیکمەتەکانی ئەوەوە، هەمیشە سەیری ئاسۆی دووریان دەکرد، ئەو ئاسۆیەی جگە لە هاژەی قامیشەڵان و دیمەنی بەرزو بێکۆتایی ئەو قامیشانەوە، هیچی دیکەی لێ بەدی نەدەکرا، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ دیمەنی ئەو خەڵکە ورد وردە کاڵ دەبۆوە، هەستت بەوە دەکرد ئەوانە بەرەو مەرگێکی لەسەرخۆ هەنگاو دەنێن، کە پێیان وابوو بەرەو ئاواتێکی دێرینە هەنگاو هەڵدێنن و هەمیشەش ئەو پەندەیان دەگووتەوە:

**نەیستان نەزەرگەی بەڕاستی مرۆڤی جاویدانە**
**نەیستان بێشەی ڕۆحی مرۆڤی جاویدانە**
**نەیستان کێشەی بەردەوامبوونی ئینسانە**

هەمان ئەو پەندەی ڕێبەر، هەموو گیانی ئەوانی بەزەین و هزرەوە پڕ کردبوو، لە ئاوازی کارکردن و هەنگاو نان ، هەندێجاریش هەر بە یادی گۆرانیەکانی ناو جەنگەڵ بە یەکەوە دەکەوتنە چرینی ئەو ئاوازانەی کە پیری پەیڕەودار، کاتی خۆی لە تەنهاییەکانیدا بە سووتانەوە دەیچڕی :

**لەناو نەیستاندا ئەوینێکی بێسنوور هەیە**
**لەناو نەیستاندا لەززەتێکی ڕەها هەیە**
**لە نەیستاندا بەها هەیە**

ئیدی مەملەکەت تا دەهات فراوانترو فراوانتر دەبوو، خەڵکەکەش تا دەهات ماندوو و ماندووتر دەبوون، تا وایلێهات لەشکری ناو ئەم مەملەکەتە تەواو لە پەل و پۆ کەوتن، بە هەزارەهای ئەو لەشکرە لە پێچوپەنای قامیشەڵانەکاندا، لاکەیان لێوە دەهات و ڕادەکشان، هێزی مانەوەیان لە دەست دابوو، بەڵام هەرگیز لە هاوارو ڕاکردن نەدەکەوتن، نەکەسێ ئاوڕی لێدەدانەوەو نەکەسێ دەیپرسی ئاخۆ ئەمە چییە ڕوودەدات؟ تا دەهات لەشکر دادەڕماو ئەوانی دیکەش بەردەوام دەبوون.

منیش لە دوورەوە وەکو کەسێ تووشی کارەساتێکی ڕۆحی هزرکوژ بووبێ، بە ئاستەم هێزی ئەوەم تیا مابوو، سەیری ئەو دیمەنە بکەم، زۆر سەختە مرۆڤ بتوانێ لەبەرامبەر دیمەنێکی وا ئاڵۆزدا، بەرگەی مانەوە بگرێت، منیش لەوە بێدار بوومەوە، کەوا خەریکم ئەو پەند دەڵێمەوە کە لە کتێبەکەی ڕێبەردا بیستبووم ، ئەو کتێبەی کە ڕێبەر تەمەنێکی لەسەر دانابوو تا دۆزییەوەو کردی بە هی خۆی و ژیانی تەرخانی ناوەرۆکەکەی کردبوو، کە دەڵێت:

ئەو کاتە دەمرین کە قامیشەڵان تا ئاسمان بڕوات
ئەو کاتە دەمرین کە قامیشەڵان زەوی دادەپۆشێ
ئەو کاتە دەمرین کە قامیشەڵان دەبێتە مەملەکەت

## بەشی شەشەم

ئەو دەمەی نەیستان لە دیدی ئەواندا تەواوی سەرزەمینی داگرتبوو، لە سۆنگەی ئەوە بوو، ئەوان جگە لەو نێوەندە قامیشییە، هیچ شوێنێکی دەرەوەی خۆیان نەدەبینی، جگە لە سەدای ئەو ئاوازانەی کە لە هەموو لایەکی ئەو جەنگەڵەوە وەک هاڵاوی ئەوینێکی بە تین هەڵساو هەموویانی شەلالی مەستی و جووتبوون و یادەوەرییەکانی ڕێبەری ونبوویان دەکرد، ئەو ڕێبەرەی کە بێ سەرو شوێن، بێ ماڵاوایی ، بێ ئەوەی جارێکی دیکە کتێبی ئەوین و نەیستانیان بۆ بکاتەوە، ڕەوی کردو هەرگیزاو هەرگیز نەگەڕایەوە، بەڵێ جگە لەو شتانە گوێیان لە هیچ شتێکی دیکە نەدەبوو، ئەوان هەمیشە فرمێسکی فیراقیان هەڵدەڕشت، فیراقی ڕۆژانێ کە پیری هاودەم و هاورازو هاوبیریان، هەموویانی لەبەر تریفەی مانگەشەوانی نەیستاندا کۆدەکردەوەو هەر لە چلاوازی هەزار چەشن و پەندوەوە، تا دەگاتە ئەو یۆتیپیای کە ئەوان چاوەڕوانیان دەکرد، هەر هەمووی بۆ دەگێڕانەوە، ڕێبەر لە ڕێگەی ئەوین و حیکمەتی خۆیەوە، بە هەزاران هەزار ڕەنگی سیحرو وەهمی بێوێنەی جوانی، لە خەیاڵی ئەواندا بەگیان خستبوو، فیراقی ئەوان ڕۆژانێ کە ڕێبەر بەو ئاوازانەوە ئاوی لە ڕەوەزە سەختەکانەوە دەخستە خزین بەرەو مەنزڵگای نەیستانەوەی رادەدا، ئەو نەیستانەی کە خۆی دەیگووت:

**مەملەکەتێکە زۆر دوورە، لە دوورترین تەبەقەی خەیاڵدایە**

**مەملەکەتێکە زۆر دوورە، لە قووڵترین ئاوازی نەی دایە،**

هەرکات بیریان لەو ڕۆژانە دەکردەوە، غوربەتیان ئاگری دەگرت و بۆئاسمان هەڵدەچوو، هەموویانی بۆ ناو ئیرەمێکی نادیار ڕاپێچ دەکرد، ئیرەمی ئەو نەیستانەی کە ڕێبەر یەکەمین شەتڵە نەمامی قامیشی بۆ لە هەڵەمووتی شاخەکانەوە هێنابوو، بە هێزی ئاوازی نەی، ئاوی بۆ لەدوندە ئاسێکانەوە راکیشابوو، ئەو کتێبدارەی تەواوی ژیانی خۆی لە نێو ئەو نەیستانەدا بە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی کتێب بەسەر بردبوو، پەندو حیکمەتەکانی بە ناو خەڵکدا دەبەشیەوە، ئەو کتێبەی کە بۆ یەکەمین جار بەر لە چەندین هەزار ساڵ نووسرابۆوەو لە دەمی کەسێکەوەی بیستبوو و بینی بووی، وەها شەیدای ناوەرۆکی ئەو کتێبە بووبوو، چەندین ساڵ و مانگ گەڕاو سووڕابوو، تا وەدەستی هێنا بوو و حەوت شەوو حەوت ڕۆژان لە باوەشی گرتبوو، ئیدی ئەو کاتە بۆخەڵکەکە هەرئەوە مابوو، کەبیر لە بەخشندەو ڕێبەری بێسەروشوێنیان بکەنەوە، یا لانی کەم پەندو حیکمەتەکانی بڵێنەوە،، بیر لەو کتێبە بکەنەوە کە دەبێ چی بەسەرهاتبێ؟ بۆیە هەر لە سپێدەوە کۆمەڵ کۆمەڵ و لەشکر لەشکر، بەناو نەیستاندا وەردەبوون، خەریکی ڕنینی گەلا رزیوەکان و پاکردنەوەو چاندنی نەمامی تازە دەبوون، یا ئەوەتا دەراوەکانیان لەبەردەم ئاوی زولالی چیادا

دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرخەریکی گەڕان و سووڕان بوون، بە ناو ئەو جەنگەڵە تێکچڕژاوەدا، هەر لەو کاتەوەی ئەوان لە ناو جەرگەی ئەو خەم و خەیاڵ و یادەوەریانەدابوون، دەنگی ئاو لە شوێنێکی نادیارەوە هەڵدەڕژایە ناو گیانی نەیستانەوە، هەستیان بەوە دەکرد، کە ئەو دەنگە تا دێت بەرزو بەرزتر دەبێتەوە، دەنگێکی بەترس و کوڵ بوو، گیانی ئەو خەڵکەی دەخستە لەرزەوە، ئەو دەنگە تا دەهات نزیکترو نزیکتر دەبۆوە، تا وایلێهات ئەو ئاوە تا ناو قەدی قامیشەکانی بێشەلان بەرز بووبۆوە، ئیدی هیچ ئومێدێ بۆ ئەوان نەما، ئیدی تازە چارەنووسی ئەوان و نیشتیمانی نەیستان کەوتۆتە بەر رکێفی ئەو ئاوە خێرایەی، کە دەتگوت لە قووڵایی زەوییەوە بەرزدەبێتەوە ناو نەیستانەوە، تەواوی ئەو ناوەی دادەپۆشی، بە هەزاران هەزاری ئەو خەڵکە لە نێو ئەو جەنگەڵە بێسنوورەدا، ئاو قووتی دەدان و دەکەوتنە ژێرەوە، لەنێو ئەو مەرگەساتەدا دەنگی گریانێکی سووتێنەر و بە تین ئەو ناوەی لە کارتەی سەرسامی دەدا، ئەو گریانە گریانێکی ئاسایی نەبوو، لە گریانی کەسێ دەچوو ، کە بۆ هەزاران ساڵ بەردیان پێ گواستبێتەوە سەر چیاو پێیان گلۆر کردبێتەوە ، دەبێ ئەوە گریانی پرۆمیتۆس بێت لە بێهودەیی ئەم کەونە، تا دەهات بە کوڵتر دەبوو، کاریگەرتر دەبوو، بۆیە تەواوی خەڵکەکە بێداربوونەوە، دەتگوت ئەم گریانە بۆ ئەوانە و بانگی ئەوان دەکات، ئەو گریانە لە کونی نەی جگەرێکەوە دەهات، کە بەدرێژایی ژیان سووتابێت، ئیدی وردە وردە خەڵکەکە بەدوای سەدای ئەم گریانەوە بەرەو قووڵایی نەیستاندا دەڕۆیشتن، لەناو ئەو فەزا پان و بەرینەی نەیستاندا، دەنگی ورشە ورشی گەڵا و قیرە قیرِی بۆقی ناو جۆگەلەکان و جریوەی ئەستێرەکانی ئاسمان، مرۆڤیان دەخستە ناو هەزاران هەزار خەیاڵی نائاساییەوە، گریانەکە وردە وردە دوور دەکەوتەوە و ئاوەکەش وردە وردە بەرز دەبۆوە، خەڵکەکەش بە ژن و منداڵ و پیاوەکانەوە، بەدوایا رایاندەکرد،، تا وای لێهات هێندە بە دوور کەوتبوونەوە، لە ناو پانتایی نەیستاندا ، هیچ کەسێ هێزی گەڕانەوەی نەمابوو، ئەوان دەیانزانی کە ئەوە لە گریانی بێئومێدی ڕێبەر دەچێ، لەو کاتانەی کەزێدی خۆی وەبیر هاتبێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە گریانی ناخی خۆیان بوو، گریانی ونبوونی کتێبی ڕۆحیان بوو، کە بانگی دەکردن ، ڕۆحی هەڵفڕیوی ئەوان بوو، کە جاروبار جەستەیان جێدەهێڵێ و پێش خۆیان دەکەوێ، بۆیە هەتا بەدوای هاوارو گریانەکە دەکەوتن، هێندەی دیکە لێیان بە دووردەکەوتەوە، سەردەمانێک کە هێزو تاقەتیان لەبەر برابوو، لەو سەرەوە وردە وردە بەسەر فەریکە بڵندەکانی قامیشەلانەوە، بەیان دەئەنگوت و داوە تیشکی رووناکی بە دیار دەکەوت، بەڵام هەتا چاو برکات دوور دوور دیار بوو، ئیدی هەموو کاتێ چ لە شەو یا چ لە ڕۆژ، لە ژیانی ئەواندا شتێ رویدەدا، کە بێئەوەی خۆیان هەست بکەن، گینگڵی دەدان و

دەیخستنە ناو حاڵەتێکەوە، ئەوە ڕۆژانەی ژیانی ئەو لەشکرە پان و پۆڕەی ناو نەیستان بوو، کە لە ژێر سایەی حیکمەتەکانی ڕێبەردا بەڕێوە دەچوو. تا دەهات ئاو بەرەو لوتکەی قامیشەڵان بەرز دەبۆوە، دەنگی گریانیش وە دوور دەکەوتەوە، لە چاو تروکانێکدا ئاوی جەنگەڵ نیشتەوە، وەک ئەوەی زەوی شەق بووبێت ئەو ئاوە قووت بدات، بە هەزاران کەس لە پەلەقاژەی مەرگدا بەسەر زەوی جەنگەڵەوە کەتبوون ، لەگەڵ نیشتنەوەی ئاوەکە دەنگی گریانەکە هێندەی دیکە بە دوورکەوتەوە، ئەوان دەیانزانی کە ئەو گریانە گریانی کێیە؟ چۆن هاتوتە فریادی ئەوانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە گریانی سەمەدی ڕێبەرو کتێبدار بوو، کە ئاو تەواوی قامیشەڵانی داپۆشی بوو، گریانی گەڕان بوو بە دوای ئەو کتێبەی کە کتێبدار لە ناو قووڵایی جەنگەڵەوە حەشاری دابوو، ئەوان لە گریانەکە دەگەیشتن کە دەیگووت:

**لە نەیستاندا کتێبێ هەیە کتێبی نەجاتە**
**لە نەیستاندا کتێبێ هەیەکتێبی پاڕانەوەیە**
**لە نەیستاندا کتێبێ هەیە کتێبی ئاوە**

## بەشی حەوتەم

هەمان ئەو زستانە هات کە سەمەد جوانترین ئاوازی تیا دەچڕی و باشترین نەی تیا دروست دەکرد، کە تەواوی مەملەکەتی نەیستانی لە نێو باو بۆران و ساردی و زریانی کەم وێنەی خۆیدا کاڵ کردبۆوە، ئەگەر لە دوورەوە سەیری مەملەکەتی نەیستانت کردبوایە، ئەوە جگە لە چەندان هەزار بنە قامیشی رووت و باریک، بێ پەلک و پار و بێ سەوزایی، کە هەر هەموویان وێنەی ئێسقانی قاچی مرۆڤ بون، هیچی ترت نەدەبینی، لەو دەمەدا هەستت بە رووتبونەوەی ژیان دەکرد، لە هەموو جولەو بزاڤێکی خۆی، سروشت لە نێو ئەم سروتەدا دۆخی مردنێکی ترسناک و تراژیدیاییێکی سەیری بە خۆوە دەبینیٰ تا چاو بڕی دەکرد، تیری باریک و درێژی نەیستان، سەرزەوی داپۆشی بوو، هەموو ئەو لەشکرەی کە دەتگوت لەشکری سەردەمانێکی زووی شەڕە تووشەکانە، لە نێو چوارچێوەی جلە زرێدارەکانی خۆیاندا سڕ بووبوون، هەموو لایەک لە جولەو بزاڤ کەوتبوو، بەڵام ئەو لەشکرە بە تەنها لە سڕبووندا ژیانی خۆی نەدەبردە سەر، لە ڕاستی دا ئەگەرچی ئەم وەرزە پەکی هەموو کاروبارێکی خستبوو، بەڵام کارێک کە هەموو ساڵێک بە یادی کتێبدارەوە ئەنجامیان دەدا، کاری دروست کردنی نەی بوو، ئەو کاتانەی کە بە ئاستەم باران کپی دەکردەوەو چەند داوە تیشکێ لە ئاسماندا بە دیار دەکەوت، ئیدی ئەو لەشکرە مینا هەنگی کورەکان لە کون و کەلەبەرەکاندا وەدەردەکەوتن و بە دونیا وەردەبوون، مەملەکەتی نەیستان دووبارە دەکەوتە جونب و جۆش و خرۆشەوە، بەڵام ئەو خرۆشانە قیامەتی لە دایک بوونەوەی دەنگ و سەدا بوو، قیامەتی کونکونکردنی جەستەی نەیستان بوو، قیامەتی ئەو فووە ئەبەدییانە بوو کە دونیای لە مینای ئاوازو ئەویندا دەگرت، لە هەموو لایەکەوە خەریکی هەڵپاچینی ئەو قامیشە تەڕو ناسکانە بوون ، کە سپی سپی دەچونەوە، دەنگی بڕین و هەڵپاچینی ئەو قامیشانە دەوروبەری تژی سەرسامی دەکرد، هەریەکەو لە سێبەرێکەوە رووەنیشت و خۆی و کۆمەڵێک قامیشی باریک باریک بە یادی سەمەدەوە لە نیشتیمانی نەیستاندا، دەستیان بە سازکردنی نەی دەکردو هەریەکەو لەتەنیشت خۆیەوە ئاگرێکی دەکردەوە، کە ئەو ئاگرە لە هیچ ئاگرێکی دیکە نەدەچوو، ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئەو هەموو ئاگرانەت کردبایە، ئەوە دەتگوت شەوی قاچاغچیانە و هەرچی قاچاغچی ئەو سەرزەمینە هەیە، لەو جەنگەڵەدا کۆبونەتەوە، ئیدی ئەو مەملەکەتە پڕدبوو لە نەی، هەریەکەو لە شوێنی خۆشیەوە ئەو بلوێرانەیان تاقی دەکردەوە، ئەوانە هەموو کاتی خۆی دەیانبینی کە ڕێبەر لەم وەرزەدا

بەبار نەی هەڵدەدایەوەو هەندێجار بەسەر ئەو نەیانەوە، خەوی لێدەکەوت، ملیۆنەها دەنگ و سەداو ئاوازی جۆراو جۆر تێکەڵ بەیەک دەبوون، دونیایان پڕ لە نەوای بێ ئامانی نەی دەکرد، هەندێ لەو ئاوازانە مرۆڤیان دەبردەوە سەر باوانە دوورەکانیان، ئەوانەی بەر لە هەزار ساڵ شەوانە لە بەر تریفەی مانگەشەودا دادەنیشتن ، هەموو بەیەکەوە خەریکی نەیژەنین بوون ، بەئومێدی ئەوەی کە ئاویان لێ پەیدا دەبێت و مەملەکەتەکەی خۆیان پڕ لە قامیشەڵان دەکەن. هەندێکیان گوزارشتیان لە غوربەت و گریان دەکرد، بۆ زێدی لە دەست چوویان ، سەداو نەوای هەندێ لەو نەیژەنانە بەوێنەیەک خەمگین بوو، کە هەر هەموویانی دەخستە سەر گریانێکی قووڵەوە، مرۆڤ نەیدەزانی ئایا دەنگی ئەو گریانە هی ئەوانە یا لە ژێر زەویەکاندا بەرز دەبێتەوە، گردەکان دەلەرینەوە، جۆگەکان پڕ لە ئاو دەبوون، چیاکان تەم دایدەگرتن و ترۆپک و یاڵەکان بە بەفر پڕ دەبوونەوە. ئیدی هەر لایەک و ئاواز و نەیژەنێ بوو، کە سپێدە دوایی دەهات ئیدی نیوەی ئەو لەشکرە خەریکی کۆکردنەوەی ئەو نەیانە دەبوون و بەستە بەستەیان دەکرد و هەریەکە و بەستەیەکی بەسەر شانی خۆی دادەداو بەڕێ دەکەوت، ئاخۆ دەبێ ئەو نەیانە بۆکوێ بەرن؟ کەس پەی بەوە نەدەبرد، ئەوە نەبێ شەوانە تا درەنگان خەریکی هەڵپاچینی نەیستان بوون و ئیدی بلوێریان لێ دروست دەکرد و سپێدانیش هەموو ئەو بلوێرانە کۆ دەکرانەوەو دەبەشرانەوە، لە کاتی گواستنەوەی ئەو بلوێرانەدا لە دوورەوە وا دیار دەکەوت وەک بڵێی هەر یەکەو کۆمەڵە ئاوازێکی بە شان داداوەو خەریکە پەرش و بڵاوی دونیای دەکات، ڕێگاو بانەکان پڕ دەبوون لە ئاواز، ژنان ئەو ئاوازانەیان کۆدەکردەوەو باوەشیان دەبوو بە دارستانی ئاوازان، مناڵان هەموویان لە نێو ئاوازی ڕژاوی ڕێگاو بانەکاندا مەلەیان دەکرد، تا چاو بڕکات کاروانی گواستنەوەی نەی و کۆڕی دروست کەرانی نەی و مناڵانی ناو ئاوازو ژنانی ناو مەملەکەتی نەیستان بوو، ژیان لەو دەمانەی نێو مەملەکەتی نەیستاندا، وەک ڕۆخانەی ڕووبارەکانی عەدن بوو، کە خوداوەند شیرو هەنگوینی بۆ تێدا هەڵدەڕشتن، کاتێکیش هەورە تریشقەی زستان ژیانی پڕ لە لێزمەی بارانی سەر بە کڵاوە دەکرد، ئیدی مەملەکەتی نەیستان دووبارە سڕ دەبۆوەو ژیان لە نێو ئەو یۆتیپیایەدا، وەکو دارستانی لافاو لێدراو وابوو، هەموو شتێ دەوەستاو هەموو شتێ لە ناو بایەکی خەمباردا لە چاوەڕوانیدا لە بریقە دەکەوت، با ئاوازی نایەکانی دەبردو بە سەر دونیادا دەیبەشییەوە.

منیش کە ئێستا وام بە سەر ئەم گردەوە، هەست دەکەم گوێم لە دەنگی نەی دەبێ، کە گوێ هەڵدەخەمەوە ، دووبارە هەست دەکەم ئەم کەونە غەرقی ئاواز بووە، بەڵام چ ئاوازێ؟ ئەو ئاوازەی کە هەموویانی بانگ دەکردە ناو نەیستان، مەستی دونیای نەیستانی دەکردن.
دوای ساڵانێکی دوورو درێژ دوای گۆشەگیریی و خەڵوەتنشینیەکی هێجگار قورس و درێژخایەن، کەسێک لە تاریکخانەی دەوری ڕۆحی خۆیەوە، هاتە دەرەوەو ژیانی ژێر خۆرەتاوی هەڵبژاردەوە، ئەو کەسە سەروڕیشی بەرادەیەک چڕو ئاڵۆز بوو بوو، ئەگەر بۆ یەکەمجار بینیباتە، وات دەزانی ئەوە مرۆی ئەو سەرزەمینە نییەو لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتووە، چاوەکانی بە ئاستەم لەبەر تیشکی خۆرەتاو هەڵدەهاتن، پێدەچوو بۆ ماوەیەکی درێژ هیچی نەخواردبێ، کە لە خۆراکی مرۆڤ بچێ، پەنجەکانی باریک و درێژو ووشک هەڵگەڕابوون، ڕوومەتەکانی سیس سیس هەڵگەڕا بوون، چرچی و لۆچییەکی زۆریان تێکەوتبوو، ددانەکانی خوارەوەی کەوتبوون، چاوەکانی کزو مەلول بوون، دڵیشی بە ئاستەم لێی دەدا، ئەوە ئەو کەسە بوو کە لە کۆتایی زستانێکی تووشداو لەناو مەملەکەتی نەیستاندا، بۆ یەکەمین جار بە دیارکەوتەوە، لە شوێنێکی دووری ئەو نەیستانەدا کە پێی کەسی نەگەیشتبوێ، کوختێکی بچکۆلانەی بۆ خۆی دروست کردبوو، لە بنارێکی دوور دوورەوەش جۆگەلەیێ هەڵدەڕژایە ناو ئەو گۆلەی کەبۆخۆی هەڵیکەندبوو، ئەگەر سەیری دەوروبەری کوختەکەشت کردبا، سەرسام دەبووی بەوەی کە چۆن ئەو هەموو تەیرو توارە لەوێدا کۆبۆنەتەوە، واپێدەچوو ئەوە زەمەنێکی زۆر بێت کە ئەو لەم شوێنەدا گیرسابێتەوە، کە خەڵکی بەرەو لای ئەو کوختە دەچوون، دیسان هەمان حاڵەتی جاری جارانیان بەسەر دەهاتەوە، کەوتبونە گومانەوە کە ئاخۆ ئەوە سەمەدە گەڕاوەتەوە، یاکەسێکی دیکەیە؟ بەڵام دوای چەندین شەوو ڕۆژ سایەدی و چاودێری کردن، بۆیان روون بۆوە کە ئەوە هەر سەمەدی ئەوانەو گەڕاوەتەوە ناو زێدی خۆی، ئەوەی کە ئەو ڕاستییەی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد، هەمان ئەو کتێبە بوو کە سەمەد بەر لە ڕۆیشتنی، ئێواران سەری بەسەرا دەگرت و ئاگای لە بوونی ئەو نەیستانە نەدەما، کە هەرخۆی بونیاتنەرو ڕێکخەری بوو، هەرخۆشی ئاوی بۆ لە چیایان هێنابوو و نەمامی تەڕو ناسکی نەی بۆ لە دامێنەکاندا هێنابوو، هەندێ لەو خەڵکە لەو باوەڕدابوون، کە ئەسڵەن ڕێبەر مەملەکەتی هەر بەجێنەهێشتبوو، بەڵکو خۆی لەو کونجەی نەیستاندا گۆشەگیر کردبوو، بۆ ڕاستی قسەکەی خۆشیان، دەیانگووت کە هەموو ڕووداوەکانی ناو مەملەکەتی نەیستان

هەرچییەک با لەسای ئەو بووە، کە لە ماوەیەکی کورتدا وەکو خۆی لێدەهاتەوە، مرۆڤ لەبەرامبەریا تووشی سەرسامی دەبوو، چونکە ئەو خۆی بە دەنگ و هاواری خۆی ئەو برینانەی ساریژ دەکردن، هەندێکیان ئەو قسەیان بە ڕاست نەدەزانی ، چونکە دەیانگووت ئەگەر ڕێیەر هەر لەناو ئەو نەیستانەدا بوایە، ئەدی چۆن لەو ئاگرە تووشەدا ڕزگاری بووە، بە هەر حاڵ خەڵکی هەموو بڕیاریان دا کە بەرەو کوختەکەی ڕێبەر بە ڕێکەون ، هەموو بەیەکەوە بچنە حزوری پیری خۆیان ، ئەو پیرەی کە دوای ڕۆیشتنی خۆی ڕووخساری خۆی بۆ ئەوان جێ هیشتبوو ، هەموو لە کردارو رەفتاریاندا چووبوونە ناوپێستی ئەوەوە،ئیدی لە سپێدەیەکی نیمچە ساردی بەهاریدا هەموو وردە وردە و لەسەرخۆ ، بەئاگا لەخۆبونەوە بەرەو لای کوختەکەی ڕێبەر بەرێکەوتن ، هێشتا هەنگاوێکی ئەوتۆیان هەڵنەهێنابوو، کە سەمەد بەتیچاوێک سەیری لای ئەوانی کردو سەری بۆ لای ئاسمان هەڵبری و کتێبەکەی خۆی کردەوە، ئەو خەڵکە دەتگوت پێیان لە ئاسن گیراوە هەر چەند هەوڵیان دەدا نەیاندەتوانی بەرەو لای پەیڕەودار پێ هەڵگرن.

کە هەوڵیان دەداو هێزیان دەدایە بەرخۆ، بەڵام بێسوود بوو، ئەمجارە لە زەوی دەچەقین و هێندەی دیکە قاچیان گران دەبوو، بەڵام کاتێک هەنگاوێک بۆ دواوە دەچوون، ئەو حاڵەتە نەدەما، کە پەیڕەودار کتێبەکەی دادەخست پێیان دەبۆوە، بەڵام کە دووبارە دەکەوتەوە سەر کتێب، هەموو ئەو لەشکرەی لە ڕۆیشتن کلیل دەدا، ئەو ڕۆژە هەر لە سپێدەوە تاوەکو خۆراوابوون، نەیانتوانی یەک هەنگاو بەرەو پێشەوە بۆلای کتێبداری کەوناری خۆیان بچن، لەولاوەش سەمەد لە ناو تەشقێکی خەمگیندا، لە زەردەپەڕێکی درەوشاوەی ئاڵتونی دا، سەری خستبووە سەر ئەژنۆکانی و وردە وردە بالۆرەی بۆ مەملەکەتی نەیستانی خۆی دەچڕی:

**نەیستانی من سەری لە چیایە بنی لە دەریا**

**نەیستانی من دڵی لە ئاوە چاوی لە رووبار**

بۆسپێدەی دووەم هەمدیس بڕیاریاندا بەرەو کوختەکەی ڕێبەر بەڕێکەونەوە، ئەمجارەیان هەموو بە ڕۆح و خوێنێکی تازەوە، بە گووتنەوەی پەندەکانی ڕێبەری خۆیان و بە هاوارو ناڵەی بە تینەوە کەوتنە ڕێگاوە، لە دوور دوورەوە سەیریان کرد کەوا سەمەد روو لە خۆرهەڵاتەوە دانیشتووەو سەیری خۆرەتاو دەکات، بەبێ ئەوەی جولەیەک بکات سەیری ئەو خۆرەتاوە دەکات، بە گوێی خۆیان دەیانبیست کە دەیگووت:

**ئەی خۆرەتاو مەملەکەتی نەیستان جوانترە یا تیشکی تۆ ؟ ئەی خۆرەتاو دڵی مەملەکەتی من گەرمترە یا هی تۆ ؟ ئەی خۆرەتاو تیشکەکانت ببارێنە سەر ئەو مەملەکەتە کە مەملەکەتی پاکییە.**

دووبارە دادەنیشتەوەو دەکەوتەوە سەر کتێبەکەی، ئەو کتێبەی کە بە خوێن و فرمێسک و هەزارەها ڕۆژی کارکردن و ڕەنجبەری پەیدای کردبوو، ئەوانیش وردە وردە لێی بە نزیک دەکەوتنەوە، بەڵام لە هیکەوە کە ڕێبەر سەری هەڵبڕی یەکسەر کتێبەکەی داخست، تاریکیەک ئەو ناوەی داپۆشی کە لەوەتەی کەون دروست بووە تاریکی وایان نەدیبوو، لە تاریکی سەردەمانی بەر لە دروست بوون دەچوو، چاو چاوی نەدەدیت، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بچن، بەڵام بێسوود بوو هەموویات کەوتبوونە ژێر تەوقی سامی ڕێبەرەوە، چارەنووسی ئەوان بوو کە دەبوا هەر لە دوورەوە سرووتی عاریفانەی ڕێبەر بڵێنەوەو نەگەن بەو، بەڵام کاتێک ئەو تاریکییە کۆتایی هات، هەموو خۆیان لە دەرەوەی مەملەکەتی نەیستان بینییەوە، هەموویان سەرسام و نائومێدو ماندوو، کەوتنە خەوێکی قووڵەوە، کە سپێدە لەخەو رابوون، ئەمجارە تەواوی خەڵکی قامیشەڵان بە ژن و پیاوو منداڵەوە، دووبارە بەرەو مەنزڵگای پیرۆزی ڕێبەرەکەیان بەڕێکەوتنەوە ، ئەوان ئامانجیان بوو بە دیداری پەیڕەوداری خۆیان شاد بن، گوێیان لە دوا حیکمەتەکانی ئەو بێت، بۆیە هیچ کاتێک نائومێد نەدەبوون، لە هەوڵدانی خۆیان. ئەوان پێیان وابوو بۆ ئەوە نەیستان بە ڕۆح و خوێنی خۆیان شوەبەند دەکەن تا پیری گەورەی خۆیان بۆ ساتێکیش بێت لە غوربەت ڕزگار بکەن.

بەهاری ئەو سپێدەیە هێندە خۆش بوو، لەوەتەی مەملەکەت دامەزراوە بەهاری وا خۆشیان نەبینی بوو، بۆن و بەرامەی گیای ژێر قامیش و نەی و بۆنی پەلکی پان و تەڕی قامیش و دەنگ و سەدای مەل و ساماڵی زیوین، هەموویانی لە چوارچێوەی ڕۆحێکی درەوشاوەو خۆشدا مەست کردبوو، وا مەست بووبوون ئیدی تازە لەوە چووبووە دەرەوە کەبیر لە پاشەکشێ بکەنەوە، مەملەکەتی نەیستان هێندە پان و پۆر بوو بوو، هەرگیز کۆتایی نەدەهات، ئەوانیش هەستیان دەکرد کە کوختەکەی ڕێبەر کە بۆ ئەوان وەکو پەرستگایەکی دێرین دەهاتە بەر چاو، تا دەهات دوورتروو دوورتر دەبۆوە، تا دەهات زیاتر بە ناو قووڵایی نەیستاندا رووەدەچوو، ئەوانیش بەردەوام هەنگاویان دەناو بەرەو پێشەوە دەچوون، هەندێجار یەکێ لە پەندەکانی کتێبدریان بە یەکەوە دەگووتەوە، ئەو هەموو دەنگ و سەدایە دەتگوت قیامەتی خودایە وا هەستت دەکرد، ێستا نا ئێستا ئاسمان

شەقار شەقار دەبێ و زەوی دادەڕمێ، ئەو پەندە پەندی ئاگرینی ڕێبەرد بوو کەبەر لە چەندین ساڵ بۆ ئەو خەڵکەی بەسەر گەلای نەیستانەوە دەنووسییەوە:

**ئەو مەملەکەتە جوانە کە نەوای لە قامیشی خۆی بێت**

**ئەو مەملەکەتە جوانە کە نەیژەنەکانی قامیشی مەملەکەت بژەنن**

**ئەو مەملەکەتە جوانە کە موریدەکانی لە قامیشی مەملەکەت بن**

**ئەو مەملەکەتە جوانە لە ژێر سێبەری قامیش بێت**

هەر بەدەم گووتنەوەی ئەو پەندەوە بەرەو کوختەکەی سەمەد دەچوون ، بەڵام ئاخ کوختەکەی سەمەدیش تا دەهات دوورترو دوورتر دەکەوتەوە، تا دەهات لە ناو تەم و هەڵمی جەنگەڵدا وندەبوو، ئیدی وردە وردە رایاندەکرد رایاندەکردو رایاندەکرد ، کوختەکەی ڕێبەری پیریش لەبەردەم سەمەدییەکانەوە دوورترو دوورتر دەکەوتەوە ، تا وای لێهات سەرتاسەری وڵاتی نەیستانیان تەی کرد و بەناویا دەسووڕانەوە، بەڵام هەمدیس نەدەگەیشتنە کوختەکەی ڕێبەر، ئەوان خۆشیان نەیاندەزانی ئەوە چەند شەوو چەند ڕۆژە لەو ڕۆیشتن و راکردنەدان، بەڵام لەگەڵ گزنگی بەیانێکی هێجگار خۆش و دڵڕفێندا، کاروانی خەڵکی نەیستان کە سەری لە نزیک کوختەکەی سەمەد بوو، کۆتایشی لە خۆراوا، هەموو لەیەک کاتدا وەستان، وەستانێک کە لەوەستانی ئاو دەچوو یا لەوەستانی ڕەشەبا، لە کوختەکە وەنزیک کەوتبونەوە، لە دوورەوە بینیان هەڵمێکی تەنک لە شێوەی نورێکی شین شین بۆ ئاسمان هەڵدەچێ ، ئەوانیش وردە وردە لێی بە نزیک دەکەوتنەوە، هەموویان دڵیان لەسەر دەست بوو، نیگەران و دوودڵ، تژی لێکدانەوە، مەست مەست بە بۆن و بەرامەی مەملەکەتی نەیستان، مەست بەوەی کەوا خەریکە دەگەنە ناو دڵی ئەم مەملەکەتەو لە بونیاتنەری بەڕاستی ئەو مەملەکەتە بەنزیک دەکەوتنەوە ودەچنە ناو سیحری هەزار ڕەنگی ڕێبەرەکەی خۆیان ، دوای ئەو هەموو حەمکە ساڵە بە دیداری شاد دەبنەوە، بەڵام ئاخ لەبەرەبەرەی گەیشتن بەودا، هەموو لەناو تای هەناسەیەکی سەختدا تەزین، چونکە کە گەیشتنە سەر ئەو گۆڵەی کە سەمەد ئاوی بۆ لە هەزاران تولەرێی باریکی چیایان هێنابوو، قەت هیچ کەسێکیان بەدی نەکرد، ئیدی ڕێبەر بوو بوو بەو هەڵمە نورانیە شینەی، کە تەنک تەنک بۆ ئاسمان هەڵدەچوو، هەموو ئەوانی لەسەرزەمینی مەملەکەتەکەدا تەنهاکرد، ئەوەی کە لە دوای خۆیەوە جێی هێشتبوو، تەنها ئەو کتێبە بوو، کە هەموو ژیانی لەسەر دانا، تا بەدەستی کەوتبوو، کەبەر لە هەزاران ساڵ نەیژەنێ لەسەر پەلکی نەیدا نووسیبوویەوە.

## بەشی هەشتەم

کەس نەیدەزانی ئەو موریدانە بۆ هێندە بە تاسوقەوە رایاندەکرد، ئەوە نەبێ گەرەکیان بوو بچنەوە سەر ئەو نەیستانەو بگەنەوە بنەچەی خۆیان، یەکجار بەلەز بەرەو قوولایی شۆڕ دەبوونەوە، بۆ ئەوەی کێردەکانیان دەربهێنن و دونیا پڕ لە بریسکە بکەن و بۆ تاوێ لەبەرامبەر ڕێبەرەکەی خۆیان بوەستن و دونیا ببینن، پێدەچوو زەینی ئەوانە لە سەوزەلانی قامیش بێت و بازووشیان لە گڕی ئەو وەهمە ئەبەدییەی سەبارەت بە سەمەدەوە دروستیان کردبوو، خوێنی چاندن و دروست کردنی جۆگەلەی ئاوو پاکردنەوەی ئەو جەنگەڵە، لە دەمارەکانیاندا هەرگیز وشکی نەدەکرد، نیەتی دووبارە زیندوو کردنەوەی سەمەد لەبەر چاوی خۆیاندا لە جەنگەڵی ڕۆحیاندا گینگڵی دەدا، ئەوان پێیان وابوو کە ئەو جەنگەڵەی نەیستان ڕێگەیەکە بەرەو پۆتیپیایی جاویدانی پیرو پەیرەودایان دەبا ، یا بەرەو جۆگەلەکانی عەدن و سێبەرەکانی ئیرەم پەلکێشیان دەکات، هەمیشەو هەمیشە بەدوای ئەو نوورە شینەدا رایاندەکرد، رایاندەکردو رایاندەکرد، دەتگوت دەنگێ لە غەیبستانەوە لەو نوورە هەڵدەچێ و بانگی دەکردن، ئەو هاوارە یاخود ئەو بانگە هەندێجار تێکەڵی لوورەی گورگ دەبوو و گورگ ئاسا رایاندەکرد، هەندێجاریش شەکەت دەبوون و دەکەوتن، بەڵام دووبارە هەڵدەستانەوەو رایاندەکرد، هەندێجاریش بە دەوری کورە ئاگرەکانەوە ئەڵقەیان دەبەستاو ئەو پەندو حیکمەت و شیعرانەیان دەگووتەوە کە لەزمانی ڕێبەرەوە گەیشتبووە ئەوانەوە، ئەو لەشکرە بازوو کوتراوانە هەر خەریکی چاندن و راکردن بون، خەریکی جۆگەلە لێدان و کونکونکردنی قامیش بوون، هەمیشە لە جولەدابوون، تیری قامیش و کونکونکردنی ئەو قامشانە قیبلەیان بوو، جەنگەڵی نەیستان، نیشتیمانی بێ سنووری ئەوان بوو، سەیرەکە لەوەدا بوو ئەوانە نەکێردەکەیان فڕێ دەداو نە وچانیان دەگرت، لەژێر تارای ئاسماندا هەر رایاندەکردو رایاندەکرد، هەر یەکەو باقە گەڵایەکی قەبەو پشتێ نەیان بەسەر پشتەوە بوو، هەر لەو راکردنەدا بەیەکەوە و بە دەنگ و سەدایێ کە دەگەیشتە فەلەک، ئەو چەند دێرەی پەیرەودایان دەگووتەوە:

**قامیشەڵانێ هەیە بۆ خۆشەویستی بە درێژایی مێژوو چۆلە**
**جەنگەڵێ هەیە بۆ پاکی بە درێژایی مێژوو داخراوە**
**ئاوازێ هەیە لە قامیش هەمیشە تەنهایە**
**کتێبێ هەیە لە نەیستان تا ئێستا نەکراوەتەوە،**

<u>ئێواران ئەو لەشکرە پان و پۆڕەی ناو جەنگەڵی نەی لەبەر نووری شینی</u>

دوای سەمەد زناری پشتیان دەکردەوەو دەوەستان و  چەندین سەعات و سەعات سەیری ئەو نوورەیان دەکرد، چاویان لەسەر هەڵنەدەگرت، پاشان یەکە یەکەو سەدان و سەدان و هەزارو هەزار، رادەبون بەرەو قووڵاییە هەرە دوورەکانی نەیستاندا تاویان دەدا، تا لە دواجارا ڕۆحیان وردو خاش بوو، زۆر شەکەت و هیلاک بوون، دەکەوتن دووبارە هەڵدەسانەوە ، بەڵام هەمدیس هەر رایاندەکردو رایاندەکردو رایاندەکرد، تا لە لە ژێرا دوا ترووسکەی ئاسۆی ناو جەنگەڵی نەیستاندا تێکەڵی نووری ڕێبەر بوون، لە گەڵیا بوون بە یەک و توانەوە ناو یەکتر.
ئیدی کاتێک مرۆڤ هیچ هیوایەکی دەدڵدا نەمینێ تازە تەمای چی بە ژیان بمینێ؟ بۆیە باشتر وایە هەمیشە رابکات و هەر رابکات ، تا لەراکردندا ئەویش دەبێتە جۆرێک لە باو لە سروشتی هۆشداری خۆیا دەچێتە دەرەوە، چونکە بەڕاستی سەختە  لە ناو نیشتیمانێکی نەیستانیی دا بژیت، تاچاو بڕکات هەرسەوزایی بێت و نەئاسمان دیاربێ و نەزەوی، نەسنووری دیاربێ نەئاسۆیێ، نەرێگای گەڕانەوەت هەبێ و نە ڕێی دەرباز بوون، لەوەش ناخۆشتر کەسێ نەبێ دووقسەی لەگەڵدا بکەیت، هەر هەموویان وەک چەند مرۆڤێکی ئامێر ئاسا ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی چاندنی شەتڵە نەمامی تازەی قامیش بن، ئەو قامیشەی کە ئێستاکە سەرتاسەری زەوی داپۆشیوەو جگە لە خشپەی گەڵاو لەرزشی با، هیچ شتێکی دیکە لەناو قەڵەمڕەوی خودادا بوونی نەبێ، بۆیە راکردن بۆ هەمیشە باشترین و پڕ سەلواترین چارەیە، کە مرۆڤ بەسەر تاڵیشکی ناو ڕۆحیدا زاڵبێ، من ئەگەرچی هێندەم بەناو تیشکی مانگەشەوو بۆن و بەرامەی ئەو ڕۆژەدا راکردبوو، ئەمێستاکەش هێشتا هەروا غەرقی ئەو تیشک بۆنە سەیروسەمەرانەم، هەموو گیانم پڕ بووە لە تیشک و بۆن، یەکێ لە بێئومێدییە هەرە ناخۆشەکانی من لە نیشتیمانی ناو نەیستاندا ئەوە بوو، کە تەواوی ئەو خەڵکە هەر هەموویان دەتگوت یەک جۆر ماسکیان پۆشیوەو هەر هەموویان وەک یەکن، هە ر هەموویان چونەتە ڕووخساری ڕێبەرەوە، ئەو سەمەدەی لەوەتەی لەناو ئەو نەیستانەدا ونبووە، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە تەواوی ڕووخساری خۆی ئاشکرا نەکردبوو، ئەمەیان پەتایەکی ڕۆحی بوو ، مایەی بێزارییەکی زۆرو ماندووبونێکی زۆر بوو ، بۆیە هەندێجار کە بیر لە راکردن دەکەمەوە دڵم خۆش دەبێ، راکردن بەو مانایە نا کە ئیدی رابکەم و نەجاتم بێت ، نا ئەوە نا ، چونکە تازە مەحاڵە تۆ بتوانی بگەیتە ئەو پەڕی سنوورە دوور دوورەکانی نیشتیمانی نەیستان ، یاخود دەست نیشانی ڕێگەیەک بکەیت تا پیایا رابکەیت، لە کاتێکدا نەیستان هەزاران هەزار ڕێگاو

تونێلی هەیە، هەزاران هەزار کون و کەلەبەری هەیە، کە هەر هەموویان تیکدەکەنەوەو تێکەڵی یەکتر دەبن، بۆیە بیرکردنەوە لە راکردن بەو مانایە، جۆرێک لە خۆکوشتنەو تامی نییە ، ئەوەی من مەبەستمە راکرنە لە خۆم، راکردنە لەوانی دیکە، راکردنە لەسیماو سێبەری سەمەدییەکان، راکردنە لەو ڕەشەشەوانەی کە تیایا گەورەو بچووک تێکەڵی یەک دەبن و لەناو ڕەشەراوێکی سەردەمانی بەرایی مرۆڤدا ژیان دەبەنەسەر، راکردنە لە ونبونی منالێتی ئەو هەموو منالانەی شەوو ڕۆژ دەبن و نازانێ کێن و چین و لە کوێ هاتوون و بۆچی هاتوون، هەموویان وەکو چەند تولە سەگێکی جوان و توکن بەناو پانتایی سەرزەمینی وولاتی خۆڵەمیشدا دەسووڕێنەوە، بێناونیشان و بێ ناوو بێ ئومێد، ئاخ ئەوە چ مەحاڵێکە کە من باسی لێوە دەکەم؟ لە بیرمە کە بۆ یەکەمجار کتێبدارم بینی پیاوێکی گەنج و بێدەنگ و کەمدوو بوو ، پیاوێک دەتگوت خەمی هەموو سەدەکانی لەسەر شانی خۆی بارکردووە و هەمیشە دەیگووت ئەو پانتاییە بۆمن هەموو دونیایە ، خۆشی و ناخۆشی منە ، چارەنووسی منە ، زێدی دووەمی منە، من هەر لەو کاتەوەی لە دایک بوویمە بەو هیوایەوە ژیاوم کە لە گەڵ زیندووە بێ زمانەکاندا بژیم، ئەوە نییە ڕۆژ تا ئێوارە بێ ویست و حەزی خۆم و بە دەستە پاچەیی لە گەڵ ئەو شەتڵە نەمامانەوە دەژیم؟ من دەبێ هەمیشە رابکەم و رابکەم بەو زیندووە بێ زمانانەوە رابگەم کە بانگم دەکەن، هەموو ئەو قسانەی ئەو کە من بیریان لێدەکەمەوە، ئێستاکە وا لە ناو گیانی مندا زیندوو بونەتەوە، بۆیە دەبێ هەر رابکەم و رابکەم، کاتێکیش کە ئاوڕ لە دوور دوور دەدەمەوە هەموو ئەو رابردووانەم بیر دەکەوێتەوە کە هەموو ژیانمی داگیر کردووە ، خەڵکەکە، منالەکانم، ژنەکەم، ئاخ ژنەکەم، کە ئێستاکەش وەک گەلایەکی سەوز، سەوزتر لە گەلای ئەو نەیستانانەی ئاسمان و زەویان لە من داگیر کردبوو و بەسەر ڕۆحمەوە دەجریوێنێ و بانگم دەکات ، ئەوەتا دەستەکانی بۆلای من درێژ دەکات و داوام لێدەکات لە ڕووخساری سەمەدیانەیدا دەریبهێنم و دووبارە بگەڕێینەوە جاری جاران، ئەو جارانەی کە دوور بوون لەو بێهودییەی لە مێژسایە ژیانیان لێ تاڵکردووم ، گووتم دەبێ رابکەم ، بەڵام بۆ کوێ، بۆکام چارەنووس ؟ بۆکام تونێل؟ هەموو تونێلەکان وەک یەکن، ئایا دەکرێ بە هەمان ئەو شوێنەدا بگەڕێمەوە کە پیایدا هاتم و رامکرد؟ تازە ئەوەشیان مەحاڵە، من ئێستاکە تەنهاترین مرۆڤی راکردووی سەر ئەو وجودەم، نەدەکرێ بەرەو پێش بچم و نەدەکرێ بۆ دواوە بگەڕیمەوە، کەسێکم تەنهاو تەنها، جاران هەرچۆنێ با لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکەدا بووم و ڕۆژانە خەریک بووم، جا

چ بە ڕنینی گەڵاو گوڵە زیادەکانی نەیستانەکاندا بوایە، چ بە چاندنی شەتڵە نەمامەکان، ئەمێستاکە لە میانی زەوی و ئاسماندا چەقیوم، نازانم لە کوێی ئەم بوونەدا هەم؟ بۆیە دەبێ بەردەوام بم لە راکردن راکردن و راکردن، ئاخ ژیان بێ راکردن چۆن بۆتە مەرگێکی لە سەرەخۆ .

## بەشی نۆیەم

ڕێبەر بەر لەوەی لەبەرچاوی خەڵکی مەملەکەتی نەیستاندا ببێ بە هەڵمێکی شین، لە دواساتەکانی فیراقی یەکجارەکی زێدی خۆی دەژیا، هێندە بیری لە زێدی خۆی و ئەو چیاو دۆلانەی نیشتیمانی خۆی و جۆگەلەو مێرگ و گەرەک و ڕۆژانی منالی خۆی کردبۆوە، ئیدی هیچ پەیوەندییەکی بە سەرزەمینەوە نەمابوو، هەرچی هەست و نەستی هەبوو هەمووی لەناو زێدی باوانی خۆیدا توابۆوە، هەربۆیەش کە لەدوورەوە سەیری کتێبدارت کردبا دەتبینی، بەردەوام لە جولەو بزاڤ و قسەکردنی تەنهایی دایە، هەربۆیە هەمیشە باوەشی بە قامیشەلاندا دەکرد و گوێی لە دەنگ و ورشە ورشی ئەو قامیشەلانە دەگرت، بەسەر باڵی خەیاڵ دەگەڕایەوە نیشتیمانی خۆی و ئاوازو فرمێسکی وەها تێکەڵ بەیەک دەبوون ڕێبەریان لەم سەرزەمینەدا هەڵدەگرت ودەیانبردەوە ناو کوچەو کۆلانەکانی منالیی، ئەو ڕۆژانەی کەوەک پۆڕێکی قاوەیی بچووک بەناو قەسەری کێلگە دوورەکانی نیشتیماندا، لە شەققەی باڵی دەدا، هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوە بوو، لە دوا ئەو ساتانەدا، ڕێبەری خەڵکی نەیستان ، تەواو تەواو بووبوو بە بەشێک لەو کتێبەی بەرباخەڵی، جاری واهەبوو چەندین سەعات و سەعات سەری لەسەر ئەو کتێبە هەڵنەدەگرت، ئەو کاتەش کە سەری هەڵدەبڕی بەچاوی خۆی دەیبینی کە چۆن چۆنی ئاوازە پڕ لە غوربەت و نسکۆ، هەموو ئەو خەڵکەی وەک لەشکرێکی هەزار ساڵە بەدەوری ئەوا کۆکردۆتەوەو هەموو بەیەکەوە هاواری نەیستان دەکەن و رستەکانی ناو ئەو کتێبە دەچڕنەوە:

**نەیستان ئاوی جاویدانی و تاکە مەملەکەتی ئەبەدیمانە**

**نەیستان نەوای بوون ودوا ئاوازی یادگاری زێدی لەدەست چوومانە.**

ئالەو کاتەدا ڕێبەرو پیرو پەیرەودار هەڵدەسایەوە سەرپێیەکانی ، کە تا چاو هەتەری دەکرد ئاپۆرەی موریدەکانی خۆیەتی وەستاون و لەدەم ئاو و جۆگەلەکانەوە بەرامبەر بە خۆر وەستاون و زناری ئەوین و ئەشقی ئەویان بەستاوەتەوە، تا ئەژنۆیان لە ئاودا چوونەتە خوارەوەو دەست لەسەر سینە وەستاون، ئەو دەمیش کە ڕێبەر کتێبەکەی دەکردەوە لەبەرەخۆ ئەو چەند دێرانەی بۆ دەخوێندنەوە:

**نەیستان زێدی ئازاردراوەکانی زەوییە ،**

**نەیستان زێدی موریدە نەیژەنەکانە .**

ئیدی کە هەمان ئەو هاوارە لە دەمی ئەو لەشکرە بێسنوورەی پەیرەواردا بەرز دەبۆوە، مرۆڤ هەستی دەکرد لەبەردەم تەقینەوەیەکی ناکۆتایی ئەو کەونەدا وەستاوە و ئێستا نا ئێستا هەموو شتێ لە پەل وپۆ دەکەوێ و سەرەوژوور دەبێتەوە، ئەوێ دەمێ بارانەک بەسەر ئەو خەڵکەدا باری، بریتی بوو لەبارانی گریان ، گریان بۆ فیراقی ئینسان ، گریانی ماڵاوایی ڕێبەرو پیرو پەیرەودار، ئیدی هەموویان شەلاڵی ئاوی ئەبەدی دەبوون، لە

نێو ئاسۆیەکی غەمگیندا هەر هەموویان دەکەوتنە سەر چۆک و ماڵاواییان لە ڕێبەر دەکرد، ئەو ڕێبەرەی کە بۆ ئەبەد ئەوانی جیهێشت و بۆ جارێکی دیکە نەگەڕایەوە.
هەر لە دوای بە هەڵم بونی یەکجارەکی سەمەد و ونبوونی، بۆشاییەکی گەورە لە ڕۆحی خەڵکەکە دروست بوو بوو ، تا چەند مانگێ ئەو خەڵکە لە ناو تاسەو سامێکی بێئامانی نائارامیدا دەژیان، تا دەهات هێزو گوڕی جارانیان روو لە کەمی بوو، ئەو حەماسەتەی جاران بۆ مەملەکەتی نەیستان هەیانبوو، ئێستاکێ وەکو جاران نەمابوو، خەڵکی تووشی جۆرێک لە وەڕەسی بووبوون، ئەوان بۆ زەمانێکی زۆر لە چاوەڕوانی ڕێبەری خۆیاندا، کاری نەمابوو بیکەن، هەتا یارییان بە سەر چەقۆوەش دەکرد، ئامادە بوون تا دوا تنۆکی خوێنیان لە هەواری ئەودا کارێ بکەن، کە ئەو بەر لەوان ئەنجامی دابوو، ئەڤین و ئەشقی خۆیان بۆ ئەو لە مانەوەیدا گرێدا بوو، بە مانەوەی ئەو ئەوانیش مابوون، بە زیندوویی ئەو جەستەی ئەوان لە جولەدابوو، بە چاوی ڕێبەر دونیایان دەبینی و لەسەردەستی ئەو زەویان ئاوەدان دەکردەوەو نەمامی تازەیان دەچاند، ئێستاکێ ئەو لەبەر چاوی ئەواندا بوو بەو نووره شینەو سەرزەمینی لێ چۆڵکردوون، ئەدی دەبێ تازە چ تەمایەکیان بەو ژیانە مابێ؟ کە سەیری ناو نەیستانم دەکرد وەک جاران نەبوو، مەملەکەتێک بوو وردە وردە جولەی تیا نەدەما، مەملەکەتێکی خامۆش و بێ ئاواز، خەڵکی کەمتر چاویان بەرایی دەدا بچنە ناویەوەو دەستیان کاری نەدەگرت، هەتا سەوزایی ناو قامیشەڵانیش هێدی هێدی کاڵ دەبۆوە، جۆگەلەکان پڕ بووبوون لە گەڵای وشک و رزیوی قامیشەڵان و گیرابوون، کە جاران وەکو سولێکی زوڵاڵ دەهاتنە خوارەوە، وردە وردە لە جونب و جۆش دەکەوتن، ئەگەر جاران ژنان خۆیان و باسکی سپی و ئامێزی گەرمیان لە ناو لەززەتی بە سەمەد بووی پیاواندا دەبریقانەوەو شانیان دەدایە بەر بەستە بەستە کردنی بلوێرە دروست کراوەکان و پاک کردنەوەی زەوینەی قامیشەڵان، ئێستاکێ وەک جاران نەماون و هەموو لەملاو لەملادا هێزو برستیان لەبەر براوە، پیاوەکان لەسەرەخۆ ڕووخساری بە سەمەدبوویان وەکو جارانی خۆیان لێ دەهاتەوە، ماسکی نادیارو ئەویناوی ڕێبەریان بەسەر تەبەشدا وردو خاش بوو بوو، مەملەکەتی نەیستان کە سەرتاسەری ئەو زەوییەی داگرتبوو، نەی تا ئاسمانی خودا هەڵچووبوو، هێندە پان و پۆر بووبۆوە، لە حوکمی چاو چووبووە دەرەوە، ئێستاکێ هەڕەتی شکان و داڕمانی یۆتیپی نەیستانە، جاران کە پەندی ناو کتێبی سەمەد هەموویانی ڕاپێچی ناو نوێنی لەززەت دەکرد، ئێستا ئەو شەوقەی جارانی نەماوەو چارەنووسی ئەو کتێبەش ئاڵۆزە، ڕێبەر گەلێ جاران بەچەندین پەندی ناوازەوە وەسفی ئەو کتێبەی بۆ دەکردن و داوای پاڕاستنی دەکردو دەیگووت – ئەو کتابە ڕۆحی

پەڕیوی ئێوەیە، هەتا لەسەردەست و دڵان بێت، ئەوە ڕۆحتان بەردەوام دەبێت، هەتا ڕووەو خۆر بیکەنەوە مەملەکەتتان ئاوەدان دەبێتەوە —بەڵام ئێستاکێ کەس نازانێ کتێبەکە، ئەو ئاوە بردی کە نەیستانی نوغرۆ کرد، یا ئەو تاریکییە سرگومی کرد، کە مەملەکەتی کردە ئەبەنووس؟ یا پەڕەکانی لەبەردەم بایەکەدا هەڵوەرین و هەر پەڕەی بە لایەکدا چوو؟ ئیدی تا دەهات ئەم بارە ناهەموارەی مەملەکەت، ناحەزتر دەبوو، لەشکری مەملەکەت پەرش و بڵاوتر دەبۆوە، تا وای لێهات کانی هەموو ئاوەکان کوێربونەوەو بەژن وباڵای قامیش لەژێر خۆرەتاودا، وشک هەڵدەگەڕاو هیچ کەسێ بڕستی ئەوەی نەمابوو، نە بلوێرێ دروست بکات نە بەئاوازێ گوزارشت لە شەوقی خۆی بکات بۆ ڕێبەر و مەملەکەت ، یا بەو ئاوازانە باس لە فیراقی خۆی بکات بۆ ڕێبەر، وایلێهات ئیدی مەملەکەت خاڵی بوو لە ئاواز و تاقە لاوانەوەیەکت نەدەبیست، کە پێشتر ئەو مەملەکەتە دەتگوت مەملەکەتی نەیژەنەکانە، تا ئەو ڕۆژەی ڕەشەبایێ هەڵیکردو تەخت و تاراجی مەملەکەتی نەیستانی تارومارکرد و زەوی یەک تاقە قامیشی تیا نەما و ڕێ و ڕەچەڵەکی نەی لەسەر زەویدا بڕایەوە، ژیان لەبێ نەوای نەیدا ، کەوتە ناو پرسەیەکی ئەبەدی و لێوڕێژی بادەی خەمگینی بوو.

## بەشی دەیەم
## قیامەت

ئیدی خەلکەکە هەر بە دوای بە هەلّم بوونی ڕیبەرو کتیبداری نەیستان بوون، لە دوای ئەودا خەلّکی ناو ولاّتی قامیشەلاّن، لە ناو نەهامەتیو مەینەتی بێ ڕیبەریدا دەتلانەوە، هەر لە دوای ئەو ڕەشەبایەی کۆتایی بە مەملەکەت هێنا، دوای ئەوەی ژیان بۆ ئەوان دوور لە زیدی خۆیان بوو، بە تەواوی تێکەلّی وەهمی ڕیبەرو قامیشەلاّن ، تێکەلّی وەهمی یوتوبیای ناو جەنگەلّ بووبوون ، لەو دوورەوەش ، کە بۆ ئەوان گەلێ گەلێ دوورتر بوو لەو سەری دونیا، هەموو خەونەکانی خۆشیان لەوێدا بە جێ هێشتبوو، قامیشەلاّن زەینی ئەوانی لە ناو تای گەڕانەوەی ڕیبەردا مەست کرد، لە ناو زێدی لە دەست چووی خۆیاندا هەموو شتەکان گۆڕان، لەولاشەوە تا دەهات وەهمی ئەبەنووسی سوولّتان خاقانو لیرەی ڕەشادی لەسەر زەمینی ئەم ولاّتە لە دیرۆک خنکاوەدا، فراوان و فراوانتر دەبوو، سوولّتان هەمیشە بیری دەکردەوە کە چۆن چۆنی شەوقی دەسەلاّتی خۆی وا لێ بکات، مەملەتی قامیشەلاّن رامالّێ و کەون داپۆشێ، زۆر جاران بەسەر پشتە کووڕەکەیەوە رادەکشاوتا دەهات وەهمی ئەبەنوسی سولّتان خاقانو لیرەی ڕەشادی لەسەر زەمینی ئەم شارە دیرۆک خنکاوەدا فراوان و فراوانتر دەبوو، سولّتان هەمیشە بیری دەکردەوە کە چۆن چۆنی شەوقی دەسەلاّتی خۆی وا لێ بکات، کەون داپۆشێ، زۆر جاران بەسەر پشتە کووڕەکەیەوە رادەکشاو غەرقی خەیالّ دەبوو، ئەو خەیالّەی کە دیدو وەهمەکانی ئەوی بەرجەستە دەکردو وای دەهاتە بەرچاو کە ئەوە ئیمپراتۆریەکەیەتی تا چاو هەتەر دەکات فراوان بووەو نوقمی دارستانی بەهێو ویزەی قامچی ترسی ئەو بووە. والیو مەئمورو پەیدەستەکانی لەهەر چوار هەرێمەوە دێنە بەردەمیو سەری ڕێزو نەوازشی نۆ دادەنوێنن ، بەلاّم سەرزەمینی ئەو شارە وەک موگناتیسێکی بەهێزو هەموو کۆشکو تەلاری خەونو وەهمەکانی سوولّتانی دەڕوخاندو نەیدەهێشت یەک بست چیە بچێتە پێشەوە، هەتا خودی سوولّتان خۆشی وەک بەندییەک هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی لە قاوغی کۆشکە بەسەر هەلّچنراوەکەیا بچێتە دەرەوە، کۆشکەکانی سوولّتانو دەستو پەیوەندەکانی هەموویان بەسەریەکەوە بوون، لەنێو ئەم کۆشکانەی سوولّتاندا لەسەر زەمینی ئەم شارە خنکاوەی ناو ڕحمی دیرۆکدا، لەدوا پەڕەگرافی دەفتەری یاداشتو بیرەوەری پەیکەرێکی بەردین، کە لەبەردەم کۆشکی سیحراوی سوولّتان خاقاندا

ئاسەواری دەیان سەرەنێزەو جێ پەنجەی دەیان هونەرمەندو چۆڕاوگەی سەدان دڵۆپە فرمێسکی بەسەر شانو ملیەوە وەک یاقوتێک لە خوێنو گورزە تیشکێ لە تووڕەیی دەدروشایەوە، هەموو شتێک ئەفسانە ئاسا دەیخرۆشاندی. چەندین پەرەگرافیش، کە دەتگوت بە خوێنی ئەو چۆلەکە پاساریانە نووسرابوون، کە هەموو دەمەو ئێواران بەسەر دەستە باریکو شانە ماندووەکانی هەڵدەنیشتنەوە، بۆ ماوەییێکی زۆر بە رازو کرێشمەو رامانەوە سەیری کۆشکەکانی سووڵتانیان دەکرد، کۆشکەکانی سووڵتانیش کە بەردەکانی لەنێو ئەو رەوەزو شاخانەدا بە رەنجو ئازاری سەدەها رۆحی بریندار هەڵکەنرابوو، هەمیشە پەڵەی ئەو خوێنەیان بەسەردا دەبریسکایەوە، کە لەگەڵ تریشقەی قامچییە ژەهراوەیەکاندا دەکەوتنە بازرقەوە، پەیکەریش وەک هەمیشەو تا هەتایێ بێ باکانە پشتی لەو کۆشکانە کردبوو، رازو نهێنییەکانی تۆمار دەکردن، ئەو رازو نهێنیانەی کە لەمیانی کچانی ئەو کۆشکەو گەنجو سووڵتانزادەکان هەڵمیان لێ هەڵدەستاو دڵۆپ دڵۆپ بەسەر ڕووخساری ئەو پەیکەرە دەهاتنە خوارەوە، ئەویش کە دەفتەری یاداشتو بیرەوەرییەکانی ئەم پەیکەرەی بە هەموو پەرەگرافەکانیشیەوە کەوتبووە بەردەست، ئەو پاسەوانە لەڕو لاوازە بوو، کە هێشتا گۆڕەکەی لەنزیک گۆڕی پیاوماقوڵانی شارەو هەموو درەنگە شەوانێک بەدزیەوە، لە درزی ئەو کۆشکە دارینەی کە وەک داربی لەژێریەوە دەلەڕزی، سەیری ئەو پەیکەرە بەردینەی دەکردو نەیدەزانی نەچاوەکانی ئەون ڕەشکەوپێشکە دەکەنو پەیکەرەکە لەم جولەیەدا دەبینن، نەپەیکەرەکە بەڕاستی دەجولێتەوە؟ بۆیە ئەو هەموو درەنگە شەوانێ لەبەر سەیری ئەو پەیکەرەدا، پاسەوانی لەڕو لاواز ئاگای لەدەرگای کۆشکو سەرا نەدەما هیچ کەسێکیش لەوناوە دیارنەدەما، ئیدی کچانی کۆشک ئەو هەلەیان دەقۆزتەوەو کۆشکو سەرایان جێدەهێشتو بەیەکەوە رێیان دەگرتە بەر، لەژێر تریفەی مانگەشەوداو لەژێر کەپرو درەختەکانی دار کاژدا بەدیار ئەو جۆگەڵەو گۆلانەی کە سووڵتانەکانی کۆشک و سووڵتانزادەکان بۆ رابواردنی خۆیانیان دروست کردبوو، خۆیان رووتو قووت دەکردەوەو بە تاسوقێکی ئاگرینەوە مەمکۆڵەکانی خۆیان دەردەهێناو لەسەر پشت رادەکشانو یەکتریان دەڵستەوە، هەر لەسای ئەو پاسەوانە لەڕو لاوازەشدا بوو، کە هەمیشە لەو درەنگەشەوانەدا مەستی جولەو بزاڤی ئە پەیکەرە دەبوو، سووڵتانزادەکان دەچونە پاڵ ئەو کەنیزانەی کە لەبەر جوانی ئەوان ئەسپەکانی ناو تەوێڵەی کۆشکەکانیش بژیان قیت دەکردەوە، مووی کەڤەڵیان زیک دەکردەوە، سووڵتانەکان

هەر یەک لەو کەنیزانەیان لەولاتێکەو هێنابوو، هات وهاوارو نالەی پڕ لەزەتی ئەو سوولتان زادانە، هێندەی دیکە پەیکەرەکەی بەردەمی کۆشکیان دەخستە جولەجولەوە، هێندەی دیکەش پاسەوانی لەڕو لاوازی ژێر کۆشکی دارینی بەردەرگایان غەرقی شەوقو دیقەت دەکرد، لە دوورەوەش تریفەی مانگ وەک بارانێکی زیوین، هەڵدەڕژایە سەر سمتی سپیو مەمی وەک بەهێی توندی ئەو کچە سوولتان زادانەی کە لەسای شەلاڵ بوونی پاسەوانە لەڕو لاوازەکە بە سەیرکردنی پەیکەرەکە هاتبونە دەرەوە، چەند ساتێک بە رەهایی یارییان بە جەستەی پڕ لە باقو بریقو خوێنی سافی یەکتر دەکرد، سوولتانەکانیش هەریەکەو بە جلی خەوتنەوە بە دزیو بە نهێنییەوە، لە کۆشکەکانی خۆیانو لەسەر بالینگی توکنو پڕ لە نەرمو نیانیو ئاوەدان بە شەوقی جوانێکەوە بە هەنگاوی خێراخێراوە، یەکە یەکە شوێنی خەوتنو پالکەوتنی خۆیان لەگەڵ ئەم سوولتانو ئەو سوولتاندا دەگۆڕیەوە، تا بەرەبەری بەیانیان جواناویان هەڵدەمژیو ئاوی رۆحیان هەڵدەڕشت، بۆ پاسەوانەکە گرنگ نەبوو، کچە سوولتانزادەکان چۆن لەژێر تریفەی مانگەشەودا رەحەت دەبنو کوڕە سوولتانزادەکان چۆن خۆیان لەو کەنیزە گورجی و بوخارایيو شیرازیو سەمەرقەندییە ڕەش ئەسمەرو سپیو سووڕانە، بەتاڵ دەکەنو بەیانیانیش تا نوێژی نیوەڕۆ لەسەر پشت دەکەون، بۆ ئەو یەک شت گرنگو تەژی نهێنیی بوو، بۆ ئەو یەک شت سەری هەموو ئەو میرزادەو شازادانەی دەهێنا، ئەویش جولەی ئەو پەیەرە بەردینە بوو کە جار جار وەک مرۆڤێکی خودان رۆح، دەستی دەخستە سەر ئەژنۆکانیو ئاورێکی لەکۆشک دەدایەوەو هەرچی کۆشکو سەراو پەنجەرەو تاقو دەرگا بوو لە شوەقێکی قورمزیدا غەرقی دەکردن ، هەموو نهێنییەکانی کۆشکی بۆ بەرچاوی دانیشتوانی کۆشکو سەراو دەوروبەر بەرەلا دەکرد، هەر لەبەر تیشکی ئەو شەوقە قورمزیەشدا بوو، سوولتانەکان دەبینران رووتو قووت بەسەر جەستەی حەرامی ئەو ژنانە لە پەلوپۆ کەوتبوون، لەشی مودارو گۆشتنیان لەژێر تیشکی ئەستێراندا دەبریسکایەوە، کوڕە سوولتانزادەکانیش لەنێو باوەشی کەنیزەکاندا دەمیان بەسەر سینەو مەمکۆلاندا قفل دابوو، کچە سوولتانزادە خورتو جەوانەکانیش لەژێر تریفەی مانگەشەودا سەرو سمتو سینەو مەمکۆڵەی یەکتریان بە شەبەقێکی پڕ لە شەهوەتو تاسوقێکی هێجگار زۆرەوە دەلستەوە ، پاسەوانی لەڕو لاوازیش لە هەمان ئەو ساتەی کە پەیکەری بەردین بە ئاوڕدانەوەی خۆی، ئەم شەوقەی هەڵدەڕشتو دەبەشیەوە، دەچووە نێو یۆتۆپیاییێکەوە و خەونی بە ئاگاهی دەدیت، کە بەرەبەیانیش

دادەهات سپێدە بە خەواڵویی وردە وردە تیشکو تاوی روناهی بۆ ئەو کۆشکو سەرایانە دەهێنا، پاسەوانی لەڕو لاوازیش شەکەت بە دیقەت کردنو ماندوو بە بینینی ئەم دیمەنە سیحرئامێزو حەرامانە هێندە کەشەنگ دەبوو، بەخۆیو بە تفەنگە ژەنگاویەکەی، کۆشکی دارینی بەردەرگای جێدەهێشتو بە خەیالاتێکی تەژی لە ئەفسوونو سیحر بەرەو کوختەکەی خۆی دەگەڕایەوە، هەموو جارێکیش کەئاوڕی دەدایەوە دەیبینی پەیکەر هەمان ئەو پەیکەرە بەردیەو لەزەوی چەسپیوەیە، کە درەنگە شەوان دڵی ئەو پڕ لە جادووی جوڵانو ئاوڕدانەوە دەکات. نیوەشەوێکی پاییزی بووگەڵای دارو درەختان بەرو بەردەرگای کۆشکو سەرای سووڵتانی تەژی لەزیو کردبوو، دار کاژەکان رووت ببوونەوە دنیای ئەو کۆشکو سەرایانەی تێکەڵ شنەی مۆسیقایەکی هێجگار دڵگیر کردبوو، پاسەوان کەوتبووە نێوخۆشیەکی سەرمەستانەو هەر سەیری تاقی ئەو کۆشکانەی دەکرد، کە هەندێکیان لە سوسەی چرادا دەبریسکانەوە، هەندێکیان دەنگو سەدایان دەهات، لە هەندێکیشیاندا لەدەنگی وێک کەوتنی پێکی قەیتانیدا، مرۆڤ دەیزانی چیان تێدا روودەدات، پاسەوانی لەڕو لاواز دەیزانی، کە ئەو هەموو لەڕو لاوازییەی ئەو لە سۆنگەی چییەو چۆن خوێنی هەڵدەمژرێ، تەنها ئەو خۆیو ئەو پەیکەرەی کەلە دنیایەکی هێجگار جیاوازدا لەناو گۆمی غوربەتو نامۆییێکی تێژدا دەژین، هەر بۆیەش ڕوژ بەڕوژ لەڕو لاوازتر دەبوو،  پەیکەریش هێندەی دیکە زیاتر دەجماو تا ڕادەیەک وای لێ هاتبوو کە ئەوەندە هۆگری نیوە شەوانەی ئەو پەیکەرە بووبوو، لەگەڵیا قسەی دەکرد، هەر جارەش کە پەیکەری بەردینی بەردەرگا لە دیدی ئەودا ئەو ئاوڕەی دەدایەوە، دنیا پڕ دەبوو لە رەنگی ئەو خوێنەی کە بەردو دارو تاقو پەنجەرەی ئەو کۆشکانەی پێ بەرز بۆتەوە، هەموو ئەو کەللە سەرانەش کە ساڵانێکی دوورو درێژە لەنێو ریزە دیواری زۆر بەرزو رکی ئەو کۆشکانەوە، بەرزایی چەند قاتەیان راگرتبوو، لەو شەوقە قورمزیەدا دەبریقانەوەو جولەیان دەکرد، لەو نیوە شەوە پاییزیەدابوو، لە کاتێکدا سووڵتان هەر بە خەیاڵی بەرفرەکردنی دەستەڵاتی خۆی بوو هەمیشە خەونی بە دەسەڵاتی سەرتاسەری خۆیەوە دەبینی، کە شەوقی قورمزی ئاوڕدانەوەی پەیکەر، دەرو دیوارەکانی خستە لەرزە، لەرزەیەک لەتابوتی مەرگ دەچوو، هەر لە پەرەگرافی یەکەمی دوا دەفتەری یاداشتو بیرەوەری ئەو پەیکەرە، کە وێنەی ڕاستەقینەی کتێبەکەی ڕێبەری نەبستانی دەنواند، کەتبووە دەست ئەو پاسەوانە لەڕو لاوازەی کە ئێستێکە گۆڕەکەی لەنێوەندی پیاو ماقوڵاندایە، بەدزییەوە نیوە شەوان لە درزی ئەو کۆشکە

دارینەی لەژێرەوەی دەلەڕزیو سەیری ئەو پەیکەرەی دەکردو نەیدەزانی چاوی ڕەشکە و پێشکەی دەکات، یا بەڕاستی ئەو پەیکەرە دەجولێ، ئاگای لەبەرو بەردەرگا نەدەماو کچە سوولتانزادەکان وردە وردە کۆشکو سەرای سوولتانیان جێدەهێشتو بە رووتی یەکتریان دەلستەوە، کوڕە سوولتانزادەکانیش دەچوونە باوەشی کەنیزەکانو سوولتانەکانیش وردو درشتیان جێگۆڕکێیان بۆ لەزەتی خۆیان دەکرد، هەر لەو پەڕەگرافەدا نووسرابوو، لەرزەیەک هەیە لەبنی دەریاوە نایەتو لەو سەرزەمینەش هەلناداتو نە با دەیهێنێو نەبارانو بروسکە، بەلکو ئەو لەرزەیە لەناو چاوی ئەو کەللە سەرانەوە سەرهەلدەدات کە ڕۆژانە لەبەرچاوی مندا دەجولانو هاواریان بۆ دەهێنام، هەر لەو پەرەگرافەشدا نووسرابوو: ناچارم ئاوڕ بدەمەوە، بەردە یاقوتیەکانی جەستەم، ئەو مەلانەش کە هەموو دەمەوئێواران بەسەر دەستە باریکو شانە ماندووەکانمدا هەلدەنیشتنەوەودەنووکیان لێ دەدام، داوایان لێ دەکردم و بۆ ماوەیەکی زۆر بە رازو کرێشمەو رامانەوە سەیری کۆشکەکانی سوولتانیان دەکرد، کۆشکەکانی سوولتانیش کە بە بازووی سەدەها بریندار سەریان دابوو،لە هەور، هەمیشە پەلەی خوێنیان بەسەردا دەبریقایەوە، بۆیە ناچاربووم بەو شەوقە قورمزیە کۆشکو سەرا غەرق بکەم، هەموو نهێنییەکانی کۆشک ئاشکرا بکەم.

ئەو پەلە خوێنانەی کە لە بەرەبەیانی مێژووی ئەو مەملەکەتە هێزوبڕستی کتێبداری دەخستە جۆش و خرۆشی تۆلەوە، ئەمڕۆکە لە دەمی پەیکەرەکەدا دەدرەوشێتەوە، هەر ئەو نیوەشەوە پاییزییە بوو کە سپێدەی بەسەر داهاتو ئیدی نەکۆشکوسەرا لەشوێنی خۆی بوو، نەپەیکەر، ئەوە نەبێ جەستەی لەڕو لاوازی ئەو پاسەوانەی کە لەززەتی دانیشتوانی کۆشکوسەرا لە خوێنی ئەودا دەخولقا، ئێستاش گۆڕەکەی لە دەوری گۆڕی پیاوماقولانە، لەشوێنی پەیکەرەکەدا وەک پارچە ئەستێرەیەک دەبریقێتەوەو ورد ورد پەرەگرافەکانی دەفتەری یاداشتو بیرەوەرییەکانی پەیکەری لێ هەلدڕژێ.

## بەشی یازدەم

وەهمی سوولّتان وەکو گەڵای دار هەڵوەری، ئێستا ئێسکو پروسکی هەموو سوولّتانە وردو درشتەکان، لە گۆڕستانی ناوەندی شاردا نوقمی کوژانەوەی ئەبەدی بووینە، گۆڕستانەکە گۆڕستانێکی بێ گرێو گۆڵو ڕاستەقان بوو، شوورەیێکی لەسەردەمی یەکەمین ئەو سوولّتانە بۆ کرابوو،کە پێی وابوو دوای مردنی، ئەو گۆڕەپانە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم شارە لە ئەزەلدا هی ئەوان بووە، شوورەکە لە خشتی کورەکانی ئەزمێر بوو، ڕەنگێکی حەلوایییو ژەنگو ژار ئامێزی هەبوو، گۆڕی زۆر لە پیاوە ماقوڵەکانی سوولّتانو خەڵکی شاری تیابوو. شامل ئۆرتەغل، کە دەستەڕاستی سوولّتان خاقانی بوو، هەتا مرد ئاوی لەسەر باڵی شەمشەمەکوێرە دەخواردەوە، وایدەزانی کە ئەمە هۆی ئەوەیە خودانی ئەو هەموو سەروەتو سامانەیە، شەوانە تا درەنگان سەیری مانگی دەکرد، چونکە سوولّتانژن پێی وابوو پیاوانی دەوروبەری سوولّتان دەبێ ڕەنگی مانگیان هەبێ ، بە بریقو باق بن، شامل ئۆرتەغلیش بە ئومێدی ئەوەی شەوقی مانگی بپەڕێتە سەر ڕووخساری، ئاوی سەر باڵی شەمشەمەکوێرەی دەخوارەوە تا هەیبەتێکی لای ژنی سوولّتان هەبێ، بەڵام مردوو ڕووخساری بەڵەکی هەر ڕەشتر دەبوو، ئاوی سەرباڵی شەمشەمەکوێر دادی نەدا، ناوەندی ئەو گۆڕستانەی کە ناویان نابوو گۆڕستانی پیاوماقوڵان رابردنی مانگو زەمانە هەمووی کردبوونە خۆڵەمێش، تۆغرل بەگ کە هەمیشە مێزەرێکی ئەستەمبۆڵی لەسەر دەپێچاو بەناو پیاوماقوڵترینی سوولّتان بوو، بەڵام ئێواران هەر کە تاریکی خۆی دەخزاندە ماڵان وردە وردە دەرگاو پەنجەرەی کۆشکە تاق بەرزەکانی دادەخست، ئەو کۆشکە تاق بەرزانەی لە شەوقی قورمزی پەیکەری بەردیندا، دادەڕژانە سەر یەکو ئاسەواریان نەدەما، ئیدی بەگ لەگەڵ غوڵامەکەی دەکەوتنە کارێ کە هەموو کەس نایکات، ئەو غوڵامەی کە هەر لەدوای جەنگەکانەوەی دەستکەوتبوو، لەو کاتەی کە ئەبخازەکان پەرشوبڵاوی دنیابوون، ئەوا ئەوی هێنابووە ناوماڵو بەردەستیی خۆی پێدەکرد، ئەوساکەش بەر لە مردنی، پیری کەنەفتی کردبوو توانای ئەوەی نەمابوو ئەوەی کە چەندین ساڵ بوو لەگەڵ غوڵامەکە دەیکرد، ئەوە بکات، ناچار غوڵام ئاوی بۆ گەرم دەکردو بەدەست بۆی ختوکە دەداو جارجارەش هەتا نیوەی شەوان هەر هیچی لێ ئیجاد نەدەبوو، ئەگەر بشبووایە دڵۆپێکی هێندەی سەری شەمچەی لێ دەتکاو ئیدی ئاوی گیانی نەدەما، هەر لە شوێنی خۆی لەسەر دەم دەکەوتو تا بەیانی لرخەی دەهات، غوڵامیش بە هەلی دەزانی هێندەی لەگەڵ ڕاهاتبوو، هەردولا لەگەڵ

یەک جاقی بووبوون، جار جارە کابرای خۆی وەک شلکێ پڕ خوێن دەکرد، بە پشتی شلو خاوی تۆغروڵ بەگی دادەهێنا، تۆغرول بەگ متەقی لێوە نەدەهاتو ئەویش بە هەلی دەزانی بێ ئەوەی باسی هیچ بکات، هێدی هێدی چەوری دەکردو دەیخزاندە ناو کورە مووی تۆغروڵ بەگەوە، زۆر بە ئاسانی شوێنی خۆی دەگرت، دیسان تۆغروڵ بەگ هەر متەقی لێوە نەدەهات، ئەویش هێندەی لەزەت لەو کارە وەردەگرت دەتگوت تازە زاوایە، تا ئاوی گیانی دەهاتە خوارەوەو لەناو لەزەتی خۆشاودا دادەکەوت، بەدیار تۆغروڵ بەگەوە پاڵدەکەوت، تا بەیانی وەئاگا نەدەهاتن، کە بێداریش دەبوونەوە خۆیان توند دەکردەوەو پەنجەرەکانیان واز دەکردو سەیرێکی دووری شاریان دەکرد، ئینجا تۆغروڵ بەگ بە دەنگێکی کزو چاوێکی شەرم بارەوە دەیگوتە غوڵامەکە کە هەتا زووە بگەڕێوە ماڵ، نەوەکا خانم کارێکی هەبێو ماتەڵ بووبێ. خانمیش بێ دڵی خۆی نەدەکردو هەر جارەی یا هەر شەوەی تۆغروڵ بەگ بەناو نۆبەتە حەسانەوەی خۆی دەبوو لە کۆشکە دوورە ماڵەکەی، غوڵام دەچوو بزانێ ئاخۆ خانم کارێکی هەیە یا نا، ئەوە غوڵامی بانگ دەکردە ژوورەوەو غوڵام بۆخۆی جوانێکی ئەبخازی ڕەشتاڵەی خوێن شیرین بوو، کەڤەڵێکی بەهێزو پشتێکی پڕ لە دەماری پیاوەتی هەبوو هەرکە دەچووە ژوورەوە بێ چەندو چۆن دەیزانی خانم گورجی لەپای چی وادەکا، خۆی رووتو قووت دەکردەوە، خانم گورجیش هێدی هێدی بە دەستو زمان هەموو گیانی دەلستەوە، بەکاری تۆغروڵ بەگیشی نەدەزانی، کە فێرە چتۆ بلعات بووە، بەڵام خۆ ئەگەر دەیزانی غوڵام چۆن چۆنی پیاوەکەی ئەو دەڕەتێنێ، رەنگە شتێکی دیکە لە ئارادا دەبوو، بۆیە گەرەکی بوو لە غوڵام بزانێ کە ئاخۆ تۆغروڵ بەگ پیاوێکی چۆنە، ئەو دەیزانی تۆغروڵ بەگ هێزو برستی نەماوە، ئەویش لەمێژە لەنێو ئافاتی بێ جووت بونی تۆغروڵ بەگدا لە ئازار دایە، هەرگیز شەوێکی نەدیت تۆغروڵ بەگ بەچەکێکی خورتو پڕ خوێن هەڵکوتێتە سەری‌و تۆ ڕێژی بکات، بۆیە هەرکە غوڵام دەگەیشتە لای وەک کچێکی چەندین ساڵ قەیرەو تازە شووکردە هێندەی غوڵامی ئەبخازی دەلستەوە، غوڵام دەبوو بە تەیارەو هەڵیدەکوتایە سەر گورجی خانمو لەیەک هەڵمەتدا ئەو شینە ژنەی دەبووراندەوەو ماتی دەکرد، غوڵام دەیزانی ژنە چەند تینووە، بۆیە هەڵڕشتنی شەوانەی بەسەر کونو کەڤەڵی مێردەکەی حسێب نەدەکرد، تا تۆغرڵ بەگ لەکۆشکێ وەخۆ دەکەوت ئەو گورجی خانمی نقوومی ئاوی خۆی دەکردو گورجی سەر لەنوێ دەخەوتەوە، ئەویش وردە وردە هەڵدەستایەوە و دوای شەوێکی تێرو بەلەزەتی کۆمی تۆغروڵ بەگو

بەرەبەیانێکی پڕ خۆشاوی سەر سینەی گورجی خانم، دەیگووت کە خانم لە خەوێکی قووڵدایەو تا نیوەڕۆ بێدار نابێتەوە، تۆغرڵ بەگیش دەیزانی غولام چی دەڵێ‌و چی کردەووە، بەلام بە هەندی هەڵنەدەگرت.

## بەشی دوازدەم

ئیدی تۆغرڵ بەگو گورجی ئاویان بە بندا دەڕۆیشتو ئەوانیش غەرقی ئارەزووەکانی خۆیان دەبوون، ئێستێش ئاتاریان لەسەر پاتاریان نەماوە، هەر لەلای چەپی تۆغروڵ بەگی پیاوماقوڵانی شار، دیارە بە رێکەوت رووی داوە، کە قەرە سافیاریش گۆڕی بکەوێتە ئەو ناوەندەو لەنێو پیاوماقوڵانی شاردا شوێنی هەبێ، قەرە سافیار پیاوێکی نەخوێندەوار بوو، چاوێکی کەوتبووە بەر نووکە خەنجەرێ، لەوکاتەی ناوبژیوانی دەکرد، زۆریش شانازی بەوە دەکرد کە ئەو چاوێکی لەسەر ئەوە داناوە، چونکە ناوبژیوانی لە شەڕی دوو بەرەباب کردووە. جگە لەوەی چاوێکی کوێر بوو، بە زگماک گۆجیش بوو، لە دە پەنجەی خودایی حەوت پەنجەی هەبوو، هەموو جارێ کە خەڵکی شار پێیان دەگوت کوڕە سافیار تۆ بۆ روو لە خودا ناکەیت! ئەویش دەیگوت مادەمەکێ خودا لە هەوەڵەوە پەنجەی شەهادەتی بە من نەداوە دیارە بە پێویستی نەزانیوە من هیچی بۆ بکەم! ئەگینا بۆ لێی حەرام دەکردم، سافیار بە بەزمی غوڵام ئەبخازیو گورجی ژنی تۆغروڵ بەگی دەزانی، بەڵام هەمیشە بەدوای هەلێکا دەگەڕا کە گورجیو غوڵام بەسەریەکەوە ببینێ، گورجیش ئەو ببینێو ئینجا یەکسەر رەت ببێو بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، ئەو دەیزانی ئەگەر کارێکی وا بکات ئیدی گورجی خانم لەدوای دەنێرێتو وا دەزانێت سافیار هێندە کەمزانەو بەکەم شتێ رازی دەبێت، واز دێنێ، بەڵام ئەوێک لەوەتەی لەدایک بووە لەبەر ناشیرینیو کوێریو گۆجەیی کەس ئاوڕی لێ نەداوەتەوە. باشیش دەزانێ خودانی چ تاتێکی برسییە، خۆ ئەگەر یەکجار گورجی بیپەڕێنێتە سەرخۆی، دڵنیابوو تا ماوە هەر بانگی دەکات. ئەوەبوو ڕوژێکیان بەدیار کۆشکو سەرای سووڵتانەکاندا کە ئێستێ هەر هەموویان ئاسەواریان بڕاوەتەوە، رەت دەبێو هێندە سەیری پەنجەرەی تاقە بەرزەکان دەکاتو هێندە سەرسام دەبێو ملی وەردەگەڕێ، تا دەگاتە کۆشکە هەیوان دوورو درێژەکەی تۆغرڵ بەگو لە پەنجەرەوە تۆغرڵ بەگ بانگی دەکاتێو ئەویش سڵاوێکی رەعیەتانەی لێ دەکات، پێی دەڵێ لە رێگەی خۆت بچۆ بە شوێنی ئەو غوڵامە، بزانە بۆچی نەهاتەوە؟ ئەوە بۆ سافیار دەرفەتێکی ئێجگار پڕ بەرەکەت بوو، هێشتا تۆغرڵ بەگ لە قسەکەی نەبووبووەوە، کە سافیار رایکردو بەرەو ژوورەکانی گورجی خانم هەنگاوی نا، یەکسەر بێ چەندو چون وەژوور دەکەوێو ئەو دەزانێ گورجیو غوڵام ئێستاکە چۆن وەک دوو ماری ئاشقەو ماشقە ئاڵاونەتە یەکتری، کە وەژوورکەوت لەبەرئەوەی غوڵام وا هەڵکشابووە سەر سینگو مەمکی گورجی، خانم دواوەی لێک

ترازابوو تەنها ڕووخساری گورجی خانمی بینی کە پڕ لە خوێن بوو، گورجی خانمیش ئەوی بینی ئیدی پاشەکشەی کردو لەو ناوە ون بوو، بێ ئەوەی غولام پێی بزانێ، گورجی بەتەواوی لەژێرەوەی غولام سستو خاو بۆوەو گەرمایی تیا نەما، بۆیە هەر زوو چەند جارێکی دیکە بەرزو نەوی بۆوەو ئاوی خۆی ڕشتو خۆی توند کردەوە، نەبادا کارێکی وای کردبێ گورجی خانم تووڕە بووبێو ئاوای لێ هاتبێ، وردە وردە ڕێی هەموو بەیانیانی گرتەبەرو تا بە ئاغا بڵێ قوربان گورجی خانم تا نیوەڕۆ خەبەری نابێتەوەو لە خەوێکی قووڵ دایە.

## بەشی سێزدەم

گورجی خانم ئەوەندە رقی لە سافیارە کوێر دەبۆوە، ئێستێ بێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕوژان بیری دیداری ئەوی کردبێتەوە، هەزاران هەزار خەیاڵ بە مێشکیا رەت دەبوو، ئاخر چی سافیاری کوێرو گەوجی گەیاندە ناو ژووری ئەوەوە! کە ئەو گورجی خانمی هەیبەتی تۆغرل بەگە، ئاوا بە رووتو قووتیو لاچاوێکەوە، کە ئەو چاوە بەسە هەموو دنیای لێ گاڵە بداتو ئەو ببینێ، هەر بە رووتو قووتی نا بەڵکو غولامێکی ئەبخازی بەهەموو هێزو برستێکیەوە خۆی بەسەریا راکێشابێو هەتا ناو هەناوی شۆڕ کردبێتەوە؟ هەرچەند جارێ بیری لەو تاک چاوە دەکردەوە، لێوەکانی خۆی دەکرۆژتەوە، گەلێ شتی بە مێشکدا دەهاتو هەزاران گرێکوێرەش رۆحی دەسمی، باشە چی بکەم؟ چی بکات باشە؟ بچێ سافیارە کوێر بانگ بکاو بڵێ تۆ کەسێکی نەدارێو کەست نییە لەم ناوەو کوێرو گۆجیشی، ئەو برە پارەو زێرە وەربگرەو ئێرە بەجێبهێڵە؟ ئێ خۆ وەریشی دەگرێو ناشرواو ئەویش هیچی پێ ناکرێ، ئەی چی بکات؟ بڵێ وەرە سافیارە کوێر تۆ کە چەند ساڵە لەو ناوەیو هیچت نەدیوەو هیچت دەست نەکەوتووە، با خۆم بخەمە ژێرتەوە، دیسان ئەوەش هەر نابێ ئێ خۆ بە تۆغرل بەگیش ناڵێ بیکوژێ، ناڵێ لەبەرچی؟ ئەو ئاخری دێتە سەر ئەوەی دووەمو رۆحی کوێرەی لێ دێنێو دەینێرێتە دوای، ئێستاکە سافیارە کوێر گۆرەکەی لەتەک پیاوماقوڵانی شارەو رەنگە ئاسەواریشی نەمابێ، ئیدی سافیارە کوێر بەرەو ماڵی گورجی خانم دەکەوێتە رێ، یاغر یاغر دەرواو لە رێگە بە وردە خەیاڵان ڕەشماڵ بەکابرای ناو گەلانی هەڵدەدا، ئاخر سافیار ئەو پیاوە خورتو چوارشانەیە لەوەتەی هەیە بێ وانەکەو ئێستێکێ شتێکی وای بۆ ببێ بۆ لەناویا نامرێت، سەردەمێ سەری دای لە دەرگای ماڵی گورجی خانمو بێدار بۆوە، گورجی خانم لە ژووری سەرەوەدا چاوەڕوانی دەکرد، کە سافیار گەیشتە ژوورەوە ئەو لایەکی رانی رووت کردبۆوە، داوای لێکرد رونیشێ، سافیار وەک ئەسپێکی بە با هاتووی لێ هاتبوو. — گوتی ئێی سافیارە کوێر لەکوێی لە کوێ نیت، بۆ دیارنیت؟ سافیار دەیزانی لە سۆنگەی چییە ئەو پرسیارانەی لێ دەکات، بەسەری زمانی وەڵامی دەدایەوە دەیگوت: ئاخر پیاوێکی نەداری وەک من لێرە چی بکات؟وردە وردە گورجی دەیویست بەبن زمانی بکەوێ، ناوە ناوەش سەرنجی بەرزەهاری سافیاری دەدا، دەیزانی سافیار خۆی لەبەرابەر ئەو رانە پڕ خوێنو سافو لوسو گۆشتنەی ئەو راناگرێ، لەژێرەوە وەک تەوری لێ کردبوو، بێ چەندو چۆن گورجی وتی:

– هەستە سافیار با شەرتێ بکەین، نە لەمن دەنگو نە لە تۆ دەنگ، هێدی هێدی جلەکانی بەری داکەنیو سافیاریش دەتگوت ئاشی لە گیان دەگەڕێو شێتو هار بوو. گورجی هەرکە رووت بۆوە ئیدی دەستی بۆ سافیار درێژ کردو شەڵوارەکەی پێ داکەندو شەرواڵ لە مام شەهابی سافیار گیربوو نەهاتە خوارەوە، گورجی کە چاوی بەو تاتە زلە کەوت، ئیدی ئاوی لەدەم دەهاتو یەکسەر پەلکێشی سەرەخۆی کردو دەتگوت سەد ساڵە هیچی نەدیوە، سافیاریش هێندە تینوو بوو لەگەڵ یەکەمو دووەمو سێیەم جاری جولەو تەکانی، فنجانێ ئاوی هەڵدەڕژاندە ناخیو ئاهی چەندین ساڵەی هاتەوەبەر، بەڵام ئەو هێشتا هەر قیت بوو، بۆیەش هەمدیس خۆی هاویشتە سەریەوەو ئەمجارە وەک ئاژەڵێکی وەحشی گیانی بە قەپ شینو مۆر کرد، سافیار بێ چەندو چۆن سەری رەزای لەقاند، کە ئیدی نە لەو دەنگو نە لەم دەنگو پێی لە شەڵوار هەڵکێشاو جێی هەر دە پەنجەی بەسەر شانی گۆشتنی گورجییەوە سوور دەچۆوە. ئەوەی گورجی شەبەقدار لە ژیانیدا لە تۆغرول بەگی نەبینی بوو، غوڵام بۆی پەیدا کرد، ئێستاش گورجی پێی وایە ئەوەی غوڵامیش بۆی نەکردووە سافیار بە گۆجەیی خۆی هەمووی بۆ هێنایە وجود. سافیار ئێستاش گۆڕەکەی هەر لەگەڵ گۆڕی پیاوماقوڵانی شارەو لەناوەندی شاردا، ئێستاش بۆتە خۆڵەمێش،ئیدی هەر لەو ڕۆژەوە سافیار کە لە ژیانیدا شتی وا خۆشو بەلەزەتی نەبینی بوو وەک لاسکە ریواس نەرمو نیان بوو، گورجیش ئەو ژنە پڕ لە شەبەقە، کە چەندین ساڵە تووشی بە تووشی تۆغرول بەگی ناو سووڵتانەکان بووەو مێژەری سەری دەتگوت بە دە کەسان شەتەکیان داوە، ئێستا هەردووکیان لەناوەندی گۆڕستانی شاردا کە بە شورەیەکی خشت ئەزمێری دەورە دراونو بوونەتە خۆڵەمێش، بە حاڵ بۆی دەجوڵاندو قەتی بە تەواوی بە پڕ خوێنی لێ نەبینی بوو، جارجارە هەر چاوی لێ بوو سافیارە کوێر بەخۆیو بە حەوت پەنجەوە بێتەوە لایو بیهاوێتە سەر خۆی، ناوەناوە دەیناردە دوایەوە، ئیدی سافیار وادەی لەگەڵ نوێ دەکردەوەو جارێکی دیکەشی دەیهاویشتە سەرخۆیو دەڕۆیی، ماوەییێکی دیکە دەیناردەوە دوایەوە، بەم جۆرە عەیامێکی باش سافیاری لەخۆی کەفو کوڵکوژ کرد، ئیدی هەر کاتەی غوڵامی ئەبخازی دەهاتو دەیبینی گورجی خانم وەکو جاران نەماوەو ئەو گورجیەی هەرکات ئەو دەگەیشتە ژوورەوە رووتو قووتی دەکردەوەو هەموو گیانی دەلستەوەو چەندین خولەک لەژێریەوە دەبوورایەوەو یەکسەر دڵی پڕ لە ختورات دەبوو، شەوانە کە دەچووە کۆشکە دوور ژوورەکەی گورجی لای تۆغرول بەگ، بە دەستەکانی خۆی

تۆغرول بەگی گەرم دەکردەوە، بەڵام چی پێ لەگەڵ غوڵام نەدەکرا، ناچار هەموو کڵوکۆی خۆی بە تۆغرول بەگ دەکوژاندەوە، هەر بە خەیاڵی گورجی بەسەر پشتی تۆغرول بەگدا بەرزو نەوی دەبۆوە، هەموو بەرەبەیانییێکیش تۆغرول بەگ دەیناردەوە لای گورجی، بەڵکو کارێکی هەبێو بۆی بکات. بەڵام بەرەبەیانان کە دەگەڕایەوە لای تۆغرول بەگ نەیدەگوت گورجی تا نیوەڕۆ هەڵناستێو یەکسەر دەیگوت گورجی ئەم شەو نەخەوتووە، ئێ ئەمە خوایە تۆغرول بەگ دەگەڕێتەوە لای، بەڵکو ئەویش سەرەدەرێ لە مەسەلەکە دەردەکات، یا بەلانی کەم گورجی چاوی بە تۆغرول بەگ دەکەوێتەوە کە چۆن چۆنی شەوانە خۆی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکاتو هەر سەبارەت بەوەی گورجی خانم شەبەقی بکوژێتەوە، بەڵام هیچ بەهیچ ناکات، ئەوسا دووبارە خورتیو بازوبەندی ئەوی وەبیر دێتەوە، کە چۆن وەک پڵنگ هەڵیدەکوتایە سەریو دەیخستە خەوێکی قووڵەوە، غوڵام لەو خەیاڵانەدا بوو، خۆی وەک کەسێکی پڕ هەیبەت دەهاتە بەرچاوان، خەریک بوو وەک تاوس خۆی گیڤ بکاتەوە، کە تۆغرول بەگ بانگی کردو کۆشکی خەیاڵی روخاندو وتی:

– ئەهای ئەبخازی وەرە بزانم .

غوڵام لێی نزیک دەبێتەوەو هەردووڵاش چاویان لەبەرامبەر یەک هەمان شەوقی گوماناوی هەیە، خان دەیگوت ئەرێ ئەبخازی گورجی دەبێ ئەم شەو بۆ نەخەوتبێ؟ غوڵام لەکاتێکدا یەک بەیەک بەربەیانیانی خۆی وەبیر دەهاتەوە کە چۆن چۆنیو بەرووتو قووتی لەسەر هەمان ئەو جەستەیەی کە تۆغرول بەگ تیایا رۆحی خۆی هەڵدەڕشت، ئەو تیادا نوقمی لەزەت دەبوو، لەبیری دەچوو وەڵامی تۆغرول بەگ بداتەوەو تۆغرول بەگیش لێی لە هەللا دەدا، ئیدی ئەبخازی بێدار دەبۆوەو دەیگوت: دیارە غەریبی جەنابتی کردووە، یا بزانە دڵی بەچی توند بووە.

ئەوەی گورجی بینیبووی لە سافیار قەتی لەبیر نەدەچۆوە، توندو تۆڵ و خورت، پشتێکی تژی دەمار، هەرکە بیری لەو خەسڵەتانەی سافیار دەکردەوە، وردە وردە خەیاڵی هەڵدەچووو بیری سافیاری دەپرژایە سەرو دەیناردە دوایەوە، سافیاریش دەیزانی چ برینێکی لە دڵی گورجی کردۆتەوە، دەشیزانی ئەو برینەی گورجی خانم بەچی سارێژ دەبێت، هەر بۆیە ئەگەر لەبنی دنیاش بووایە خۆی دەگەیاندە گورجی خانم، هەموو جارێ گورجی خانمیش خۆی دەکردەوەو رۆحی دەدایە بەر تاقگەی پڕ شیری سافیارەوە، ئەو سافیارەی کە ئێستا لە ناوەندی شارداو لە گۆڕستانی دێرینی ئەو شارەدا لەگەڵ پیاوماقوڵاندا، لەژێر خاکو خۆڵدا ئێسکو پروسکی رزییە،

غولامی ئەبخازیش قەتی ئەو خۆشاوە لەگیانی وشک نەدەبوو، کە لە گورجی خانمدا بینی بووی، هەر بۆیە هەمیشە بەخەیاڵ بەدیار لەشو لاری سفتو گۆشتنی گورجیەوە بوو. ئیدی ئەو ڕۆژەش تەواو بوو، وەهمی سووڵتانەکانیش تەواو، ئێستاکە لە گۆڕستانی شارەکەمدا، ئێسکو پروسکی ئەوانە بۆتە خۆڵەمێش، کە ئەگەر بلوێ هەموویان لە کیسەیەک دەکەمو هەڵیاندەڕێژمە زبڵدانەکانەوە، شەویش غولامو تۆغرل بەگ دەچونە ژووری خۆیانو وەک هەمیشە پەنجەرەکانی کۆشکیان دادەخستو غولام دەکەوتەوە کاری خۆیو دەشیزانی کابرای تۆغرل بەگ تازە قەت ئەو ڕۆحەی نایەتەوە بەر،هەر بۆیە بێ ئەوەی وەکو جاران تۆزێ خەریکی بێت، یەکسەر تۆغرل بەگی وەردەگێڕا، سەرەتا هەر بۆ هەوەس هەوڵی دەدا بزانێ تۆغرول بەگ پیلە دەکات یا نا؟ ئینجا هێدی هێدی کەمەری دەگرتو شیرڕێژی دەکرد. تۆغرل بەگیش وەک ئەوەی هەموو گیانی چەور کەن دادەکەوتو دوای کەمێک دەچووە خەوی قووڵەوە، ئەوسا غولام وەک جاران نەمابوو بەتەنها دەمایەوەو لەسەر پشت ڕادەکشاو دەگەڕایەوە ناوەوەی خۆی، بیری لە منداڵێتی خۆی دەکردەوە، ئەو کاتەی وەبیر دەهاتەوە کە تۆغرل بەگ بە زەبری لیرەو پارەی خۆی ئەوی کڕیەوە، یەکە یەکە ڕوژانو ساڵو مانگانی دەهاتنەوە بەرچاو، ئەو منالانەی وەبیر دەهاتەوە کە لەگەڵ یەکەم شالاوی ڕاگواستنو ڕاوکردنو ڕەدونان کەوتنی بەر چەکمەی سەربازکانی ستالین، چۆن چۆنی پەرشو بڵاوی سەر ئەرزی دنیابوون، چارەنووس ئەویشی خستۆتە سەر پشتی تۆغرل بەگەوە، ئیدی لەم خەیاڵەی دەبۆوەو سەیرێکی تۆغرل بەگی دەکرد، کە نوقمی خەوێکی قووڵ بووە، هەڵدەستایەوە سەیرێکی لای کۆشکی گورجی خانمی دەکرد، کە لە دوورەوە بە سوسە سوسی چراکەوە پەنجەرەکانی دەخستە باقو بریقەوە، ئاخ ئەگەر بەو دەمودەستە تۆغرل بەگ دەنێرێتە لای گورجی، دووبارە ئەو پڵنگە پڕ شیرە هەڵستێتەوەو گیانی پڕ لە گەنمی ژیان بکات، بەلام گورجی خانم هەر ئەوەتە غولام ئەبخازی لەبیر مابوو، ئەو غولامەی کە ئێستا گۆەکەی لەتەک سووڵتانو سووڵتانزادەکانەوەیە، چونکە سافیار بژێوی پشتی بری بوو، ئێستاکە هەر هەموویان بوونەتە خاکو خۆڵ، گۆڕستان بەزمیان دەگێڕێتەوە.

## بەشی چواردەم

ئاوەها وەهمەکانی سوولتان و بەردەستەکان و پیاوانی سوولتان، تا دەهات کاڵ و کاڵتر دەبوونەوە، ئێستاکەش لەنێو گۆڕستاندا بوونەتە ئێسکو پروسک، شەوێکی تووش بوو، رەنگە شەوی وا کەم دووبارە بێتەوە، گۆڕی ئەو ئوسمانلیانە هێندە سروشتکوژ بوو، هەتا دڕکیشی لەسەر شین نەدەبوو، شار بەخۆوەی نەدەگرتن، هەندێ جار لە قووڵایی گۆڕەوە هەڵیدەدانەوە سەر زەوی، من نازانم خەڵکی شار بۆ ناویان نابوو گۆڕستانی پیاوماقوڵان؟! ئایا هەر هەوەس بوو تا بەتێز پێکردنەوە ناویان بهێنن؟ یاخود بۆئەوە بوو جیا بکرێنەوە؟ لەکاتێکدا هێندەی سوولتانو سوولتانزادەی سووکو چرۆکی تیا شاردرابۆوە کە گۆڕستانەکە لەدەمەدەمی ئێواران دەتگوت زەوی لەرزیوەو گۆڕەکان هەموو دەتەقینەوە، جا ناوەندی ئەم شارە موتفەرکە تژی دەبوو لەجورجو بزن مژو جۆرەها زیندەوەری سەیر و سەمەرە، ئەگەر لە دوورەوە سەیریان کردبا، ئەوە دەتگوت دنیایەکی دیکەیە جیا لە دنیای ئێمە، گۆڕ نەدەما شەق نەبات، یاخود کونو کەلەبەری تیا نەکەوێتەوە، دیمەنێکی ئەفسانەئامێزی بەدگۆڕان بوو، جا ئەگەر لە حاڵێکی ئاوادا شەوێکی ئاوای بەسەرا بێو رێت بکەوێتە ئەو نزیکانە دڵت دادەخورپێو بەتەواوی شامل ئۆرتەغڵ دەبینیەوە، خۆیو کفنە شیتاڵ شیتاڵەکەی لەگۆڕ قیت بۆتەوەو هەرچی شەمشەمەکوێرەی دنیا هەیە لێی کۆبونەتەوەو هەموو گیانی چرنوکرێژ دەکەنو ئێسقانەکانی لەبەر یەک دەترازێننو سیرە سیریان دێت، بەتەواوی لەبەرچاومە، شامل ئۆرتەغڵ کە سێبەری سوولتان بوو، هەمیشە مێزەری بۆ رێک دەدایەوە، چۆن سەیری مانگ دەکا، کە جارجارە لەژێر هەورێکی رەشدا، لاجانگی بریقە دەداتەوە، تریفەی مانگیش هەردوو کاپێلکی چاو تێنەماوی پڕ شەوق دەکا، جێی هەردوو چاوی لە کاپێلکی سەریدا وەک دوو کوانوی ئاگر گڕیان هەڵدەڕشت، مرۆڤ نەیدەتوانی سەیریان بکات، ترسێک دایدەگرتو بەناچاری رووی وەردەگێڕا، کە دووبارە سەیری دەکردنەوە، شامل ئۆرتەغڵ ون دەبوو و ناچار تێی دەتەقاند، نەوەکا بەر نەفرەتی شامل ئۆرتەغڵ بکەوێت،کە ئەو ناوەی پڕ لەسام و بۆنی گەنیو دەکرد،ئیستێش ئەو ریزە گۆڕە کەونارەی کە تەواوی پیاوماقوڵانی تیابوو، کە تەواوی بە سافیارەوەش، هەر هەموویان داغان داغان بووینە، کوندەپەپۆیان بەسەردا دەبومێنێ، ئەمەش نەویدی نەگبەتێکی گەورە بوو، ئەو هەموو جێ چاوە بریقەدارانە بەو هەموو توندو تیژییەوە، سەیری رێبواران دەکەنو لە شەوێکی واشدا کە هەموو ئەستێرەکان لەناو دوکەڵی هەوردا خنکاون،

چاو چاو نابینیَ، دەکریَ وا هەست بکەین کە خەرەندیَک ترس قووتمان دەدات، تۆغرولْ بەگ کە خودانی ئەو هەموو کۆشکو تەلارو باڵەخانەیە بوو، هەمیشە پێیەکی لە ئاستانەی سوولْتانەکان بوو، پێیەکیشی لەهەیوانی خەلیفەکان، گۆڕەکەی بە چەشنیَ شەقی بردبوو، دەلْیی ئەو شەوە بە دەیان کەس بە بیْلّو پاچەوە گۆڕەکەیان هەلْداوەتەوە، تۆغرولْ بەگیان هێناوەتە دەرەوە، تۆغرولْ بەگ پەنجەکانی هەلْوەریوونو قاچێکی بۆتە خاکستەر وەک دەعبایەکی زۆر سەیر ئێسقانی پەراسووەکانی لیَک ترازابوونو هەموو جرو جانەوەرەکانیش بەسەر یەک قاچەکەیەوە وەک قۆشەنی مێرولە دەهات و دەچوون، گەر لە نزیکەوە سەیرت کردباهەرگیز باوەڕت نەدەکرد، کە مرۆڤ شتێکی هێندە کەمو بۆش بیَ، ناوەناوە جورجەکانیش وەک شارە مێرووولە بەسەر قامەتی ناموبارەکی هەلْدەگەڕانو باریان هێندە قورس دەکرد، بە شکستو سەفیلەوە هەلْیان دەدایەوە نێوگۆڕەکەیەوە، هێندێکیش ددانەکانیان لە ئێسقانی گیر دەکردو دەریاندەهێنایە دەرەوە، نەدەکرا مرۆڤ باوەڕ بەم گەمە سریالیە بکاتو بەم چەشنە خورافاتانە یەقینی بجمیَ، ئەگەر بەچاوی خۆی نەیبینیبا، بەلاْم کە بینیت ناچاری بچیتە بنجو بناوانیەوە، شتی زۆر سەیرو سەمەرە لەم گۆڕستانە رووی دەدا، سپێدەیەک کە خەلْک هەمووی لە خەودا بوون، سەگوەڕو زیڕەی پشیلان خەلْکیان هەراسان دەکرد، هەر هەموویان وەئاگا هاتبوونو نەیاندەزانی چی بووە، هێشتا تاریک رونی بەیانی بوو، کە دنیا زێتر رون بووەوە، خەلْکی بەچاوی خۆیان بینی بوویان، گورجی خانمی ژنی تۆغرولْ بەگ وەک کۆمەلْە ئێسقانێکی رزیو کە تەنها کەللەسەری مابوو هێشتا گەردەنبەندەکەی لە مل دابوو، بەسەر ئێسقانی ملیەوە وەکو چرک گیری خواردبوو، دەدرەوشایەوە، لەبەردەم کۆشکو سەراکەی خۆیان هەلْیانڕشتبوو، گورجی خانمیان لە تورەگەیەک کرد، ئەو گورجی خانمەی لە پشت دەماغی تۆغرولْ بەگەوە هەموو شەوقو شەبەقی خۆی بە غولاْم ئەبخازیَو سافیارە گۆج دادەمرکاندەوەو قەت تێر نەدەبوو، بردیانەوە گۆڕستان، لە ڕێگەشدا شوێن پێی ئەو زیندەوەرە گۆڕستانیانە دیاربوو، کە چۆن چۆنی رایانکێشاوە، کە چوونەوە سەر گۆڕەکەی بەڕاستی سەریان سوڕمابوو ئاخر ئەم هەموو خاکو خۆلْە چۆن هەلْدراوەتەوە، هەموو ڕۆژێک لە گۆڕستانی پیاوماقولاْن شتیَ رووی دەداو رۆحی ئەو داشمەشدایانەیان بەرهەلا دەکرد، لە هەموو ڕووداوەکان سەیرتر سافیار بوو کە رەنگە خەیالْیش بۆ ئەوهەموو جۆرە شتانە نەڕوا، ڕووداوەکەشی قەتاو قەت خەیالْ نەیگرێتەوە، گەرمای نیوەڕۆ لەشی مرۆڤی دەخستە مێرووولەوە،

تەواو لەناوەندی گۆڕەکەی سافیاردا دوکەڵێکی شین هەڵدەستاو تەواوی ڕێبوارانی خستبووە سەرسامیەوە، ئەو نیوەڕۆیە خەڵکێکی ئێجگار زۆر لە دوورەوە سەیریان دەکرد، هەندێک لەسەرو مێشکی خۆیان دەداو دەیانگوت وجاغی باوانمانە هاتۆتە ڕێمان، نەیاندەزانی نەگبەتی بونییانە، ئیدی تا دەهات ئەو ناوە پڕ دەبوو لە ئاپۆرەی خەڵک، دەنگوباس گەیشتەوە شار هەر بابا بوو خەڵکان بە تەنهاو بە کۆمەڵ بۆ سەر گۆڕستان ڕایاندەکرد، تا ئەو موجیزەیە بەچاوی خۆیان ببینن، ڕوژ ئاوابوو ئاسۆییێکی خوێناوی گۆڕستانی داپۆشیو لەناکاو گۆر تەقیەوە. ئەسپێکی سوور سوور لەناو دوکەڵداو لەنێو ڕەنگی ئەرخەوانی ئاسۆدا قرمزی قرمزی دەهاتە دەرەوە، مرۆڤ نەیدەزانی لەنێو گۆڕەکە هاتە دەرەوە یا چۆن پەیدابوو، ئەسپ یەک یەک گۆڕەکانی بۆن دەکرد، تیشک تیشک هەڵیدەپاچین‌و جێی دەهێشتن، ئەسپ بە رقێکی زۆرەوە بەسەریاندا رادەبورد، تا گەیشتە سەر گۆڕی غولام ئەبخازی کە هەزاران هەزار کیلۆمەتر ڕێ دوورتر لەزێدی خۆی ناشترابوو، بەسەر گۆڕەکەیەوە وەستاو روو لە ئاسۆ حیلەیەکی بە سەردا کرد، تەک تەکی کێڵەکانی وردوخاش کرد، خەڵکی خستە ناو سەماییێکی ئێجگار شێتانەو ئەقڵی ئەوسای مرۆڤی بۆ لایەکی دیکە برد،کورژنێکی سیحرئامێز، هەر ئەوێ دەمێ بوو، سافیاری ئێستا ئەسپی سورخن، بەهێزی حیلەو کورژنی خۆی، گۆڕی غولام ئەبخازی پاکو پوختە هەڵدایەوە، ئەبخازی وەک غولامەکەی جاران کە هەموو ژیانی لەسەر پشتو بن پێشی تۆغروڵ بەگەوە بەسەربردبوو هەڵگرت، وەک گورشە ئاگرێکی فڕیو لە یەک لەحزەدا لەبەر چاوان ون بوون، ئینجا گۆڕستان تاریک هەڵگەڕا، ئێستاکە خەڵکی نازانن ئەمە حەقیقەت بوو یا خەیاڵ، ئەوە نەبێ کە هەردوو گۆڕەکەی سافیارە گۆجو غولام ئەبخازی ، ئێستاکە هیچیان نەماوە، تاکە ئێسقانێکێشیان نەدۆزراوەتەوە.

## بەشی پازدەم

شەیپور کە کت و مت لە ڕۆحی برینداری ڕێبەرەوە هەڵدەقوڵا، وەکو ئەو هەمیشە لە نێو روانینی ئاسۆدا وێنە جوانەکانی مەملەکەتی دەدۆزییەوە، لە قوڵایی شاخە هەزار بە هەزارەکانی زاگرۆسەوە، پەڕیبووە نێو شارو بەهەزاران هەزار دوندو ترۆپکو رووباری بڕی بوو، هیچ شوێنێک لە جەستەی ئەو پیاوەدا نەمابوو برینێکی تیا نەبێ، ماندووبوونی سەدەها ساڵ کوێرەوەریو دەربەردەریو راکە راکی پێوە دیاربوو، لە ڕووخساریدا شەوقی دەدایەوە، هەر لۆچێکی تەوێڵی سەربهوردی سەدەها ڕووداوی دەگێرایەوە، پیاو لەتەکیا هەستی بەوە دەکرد کە لەنێو کۆمەڵگایەکی دیکەدا دەژیت، هەموو دەستەواژەو قسەکانی گوزارەی لە ئەوپەڕی وەحشەتو گەڕانەوە بۆ کێوگەرایی دەکرد، شەیپور ئەگەر کارێکی نەچووبایە ئەقڵ، یاخود کارێک دەماری بگرتایە، خۆی لەسەر بەکوشت دەدا، نمونەی ئەو جۆرە مرۆڤە کەمتر لەسەر زەویدا مابوون، ڕێوڕەچەڵەکیان تەواو بڕابۆوە، ئیدی شەیپور کەوتبووە ئەم شارە ولە هەمووان زیاتر دەیزانی، سووڵتانو سووڵتانزادەکانی ئەو شارە لە چ بەزمو سەفای یەکدا خوێنی شاریان هەڵدەمژی، هێندە رقی لەوانەبوو، ڕوژانە هەر بۆ خاتری تفێ سەری لە گۆڕستانی پیاوماقوڵان دەداو دەگەڕایەوە، جاری وا هەبوو شەوقی دەوڵەتێکی دەبڕیو بە مانگێ نەدەهاتەوە، بەڵام کەس نەیدەزانی لەپای چییە شەیپور هێندە زوو زوو ون دەبێو دەگەڕێتەوە، قەتیش لای کەس ئەو نهێنییەی نەدەدرکاند، تا ئەو ڕۆژەی یەکێک هەر لە کونجی هەوەسەوە چاودێری شەیپوری کردبوو، بینیی بووی شەیپور هەموو دەمەو ئێواران سەر لە گۆڕی پیاوماقوڵان دەداو تفی خۆی دەهاوێ، ئینجا کیسەکەی باخەڵی دەردەهێنێ هەر جارەو خۆڵی سەر گۆڕێکی تێ دەکات و بەرەو ماڵ دەگەڕییەوە، ئیدی ئەوە پیشەی ڕوژانەی شەیپور بوو. ساڵ دوانزەی مانگ خەریکی ئەم کارە سارسام ئامێزەی بوو، هێشتاکەش کەس نەیدەزانی لەپای چیە، شەیپور هێندە موکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە یەک دەنکە خۆڵ لەو کیسانە نەکەوێتە خوارەوە، ئەو بۆ خۆی پێی وابوو هەر دەنکە خۆڵێکی سەر سینەی ئەو مردووانەی گۆڕستانی پیاوماقوڵان، ئەگەر بڕژابایە سەر زەوییەوە، ئیدی ئەم زەویە پیرۆزیەکەی لێ دەچکێو ئاوەگڵ دەبێت ، ساڵو مانگێکی زۆر ڕەت بوون، شەیپور ئەمە کارو پیشەی بوو، تا ئەو ڕوژەی شەیپور شنگو تاقەتی لەبەر بڕاو پیری هورژمی بۆ هێناو، جارە جارە کە لەسێبەرو بەرکەناران دادەنیشت، ورد ورد فرمێسکی گەشو ئاگرینی بەسەر ئەو ریشە سپییە جوانەی وەردەکردو

به هەردوو چاوە گەورەکانیەوە، دوور دوور دەیڕوانی، غەرقی کرێشمەو تێرامانێکی هێجگار قووڵ دەبوو، دیسان هەر کەس نەیدەزانی لەپای چییە؟ شەیپور بونەوەرێکی زۆر غەریب بوو، لەو شارەدا هەر سەبارەت بە غەریبیو ئاوارەیی خۆی بوو، خەڵکی خۆشیان دەویستو لەسەر دەستان رایانگرتبوو، زستانێکی پڕ لە باوو بۆران بەرەو شار دەهات، وەرز دەگۆڕا، شەیپور ئەمجارە کەمتر بەدیار دەکەوت، خەڵکی دەیانزانی زۆر بێ تاقەت بووە، ئێوارەیەکی زستانی بوو، خەڵک شەیپوریان لە دەرەوەی گۆڕستانەوە بینی، کە کەوتووەو بڕستی نەماوە، لێی نزیک بونەوەو هەڵیانگرتو هێدی هێدی بەرەوماڵەوەیان بردەوەو ئەویش هەر هاواری دەکرد،: دەخیلتان بم ، دەخیلتان بم، ئەم کارەی من پێم تەواو نەکرا، ئێوە تەواوی بکەن، ئەوانە بەرەکەتی ئەو شارەیان زەوت کردووە، ئەوانە ماکێکی ڕەشن بە تەوێڵی ئەم شارەوە، فڕێیان دەن، گۆڕیان لە تورەگە بکەنو فڕێیان بدەنە دەریاکانەوە، دووریان خەنەوە، ئەمانە مۆرانەن!.
هەر لەو ڕۆژەوەی خەڵک بەوەییان زانی کە شەیپوور لەپای چییە ئەم هەموو خۆڵەی گۆڕەکان لە کیسە دەکاتو بۆچی ناوەناوە دەڕواو سەرهەڵدەگرێ، تومەز هەر خەریکی ئەوە بووە کە ئەو کیسانەی تژی خۆڵی سەر سینەی پڕ رقی سووڵتانەکان بکات و بیانگوازێتەوە، سنوور ببڕێو فڕێیان بداتە دەریاوە، شەیپور ئێستاکە بەسەر گردێکی دووری شار لە خەوێکی ئەبەدی دایەو هەموو وەرزی بەهاران، خەڵکی شار دەچنە دەوروبەری ئەو گۆڕەو گیای سەر سینەی شەیپور ماچ دەکەنو گۆڕەکەی پیرۆز دەکەن، پێیان وایە ئەو کەمە بەهارەی کە ماوە هەر لەسۆنگەی فڕێدانی ئەو کیسە خۆڵە پۆخڵانەوەیە، کە شەیپوور تووڕی هەڵدەدانە ناو دەریاو، پێی وابوو بەم کارە وەهمی سووڵتانەکان دەرەوێنێتەوە، هەر بۆیەش نەوە بە نەوە کەبیر لە وەهمی رابردووی سووڵتانو داهاتووی زوڵم دەکەنەوە، وەک سرووتێکی ئەبەدی ئەو شارە هەموو ئەو دەمە بەهارانەی کە خەڵکی شار لەسەر گۆڕی شەیپور دەگەڕێنەوە، خۆیان لە گیای سەر سینەی شەیپور هەڵدەسونو ماچی دەکەن، بە یادی پیریی بە هەڵم بووی خۆیان بە یادی مەملەکەتی نەیستانی لە دەست چوویان، سەر سینەی بە چەپکە گوڵ پیرۆز دەکەن، هەموو وەرزی بەهارابوون، خەڵکی شار دەچنە دەوروبەری ئەو گۆڕە، گیای سەر سینەی شەیپور ماچ دەکەنو گۆڕەکەی پیرۆز دەکەبوون، ئێساکە یادی رێبەرو شەیپوور تێکەڵ بە یەک بووە، خەڵکی پیرۆزییان دەکەن، پێیان وایە ئەو کەمە بەهارەی کە ماوە، هەر لەسۆنگەی فڕێدانی ئەو کیسە خۆڵە پۆخڵانەیە، کە شەیپوور تووڕی هەڵدەدانە ناو

دەریاو پێی وایە بەم کارە وەهمی سوڵتانەکان دەڕەوێنێتەوە،بۆ ماوەیەک وەکو ئەو دوور دوور دەڕوانن‌و فرمێسک هەڵدەڕێژن، بەرەو گۆڕستانی پیاوماقوڵانی شار شۆڕ دەبنەوە، هەریەکەو کیسەی باخەڵی دەردێنیۆ تژی خۆڵی ئەو گۆڕە مۆن و بەدانەی دەکەن و هەموویان بەیەکەوە بەرەو رووبارەکەی قەراخی شارو بەرداوەکەی سەنحاریب دەڕۆن، کە ئاوەکەی دەچێتەوە سەر دەریا ئاکام کوژەکەی سیڤەرو تووڕی هەڵدەدەن، تا بۆ ئەبەد گیرۆدەی وەهمی سووڵتانەکانی داهاتوو نەبنەوە.

## بەشی شازدەم

## ئەسپەکانی ناو با

ئەو ڕۆژەی کە کتێبدار لە مەملەکەتی نەیستاندا، وەک هەڵمێکی شین، خەڵکی نەیستانێی لە نێو خەم و کارەساتی تەنهاییدا بە جێهێشت، هەوادارانی ئەو هەرگیز لە یادی زێدی لە دەستچووی خۆیاندا نەحەسانەوە، ڕێبەر هەرجارەی لە ڕۆحی بە کۆمەڵ وەیا لە ڕۆحی یەکێ لەو خەڵکانەدا زیندوو دەبۆوە، ئەو دەمەی کە شەیپوور خەریکی پاک کردنەوەی مەملەکەت بوو، لە خۆڵی گڵاوی وەچەکانی سووڵتان و پاشان گۆڕەکەی بوو بە مەزارگای پیرۆزوی خەڵک، ئیدی مێرێ ئەواندەمان لە نێو ڕۆحی سەرهەڵدانەوەیەکی تازە ، سەیری ئاسۆی دەکرد.

(سەرتەنگ) لە بەری دێی (تروانش) گوندە گەورە و خەمگینەکەی فەلان، لە تاشەبەردە دوورەکانی دواوەی (کانی ماسی) دا وەک ئاوی ڕووبارێکی تووڕە بۆ ناوەوە هەڵدەڕژا، ئەوانە هەر لە ئەزەلەوە وەک یەتیمێکی لەبیر کراوی خودا لەوێ فڕێ درابوون، هەر لەوێشەوە بۆ ماوەی هەزاران هەزار ساڵ مانەوەو زاووزێیان کرد، هێزی مانەوەی ئەوان لە هێزی مانەوەی ئەو زنجیرە ئەبەدییەی چیاکان نەبوو، بەڵکو لە هێزی هەمیشە هەڵچووی ئەو زەنگە ئەفسانەییەی کەلیسا دێرینەکەیان بوو، کە هەمیشەو بۆ ئەبەد ئەوانی لەگەڵ دژوارترین ڕۆژگاردا هەموار دەکردو دەگونجان، چیاکانیش وەک تەیمانێکی ئەبەدی دەوری ئەوانی دابوو و لەو سەرزەمینە پان و پۆڕەی دابڕیبوون، هەربۆیەش ئەوان کۆمەڵە مرۆڤێکی جیا بوون، جگە لەزێدی خۆیان و ئاسمانی سەر ئەو زێدە هیچ شوێنێکی دنیایان ئەندێشە نەدەکرد، لە دوور دووری دێکەوە گۆڕستانی فەلان وەک بەهارستانێکی سەوز پشتی لە ئاواییە دوورەکانی بەرواری باڵا کردبوو، لەژێر خاک خۆڵی بە بەفر داپۆشراوی ئەو ناوە، چەندین نەوە دەستیان لە ملی یەکتر کردبوو و لە خەوێکی ئەبەدیدا، ئەفسانەی قارەمانەکانی خۆیان دەگێڕایەوە، مەزارگاییێکی سەیران ئامێز بوو، هەمیشە سوور سوور دەچۆوە، کە باییێکی پاییزی لێی دەدان ئەو ناوە پڕ لە پەپوولە دەبوو و یادەوەری زیندووەکانی تیژ دەکردەوە، ژیان لە نێوەندی (تروانش و سەرتەنگ) دا چارەنووسێکی دیکەی نەبوو، جگە لەوەی بە ناچاری لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی سروشت و بەرد و دارەکەیا لە یەکیەتییێکی ئەزەلیدا بتوێتەوە، ئەو ڕەز و باخاتەی ئەوان ساڵ دوانزەی مانگ پەروەردەیان دەکرد بەس بوو بۆ ئەوەی هەزاران هەزار ساڵی تر لەو بنارە نادیارەدا بژین، یادی نەیستانی سەمەد لە ڕۆحیانا بە زیندوویی بمینێتەوە، هەربۆیەش ئەگەر ڕێت کەوتبا

دێرە جوانەکەی کە وەک خاچێکی بەردین پشتی بە شاخەکەوە دابوو، یا ئەو گۆڕستانە سەوزەی ئەوێکەوە، ئەوە مێژووی خەڵکانێکت دەدی هەر لەوێ لەدایک بووینەو هەر لەوێش کۆچی دواییان کردووە بێ ئەوەی یەک پێ لەو زێدە ترازابن، تروانش زۆر لە ئەفسانەکان دەچوو بەڕادەیەک ئەگەر دیقەتێکی وردت پێدابا ئەوە وەکو خەون دەهاتە بەر چاوان، لە نێوان زەوی و ئاسماندا خولی دەخوارد و دەمەیی، خەڵکانیشی لە کۆمەڵە کەسێک دەچوون کە زیاتر پەیوەندیان لەگەڵ ئاسماندا بێ. مەگۆ کورتەی ناوی مێریێ بوو، لە سرووتێکی ئەبەدیدا نەهامەتیەکانی ئێمەی دەگێڕایەوە، گوزارشتی لە ڕۆحی هەڵفڕیوی خۆی دەکرد، هەر لەو ڕۆژەوە مەگۆ تروانشی بە جێ هێشت و خۆی کرد بە قوربانی ئایدیا سەوزەکانی سەرتەنگ، ئەوە ئەو ڕۆژە بۆ تا هەتا خالیقی ئەفسانەی جوانی و ئەڤین بوو.

مێریێ سیمایێکی ونی ناو کۆمەڵە مرۆڤێکی هێجگار غەریب بوو، وەکو جەستە لە ماسی ئاوە دوورەکان دەچوو، دەتگوت لە شوێنێکی هێجگار دوورەوە هاتووەو نەتوانێ پەیوەندییەک بۆ خودی خۆی لەگەڵ دەوروبەر دروست بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەمیشە بە رەوتی سەمایێکی جوان جێگەی بۆ خەونەکانی خۆی دەکردەوە، لەنێو ئەم کۆمەڵە مرۆڤەدا وەک کۆترێکی باڵکراوی خەمگین وابوو، فڕینەکانی بە قەد باڵای خۆی لە بەرزایی دا دەمەیی، تەنک تەنک دەتگوت ئەو ئاوەیە تازە لە کانییێکی تەقیودا بازرقە دەدات، دەموچاوێکی خڕکەڵەو قەفقاسیانە، مەچەکێکی توندوتۆڵی ئازەریانە، گفت و لفتی مایەی سەرنج راکێشانی ئەو کۆمەڵەیە بوو، کە هەریەکە لە سووچێکی ئەم دنیایەدا پەڕیبوونە نێو ئەم دۆڵانە، مێریێ هەمیشە لە لوتکە دوورەکانی دەڕوانی، جارجارە وەها دادەڕژایە ناو رووانین وەکو ئەوەی لەگەڵ نادیاردا قسە بکات، بەشێوەیەک بوو ئەوانی دەوروبەری خۆی دەخستە جۆرێک لە دڵەڕاوکێ، یاخود شتێک لەم چەشنەدا. ئەو هەمیشە شتێکی دەنووسییەوە، زۆربەی ئەو لاپەڕە سپیانەی دەینووسینەوە، لە ڕۆژێکی سەختی زستاندا لەو گەوەرەی لە بنارێکەوە لێمان دابوو کەوتە بەردەستی من، بەڵام نەمزانی ئەو کاتە بۆ وەها لە ناکاو ون بوو، ئیدی سەرو سۆراغیم نەدۆزییەوە، هەتا زەمانێکی درەنگ ئەوسا زانیم، وەک شەبەنگێ هات و تێپەڕی. ئەوەشم لەبیر ناچێ شەوێک لە شەوەکانی هاویندا ئەستێرە لە تاقی ئاسمانێ دەیانجریواندو وەکو ورشە گڕی بە تین دنیایان لە رووناهی دەشووشتەوە، گوتی:

– جوانن هەمووی جوانن، بەڵام ئەوەندەی من جوان نین، ئاوا لە بەرزایی

دان و منیش ئاوا لە نزمییەکاندا، من هاتووم و تازە گەڕانەوەم بۆ نییە، دەربازبوونیشم مەحاڵە.
ئەو قسانەی بۆ خەڵکەکەی دەکرد تەواو نوێ بوون، مێریێ لە هەموو ڕوویێکەوە زۆر جیاواز بوو لەوان، ئەگەر ئەو گوڵێکی بۆن کردبا ئەوە هەر لە سەرچڵەوە بۆنی دەکرد و دەیگوت:
- ئەو گوڵانەی لە چڵەوە دادەبڕێن وەک من سیس هەڵدەگەڕێن، بۆنی جارانیان لێ نایەت، کەچی ئەوان لە چڵەوە هەڵیان دەپاچی، جیاوازی ئەو لەزەینەوە بوو، کە ئەوان ورەیان بەردەدا ئەو دووبارە دابەشی دەکردەوە، کە ئەوان سەرمەستی خۆشی دەبوون ئەو تازە دەگەڕایەوە ناو خەمبارییەکانی خۆی و دەیگوت:
-ئێمە وەڕسییەکانی خۆمانە لە لوولەکانەوە دەیتەقێنینەوە، یا لە گۆرانییەکانەوە دەیچڕین، یا لە ئەڤین دەیخۆینەوە.
ئەوانیش هەرگیز لەم قسانە نەدەگەیشتن، بۆیە ئەرکی مێریێ زۆر سەخت بوو. ئەو ئێوارەیەی کە لەبەری (میرۆزەوە) تا دەگاتە (شیویێ) جەنگێکی بێ ئەمان هەڵگیرسابوو، سەری لە پشتی تاشە چیاکانی(دڕێ) و (باسیاو) دابوو، کۆتاییشی لە سەررووی دۆڵەکانی (بێداوێ) دابوو، مێریێ تا درەنگان نەگەڕایەوە، حەزی دەکرد ئەو ئەزموونە لە وەڕسییەکانی خۆی کورت کاتەوە، لەو حاڵەتانەدا هەمیشە دەیگوت :
- دەبێ ئێمە جاریێ خۆمان لە مۆتەکەی ڕۆحی خۆمان ڕزگاریمان بێت بۆ ئەوەی دەستیشمان بتوانێ ئایدیایەک بگرێت، ئەگینا مەحاڵە لەو جەنگانەدا شتێ بە شتێ بکەین.
کەس نەیدەزانی مێریێ بۆچی و لە سۆنگەی چی و لە کوێ و لە چ بەندەرێکەوە هاتۆتە ناو گەرداوی تێنوێتی ئەو ئاپۆڕەوە، کە لەززەت هەموو گیانی وشک کردبوونەوە، بۆیە کە جار جار سەیری مێریێیان دەکرد هەموویان سەریان لە ژێر لێفە شڕەکەی خۆیان ون دەکرد و خەریکی هێنانەوەی ئاوی لەززەت بوون، مێریێ بە هەموو شتێکی ئەوانی دەزانی، بەلای ئەوەوە ئاسایی بوو، چونکە هاتنی ئەو بۆ ناو ئاپۆڕەی ئەو هەموو نێرانە لە ریتمێکی موزیکی دەچوو کە خۆی ئەو موزیکایە بێ، ئەویش بەمەوە تۆزێ دەحەسایەوەو لەززەتێکی تەنکی بە گیانی دادەهات، بەڵام هەرکات مەودای دەبوو ئیدی دەگەڕایەوە سەر تاشەبەردەکەی خۆی کە ناویان نابوو تاشەبەردی دێرێ.
ئای مێریێ لەو ساتانەدا چەند تەنها بوو، زۆرجار بوونی مێریێم لەنێو خۆماندا وەک ئەوە دەهاتە بەرچاو کە بۆنی چڵە ریحانێکی هێجگار خۆش

پەرشوبڵاوی ناو ئەم ئاپۆڕەیە بووبێ، بەڵام لووتی ئەوان لە ئاست بۆنی هەزار رەگی ئەو رێحانەدا گیرابێ و هەستی پێ نەکەن، من بۆ خۆم ئەو کاتە تازە لە پراگ گەڕابوومەوەو هاتبوومە نێو ئەم ناوەندەو دەمزانی دنیا چ باسە، بە چاکی لەوە دەگەیشتم ئەو کۆمەڵگە داخراوە بۆ کەسێکی وەکو ئەو لە دۆزەخێ دەچێ، قەت وام نەدەکرد ئەو بزانێ لەو دەگەم و هەوڵمدابێ لەو خەتەوە لەو نزیک بکەومەوە، چونکە دەمزانی لە نێو ئەم ئاپۆڕەیەدا هەر نزیک بوونەوەیەک وەکو شەپۆل تا ئەو سەری بنار دەڕوا و هەزار و یەک بەندو بالۆرە دەتەنێتەوە، بۆیە مەحاڵ بوو بتوانم نێوەندێک بۆ ئەو کۆترە بدۆزمەوەو بمبینێ وهەڵنەفرێ، تا ئەو سا هەرچی لە دڵما بێ بۆی هەڵڕێژم، نێوەندێکی تێنوو بیر لە هیچ شتێ ناکاتەوە، لەنێوانماندا هەبوو بۆ ماوەی هەشت ساڵ بوو لەگەڵ ئافرەتەکەی خۆی نەنووستبوو، هەبوو ئاوڕی لەم رابردووەی خۆی دەدایەوە تەنها بوایە دەگریا، باشم لەبیرە هەندێکیان نامەیان بۆماڵەوەیان دەنووسی بە جگەرەی دەستیان کون کونیان دەکرد تا پێیان بڵێن چۆن چۆنی بۆتان دەسووتێم و هەناوم کون کون بووە. ئەمانە هەموو مێرێیان دەخستەوە ناو یادەوەری خۆی، ئەو یادەوەرییەی کە جار جارە لە پەڕێکا دەینووسین و هیچ کەسیش پەی پێیان نەدەبرد، هەربۆیە دەتوانم بڵێم مێرێ لە نێو ئێمەدا تەنهاترین مەخلوقی سەر زەوی بوو، زۆر جاران پێمدەگوت مارێ تۆ هەندێ کار دەکەیت لەگەڵ ئەم نێوەندە ناگونجێ و ئەویش بە شێوەزاری نیمچە فەلەییەکەی خۆی دەیگوت:

– وا نییە بەیار وا نییە ئەگەر ئێوە لە سەرەتاوە وا بیرتان نەکردباوە هەرچییەک پێتان باش بوایە ئەنجامتان دابوایە، ئێستە وا نەدەبوو، ئاخر بویەری ئێمە بەردێکی هەزاران ساڵەی کەڕە، نەیشکێنی دەتشکێنێ، ئەوانە تا ئێستە نازانن کۆمی خۆیان پاک کەنەوە، لەسەر ئەو کەنارە جوانە دادەنیشن و ئاویشی لێ دەخۆنەوە، ئاخر ئەو تەرەسانە کەی ئاقڵ دەبن.

من دەمزانی ئەو لە کوێوە قسان دەکات و قسەکانیشی چەند ڕاستن، بۆیە قسەکانم دەگۆڕی و دەچوومە لایەکی دیکەوە.

## بەشی حەڤدەم

ئێمە لەکوێین ؟ ئەمەی گوت و مێرێ دەتگوت لە ئاسمانەوە تووڕیان هەڵداوەتە سەر زەوی و خودا لە بەهەشتی خۆی دەریکردووە، هاوارێکی لێ هەڵسا وەک ئەوەی کوانووی ئاگرە هەڵدەچێ و نائومێدییێکی ترسناکی لێ دەتکایەوە، هاواری مێرێ دەتگوت تاشەبەردە لەو بەرزاییانە دەهاتە خوارەوە، لەو سەرەوە بەیار وەڵامی دایەوە و گوتی:

– ئەوە ئەو سنوورە دوورەیە کە هەرگیز لە خەیاڵی ئێمەدا نەبوو، دوا شوێنی ئەو سەرزەمینە سووتاوانەیە کە کەسمانی لێ ناگەڕێتەوە. ئەوە هە مان ئەو جەنگەڵستانەی سەرابە کە ڕێبەر مەملەکەتی نەیستانی تیادا کرد بە ئومێدی ئەوەی زێدی خۆی بۆ بەرجەستە بکات، بەڵام ئایا ئێمە ئەو هێزە گەورەیەی کتێبدار لە کوێ بێنین؟ لە کوێ بتوانین ئاو بدۆزینەوە، لەکوێ بتوانین قامیشەڵان بدۆزینەوە، ئاخ ئاخ مێرێ.

شکست و داڕمانێکی زۆر لە قسەکانی بەیاردا هەڵدەڕژا و هاوبەندەکەی دەخستە ناو زوقمێکی ئەبەدی، ئەم قسانەشی دەکرد وردە وردە دوور دەکەوتەوە.

زێماری قەدەرێکی ترسناک گەردوونی وەک مەلۆتکەیەکی لەرزیو لە باوەش گرتبوو بەخەمباری دەیلاواندەوە، جار جارە تەمێکی تەڵخ لە (میرۆز و ماواتەوە) دەهات و ئەو ناوەی دادەگرت، کە هەرگیز لە تەم نەدەچوو، بەڵکو لە غەزەبێک دەچوو خوداوەندەکان لە ململانێ نەفرەت ئامێزی نێوان خۆیاندا هەڵیاندەڕشتە ئەو دەشت و دەرەوە، کپییێکی زۆر خامۆش لە خامۆشی ئەو ساتە خەمگینە دەچوو کە لە مەرگ نزیک بیتەوەو هەرگیز باوەڕ نەکەیت ئێستە نا ئێستە کۆتاییت دێت. من دواکەسی ناو ئەو بویەرە وەهمیە بووم لە دوای دابڕان لە هاوبەندە بوهیمییەکانم، وەک سامگرتووێ بەو ناوەدا دەسووڕامەوە، خۆشم نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچم، نەمدەزانی کام لا خۆرئاوایەو کامەیش خۆرهەڵات، هیچ باڵندەیەک نەویدی وجوودی پێنەدەبەخشیم، شنەیەک هەڵینەدەکرد.

ئەوان زۆرجاران لەدەم کەناری رووبارە سەرابییەکانی ئەم سەرابستانەوە خۆیان رووت و قووت دەکردەوە و چاوەکانی خۆیان دەبەستایەوەو تا درەنگی شەوان لە ناو سەرابی ئاودا دەمانەوە، بە چاوی بەستراوەوە لە سنوورەکانی (شیوێ و بوسێ) دا سەیری شوێنێکی دوور دووری خۆیان دەکرد، بەیەکەوە دەچوونە ناو دروودێکی خودایی، بێ دەنگ و بێ جوولە دەوەستان و دەوەستان و دەوەستان، هیچ شتێ کاری لە وەستانی ئەوان نەدەکرد، بەتەواوی لە دنیا دادەبڕان و دەتگوت لە سەر زەویدا نەماون،

لەو کاتانەدا هەتا ڕووباری سەرابیش لە جوولە دەکەوت، بەڵام بۆ هیچ کەسێ ئاشکرا نەدەبوو بۆچی ئەوانە سەیری ئەو شوێنە دوورە دەکەن؟ تاکە شەوقێکی سەرابی چ سرووشێک بە ڕۆحی ئەوان دەبەخشێ، وەک کۆمەڵە سیحربازێ وابوون و لەئانی وەستاندا لەبەرچاودا ون دەبوون. هەرئەوەندەت دەزانی رووبار بە هێمنی شۆڕ دەبێتەوەو شەپۆلەکان دەنگیان دێت، هیچ ئاسەوارێ لەواندا نەدەما، کە بەتەواوی بتویستایە لەوان نزیک ببیتەوە ئەوان دوور دەبوونەوە، دوور دەکەوتییەوە ئەوان لەبەر چاوت قیت دەبوونەوە، وەکو شەوق دەهاتن و ون دەبوون، مرۆڤ بە بینینی ئەوان لەم حاڵەتە شەوقئامێزەدا، چاوی خۆی دەنووقاندو جۆرێک لە ترس دایدەگرت، هەمیشە هەر سەیری ئەو شەوقە سەرابییە دوورەیان دەکرد، ئەوان پەیوەندیان بە کەسێکەوە نەبوو، لە کەس نەدەچوون، کە لە ئاوەکە هاتنە دەرەوە چاوی خۆیان کردەوەو دووبارە ونبوونەوە، بەدیار کەوتن، ونبوونەوە، لە دوور دوورەوە دیاربوو ئەو شەوقە چەند ساف هەڵگەڕابوو.

ئەو شەوە، کۆمەڵە مرۆڤێکی زۆربووین، کەس کەسی نەدەناسی، بەڵام هەموومان لە چاواندا یەکتریمان دەخوێندەوە، کە بەنێو ئەو نەهامەتییەدا ڕەت دەبووین، بۆنو بەرامەی پنچکو دڕکی بریشک لووتی دادەگرتینو دەیخستینە ناو لێکدانەوەیەکی بێ ئامانی سەبر لێبڕان، شەوقی مانگ بەر خاک و خۆڵی ئەو سەرابستانە دەکەوتو ملیۆنەها خەیاڵ ختورەی دەکردە گیانی هەر یەک لە ئێمەوە، هەر هەموومان بەسەر خۆڵی سەرابەوە خەیاڵ دەیبردینەوە سەر چارەنووسێکی نادیار، بەیار کە وەک رابەرێک برووسکی دەگرت و ڕووباری رادەگرت، هەمیشە لە بیری فڕینو ڕەودا بوو ئەو لە سروشتی برووسکو با بوو، هەمیشە لە خەونی سەفەرو ڕاکردن بوو، قەدەرێک بوو کە ڕەنگە هیچ کەسێ لەم سەر زەمینە پەی پێ نەبات و بۆ ئەبەد سەرنگون بێ، کۆمەڵە مرۆڤێکی دەستەپاچە بووین ڕۆژگار بە قەفەزی سەرابەوە مەحکومی کردبووین، زەهاو وەک کەسێکی سەیرو هەمیشە ماندوو هەر لە هاواردا بوو هاوارەکانی زەهاو لە شکانی شووشەی مانگ دەچوو کە دادەبەزینەوە سەر زەوی ئاسمان تاریک هەڵدەگەڕا.

هەندێ جار بەنێو ئەو باخ و باخاتە سەرابیانە دەکەوتن، جونب و جۆش دەکەوتە ناو ڕۆحی درەختەکان و ئەو ناوە پڕدەبوو لە جوانی، ئەو کاتە تەواو بە یادی مەملەکەتی نەیستان تۆزێ خۆیان لە بیردەکردو یادی ڕێیەری کتێبداریان دەهاتەوە زەین و شەلاڵی تەزوویێکی شیرین و پڕ

ئازار دەبوون، هەندێ جار وەک با و زریان لە هەڵکردن دەکەوتن، تەنها کاری پاک کردنەوەی باخەکانیان دەکرد، لە بەیانەوە تا ئێوارە باخەکانیان پاک دەکردەوە و پاک دەکردەوەو پاک دەکردەوە، هەموو ئەوانەی کۆیان دەکردەوە دووبارە لە سووچێکی دیکەی ئەو باخاتانە هەڵیاندەڕشتەوە، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی پڕ لەدیقەتەوە سەیرت کردبان لەو کاتانەی ئەوان ئەم کارەیان دەکرد، هەموو ئەو گەڵاو گوڵ و گیاو وشکانە وەک مەرجان دەبریقانەوە و هێندەی دیکە باخەکانیان پڕ لە جوانی دەکرد، مرۆڤ وای بە خەیاڵدا دەهات ئەوانە هەر خەریکی دروست کردنی جوانین، جوانی جوانی جوانی، وەک ئەوەی خۆیان بۆ ئاهەنگی جوانکردنی باخەکان ئامادە بکەن. ئەوان وەک کۆمەڵە ئاشقێ کە باخ مەعشووقی ئەوان بێ لە نێو ئەو سەرابستانە بەم وەهمە جوانەوە کاریان دەکرد، هەرگیز ماندوو نەدەبوون مرۆڤ حەزی دەکرد بەشێک بێت لەوان، بەڵام ئەوانە دۆخیان دەگۆڕاو مەحاڵ بوو ببیتە بەشێک لەوان، نهێنییەکی سەیر بوو، نا سیحرێکی سەیر ی بەتاڵکردنەوەی چەند خودێکی خەمگین بوو، لەیەک کاتدا قەبارەو مەیدانی باخەکان دەگۆڕان و بچووک دەبوونەوە تەنها جێگەی ئەوانی تیا دەبۆوە، هەندێ جاریش هێندە گەورە دەبوون دەتگوت سەرتاسەری زەوی باخاتە، کاتێ تۆ خەریکی لێکدانەوەی ئەم ئەفسوونە دەبووی ئەوانت دەبینی سەد ساڵ دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام هەستت بە رسکانی ئەو سەرابستانە دەکرد. ئەوەی لەو ئان و ساتەدا دەبینرا وێنای هەمان مەملەکەتی نەیستان بوو، ئەو مەملەکەتەی کە ڕێبەری کتێبدار ئاوی بۆ لە چیایان هێنابوو،بە هەزاران هەزار پەیڕەوداری بەدەوری خۆیدا کۆکردبۆوە.
ئێمە دەمانزانی چ ئارەزوویەکی هەرماس ئامێز لە ئارادایە، چونکە لەوبەرەوە دوور دوور چەخماخەی هاوار و پرووشکی ئەو دۆزەخە دەگەیشتە تاقی ئاسمان، هێندێکمان دەگریاین، ئەمە گریانی ناخی مرۆڤە هێندێ جار بێ ئەوەی هەستی پێبکەیت، دەتگرێو بەرت نادا، عاشقەکان لە هەرکوێ بن هەمیشە خەون بە ماشوقەکانی خۆیانەوە دەبینن، بە تایبەت کە دوا ساتەکانی ژیانی خۆت بەڕێدەکەیتو بە یەقینێکی تەواویشەوە دەزانی چی دەبێ، ئێمە دەمانزانی هەر هێندەمان ماوە تا دەکەوینە ناو فڕنەکانی ئەم سەرابستانەوە، من بە پێی ئەوەی کە لە ئەکادیمیاتی ژینی پیتو ئەدەب کارم دەکردو کتێبێکی زۆرم خوێندبۆوە لە بارەی نەهامەتییەکان و چەندین هەزار جەنگی ناو ئەو کتێبانەم لەبەربوو، هەست ڕاگرتن و دیقەتدانم لە هی ئەوانی دیکە زیاتر بوو، بۆیە زیاتر لە هەمووان لەناو ئاگری بێهوودەیی ئەم سەفەرە سەخت و دژوارە دەسووتام، جەنگەکانم

وەبیر دەهاتنەوە ئەو زەمینە سووتاوانەم وەبیر دەهاتنەوە کە لە یەک لە گەشتەکانی ڕوژانی سەختیدا لە باکووری ڕوژهەلاتەوە تا دوا مەرزەکانی باشووری خۆرهەلات دەستم پێکردبوو، لەوێ هەموو ئەو کارەساتانەم بە چاوی خۆم بینیبوو، ریگاکان هەمووی پڕبوون لە ئاسەواری مەرگ و خاپووری و درەختە سووتاوەکان، تەنانەت لە کاتی ڕەتبووندا من تەواو بۆنی هەلکڕووزانی زیندوو و بێ گیانەکانمان دەکرد، تەنهاییەک بوو ترس گیانی دادەگرتی، ژێرزەمینەکانی جەنگم وەبیر دەهاتنەوە کە لەناو کتێبان هەموویانم بینیبوو، لێرەش لەنێو ئەم سەرابە گوڵە سەگەدا بە هەمان ئەو نیوە شەوە نەفرەتییە کە تروسکەو شەوقی مانگ وردە وردە هێزی نەدەماو بازرقەی سپیدە هەڵیدەداو شەبەقی کازیوە تێکەڵ بەو خاکو خۆلە دەبوو،، سەفەری زەهاو کە لە قۆزاخەی لۆکە دەچوو و هەر ڕۆژە شوێنێکی جەستەی دەپشکوفت، بێدەنگترینی هەمووان بوو، بەڵام هەمیشە ڕوو لە ئاسمان و سەیری دوور دووری دەکرد، نائومێدییەکی گەورە دایدەگرتم، نائومێدییەک سووری خوێنمی بە هەڵەدا دەبردو گەدەی پڕ لە ژان دەکردم، گەلاوێژ مانگێکی هێندە تۆقێنەرە لە هەموو لایەکەوە ژاڵە دەڕسکا، کاتێک سەیری ئەو خاک و خۆلەم دەکرد کە جگە لە گوڵەکانی دۆزەخ هیچی بەسەرەوە شین نابێ، هێندەی دیکە موژدەی مەرگ دەچرپایە گوێچکەکانمەوە، گرمت گرمت دەبوو، دەتگوت خواوەند لەوەتەی گەردوونی خەڵق کردووە، بە ئاگری خۆیەوە سووتاندوویەتی و لە سروشتی وەدەرناوە، هێندەی دیکە دڵم توند دەبوو. بە هەرحاڵ لە سپێدەیەکی خەمگیندا هەراوزەنای سەراب لەنێو مەیدانە دوورەکانەوە دڵیان تەزاندم، ئەمە یەکەم جار نییە بینەری ئەم دیمەنە ناهەموارانەی ژیان بم، بەڵکو زیندەگی من هەر لە منداڵییەوە ئاوێتەی کارەساتەکان بووە، گەلێ جار تا پای مەرگ چوویمەو لە لووتکەدا خۆم دۆزیوەتەوە، ئامادەی مەرگی گەلێ گەلێ ئازیزی خۆم بوویم کە لەبەردەمما ڕۆحی دەسپاردە تاشەبەردەکان، بەڵام ئاوارەبوونم لەنێو جەرگەی ئەم سەرابە ئیرادەی وردو خاش کردووم و هێزی مانەوەی ڕماندووم، بەڵکو قەدەرێکی ترسناک ڕایداومەتە نێو ئەم ئاشەی کە بەخوێن دەسووڕێ. هاوئازارەکانم مرۆڤی سەیر بوون بۆ ئەوەی بەر لە تووڕەیی خۆیان بگرن هەندێ جار هەموو بەیەکەوە هەڵیاندەکوتایە سەر سینەی دەفتەرەکانی بەر باخەڵیان و دەیانکردنەوە، لەژێر ڕێژنەی بای ئاگراویدا هەموو خەریکی نووسین دەبوون، هێندە بەپەلەو حەماسەتەوە هەڵدەڕژانە سەر ئەو دەفتەرانەوە دەتگوت دەیانەوێ بە ئەنجامێکی فیزیکی بگەن و بیکەن بە پارسەنگی ئەم

کەونە ناهەموارەو ئەم سەر زەوییە لەواندا بکاتەوە کە پێیان وابوو هەموو دەرگاکانی لەوان داخراوەو تازە بۆ ئەبەد ناکرێنەوە، دیاربوو ئەوان لەناو خەیاڵێکی گیانسۆزدا بوون، بۆیە هەرگیز لە نووسین نەدەکەوتن، هەمیشە دەیاننووسی و دەیاننووسی و دەیاننووسی. نووسینی ئەوان لە پێناوی ئەشقێک بوو، بەڵام کەس نەیدەزانی مەعشوقی ئەوان کێیە؟ بۆ هەرلایەک ئاوڕیان دەدایەوە مەعشوقی ئەوان لەوێ بوو، هەموو ئەو درەخت و بەردو ئاسمان و زەویە سەرابیانە بۆ ئەو سەرکێشە خەیاڵاویانە کوانووی ئەڤینی دێرینیان بوون، دەیاننووسی تۆ وا هەستت دەکرد دووکەڵێکی سپی سپی لە نووکی قەڵەمە ئاگراوییەکانی ئەواندا رووەو ئاسمان هەڵدەچێ، ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئەو هاوبەندە سیحراویانەت کردبا، دەتگوت کوانووی ئاگرن لە هەموو لایەکی پەنجەکانیانەوە دووکەڵی سپی هەڵدەچێ، ئەگەر زۆر بە دیقەت زاکیرەی خۆت بەوانەوە شەتەک دابا وا هەستت دەکرد ئەوانە کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکە بووی سەر یەکن، وەک پەرژین و پاردە وان، لێکدەترازێن و پەرشوبڵاو دەبوونەوە، دووبارە لەبەرچاوتا دەچوونەوە باریەک و لەبەر یەک هەڵدەوەشانەوە، بەڵام ئەوان هەمیشە دەیاننووسی و دەیاننووسی، ئەوان رۆمانی ئەو قەدەرەیان دەنووسییەوە کە گوزارشتی لە فڕێدانی ئەوان بۆ نێو هادیسەکانی قووڵترین خاڵی زەوی دەکرد کە لەوێدا کۆتایی بوون دەست پێ دەکا،، دەفتەرەکانی ناو زەینیان بچووک بوون، بەڵام کاتێ زەینی خۆت بەسەریاندا چەقبەست دەکرد دەفتەرەکان لەبەرچاوت گەورە دەبوون و گەورە دەبوون و گەورە دەبوون، تا دەهات سپی دەچوونەوەو قەڵەمەکانیان درێژ دەبوونەوە، ئەوان هێندە مەست ببوون لە نووسیندا کە ئیدی لەم سەرزەمینەدا نەمابوون، کاتێکیش وەئاگادەهاتنەوە، دەفتەرەکانیان هەڵدەڕشت، وشەکان لە شەققەی باڵیان دەدا، ئەوان خەریکی دروستکردنی پارسەنگی ژیان بوون لەو نائومێدییە تاڵەی تێی کەوتبوون. کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە مرۆڤە سیحراویانەدا گەیشتمە ناو ئەم سەرابستانە من بە دەستێکی رووتەوە تێکەڵی مێگەلی گومان کرام، هەر ئەوسا زانیم تەنها شتێ چاوەڕێی بکەم دەبێ مەرگ بێ، مەرگێکی دژواری وا ناڵەت ئەگەر بچێتە ئاسمانیش کەسێ ئاوڕت لێناداتەوە، تەنانەت شنەبایەکیش پارچەیێ لەو ناڵینەت هەڵناگرێو بۆ ئەبەد لەناو مێژوویێکی نادیاردا ون دەبیت و سروشتیش بە خۆیەوەت ناگرێ، لەناو دڵەڕاوکێیەکی سامناکدا زێماری ناو دڵم لەسەر زماندا دەبوون بە بەرد، هەموو لایەکم تەنرابوو، بەڵام گەورەترینو دڕندەترین غەنیمی من سەراب بوو، سەراب

سەراب سەراب، تا دەهات شیرازەی هاوبەندەکەی ئێمەی لەبەریەک هەڵدەوەشایەوە، کەس ئاگای لە کەس نەبوو، تاریکییەکی ئەبەدی تەواو باڵی بە سەر سەرابدا کێشابوو، ئەوە نەبێ چەخماخەی خۆڵ و بای تێکەڵ بەخوێنی سەراب ئەو ناوەیان رووناک دەکردەوە.
من تەنها لە خەیاڵی ئەوەدابووم هەلێکم بۆ بڕەخسێ و بەلایەکدا بکەومەوە، تۆزێک دوورکەومەوە، بەڵام دوودڵ بووم لە ترسی دابڕان، چونکە هەر هێندەی چەند مەترێک دوورکەوتمابایەوە، ئیدی کەس نەیدەتوانی بمدۆزێتەوە، پرسیاری ئەوەی دوای ئەمە چی بکەم لغاوی دەکردم، یەکەمین کەسێ لە بەردەم مندا تێنوێتی ئەژنۆی شکاند و بەزەویدا کەوت، کەوکەس بوو کە هەمیشە بەر لەوەی بکەوینە نێو ئەم سەرزەمینە نەفرەتییە هەر گۆرانی دەگوت، هەردوو چاوە شینەکانی بە ئەبڵەقی سەیری ئاسمانیان دەکرد، رۆحی هەڵتەکاندم، خۆم وەبیرکەوتەوە ئەوە منم لەناو جەرگەی سەرابی قەدەردا کەوتووم، خوێن لە هەموو لایەکی جەستەم بازرقە دەدا، رۆحم بۆ دڵۆپە ئاوێ کەوتۆتە واوەیلا، برووسکێک گەدەی هەڵتەکاندم، دەنگ و هەراییێکی زۆر قیامەتێکیان خوڵقاندبوو ئەم سەرو ئەوسەری دیار نەبوو، بیرم کردەوە چاکترین هەل ئەوەیە وردە وردە پاشەکشێ بکەم و دوورکەومەوە، بەڵام ئاخ هاوئازارەکانم وەک موگناتیسێ پەلکێشیان دەکردم، سەیری ئەم لاو ئەولای خۆم کرد، ئەوە نزیکەی دە دوازدە سەعاتە لە نێو ئەم مەیدانەدام، بینیم کەسێک نییە چاو بە دوای مندا بگێڕێ، بەڵام بۆ هەر شوێنێ بڕۆیشتمایە هەمیشە خۆم لەناویاندا دەدۆزییەوە، ئەوان هەر بەرەوپێشەوە دەچوون و هەریەکە بە لایەکدا دەبۆوە منیش تا دەهات خۆم خاو دەکردەوە، بە رادەییێک سەیرم کرد زۆر دوورکەوتوومەتەوە، سەرم هەڵبڕی باشە بۆ کام لا بچم، بۆ من وەک یەک وابوو، مردن زۆر خۆشتر بوو لەوەی کە لەو سەرابە شۆرەکاتە ون ببم، زەمین ئەوسەری دیار بوو، تۆزی سەراب هەموو شتێکی داپۆشی بوو. ژیان لەم جۆرە وەزعەدا وەکو هەویرێک وایە کە بەناو لەپی خۆتەوە یاری پێ بکەیت، چونکە هیچ یاساییێک جگە لە یاسای بێدەنگیو نەهامەتی هەڵیناسوڕێنێ، هاوارت بێدەنگەو روانینت بێ شەوقە، ڕۆیشتنت بێ ئەنجامە، ئەم سێیینە دۆزەخییە لە هەر لایەک بئاڵێت ئەوپەڕی کارەساتە.
هاوئازارەکانم لە پڕێکا دەیاندایە گریان، بەڵام چ گریانێ، گریانی ڕۆحێ کە سروشتی دەوروبەریان هەلاهەلا دەکردو گیانیان هەڵدەقرچاند، بۆنی سووتانی جگەریان ئەو ناوەی پڕدەکرد، وەک ئەوە وابوو ئێستێ نا ئێستێ گیانیان دەکێشن و ماڵاوایی لە ئازیزترین کەسی خۆیان دەکەن، هەمیشە

دەگریان و دەگریان و دەگریان، بۆ هیچ کەسێ نەبوو بزانێ ئەوان لە پای چییە ئەو هەموو فرمێسکە گەرمە ئاوا بە گوڕو ئاگرئاسا هەڵدەڕێژن، گریانێکی بێدەنگ وەک ئەوەی کەسێ لە ئاسمانەوە سەیریان بکات و سایەدیان بێت، گریانی ئەوانە لە دەنگی پڕ لە نەوای ئەو بایە دەچوو کە بە ناو قامیشەڵانەکاندا هەڵبکات و مرۆڤ بباتەوە ناو یادەوەرییەکانی خۆیان،وەک چۆن ئەوانی دەبردەوە ناو سادەوەرییەکانی مەملەکەتی نەیستان، ئەوان لە راکردن و نووسین و پاک کردنەوەی باخەکانیشدا هەمیشە لە ناو یادەوەرییەکانی خۆیاندا ئەو ساتانەیان بەسەردەبرد، لەو گریانە بەکوڵەدا لە دەوروبەری خۆیاندا هەزاران ساڵ بە دوور دەکەوتنەوە، ئەگەر گوێی خۆت بە شێوەییێکی ئەندازەیی بۆ ئەوان هەڵخستبا بە ئاسانی بۆت بە دیار دەکەوت کە ئەوانە لەو کاتەی دەگرین لەگەڵ بەرانبەرێکی نادیار و ئاڵۆز ورتەورتیانە،وەک ئەوە وابوو کتێبدار بدوێن و فریایان بکەوێت، لە جیاتی ئەوەی زمانیان بێتە گۆ فرمێسک زمانی دەگێڕاو دەجولایەوە، هەرکە دڵۆپێ فرمێسک هەڵدەڕژایە سەر کەڤرێکەوە وەک ئەوە وابوو دڵۆپە ئاگرێ هەڵڕژێتە سەر قومێ ئاوەوە هەڵبکفکفێ، دەنگی لالانەوەی فرمێسکی ئەوان لە ئاوازێکی دێرینی ناو دیرۆکێکی دوور دەچوو، وەک ئەوەی ئەفسانەی لەدەستدان و شکستێ بگێڕێتەوە و ئەوان تادەهات گریانی خۆیان دەکردو خۆیان لەو ئەفسانەیە بە تاڵ دەکردەوە، تا ئەو رادەیەی هیچ هێزو بڕستێکیان لە گیاندا نەدەماو لە هەموو شتێ بەتاڵ دەبوونەوە، کە دەسماڵەکانیان دەردەهێناو بۆنیان دەکرد دیار بوو پەڵە خوێنی کارەساتێکی دووریان بەسەرەوە وشک ببۆوە، ئەوان دەسماڵیان بۆن دەکرد و بۆن دەکرد و بۆن دەکرد و دادەکەوتن. دڵم هێندە بەخۆڕپە لێیدەدا دەتگوت دەیەوێ دەرپەڕێ.

– ئای دڵەکەم ئەوە چیتە چی ئاخر ئەگەر سینەم پەنجەرەیەکی هەبێ ئازادت دەکەم ئاخ دڵەکەم.

ئاگام لە هیچ نەمابوو دەستێکی پەڕیوم کەوتە بەرپێ. سەعاتێکی سایکۆی وۆتەر پروڤی لە دەست دابوو، ئەنگوستیلەییێکی نقێم شینی لە پەنجە دابوو.

– بیرم کردەوە، دەستێک بە تەنها دەتوانی هەموو سەرزەمین بکات بە گوڵ و لە هەمان کاتدا دەتوانێ هەموو سەر زەمین بکات بە ئاگر، ئەلێرە لەنێو چەقی ئەم سەرابەدا کەوتووە، ئاخۆ دەبێ دەستی کام مرۆڤ بێ؟ لە دڵی خۆمدا گوتم : ئەی دایەگیان ئەگەر دەتزانی کوڕەکەت لە چ حاڵدایە.

– ها کوڕەکەم ئەوە چیتە دەڵێی گۆڕاوی؟

– نا دایە گیان نا تۆزێ تێنووم، یەک تۆز.
فرمێسکم وەک بارانی بەهار دەهاتە خوارەوە، ئەوسا هەستم کرد زۆر لە خودا تەنهاترم. لە دوور دوورەوە دیاربوون هەمیشە لە جوولەدا بوون، بەملاو بەملادا رایان دەکرد، وندەبوونو بە دیار دەکەوتنەوە، ئەو کاتانەی ون دەبوون، هیچ هێزیک نەبوو بیاندۆزێتەوە، کە بەدیاریش دەکەوتنەوە کەسێ لە توانایدا نەبوو راڤەیان بکات، وەک هەڵم وابوون بەسەر ئاگرێکەوە هەڵبچێ، ئەوانە دەتگوت کوانوییێکی پڕ لە گڕن هەمیشە نێڵەیان دەهات، لە چاوی دەوروبەر سووردەچوونەوە، هەندێ جار بەیەکەوە سەیری ئاسمانیان دەکردو چەندین سەعات و سەعات لەبوون دادەبڕان، من بۆخۆم پێموابوو لەگەڵ خودادا قسەدەکەن، چونکە هەمیشە دەمیان دەجوولاو ورتە ورتیان بوو، کەس نەبوو لە ورتە ورتیان بگات، هەندێ جاریش کە بە ئاگا دەهاتنەوە، وا بەدیار دەکەوتن کە هێزوبڕستیان لە جەستەدا نەمابێ و هەموویان بەخشی بێ بە ئاسمان، ئەوان بەڕاستی دروستکەری سەرسامی بوون، تەواو وەکو خەڵکی ناو مەملەکەتی نەیستان، لە پێناوی رێبەرو کتێبداری مەزنی خۆیان، یا لانی کەم بە یادی ئەوەوە خەریکی هەمان ئەو دروستکردنە بوون، ببوونە مایەی ئەوەی سەراب لە ناو تای پرسیاردا مت بکەن و لەگەڵ خۆیاندا پەلکێشی ناو ئەم نادیاری و ئاڵۆزییەیان بکەن، هەندێ جار دەگەڕانەوە تا ناو گلێنەی چاو دەهاتن، ئێوارە دادەهات و دوور دوور دەرۆیشتن و بەیەک دەنگ هاواریان دەکردو هاواریان دەکرد:
–ئایا خۆمان بەکام لای زەویدا بگرینەوە؟ ئەوە بۆ زەوی ئێمە راناگرێ ؟
ئای چ هاوارێک بوو زەوی بەشی ئەوانی نەدەکرد. هەندێجار هەر هەموویان بە پەلە بەلایەکدا رایان دەکردو بەردیان کۆدەکردەوە، ئەم سەرابستانە دەتگوت بەردی لێ دەبارێ، بە سەرە بەردەکانیان دەهێناو دیواریان دروست دەکرد، کە لەو دیوارانە دەبوونەوە لەلایەکی تر دەوەستان تا دووبارەو دیسانەوە دەکەوتنەوە دیوار دروست کردن، ئەوان هەمیشە دیواریان دروست دەکرد، دیوار دیوار دیوار، سەردەمانێک ئەگەر بەچاوێکی پێوانەیی رامانی خۆت لە جوولەو بزاوتیان گرێدابایە بۆت ئاشکرا دەبوو ئەوانە چەندین هەزار دیواریان دروست کردووە، کە لەو دیوارانە رادەمای سەریان لە ئاسمان بوو، هەر خۆشیان لە پشتی دیوارەکانەوە شمشێرە وەهمییەکانی خۆیان ساودەداو زرێی خەیاڵیان دەپۆشی، وا بەدیار دەکەوت ئەوانە خۆیان بۆ شەڕێک ئامادە دەکرد لە رۆحیاندا هەڵگیرساوە، شەڕێک تیایا هیچ بەرابەرێکی نییە هەرەشەت لێ بکات، شەڕێک لە ناو جوولەییێکی نادیاردا کە لە دوورەوە هەستت بەوە دەکرد هەر شمشێرەو

له شمشێر گیر دەبێ و ئەوە ناڵە و هاواری کوژراوەکانە فەلەک دەهەژێنن، یا ئەوە پێکەنینی ئەو پاڵەوانانەیە دوای رووبەڕووبوونەوەیێکی سەخت و دژوار غەنیمەکەی خۆیان لە سەر پشتی ئەسپ دەگلێنێن و هەپڕوون بە هەپڕوونی دەکەن؟ لەگەڵ ئەو هەموو جەنگە ئالۆزانەشدا هەمیشە دیوار بەرزو بەرزتر دەبوونەوە، شمشێرەکانیان درێژتر دەبوون، مەتەرێزەکان پان و پۆڕتر دەبوون، بەڵام کەسێ نەبوو بزانێ ئەوانە لە جەنگدان، یا لە پاککردنەوەی باخ و باخاتەکان، یاخود لە گەرمەی گریان و نووسین و تووڕەبوون دان، چونکە لە هەمان دەمی ئەو جەنگە سەختەدا دیسانەوە دەفتەرەکەی بەر باخەڵیان دەردەهێناو دادەبڕان، یا ئەوەتە رایاندەکرد و رایاندەکرد و رایاندەکرد، ئەوانە دۆنکیشۆتیش نەبوون، چونکە ئەوەی سایەدی ئەوان بوایە دەیبینی کە چۆن چۆنی خوێن بازرقە دەدات و دیوارە وەهمییەکان چۆن بەرز دبنەوەو دەنگی شمشێرەکان چۆن تێکەڵ بە ناڵەو هاوار دەبێ، ئەوان بەڕاستی هێزی چاو و گوێچکەیان دەگۆڕی.
ئەو شەوە، شەوێکی ئەبەدی بوو، لەناو ئەو سەرابە سووتاوەدا ژیان لەبەر چاوم هێندە ڕەش ببوو بە قەد سەری دەرزی رووناکایی لەناو دڵمدا نەمابوو، تەنانەت هەندێ جار هەستم دەکرد مرۆڤ هەرگیز رووناکی نەدیوە، نائومێدییەکی کوشندە جگەری هەلا هەلا دەکردمو دەیبردمەوە ناو رابردووەکانم، ئەو رابردووانەی یەک یەک وەک چەند وێنەیەکی زیندوو دەهاتنە بەرچاومو هێندەی دیکە فرمێسکو هەنسکی ساردی پێ هەڵدەڕشتم بە چاوی خۆم دەمبینی پارچە پارچەی گیانم لە دوو چاوەکانمو لە دەمو دەستو لوولاقمدا دەهاتنە دەرەوەو وەک رەوە پۆڕێکی خەمگین بەرهەڵای ئاسمان دەبوونو ماڵئاواییان لێ دەکردم، منێک کە تەواوی زیندەگیم بە کتێبو دنیای پاکی پڕ کردبۆوە، ئێستێکەش کەتوومەتە ناو گێژاوی نەهامەتییەکانی سەراب و رۆحی وردو خاش کردووم، ئێستاکەش هەر بەرێوەم بەرەو ئایندەی نادیار، سەرم دەرهێنا، ئەستێرەکان لەبەر تۆزی سەرابیو دووکەڵی سووتان بە ئاستەم جریوەیان دەهات، بیرم لەو ئەستێرانە دەکردەوە کە لەو شوێنەی من لێی هەڵقووڵام چەند گەشو جوان بوونو لێرەکانەش هەمووی تووشی ژەنگی زەمانە هاتوونو بریقو باقی جارانیان نەماوە، هیچ زیرۆحێکم لەدەوروبەری خۆم نەدیو سەیری دوورم کرد، قیامەتێک بوو لە خوێنو ئێسقانو هەڵوەرین، ئەو کاتەم بە هەل زانی لەناو دۆزەخ بێمە دەرەوە، یەکسەر دەستم بە راکردن کرد، بیرم کردەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ دەبێ رابکەم، رەنگە لە تێنوان بخنکێم، بە هەرحاڵ بە خێرایی کەوتمە رێ، ماوەیەکی زۆر ئاوەها ڕۆیشتم،

تەواو تەواو دوورکەوتبوومەوە لەناو جەرگەی مەیدانی سەراب، بەڵام هەمدیس هاوئازارەکانم بەدوامەوە و لەپێشمەوە بوون، لەناکاو تارماییێکی تۆقێنەر بە چەند مەترێک لەبەردەممدا قیت بۆوە و رۆحی هەراسان کردم، لە جێگەی خۆم تاسامو جوولەم نەکرد، خۆم وام خەیاڵ دەکردەوە، چونکە تاریکی شەو منی لوول دابوو، دوودڵی دایگرتم خۆشم نەمدەزانی بۆ کوێ دەچم، چونکە لەنێو ئەم وەهمستانەدا هیچ سنوورێک دیار نییە، ئەو شەوە تا سپێدە هەر ڕۆیشتم، زمانم وشک ببوو لە ترسو لەبەر تێنوێتی شەکەت ببووم، جگە لەوەش خەمی ئەوەی من چارەنووسم چی دەبێ؟ هێندەی دیکە دنیام لێدادەخرا، هاوبەندە خەمگینەکانم وەکو رەوە ئەسپێکی بریندار کورژنیان دەگەیشتە ئاسمان و دەچوونەوە سەر گردە سەرابییەکان و خۆیان دەدایە بەر خۆر، هەموو بەیەکەوەو لەتەک یەک و لەناو یەکدا دەوەستان و دەتگوت تۆپەڵە هەڵمێکن و هەڵدەچوون بە ئاستەم هەناسەیان دەدا، وەک ئەوە وابوون کە هەستیان بەوەکردبێ خۆر گوێی لە دەنگی ئەوانە ئاوەها بێدەنگ ببوون و لەو سەر گردانەوە دەوەستان و دەوەستان و دەوەستان، نە ماندوو دەبوون و نەشەکەت، سەیری خۆرەتاویان دەکردو چاویان پڕدەبوو لە تیشکی زێڕینی خۆر، سینەیان دەبوو بە کوانووی ئاگرو لێویان تەتەڵەی دەکرد، ئەوان لە سەفەرێکی دوور دووری رامان و کرێشمەو شکست و هەڵسانەوەدا هاتبوونەوە، بە ئاوی خۆرەتاو ڕۆحیان دەشووشتەوە و شووشەی شکاوی دڵیان چاک دەکردەوە، ئەگەر لە نزیکەوە سەیری جەستەی ئەوانت بکردایە وا دەهاتنە بەر دڵ و دیدەت کە ئەوانە چەند بوتڵێ شەرابی پڕ لە تیشکن، ئەگەر بیانخۆیتەوە ئەوە بە شێوەییێکی ئەزەلی مەست دەبیت و بۆ ئەبەد ناگەڕییێتەوە هۆشی جارانت.

– ئایا ئەوانە چییان لە تیشکی خۆر دەبینی، ئایا ئەوانە کەڵکەڵەی چییان لە هەناو دایە، ئاوا بەرانبەر بە خۆرەوە دەوەستن و بێدەنگ دەبن؟ لە هیکەوە وەک بڵێی ئیدی نوێژی خۆر تەواو بوو وەئاگا دەهاتنەوەو هەمدیس دەستیان بە راکردن دەکردەوە، ئەوانە راکردن بەشێک بوو لە کلتوری مانەوەیان، راکردن ئەفسانەی رابردووی ئەوانی دەگێڕایەوە، بەڵام کە زەینی خۆت بەسەریانا تیژ دەکردەوە دەتبینین ئەمجارەیان مرۆڤ نین، بەڵکو رەوە ئەسپێکی باڵدارو ماندوونەو بە دوو چاوی تژی تیشکەوە دەگەڕانەوە ئەو مەزارگا وەهمیانەی خۆرەتاو هیدایەتی بۆ دەکردن، ئەو مەزارگایانەی کە هەورێکی سپی سپی لە وەهم داپۆشی بوون. ئەو کاتەی هێندەی نەمابوو گزنگ هەڵێ و داوداوە تیشکی رووناکی بەر چاوم رووناک بکاتەوە، گرمۆڵەیەکم بەرچاو کەوت، لە جێگەی خۆم وەستام،

کەوتمە سەر ئەژنۆ و تۆزێ دیقەتم دا، هەر نەمزانی ئەم گرمۆڵەیە چی بوو، دووبارە دیقەتم دایە گرمۆڵەکە جوولەیەکم کەوتە بەرچاو، دیسانەوە دیقەتم دایێ، بینیم کەسێکە لەسەر لاتەنیشت کەوتووە، ئەو کاتە کەوتمە یەقین کە ئەوە یەکێ لە هاوئازارەکانمەو لەو ناوە هەڵکورماوە، بەڵام زانیم کەسێکی زۆر هیلاکو شەکەتە، جا یا ئەوەتا لە تێنوانا کەوتووە، یا لەناو برینی خۆیدا دەگەوزێ، تازە کار لە کار ترازاوە هەر دەبێ بەلایدا بچم، هێدی هێدی لێی نزیک کەوتمەوە، بەڵام بە ئاگا لە خۆبوونەوە، هێندەی نەمابوو بگەم دەستی خۆی بەرز کردەوە، بەڵام هێزی لەبەر برابوو، زانیم ئەویش کەسێکە هەروەک من و هاوبەندەکانم چارەنووس رایکێشاوەتە ناو ئەم کارەساتەوە، دڵەراوکێکەم کەم بۆوە، کە گەیشتمە سەری تێگەیشتم لە تێنواندا هەڵتۆقیوە، دیاربوو برستێکی زۆری لەبەر رۆیشتبوو، چونکە رەنگی وەک پەلکە پیازی لێهاتبوو، تۆزێ بەدیارییەوە وەستام کورێکی تەمەن هەژدە تا بیست ساڵی دەبوو، بە چاوێکی هێجگار سۆزناکو خەمبارەوە سەیری دەکردم، لە هێمای چاوەکانیدا دیاربوو کە داوای بە فریاکەوتنی لێدەکردم، لە داخا گیانم هەڵتەکا، چونکە خۆمم دەبینی وەکو ئەو کەوتبوومو کەسێک نایێ فریادرەسم بێ، مرۆڤ لەو ساتانەی دەکەوێ هیچ شتێ نییە راستی بکاتەوەو هەر ئەو کەوتنەیە تا پای مەرگ نەخشی خۆی لەناو جەستەو زەینیدا دەگێرێ.
هاوبەندەکانم ئێواران دەتگوت هەزاران هەزار ساڵە دەگەرێن و ئەو پیرۆزگایە نادۆزنەوە کە وەک زەمینی وادەبەخش وابوو و خولیای ئەبەدی مرۆڤە لەخاچدراوەکانی ئەو هەبوونە بوو، بەڵام هەرگیز رێی پێ نابەن، بنارەکان هەڵدەکشان، بەردەوام هەڵدەکشان مرۆ هەستی بەوە دەکرد ئەوانە دەفرن و کۆمەڵە نەورەسێکی لە کەنار دابراون، هەڵدەکشان ، هەڵدەکشان ، هەڵدەکشان، تا دەهات بەرزدەبوونەوە، لە بەرزاییەوە بەرەو ئەو بنارانەوە شۆردەبوونەوە، هەموویان نەورەس ئاسا بەسەر کەڤرو بانەکان و گردەکانەوە هەڵدەنیشتنەوە. لە چرکەساتێکدا دەکەوتنە گۆرانی چرین و هەڵبرینی دەنگیان، گۆرانییەکانی ئەوان وەک پێگەیشتنی ترێ وابوو، یاخود هەستت بەوە دەکرد چرۆ دەکەن، هەندێ جار وا هەستت دەکرد ئەوە کۆمەڵە ئاوێکی زۆر دووری زەوین و لە کانییەکاندا دەتەقنەوە، ئەو ناوە پر دەبوو لەو ئاوازانەی کە هیچ کاتێ مرۆڤ گوێبیستی نەبووبێ و غەرقی غوربەتێکی ئەبەدی دەکردی، گۆرانی چرینی ئەوان جیاوازیێکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ راکردن و گریان و پاککردنەوەی باخەکان، ئەگەر هەموو هەستەکانی خۆت کۆکردبایەوە ئەوە دەگەیشتییە ئەو راستییەی

ئەوانە گۆرانی بۆ کچانێ دەڵێن کە ئێستێکە لە دوورترین ئەشکەوتی مێژووەوە چاوەڕوانیان دەکەن، بەڵام هێزی ڕۆیشتنیان نەماوە، هەر بەو داخەوەش خۆیان بە بەردودار دادەدەن، بنارەکان لە شەوقی گۆرانی ئەوان دەهەژانەوە، لە یەک کاتدا تەنها دەنگ دەمایەوە وەک ئەوەی تۆ لە بەرانبەر تەنهاییێکی گەورەدا موجیزە دەبینی.

– ئایا ئەو دەنگانە چی بوون؟ چییان لێهات ؟

بەڵام کە ئاورت دەدایەوە رەوێ مەل بە ئاسمانەوە دەفڕین و تۆیان دەخستەوە ناو یادەوەرییەکان و هەر ئەوەندەت دەزانی گیانت لە خۆڵی ئەو سەرابستانەدا غەرق بووە. من لەلایەک ترسی کەوتنو رمان لە تێنواندا هەموو گیانی هێنابوومە لەرزە، کەچی خەمی ئەو مرۆڤەش هێندەی دیکەی خەمو خەفەتی پێبەخشیم، دەستێکم بۆ دەستی برد هەتا هێزی ئەوەشی نەبوو دەستی درێژ بکات، تۆزێکی دیکەش لێی وەنزیک کەوتمەوە، تازە کار لە کار ترازابوو، نەدەکرا بە دیارییەوە بوەستم، چونکە ئەو لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بوو ناچار جێمهێشت، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد. لەناو ئەو وەهمەدا بۆنی گۆشتی سووتاوی بەر هەتاوی داغ دەهات وەک ئەوەی لە چێشتخانەییێکی گەورەدا بیتو دووکەڵی رەژووت بۆ بێت، بۆنی گۆشتی سووتاوی مرۆڤ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بۆنی ئەو گۆشتانە نەبوو کە ئێمە دەیخۆین، لە رێگەدا بەتەک هەزاران هەزار تەرمدا رەت دەبووم ئایا ئەمە خەونە، یا حەقیقەت؟ وەکو خەون دەهاتە بەرچاوم، چونکە منیش هەر وەک ئەوان تەرمێکی زیندوو بووم خۆ رەنگە لەناو ئەو تەرمانەوە هێشتا هەبووبن زیندووبن، بەڵام کێ لەو کات و ساتە دژوارانەدا بیر لەمە دەکاتەوە، کاتێک ژیان ئەو سروشتە ناهەموارە دەگرێتە خۆی و غەریزەی مانەوە زیاتر دەبێتە سەرمەشقی زیندووەکان.

من بۆ ماوەی دوو سەعات بایی هەزاران هەزار ساڵ گوێم لە ئاوازی خەمناکی مەرگ بوو، هەرچونێ بێ رێبوارێکی تەنهام و بەدڵێکی خەمبارو چاوێکی پڕ لە فرمێسک و دەستێکی لەرزۆکەوە ئەو سەرابە تەی دەکەم.

– ئاخ چ سەرابێکی نەفرەتییە، ئەوەش خوڵقاوی تۆیە. تا ئەو ساتە ئەوە شەوێکو نیو ڕوژە من بەڕێوەم و ئێستاش لەخەیاڵی ئەوە نیم رووم لەکام لایە، جارێ هەر هەوڵی ئەوەمە دوور دوور کەومەوە، خۆ کاتێکیش دوور دەکەومەوە هەر نازانم لە کوێم، من ئێستاکە ونترین مرۆڤی سەر زەویم، تەنهاترین خودان گیانی ناو سینەی سەرابم، ترس و تێنوێتی و برسییەتی وەک سێ گورگی هار، هارتر لە ماشێنی سەراب هەڵمدەلووشن، جار جار خەیاڵ دەیبردمەوە، خۆمم دەبینی بەسەر ئەو سەرابەوە کەوتووم و لەسەر

سکەوە دەخشێم هەردوو چاوم پڕبووە لە تۆزی سەراب و هیچ شتێ نابینم، ئەوە نەبێ کەسێ دێ بەلامەوە و جامێ ئاوم بۆ دەهێنێ و منیش وەک کەسێکی هەزاران ساڵ ئاو نەدیو هەڵدەستمەوەو بەردەبمەوە سەر زەویو ئاوەکە هەڵدەڕژێتو زمان بە زەوییەوە دەنێم و ئاوەکە هەڵدەمژم.
-ئاو، ئەی ئاو تۆ چەند مەزنی، تۆ چەند گەورەی، ئایا شتێ هەیە لە ئاو مەزنتر بێ؟
وام خەیاڵ دەکرد ئەو دنیایە هەموو بۆتە ئاو، دەوروبەرم، ئاسمان، سەراب، کە دەستم بۆ دەبرد، قومێکی لێ هەڵقوڕێنم بەئاگا دەهاتمەوەو ناو لەپم پڕ لە خۆڵی سەراب ببوو، هەمان ئەو سەردەمانەم وەبیر دەهاتەوە کە لە نەیستان دونیا نوقمی ئاو دەبوو، سەراپای گیانم دەکەوتەوە ترسی مەرگ هێندەی دیکە ڕێگەم بەخێرایی دەبڕی، سەیری دوور دوورم دەکرد، زۆر دوور تا چاو هەتەرکات دوور،بەڵام ئاخ جگە لەو سەرابە گۆڵە سەگە هیچ شتێکی دیکە دیار نەبوو، سەرزەمینێکی وا تەنها لە کفنی مەرگ دەچوو، نە درەختێ، نە گاشەبەردێ، نە پنچکێ، نە مەلێ، هیچ شتێک لە ئارادانەبوو، ڕاستەقانی قیامەت بوو، هێشتا هیچ مرۆڤێک زیندوو نەببووەوە، لە چاوەڕوانی نەفخێکی خوداوەندی دابوو، بەڵام ئەمەش هەڵچڕژانی ناو زەین بوو، خەیاڵێک بوو بەرگی ڕاستی لەبەر دەکرد. گەشتی من بەنێو ئەم سەرابە مردوو لێنیشتووە گەشتێکی نائومێدی بووە، گەشتی کەسێ بوو کە کەوتبێتە ناو دەریاو مەلە نەزانێ، ئەگەر بشزانێ شەپۆلی دەریا هێندە بەهێزە تووڕی هەڵدەدەنە ناخی دەریاوە، دووبارە دەنگی مێرێم کەوتەوە بەر گوێ:
- ئێمە لە کوێین؟ خودایە ئێمە لە کوێین؟ کزەیێک لە جگەرم هەڵسا، هەڵیقرچاندم. چونکە ئەوە سەدای ڕێبەر بوو لە نێو جەنگەڵستانی سەرەتادا، کە گوزارشتی لە بە بیابان بوونی مرۆڤ دەکرد.

## بەشی هەژدەم

نێوەندی سەرتەنگ و تروانش جیاوازی نێوان ئاسمان و زەوی بوو، جیاوازی نێوان مەسیح و موحەممەد بوو، بە یەک گەیشتنی مزگەوت و کەلێسا بوو، جیابوونەوەی شمشێر و ئاشتی بوو، لەو نێوەندەدا بوو مێریَ هەلْرژایە نێو ئەم دنیایە، لە زنجیرە شاخەکانی (قومریە) دا گیرسایەوە:

– وای، ئەوە من ئێرەم چۆن هەلْبژارد بۆ لە دایک بوون، خودایە دوو دنیای جیاواز، ئەوە منم فەرمووو با تۆزێ بیر لە خۆم بکەمەوە، ئایا بەرەڤانی کردن، دوای ئەو هەموو خولیاو ئارەزووە ئایدیای من بوو؟

کە ئەم قسانەی دەکرد بەیار خەریکی دروست کردنی لیستی ئێشکگری بوو، ئەو کاتەی مێریَ کەوتە نێو ئەم کۆمەلْەیە باشترین هاودەم و هاوئاخاوتنی بەیار بوو، ئەویش لەمدیو سنووری ڕۆژهەلاتەوە پەڕیبووە نێو ئەم ڕەوەزە شاخانەوە، هەمیشە لە گفتوگۆ دابوون، گفتوگۆی نێوان ئەم دووە، لە گفتوگۆی نێوان دوو ئەفسانە دەچوو، هەردووکیان خولیای ئایدیاییێک بوون کە ئەستەمە بتوانن لەم سەرزەمینە پیادەی بکەن. بەیار و دابان هەولْیان دەدا بچنە بنج و بناوانی هەموو شوێنە دوورەکانی دنیا، بەلام مێریَ هەولْی دەدا هەموو شوێنە دوورەکانی دنیا بهێنێتە دەوروبەری خۆی، هەمیشە لە گەڕان و سووڕان دابوون، دەچوونەوە ناو باخچەکانی مێژوو لەبارەی کێلْگەکانی گەنم، یا ئاووهەوا، یا ئەندازەی شاخەکان قسەیان دەکرد، ناوی هەموو باخەکانیان دەزانی، گوند گوند و چیا چیا و ڕێ ڕێیان تەی کردبوو، تەنانەت ژمارەی دانیشتوانی هەموو گوندەکانیان لەبەر بوو، لە هەر شوێنێ بار و بارگۆلْەیان لێ دادەخست ئەو ناوە پڕ دەبوو لە درەخت و جۆگەلە هەمیشە چوار دەوری خۆیان بە دار مێو شورەبەند دەکرد، ئاخر ئەوانە نەوەی دوای کولتووری نەیستانی ڕێبەر بوون، مێریَ تەواو لەگەلْ ئەم کارانەدا گونجا بوو، ئێ هەمیشە خەریکی پاک کردنەوە بوو،وەک چۆن خەلْکی نەیستان هەمیشە بەدەم ووتنەوەی پەندە ئاگراوییەکانی کتێبدا خەریکی پاک کردنەوەی نەیستان بوون، لە گەلاولاسکی رزیو و ڕنینی زیادەکان، ئەویش وا خوێنی منالانی گەرم دەکرد، ڕۆحی پیاوانی لە گەلای ڕزیوی ژیان پاک دەکردەوە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە پیادەی ئایدیای خۆی دەکرد، هەمیشە خەریکی شۆرینی دەوروبەر بوو لە ناشیرینی، ڕۆحی خۆی زیندوو دەکردەوە، ئەو ئەسپە شینکەزایەی کە هەموو سپێدەیەک لە خۆرئاوای دێی (شمایلاوا) بە سەر بەرزاییەکانەوە هەلْدەگەڕاو دەتگوت لە ئاسمان دابەزیوەو تۆزێ هەوری ڕەشی بەلْەکی لە لوولاقەکانی هەلسووی بوو و هەندێ پەلْە هەوری سپیشی لە توێلْی

نەخشاندبوو، وەک ئەوە وابوو کە تۆ لەناو سرووتێکی ئەفسانەییدا و بەناو شووشەو مینایێکی تەماویدا سەیری بکەیت، کە سەر هەڵدەگەڕا لە دوایەوە تەواوی ئەو ڕێگاو بانە توناوتونانە سەوز هەڵدەگەڕان و لە هەر شوێنێک سمکۆڵی کردبا کانی لەوێ دەتەقینەوە، لەهەر شوێنێ سەیری ئاسمانی کردبا ئەوە ئەم پارچە ئاسمانە دەکەوتە باران، بۆیە بینەر هەموو سپێدەیەک تووشی رامان و سەرنجێکی قووڵ دەبوو تیایا غەرقی هەزاران دیمەنی ئەفسانەیی ئاوا دەبوو، ئایا ئەسپەکە باڵی گرت؟ کە لە دەمی بەڕێ کەوتنا ئاوا لەسەرخۆو پاشانیش وا بەلەز ونبوو؟ سەرتەنگ دوای نەمانی ئەو ئەسپە لە گوندێکی خاڵی دەچوو، تەواوی رەوە ئەسپەکانی سپێدان هەرچەند تا بەرەبەری نیوەڕۆ بەسەر گردەکانەوە کۆدەبوونەوەو سەیری خۆریان دەکرد، بەڵام نە رەونەقی جارانیان مابوو، نە راکێشانی جارانیان مرۆڤیان سەرسام دەکرد، ئەوە ئەسپەکەی مێرێ بوو لەنێوەندی دورێ و شمایلا دا دەوەستاو بەرلەوەی پیاسەکەی سپێدانی خۆی بکات ئاوڕێکی لە دێ دەدایەوە، ئیدی لە ناو چڵ و پۆپی دار چناران و قامیشەلانەکان و دار مێوە چڕەکان و گەلای بڵندی بی ون دەبوو، خەڵکی لە دوای خۆیەوە دەخستە ناو هەزار و یەک سەرسامیی لێکدانەوە، ئەوە ئەسپەکەی مێرێ بوو لەسەرەخۆ دەیحیلاندو یادەوەرییەکانی سەرتەنگ و تروانشی لە زەینی خۆی هەڵدەوەراند، چاوی لە ئاستی لەززەتی بێ کۆتایی سەرگردویاڵکانی زێدی خۆی دەنوقاند و بۆ ماوەیەک لە جوولە دەکەوت، لە بەرانبەر جەستەی ئاگراوی مێرێدا رادەماو لە شەققەی باڵی دەداو ون دەبوو، شینکەزانی مێرێو جەستەی بالادارو بە هەیبەتی مێرێ هەموو سپێدەیەک ئەو خرۆشانەی دەخستەوە ناو خەڵکی گوند و دەیخستنەوە سەر ئەسڵی خۆیان، هەموویانی لە ناو خەون و خەیاڵدا نوقم دەکرد، هەموو جارێکیش منداڵە باژەرەکان و بارە کچە جوانەکانی گوند لەبەردەم ماڵە گەورەکەی دێدا کە حوکمی چەند سەدەیەکی دەکرد دەوەستان و بەدەم هاوارێکی ناسک تەنکەوە سەدایان دەخستە ناو گوندو ماڵە گەورەیان بێدار دەکردەوە. پەرتەیان پێ دەکردن، بەڵام دیمەنی ئەسپی مێرێ هەر بەتەنها دیمەنی دوو جەستە نەبوو، بەڵکو هاوارێک بوو لە ڕۆحی ئەواندا شین دەبوو، داوای بێداری و ئازادی لێدەکردن، ئەو دیمەنە بانگێکی دووری ناو خوێنیان بوو، هەموو سپێدان زیندوو دەبۆوە، داوای لێ دەکردن ئەوانیش سواری ئەسپ بن و ئەو دیمەنە جوانە زیندوو بکەنەوە، بەدەم هەناسەی ساردەوە ئەو بارە کچانە هاواریان دەکرد:

**– ئەسپەکە ئەسپەکە دێری رەبەنان چەند دوورە**
**ئەسپەکە ئەسپەکە مەریەم لە باوەشت گرێ**
**ئەسپەکە ئەسپەکە توێڵت ئاوێنەی دێرێ**
**ئەسپەکە ئەسپەکە حیلەت زەنگی کەلێسایێ**
**ئەسپەکە ئەسپەکە چاوت مێرگی ئینجیلێ**
**ئەسپەکە ئەسپەکە قاچت منارەی دێرێ**
**ئەسپەکە ئەسپەکە کەفەڵت جوانی سەرتەنگێ**
**ئەسپەکە ئەسپەکە بژت رەزی تروانشێ**

مێرێ لە دوورەوە ئەم گۆرانیەی گوێ لێ دەبوو، کە خۆی هەموو ڕۆژانێک لە کاتی خاوێن کردنەوەی ئەسپەکەدا دەیچڕی و هەموو منالآنیش فێری ببوون، تۆزێ دەوەستاو سەرگۆنای تەڕ دەبوونەوەو سەیری ئەم کچە جوانانەی دەکرد، کە لەگەڵ سەوزایی دەشتە بچووکەکانی (قومرییەدا) تێکەڵ دەبوون، خۆی وەبیر دەهاتەوە کە لەگەڵ کچە کریستانییەکانی سەرتەنگ، چۆن چۆنی لە کاتی جەژنی ترێدا سەف سەف دەوەستان و زەمیلەی خۆیان پڕ لە ترێ دەکردو بە گۆرانی بۆ ئەو شوێنەیان دەبرد کە بەتایبەت بۆ ترێ کوشین دروست کرابوو، لەوێ کەدووبارە بۆ پڕ کردنەوەی زەمبیلە جوانەکانیان دەگەڕانەوە، ئاخێکی هەڵدەکێشاو سەیری جلە خاکییەکەی بەری دەکردو دەگەڕایەوە ئەو سەردەمانەی هەموو خەڵکی دێ ئەو جلەیان لەبەر دەکردو بۆ ناشتنی مردووەکانیان دەچوون.
لە بەرخۆ دەیگوت:
– ئایا من بۆ ناشتنی مردووەکان دەچم؟
هەموو گیانی رادەچڵەکی، بەڵام دەنگی بەسۆزی باڕە کچان دەهاتەوە:

**– ئەسپەکە ئەسپەکە سەرپشتت گوندی (تروانشێ )**
**ئەسپەکە ئەسپەکە گوێچکەت چەتری بارانێ**
**ئەسپەکە ئەسپەکە دەمت کانی سپی**
**ئەسپەکە ئەسپەکە حیلەت زەنگی کەلیسایێ**

ئیدی مێرێ دەگەڕایەوە ئەسڵی خۆی و توندوتۆڵ دەبۆوە. لە نێو ئەم داڵان و دۆڵانەدا خۆی و حیلەی ئەسپی بە تەنها دەمایەوە، سەیری دوور دووری دەکرد، هەتا چاوی پڕ دەبوون لە جوانی و دڵی پڕ دەبوو لە کەف و کوڵی سروشت و ڕۆحی پڕ دەبوو لەجاویدانی، ئەوسا وردە وردە دەگەڕایەوە، ئەو کاتە خۆرەتاو چەند باڵێ شۆڕببۆوە ناو ئاوایی و سروشتی غەرقی زێڕی پاکی خودایی کردبوو، بەڵام هەمیشە و بۆ ئەبەد کاتێ دەگەیشتە ئەو تاقە گۆڕەی کە شنەیێکی فێنکی بەیانیان گیای سەر گۆڕەکەی دەخستە

کەروێشکەو لەوێکەوە دەوەستا و بۆ چەند ساتێ یادی ئەرکەوازی دەکردەوە، ئەو حەکایەتەی بیر دەکەوتەوە کە دوو عاشقی گوندەکەی لە بەرەبەیانێکی رەنگاورەنگی بەهاریدا دەچنە ناو کەلێسا و لەوێ لە خەوێکی هێجگار قووڵدا دەست لە ملی یەک دەکەن و بۆ ئەبەد تێکەڵی یەک دەبن، کاتێ خەڵکی گوندەکە بۆ نوێژی میعراجی مەسیح روودەکەنە دێرەکە و ئەو دیمەنە دەبینن، ئەوان وەئاگا دێنەوەو هەموو گیانیان دەبێتە ترس، بەڵام تاویان دەدەنێ دەبن بە دوو کۆتری جوان و لە دەلاقەی کەلێسادا شین دەچوونەوە، هەربۆیە ئێستاش خەڵکی ئەو گوندە لە هەموو نوێژێکی میعراجی مەسیح دا، بەر لەوەی سرووت دابەستن دادەچەمێنەوەو دەست لە سەر سینگ دەوەستن، ئەوسا بەرەو لای میحراب دەچن.

# بەشی نۆزدەم

ئەگەر لە بەرزایی هەزار لوتکەی (بەنانەوە) چاوێک بگێڕی بە کێڵگە دوورەکانی، هەست بەوە دەکەیت تۆ لەبەردەم جیهانێکی ئەفسووناوی هەزار رەنگدا یاری بە روانینەکانت دەکەیت، چونکە لەو دەوروبەرەدا سنوورێک نییە هەیبەتی مرۆڤ نەشارێتەوە، لەوێ مرۆڤ زیندەوەرێکی هێجگار بچووکە، مێرێ زۆر جاران بیری لەمەودای نێوان ترواتش و ئەوێ دەکردەوە، پێی وابوو ئەو چۆتە ئەوبەری ئاوە دوورەکانەوەو زۆر زۆر لە زێد و نیشتمانی خۆی دوور کەوتۆتەوە، هەر لەو ساتانەدا بوو تووشی جۆرێک لە رابردووژینی دەبوو، دەگەڕایەوە ناو خەون و خەیاڵەکانی خۆیەوە، ئەو خەون و خەیاڵانەی هەر لە سەرەتای ژیانی هەرزکارییەوە جوانترین ژیانی بۆ لە نێو رەزو دارمێوە سەوزەکانی ترواتش دروست کردبوو، هەر ئەوەش بوو وای لە خەیاڵەکانی کردبوو ئارەزووی فڕین بچێتە ناو شانەکانی و بەرەو ئەو بنارە دوورانەوە هەلبکشێ، بیری لە ڕۆژانی یەکشەمووانی دێری قەددیس میناس دەکردەوە کە چۆن چۆنی ئەو هەموو کچە کریستیانانەی ترواتش بە رەوە دەتگوت لەلای خودا رەوانەکراون، ئاوا بە جلی سەوزو سوورو زەردو پڕ بریقەیان تێکەڵی ئەو سروشتە جوانەی ناو دێری بنار شاخ دەبوون، لەگەڵ جەمعی کوڕاندا مەملەکەتێکیان لە سروشتێکی بەهەشتی دروست دەکرد، بەیەکەوە سرووتەکانی ناو ئینجیلی مەتییان دەخوێندەوە، خودایە ئێمە هاتووین لە بەرت بپاڕێینەوەو بڵێین: **مەریەم ئاهای مەریەم تاقانە کچی ئێمە بۆ خاتری هەردوو مەمکی پڕو شیر نەدیوت، بۆ خاتری قژی بە عەترڕێژکراوی بازرگانەکانی هیندو سند، بۆ خاتری هەردوو دەستی پڕ بەرەکەتت، بۆ خاتری مەچەکی زێڕ نەدیوت، بۆ خاتری ئەو گوڵە مێخەکەی لە لا لێوی یەرچەمی خۆتت دەدا نەوەکانی خۆت لەم هەموو کوڕو کچە جوانانەی خۆت بپارێزە، مەریەم مەریەم ئێمە لەتۆ زیاتر کەسمان نییە، ئێمە بێکەسترین کەسانی گوندی ترواتشین کە خودا بە خودایەتی خۆیەوە، هەرهەند بزانێ ئێمە چۆن لە نێو ئەم دۆڵەدا جوانترین مێرگمان دروست کردووەو پاکترین هەوامان خوڵقاندووەو رازاوەترین سرووتی خوداییمان گێڕاوە.** مێرێ کە لەم خەیاڵانە دەبۆوە، وردە وردە فرمێسکە گەرمەکانی هەڵدەڕژاندە سەر کوڵم و شۆڕ دەبوونەوە سەر گەردن و هاڵاویان بە هەردوو مەمکەکانی دەبەخشی و بە ئاگا دەهاتەوە، کە بە ئاگاش دەهاتەوە خۆی دەبینی لە ژێر دەستێ جلی خاکی تەوقدار بە رشتێ خەریتەی گوللەدارو خەنجەرێ لە نارجیلی قەفتەبەند،

ئیدی کۆشکی خەیاڵی دادەڕماو دەکەوتە ناو هەراوزەنای دەوروبەر، هەر ئەوەندەی دەبیست کە یەکێ دەڵێ:
-لەکویی مێرێ لەکوێی ؟
بەڵام ئاخ ئەوەدەنگی کەسێ بوو لەمێژ بوو تێکەڵی خاک وخۆڵ بوو بوو.

## بەشی بیستەم

– مانگی ئاب، ئاخ مانگی ئاب مانگێکی دۆزەخی و ئاگر ئامێزە. سەرابی ئاگراوی لەم مانگەدا تا پای چوار تەبەقە بەرەو خوار رۆحێکی زیندووی تێدا ناگەڕێ، بۆیە مەحاڵە تۆ بتوانی لەم سەرابە دەربچیت، قەدەرێکە لە ئاهی مردووان و سەفەرێکە لە خەونی لێقەوماوان، ئەوا بۆ چەند ڕۆژێ دەچێ منی سەرگەردان بەڕێکەوتووم، بەڵام نازانم لە پای چی، بۆچی؟ تا دەهات چەورایی سەردەست و ڕووخسارم دەبوو بە تۆپەڵ و پێستی پێ فڕێدەدام، کە دەستم بەنێو چاوانم دادەهێنا یەک پارچەتفری لێ هەڵدەستا، لەوێدا زانیم ڕزگاربوونی من مەحاڵە، کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە، ئەگەر لە مەیدانی سەرابدا بمزانیایە هەرگیز ئەو سەرکێشییەم نەدەکرد، بەڵام غەریزەی ڕزگاربوون لە مردن قەتاو قەت لە مرۆڤدا نابڕێتەوە. بەرەبەری عەسرێکی درەنگ بوو، من خۆم وام مەزەندە دەکرد ئەگینا لە ناو سەرابدا هەتا ناتوانی بەیانی و ئێوارەش لێک کەیتەوە، بەڵام ئەو کاتانەی ڕۆژ بوو دیار بوو کە مێشک لەناو مێشکداندا دەکوڵاو هوروژمی گەرمایی گیانی دەخواردی، من هەر خەریکی ڕۆیشتن بووم بەبێ ئامانج، بەبێ ئەوەی هیوایەکی بچووکیش لە ئاسۆدا هەبێ پێی بژیم، لەگەڵ ئەوەش، هەر دەڕۆیشتم و دەڕۆیشتم و دەڕۆیشتم، جار جارە گریانێک دایدەگرتم هی خۆم نەبوو، گریانێک بوو لە خوێنمدا بێ ئاگا سەری لە مندا سەردەدا، دەزانم ئەوە گریانی کتێبدار بوو رۆحی هەڵدەتەکاندم، بەڵام کاتێکیش لێی دەبوومەوە، حەسانەوەیێک مێشکمی دادەگرت، مرۆڤ کاتێ ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، هەموو ڕابردووەکانی وەک فیلمی سینەمایی بەبەرچاودا ڕادەبورێ، ئەوەی چەندین ساڵە لەمێشکدا سڕاوەتەوە لەبەرچاوت زیندوو دەبێتەوە، ناخۆشترین باری دەروونیش لەم جۆرە شوێنانەدا ئەم حاڵەتەیە کە هەموو دەرگاییێکت لێ داخرابێ، لە دوور دوورەوە ترووسکەیەک سەرنجی ڕادەکێشام، ترووسکێک بوو، هەندێ هیوای پێ دەبەخشیم و وەک خوێنێکی گەرم لەناخمدا هەڵدەڕژاو ئاهێکی پێ دەبەخشیمەوە، بەڵام ترووسکێکی دوور دوور بوو، ئاخر هەتا بەرەوپێش دەچووم ترووسکەکەم لێ بەدوور دەکەوتەوە، سروشتی سەراب وایە، چونکە بەرەو بێ کۆتایی دەڕوات تۆ ناگەی بە هیچ و هەموو شتەکان بەپێچەوانەی یەکتری دەبێ، زۆر مامەوە تا دەهات تاریک دادەهات، چەند لە بیاباندا تاریک دابێ ئەوەندە دڵ پڕ لە تاریکی دەبێ، دووبارە برسییەتی و تێنوێتی هوروژمیان دەهێناو ژانی گەدەم دەیکوشتم و زمانی وشک هەڵگەڕاوم هەر چەندە هێزی جوڵانی نەمابوو لەنێو دەمم وەک کاغەز وابوو، گوێم لەدەنگی خشە خشی دەبوو

، له یەک ساتدا هات بە خەیاڵم کە ئیدی تەواو، تازە نەجات بوونم لەو سەرابە گۆڵەسەگەدا مەحاڵە، ئاگام لە خۆم نەماو کەوتم ئیدی خۆم ون کرد، ئەوە نەبێ جار جار چاوم دەکردەوە بەڵام، هیچم نەدەدی، بۆ ماوەیێکی زۆر کەوتم و هەڵسامەوە هەندێ جار وام دەزانی وام لەناو پاوانێک و ئەوە منم جۆگە جۆگە ئاو بەسەرما دادەڕژێو شەلاڵی فێنکی ئاو دەبم، حەزم دەکرد تا دواساتەکانی ژیانم هەر لەناو ئەو پاوانەدا بم، دەچوومە سەر دەرختەکان و سەیری جوانی ئەو دنیایەم دەکرد، ئاسمانێکی شین و سەر زمینێکی سەوزی پڕ لە درەخت و گەڵا و گوڵ و مەلەکان لە هەموو لایەکەوە دەیانزریکاند، ئەمجارەیان لەسەر دەرختەکەوە خۆم هەڵدایە ناو ئاو و بە ئاگا هاتمەوە، غەرقی تۆزی سەراب ببووم و هێزی هەستانەوەم لە بەربڕاوە، هەوڵێکی زۆرم دەدا بکەومەوە سەر پێ بەڵام داخەکەم لە مێژ بوو ئەوهێزەم لە بەر بڕابوو، لەناکاو دەنگێکم بیست، سیمرغێک هەڵیکوتایە سەر جەستەم و هەڵیگرتم، لەگەڵ سیمرغێک فڕیم، فڕیم بەنێو ئەو ئاسمانە تەماوییەدا دەسووڕامەوە، نەمدەزانی بۆ کوێم دەبات، هەڵیگرتم و دوور دوور، چووینەوە سەر ئەو شوێنانەی کاتی خۆی بە منالی بۆ ڕاوەمەل و چۆلەکە تەپکەمان دادەنایەوە، تازە دەغڵ و دان دەدوورایەوە خەڵکی پەرش وبڵاوی ناو ئەودەشتاییانە ببوون، لە دڵی خۆما دەمگوت:

– ئۆخەی ئەمجارەش کەوتمەوە نێو زێدی خۆم و دەبێ خاک و خۆڵی ماچ بکەم، کاتێکیش خۆم لار دەکردەوە ئەم خاک وخۆڵ و تاوێرە بەردانە ماچ بکەم، وەئاگا دەهاتم و دەمی خۆم دەبینی لە خۆڵی سەراب چەقیوە،

ئەو کاتانەم بییردەهاتەوە کە باسی ڕێبەریان دەکرد چۆن لە خەیاڵی خۆیدا بە گوریسی تیشکەکانی مانگ و ئەستێرە بۆ ئاسمان هەڵدەکشاو پاشان کە لە خەیاڵ دەبۆوە، خۆی دەبینی لە نێو گۆماوەکاندا کەوتووە، دووبارە دەکەوتمەوە ناو گێژاوی نەهامەتی و وێرانی، بۆ یەک سات دڵم زۆر بەخورپە لێی دا، دیار بوو دڵم لە زەینم خێراتر شتی وەردەگرت، دووبارە سەیری دوورم کرد، چاوەکانم تژی لێڵایی سەراب و زوورانەوەی گەرمی خۆڵ بوو بوون، ئەوەندەیان هەتەر نەدەکرد، دووبارە بە وردی و بەدیقەتێکی زۆرەوە سەیری دوورم کرد، هەستم بەوە کرد کە مەل بە ئاسمانەوەیە، دڵم ئاهێکی پێ داهات خۆشییەک کەوتە گیانمەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم هەبوونی ئەو مەلانە بێ هۆ نییە، هەوڵم دا هێز و گوڕێک بەخۆم بدەم و بەڕێکەوم، کە هەڵسامەوە دووبار لە سووڕی سەرمدا گێژم خوارد و کەوتمە خوارەوە، ئەوەی هێز بوو لە جەستەما نەمابوو، لە ناخەوە ئاهێکی سارد هەڵیلووشیم.

– ئەمە کۆتایی ژیانمە، بێ ئەوەی تاقە مەلێک بەسەر سەرمەوە بخوێنێ، دەمرم و نە کەسیش بە مردنم دەزانێ و نە کەسیش دەزانێ لەکوێی ئەم سەرابەدا مردووم.

خۆم بەتەنهاترین مرۆڤی سەر ئەم زەوییە دەزانی، ئایا لەو ساتانە ناخۆشتر هەیە، کە مرۆڤ لە تەنهاییدا بمرێ و نەتوانێ قسە بۆ کەسێ بکات، هاوئازارەکانم بیر کەوتەوە، ئاخۆ لە کوێن و لەناو کام گێژاوی بیاباندا کەوتوونو کام گێژەنی خۆڵ قووتی داون، تۆزێ هەستم لە جەستەی خۆم راگرتەوەو بیرم لە بێ هێزی خۆم کردەوە، ئەوە دوو سێ ڕۆژە من بەناو ئەو سەرابەوە دێ و دەچم و ڕێ دەگرم و دەکەوم، هیچ تەڕاتیێ لەگیانم دا نەماوە، ئاخر چۆن دەتوانم ئیدی بەڕێدا بڕۆم لەگەڵ ئەوەش بینینی ئەم مەلانە لە دوور دوورەوە ناچاری کردم بەڕێکەوم، بەرە بەری نیوەڕۆیان لەناو سەرابدا شتێ مرۆڤ شێت دەکات، ئەویش بوونی نمایشی وێنەکانە، نمایشی ئەم سەرابە شێتەش لەوەوە دێت کە خاک ئەوەندە تێنوی ئاوە، لە دوورەوە هەموو شتێکت لێ دەبێتە خەیاڵ، لە چەشنی ئاو خۆی دەنوێنێ. ڕۆیشتم، خەیاڵ منی بردەوە کوێستانە دوورەکان و سەر ئەو رووبارانەی کە نەورەسەکان لە نزمایی ئاسمانەوە بەرەو ئاوی رووباردا دادەبەزن و هەندێ جار بەسەر ئاوەکانەوە دەوەستن، ڕۆخانەی ئەو رووبارانە پڕ دەبوون لەو مەلە خەمگینانە کە خۆیان و باڵی کورتیان هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزدان، دەچوومە سەر ئەو رووبارانەوە سەیری دنیام دەکرد، لووتکەی بەرز و شاخی هەزار بە هەزار و دۆڵی توناو توون، لەژێر درەختەکانەوە دەوەستام و سەیری دنیام دەکرد، شەپۆلی رووبارەکان جار جارە کۆمەڵی نەورەسی دەبردە دووری ڕۆخانەوەو ئاوی ئەو رووبارانە، لەبەر توندی شەپۆلەکان دەگەیشتە سەر پێم و گیانی تەڕ دەکردمەوە، دەستم بۆ ئاو دەبرد و پڕ بەدەست ئاوم بە ڕووخسارما دەکرد، لەو کاتەی بە دەستەکانم خەریکی شڵپە شڵپی ئاو بووم، بەئاگا هاتمەوە هەمیشە خۆمم دەبینی لەناو خاک و خۆڵی ئەو سەرابە نەفرەتییە کەوتووم و بە ئاستەم هەناسە دەدەم و لە دڵی خۆمدا هاوار دەکەم ئەی دایە، ئەی دایە لە کوێی ؟

– ها کوڕە خەمبارەکەم ئەوە چیتە چی؟ نەکا وڕێنە بکەی ؟

– نە دایە گیان نا ویستم شتێ بڵێم، شتێ.

– دە بیڵێ کوڕە شیرینەکەم بۆ لە دایکتی دەشارییەوە ؟

نەفرەتم لەو ڕوژە دەکرد کە تیایا لەدایک بووم، هەندێ جار نا ئومێدی مرۆڤـ پارچە پارچە دەکات، ئەوەندە نەمابوو بۆ یەکجاری خۆین لەدەمارەکانمدا وشک بکات. ڕۆیشتم زۆر ڕۆیشتم، لەو وەهمستانەدا مرۆڤ لە سروشتی

مرۆڤایەتیدا دەچێتە دەرەوەو دەبێتە زیندەوەرێکی قێزەوەن، هێزێ نەمابوو لە جەستەما تا بەسەر پێیەکانەوە رامگرێ، بەڵام کە چاوم کردەوە، چەند مرۆڤێکم بینی، زانیم ئەوانیش سەراب هەمووی کردوون بە تەختەی دار و وێڵ و سەرگەردانی کردوون. هاوارم کرد و هاوارم کردو هاوارم کرد، بەڵام ئەوان لەبەر چاوم وەک شەبەنگ وابوون و ون دەبوون و بە دیار دەکەوتنەوە، جگە لە هاوبەندەکانی خۆم نەبێ هیچ مرۆڤێ رێی بێرە نەکەوتووە و بانگم دەکرد بەیار بەیار، مێرێ مێرێ، بەڵام هەیهو دەنگم لە ناو تەنهایی ناو ئەم سەرابە شێتە بە کێ دەگات؟ دەهلیزێکی ئاوەها هەر مردنی تێدا حەسانەوەیە، لە دوور دوورەوە دەستم بۆ هەڵشەکاندن، بەڵام ئاخ کەی ئەوان هەست بە من دەکەن و بە پەلە کەوتمە دوایانەوە، ئەگەرچی من تەواو ببووم، هاوئازارەکانم دەبینی هەموویان لە بەر چاوم بوون. شەوانە وەک رەوە ئەسپێکی خورت دادەکەوتن و لە ژێر تریفەی مانگەشەودا ئەڵقەیان دەبەستا و بۆ ماوەییێکی زۆر دوورو درێژ سەیری ئاوێنەی مانگیان دەکردو دەگەڕانەوە ناو رابردووی هێجگار دوور، ئەو رابردووەی کە پڕیەتی لە راکردن و شکست و هەڵسانەوەی ئەوان، ئەوەی لە نزیکەوە دیقەتی ئەوانەی بدابا هەستی بەوە دەکرد بەڕاستی ئەوانە داوە تیشکی تریفەی مانگ دەگرن و بەرەو ئەو مانگە سەرهەڵدەگەڕێن، چونکە هەموو سەیریان دەکرد کە چۆن چۆنی بەرز دەبنەوەو تا ناو چاوی مەرگ دەڕۆن، تا دەهات ئەو ئەڵقە ئەڵقەیەی بەستبوویان کەمتر دەبۆوە، هەندێکیشیان دیار بوو تریفەیان لە قۆڵ و باسکی خۆیان دەئاڵاندو دەبوون بە یەک پارچە لە رووناکی، ئاخر ئەوە وەهمی نەیستان بوو بۆ ئەوان جێمابوو، هەر ئەوەندەت دەزانی لەبەر چاوت ون دەبوون، شەو رادەشکاو ئەوان هەر سەیری مانگیان دەکرد، تا ئەو رادەیەی ئەوان لە ناو جەستەی مانگدا دەتوانەوە، ئیدی هێزی خۆڕاگرتنی خۆیان نەدەماو بەسەر تیلەقەی پشتی خۆیان رادەکشان و وردە وردە تریفەی مانگ دایدەپۆشین و دەکەوتنە ناو کپییێکی قووڵەوە، بەڵام هەر سەیری مانگیان دەکرد، بە چاوێ دەخەوتن و بە چاوێکیش سەیری دڵی مانگیان دەکرد، بەڵام ئەگەر بە دیقەت زۆر بە دیقەت سەیرت کردبان، بۆت بەدیار دەکەوت کە ئەوانە بەتەواوی بوونەتە تریفەو لە سروشتی خۆیاندا نەماون، تەواو وەکو ئەو کاتانەی کە تەواوی خەڵکی نەیستان دەبوون بە سەمەدی رێبەریان، منیش هەر هاوارم دەکرد:

– ئاهای بەیار بەیاری بازوداغ، زە هاو زەهاو، دنیا ڕەش داگەڕا.

## بەشی بیست و یەکەم

### ئاوازی وەهم

بەمجۆرە لەنێوەندی بێ سنووری ئەم سەرابەدا، ئێمە تەنهاترین ئاوازی بەشەری بووینو کڵۆڵترین رۆحی سووتاو بووین، بە سەفەری سنوورە زۆر زۆر دوورەکانی خەیاڵ، ئەو سنوورە دوورانەی بەتەنها لەناو وەهمە رەنگاورەنگەکانی زەیندا هەنو هەرگیز پێی مرۆڤیان ناگاتێ، بەڵام ئێمە بەراستی چووینەوە سەریانو قەدەرمان وەک کچێکی قەیرە دواند، بێئاگا لە هەموو هۆبەندەکانی بەختەوەری و پڕ مەیل لە هەموو ئەو هێڵە نادیارانەی کە ئێمەیان بەشەونمی پرسیارەوە بەند کردبوو، هەندێجار هەموومان لەناو ئەم هێڵە نادیارانەدا ون دەبووینو دەبووین بە بەشێک لەوان، وەک ئەوەمان لێدەهات هەرگیز بەسەر زەویدا گوزەرێکمان نەکردبێ، ئێمە دوای ئەوەی کێڵگەی پڕ بەرەکەتی گەنمی خوداوەندمان داگیر کرد و بەشیمانەوە، لە نێو ئەم زەوییەی خودادا توورِ هەڵدراینە نێو سەرابەوە هەموومان یەکتریمان دەخوێندەوەو لە دڵو دەروونی یەکتری دەگەیشتین، هەریەکەو بڕیارێکمان بۆ خۆمان دەدا، بەڵام بەیار هەڵگری سیحرێکی زۆر بوو هەمیشە جیابوو لەگەڵ ئێمە، ئەو کە ئێمەی جێهێشت بولێڵ بوو، کزە باێکی گوێزانی وای دەهات ئێمە هەموومان دڵنیا بووین کە لە دۆزەخەوە دەهات، چونکە ئێمە دەمانزانی هەرگیز بەهەشتێک لەسەر زەویدا نەماوەو مانەوەمان بێ هەوڵو تەقەلاکان لە پێناوی وەگیر هێنانی مەحاڵ مەرگێکە دەبێ بەدەستی خۆمان پیتەکانی بنەخشێنین، تازەش بەسەر تەلدرِەکانەوە وەک کۆمەڵە تارماییێک پەریبووینەوە بەرەو ئەو زەوییانەی کە رووپەرێک بوون لەوەهمو تارماییو حەقیقەتو هەمیشە راماندەکردو راماندەکردو راماندەکرد، بانگێک لە ناخماندا بەرز دەبۆوە، هەمان ئەو بانگە لە ژێر چەکمەی دیرۆکێکەوە هەڵدەستا، خۆشمان نەماندەزانی ئەوە چ بانگێکە هانمان دەداو وەک پووشی بەردەم رەشەبا لوولمان دەدا، هەمیشە لە تەلانەکانەوە بەرەو مەنفاکانی رۆحو سەر زەمینە نادیارەکان گلۆرمان دەکاتەوە ،نەشماندەزانی ئەو هەڵەتانە تەژی ئەو وەهمە مینانەن کە لەسەدە زۆر دوورەکانی شەرِی نێوان ئارەزووە شەیتانییەکانی ئینسانەوە بۆ ئێمە مابوونەتەوە، ئەو شەرە توندوتیژانەی کە رۆحی تۆڵەسەندنەوە نەوە بە نەوە لە یەکیان وەردەگرتەوەو تا ئەو کاتەیان هێنابوو، ئێستاش ئاسەوارەکانییان لەناو ئەو سەرزەمینە پانو بەرینەی خودادا وەهمی چەند سەدەییێکی دیکەش دەکەن، هاوئازارەکانم کە دڵیان وردو خاش دەبوو بەیەکەوە وەکو رەوەیەکی توورەی تاووسان بەرەو ئەشکەوتە

خەیاڵییەکان دەبوونەوە، دەبوونە کۆمەڵە ڕەنگێکی پڕ لە باق و بریق و ناو ڕێگاو دۆڵەکانیان پڕدەکردەوە و شوێنێ نەدەما نەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی جەستەی ئەفسووناوی ئەوانەوە، هەمیشە رایاندەکرد، رایاندەکرد و رایاندەکرد، کە لەبەرچاو ون دەبوون هەر ئەوەندەت دەزانی لە تەکتەوەن شەبەقی سەرسامی دایدەگرتی، کە لەبەر چاوانیش بەدیاردەکەوتن بەوە دەکەوتی کە ئەوان ون بووینەوە ئیدی تەزووی پرسیار وێرانی دەکردی، کەس نەیدەزانی لەنێو ئەو ئەشکەوتە خەیاڵیانە چی دەکەن، ئەوە نەبێ کۆمەڵە دەنگێکی زۆر کە لە هی مرۆڤ نەدەچوون دەوروبەریان دەخستە باخی سەرسامی و هەموو بەیەکەوە مەست دەبوون. خۆشییەک گیانی دادەگرتی لە هیچ شتێ نەدەچوو، خەڵکی هەموو پێکەوە ئاگریان دەگرت و ئەوانیش رایاندەکردو رایاندەکردو رایاندەکرد، بەڵام هیچکەس نەیدەزانی مەرەدی ئەو راکردنە چی بوو، دیار بوو لە دەمی ئەشکەوتەکاندا شەوقی هەناسە و جەستەیان دەهاتە دەرەوەو من خۆم وامدەزانی ئیدی ئەوە ئەوانن تازە بۆ ئەبەد بوونەتە شەوق و هەڵدەچن، ئەشکەوتە سەرابییەکانن بوونەتە کوانووی شەوقی دەنگ و ڕەنگ و لەرزین و جوولەو راکردنی ئەوان، بەڵام هێشتاکەش کەس پەی بەوە نەدەبرد کە ئەوانە لەو ئەشکەوتانەدا چی دەکەن، ئەوە نەبێ بۆ بەیانی دەرگای ئەشکەوتەکان بە درەختی سەختی وەهم دەگیران و وەک ئەوەی سەد ساڵ بێ ئەو درەختانە هەبووبن.

گوتم ئەو کاتەی بەیار ئێمەی بەجێهێشت، ئەوە حاڵی ئێمە بوو لەناو ئەو سەرابستانە، وەک چۆن رێبەری کتێبدار نەیستانی بە جێهێشت، ئیدی ئەو شنگو تاقەتەی ئەو وەک ئایدیاییێکی نهێنیو موقەدەس بە ئێمەی دەبەخشی بە تەواوی نەماو هەموو شتەکانمان لەبەرچاودا گۆڕا، لە کەفوکوڵی مەرزە دوورەکان کەوتین، بووین بە هەڵگری گەورەترین قەدەری وەڕسی، ئەدی ڕێبەریش کە بوو بە هەڵمی شین هەمان ئەو وەڕەسییە خەڵکی ناو مەملەکەتی نەیستانی نەکوشت؟ هەموو بەیەکەوە وەک ڕەوە پۆڕێکی بریندار هاوارمان دەکرد:

– بەیار، بەیار، بەیاری بازوداغ بگەڕێوەو جێمان مەهێڵە لەو سەرزەمینە کە رۆحی ئێمەی لە غوربەتو سام داگرتووەو ئێمەی لە تەنهایی و بێئومێدیدا غەرقی ئەزەل کردووە، هەموو بە یەک دەنگ هاوارمان دەکرد:

– بەیار، بەیار ئاخر جارێکی دی یەکتر نابینینەوە، ڕەنگە لەو سەرزەویانەدا وێڵ و سەرگەردانی ناو مێژوو بینو ئیدی کەسمان چاومان بەکەس ناکەوێتەوە.دەبینی ڕێبەر شەیپوور بەیار وێنای ژیانی یەکتر دەکەنەوە؟ بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، ئێمە هەریەک لە سەر تەختی شکاوی سنوورێکەوە

بووین، یەکێکمان لە دوادوای هێڵە نادیارەکاندا خەریکی گەمەکردن بوو، لەگەڵ ئەو نەوڕەسانەی لە پاش نەمانی ئاودا، تینویتی باڵی سووتاندبوون نەویدی مەرگەساتیان بەم کەونە دەدا، هاوارەکانی ئەو یەکەم نسکۆ و گریان بوو بۆ ئینسان، ئەو تەنها بوونەوەرەی هەرگیز لە کەینوونەی خۆی ناگات و هەمیشە بەرەو مەرگی خۆی رادەکات بێ ئەوەی پەی پێ ببات، یەکێکمان لە باکوور ئەویتر لە باشوور ئیدی پەرش‌وبڵاوی دنیا بووین هەمیشە هاوارمان دەکرد، ئەوکاتەی ئێمە لەدوا هاوارەکانی خۆمان بووین، بەیار لەودیوی تێلدڕەکانەوە ون ببوو، تەنها تۆزی لە خەیاڵ نیشتووی هەنگاوەکانی بوو کە بەرچاوی ئێمەی لێڵ دەکرد، یادەوەرییەکانی دەخستە ناو کتێبی لەبیرچوونەوە، بە ڕۆیشتنی بەیارو ماڵئاوایی کردنی لە ئێمە چەند کەسانێکی خودان خولیاو ئارەزوویێکی وەهمەنداز بووین، تەواو دەروونمان تاساو و دڵ توندبووین، هەموو شتەکانمان لەبەرچاو گۆڕاو تووشی جۆرێک لە نائومێدیو بێ ئۆقرەیی بووین کە مرۆڤی دەخوارد، هیچ شتێ ئەوەندەی نائومێدی تیژابکار نییە، هەموو گیانمان لە خاکوخۆڵی نمناکی ئەو سەرزەوییە سیحراوییەدا شەلاڵی مەرگێکی کپ ببوو، مەرگێ بەسەر پەنجەکانمانەوە سەمای بۆ دەکردینو ئێمەشی لەگەڵ خۆیدا دەخستە سەمای مەرگەوە، ئەو سەرزەویانە شوێنێک بوون ئەفسانەیی بەر لەخەلیقە، جگە لە ئێمە کە چەندکەسانێکی بەر لە هاتنمان تەژی خولیاو ئارەزووی دەستگیرکردنی رەهایی بووینو هەریەکەمان بەتەمای وەدیهێنانی ئاواتێ بووین، هیچ کەسێکی دیکە پێی بەم شوێنە نەکەوتبوو، هەندێجار وامان بۆ بەدیار دەکەوت ئەم زەویانە لە شوێنێکی بەرزی نێوان خاکو ئاسمان دان، نە ژێرەوەیان دیاربوو نە سەرەوەیان، تەواو لەمیانی زەویو ئاسماندا وەک چەند کۆتەڵێکی خەمگین هەڵواسرابووین، هەمیشە هاوارمان دەکردو راماندەکرد، پێمان وابوو ئەمە چۆڵترینو بێنازترین زەوی خودایەو لە سنوور و قەڵەمڕەوی خوڵقانو بووندا نییە، کەس پەی پێنەبردوون، وەک ئەوە وابوو لە ناو لیتاوی بادا ئاسێ بوو بینو هەر چەند تەکانمان بە خۆ دەدا جوولەیەکمان پێ نەدەکرا، منیش هەر هاوارم دەکرد:

– هاوئازارەکانم ئای هاوئازارەکانم دەزانم لە چ عەزابێکدا وەهمەکانی خۆتان دەچننەوە، کە لەو سنوورە دوورانەوە پەڕیبوونەوە دەیانزانی چییان لە دوای خۆیان جێهێشتووە، جگە لەخۆیان هیچ کەسێکی دیکە نەبوو لە نهێنی ئەوان بگات و هەموو سپێدەیەک بە پەلەپڕووزێوە دەگەڕانەوە لێواری ئەو سنوورانەی، کە ئەوان تخوبیان بەزاندبوو، کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتن دەتگوت بان با، ورشەیان دەهات و وندەبوون، هەندێ

جاریش دەتگوت ئەوانە کۆمەڵە ئاسکێکی زەردن و بە دوای کەڵدا رادەکەن، هەمیشە دووریان دەروانی دوور دوور، ئەو سنوورەی ئەوان بەدوایدا رایاندەکرد، سنووری ئەندێشەو خەیاڵ بوو، بە هەزاران رووداویان لە پشتەوەی خۆیاندا وەک نهێنی هەڵگرتبوو، کەس دەرکی بەوانە نەدەکرد بۆچی سپێدان هێندە خێرا بەرەو ئەو سنوورانە دەچوون، هەزاران هەزار ساڵ لەوان بەدوور بوو، بەڵام بەدیقەتێکی خێرا بۆت بە دیار دەکەوت کە ئەوان بە هێزی شاراوەی خۆیان، سنوورەکانیان نزیک دەکردەوە، وەک چۆن کتێبدار وای دەکرد، کە دەگەیشتن وەک ئەوە وابوو ئێمەشیان لەگەڵ خۆیاندا راپێچ دەکرد، کە دەگەیشتنە ئەو سنوورانەوە هەستت بەوە دەکرد هەرگیز پێی مرۆڤیان نەگەیشتووتێ، ون دەبوون و تۆیان لە ناو تەنهاییێکی ئەفسانەیی دا جێدەهێشت، دووبارە دیقەتت کردباوە دەتبینی ئەوە ئەوانن لەو سەر سنوورانەدا وەستاون و دەستیان درێژ کردووە و قسە دەکەن، بەڵام کەسێ لە قسەکانیان نەدەگەیشت و کە قسەکانیان لەدەم بەردەبۆوە وەک بەرد هەڵدەرژانە خوارەوە، ئەوە نەبێ لەو دیو سنوورەوە کە چۆلترین شوێنی خودا بوو لەسەر زەوی لافاو هەڵیدەکردو ئاسمان دادەرژایە خوارەوە.

مێرێ هەمیشە وەک سێبەری بەیار وابوو و بەدرێژایی زیندەگی خۆی ساتێک لە بەیار دوور نەکەوتبۆوەو ئەو رۆژەش کە بەیار پایدۆزی لێکردبن بۆ ماوەی یەک هەفتە متەقی لەدەم نەهاتە دەرەوە،ئاخر ئەویش لە سەر هەمان رێرەوی کتێبدار ناوە ناوە زمانی لە گۆ دەکەوت و داخی بۆ دەخوارد ، وەک بارانی بەهار فرمێسکی بۆهەڵدەرشت، گریانەکەی مێرێ کۆمەڵە ئاوازێکی هێجگار خەمگین بوون، سەربهووردی هەموو سەرەتاکانی دەگێرایەوە، دیمەنی رێگا دوورەکانو زریانە بەهێزەکانی مێژووی نیشان دەدا، گوڵاڵەی هەڵوەریوی ئینسانی پەرپەر کۆدەکردەوەو لە یەخەی ئەو قەدەرە نادیارەی دەدا، بۆیە کە ئەو دەگریا هەموو دەنگەکانی سەر زەوێو ژێر زەوێو ناو ئاو و رووبارەکان دەکوژانەوەو گریانی مێرێ دەبوو بە پاشای سەر عەرشی زەمین. کەسیش نەیدەزانی بۆچی ئەو رۆژە بەگەڵیا نەکەوتو هەمیشەش دەیگوت:

– ئەم سەر زەمینە وەک وەهمێک وایە لە سنووری خەیاڵدا، ئێمەش لەناویا حەقیقەتێکی بزرین، ئێمە ئێستاکێ لە تاریکاییێکی وادا گومرابووین، مەحاڵە جارێکی دی بکەوینەوە سەر زەمینی خۆمان، جا ئایا ئێمە لەکوێوە هاتووین ؟ ئێمە کۆمەڵێک دەرکراوین لە قەڵەمرەوی خوداداو ناومان لە لەوحی ئەودا بەئاگر سراوەتەوە، ئەوەیش کە بەئاگر ناوی دەسرێتەوە بەدرێژایی ژیانی

ئاگر نابینێتەوەو لەناو زەمهەریری تەنهاییدا تەمەنی خۆی دەخواتەوە، ئەمە زۆر سەختە (زەهاو) زۆر زۆر سەختە مەگەر مەرگ لەم سەختەندازە ڕزگارمان بکات، تازە تاکە ڕزگارکەری ئێمە مەرگە مەرگ. ئەمە هەمیشە ئەو قسەیەی ڕێبەری دەهێنایەوە خەیاڵی کە دەیگوت:

**نەیستان زێدی ئازاردراوەکانی زەوییە،**

**نەیستان زێدی موریدە نەیژەنەکانە .**

مێریێ ناوە ناوە وەک شێت بڵێم چی لە شێت زۆر خراتر رایدەکرد و هاواری دەکرد:

- بەیار بەیار ئەو ئاوە بۆ هەڵدەڕێژی؟ ئەوە ئاوی ژیانە، ئاوی بەردەوامبەخشی نەسلەکانە، ئێمە هەموومان تێنوومانە تۆ ئەو ئاوە بۆ هەڵدەڕێژیتە سەر ئەو هەموو وەهمەوە؟ تۆ پیاوێکی چەند دڵڕەقی بەیار، بەیار بەیاری بازوداغ، ئەوە ئاوی حیکمەتە گەورەکانە ئاخر لە پای چییە ئەو حیکمەتانە کە دڵۆپ دڵۆپ لە هەموو کونجو کەلەبەرەکانی سەر ئەو زەمینە کۆت کردوونەتەوە ئاوا بێ ڕحمانە هەڵدەڕێژیتە سەر ئەم زەمینە کافورەوە؟

مێریێ زۆرجار باسی بەیاری دەکردو بەشێوەییێکی هێندە سیحرئامێز باسی ئەو بەیارەی دەکرد، وەک ئەوە وابوو یەکێک نەبێ لەناو ئێمە، بەڵکو وەک تەڵەزمە برووسکێ بووبێت لەجەستەی ئێمەماناندا، جارێکیان هەر لە باسی بەیاردا گێڕایەوە، لەکاروانێکی گەورەی پەڕینەوەو بەزاندنی سنوورەکاندا لافاو و وەیشوومەییێکی هێجگار ترسناک وەک ئەوەی قەدەر هەموو تووڕەیی خۆی کۆکردبێتە سەریانەوە بایەکان هێندە دژواربوون مرۆڤیان وەلا دەناو لە لیتاوی مێژووی خەیاڵیان هەڵدەکێشانو تێکەڵی ڕەگوڕیشە دوورەکانی سروشتی دەکردن، ساتەوەختێکی چەند دژوار بوو، خوداوەندەکان دوای شکستی ڕۆحی خۆیان لە بەرابەر ئەو تەونە جوانانەی ئێمە دەمانچنی خۆیان هاتبوونە شەڕی ئێمەوە، ئێمەییێکی ساویلکە کە پێمان وابوو ئاگری هەموو شەڕەکان دەکوژێنینەوە، ئەوکاتە باری دەروونی ئەو کاروانچیانە کە پڕبوون لە قاچاغچی و شاعیر و کوتاڵفرۆش و ڕەزەوان و ماسیگر و وەرزشوان و مامۆستاو داشقەچی و کتێبفرۆش، ئاوەها شپرزە ببوو لەم شەوەزەنگەدا چاو چاوی نەدەدی، هەریەک بەلایەکدا دەچوو هەورە تریشقە ڕۆحی ئینسانی هەڵدەپاچی، ئەو کاتە بەیار جلی داکەندو لەبەرابەر هەورە تریشقەو برووسکەدا وەک کەسێ کە لەناو بوومەلەرزەکانی مێژوودا هاتبێتەوە وەستاو بازوووی بەپیرۆزە نەخشێنراوی خۆی کردەوە، هەرچی برووسکە بوو لەسەر مۆری بازوویدا

وەک زێڕ شەوقی دەدایەوەو هەر هاواری دەکرد و هاواری دەکرد، هاوارەکانی بەیار هاوارێکی سادە نەبوو، بەڵکو هاوارێک بوو لە درزە دوور دوورەکانی کەونەوە هەڵدەستاو دۆڵا و دۆڵ و چیا بە چیا دەهات، سرووتی سروشتی لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕی و سەرسامیی خەڵق دەکرد، وەک ئەوە وابوو ئەو مۆرە کوتراوەی سەربازوووی کە بەلای ئەوەوە رەمزی رەهایی بوو، ئیسفەنجێ بێو بارانو هەورەتریشقەو وەیشوومە و برووسکە هەڵمژێ و بەهەمان ئەو بازووە حوکمی قەدەر بکات، وردە وردە لە بەرابەر ئەو تراژیدیایە ئاسمانییە لە جوولە دەکەوتو لە هاواریش بەردەوام دەبوو، هاوارێک وەک شووشە وابوو هەموو سترانەکانی گریانی تێدا دەبریقایەوە، دەتگوت هاوارێکە لەناو قوولایی دیرۆکەوە هەڵدەستێ، بازووی خۆی کە وەک قەدی درەختێکی کۆنەساڵ وابوو راگرتبوو تا ئەو کاتەی وادیاریدا کە هەرچی هەبوو هەڵیمژیوەتە ناو مۆری کوتراوی سەر بازووی خۆیەوە، دنیا لە یەک ساتدا هێور بۆوەو تەژی پەڕەسێلکە بوو، خودایە ئەو هەموو پەڕەسێلکەیە لەکوێوە هاتن؟ بۆ ماوەی شەو و ڕوژێ بەیار چاوی نەکردەوە، مێرێ کە ئەو قسانەی دەگێڕایەوە خۆشی وەک بەیار کەوتبووە جۆش و خرۆشەوە، دەیگوت:

– ئەو سەرزەمینە کە ئێستا ئێمەیش واین بەسەرییەوە، هەمان ئەو وەیشوومە و هەورە تریشقەیە، ساتێکەو ئێمە بەیەکجاری لەناویا ون دەبین، زەهاو کە گوێی لە قسەکانی مێرێ دەگرت دەتگوت بۆتە تاشەبەردێ لە لێواری زێیە گەورەکانی دنیادا، ئەو زێیانەی دوای نەفی بوونمان هەمیشە خەونمان پێیانەوە دەدیو هەمیشە لە پشتیانەوە چاومان لە سەر زەمینی منداڵی خۆمان دەگێڕا،وەک چۆن رێبەر نەیستانی بۆ دروست کرد، هەمیشە بەسەر درەختە بەرزەکانەوە گۆرانیمان بۆ دەگوتو فرمێسکمان تێکەڵ با دەکرد.

– کە مێرێ لە قسەکانی خۆی دەبۆوە زەهاو قسەی دەکردو قسەکانیشی وەک ئەوە وابوو بەرد لە دەمیا بکەوێتە سەر زەوییەوە، کە بەر زەویش دەکەوتن وردوخاش دەبوون و برووسکیان لێ هەڵدەستا، ئێمە هەندێ جار وامان بیر دەکردەوە زەهاو کوڕی بەردەو لە تەباری بەردستانە، وەک بەرد هەڵدەخزی و گلۆر دەبۆوە نێو دۆڵ و زەنگەکان، وەک بەرد تەڕ دەبوو و نوقمی دەریاکان دەبوو، وەک بەردی بنی گۆمیش لووس دەبوو، ئاکارێکی ئاوەها بەردینی هەبوو لە بەرابەریا هەستت بە بەردبوون دەکرد، هەزاران هەزار جار دەمانبیست کە مێرێ – مێرێ وێنەی بە هەڵم بوونی کتێبداری مێژووی دەهات بە خەیاڵیا – بۆیە دەیوت

به شەرەفم بە شەرەفم ئەم کوڕە بەردە، بە سەری بەیار زەهاو بەردە، ئەگەریش باوەڕ ناکەن فەرموون با بیشکێنین.
بەڕاستیش زەهاو هەر وابوو، دڵی شکابا وەک بەرد دەشکاو هەرگیز بەیەک نەدەنووسایەوە، لەگەڵ ئەوەش مرۆڤێکی ژین بەردین بوو، بەڵام لە ناو شوورەی بەردینی جەستەی خۆیدا خوێنێکی پڕ لە حەنین و ئەشقی هەڵگرتبوو، زۆرجار دەیگوت:
– مرۆڤـ لەم تونێلە تاریکەدا نازانم چ رووناکییێکی دیوە هێندە عەودالّی بینینەوەی وجوودی هەیە، ئاخر مەگەر ئێمە وجوودێکی شکاوی بەرد نین؟ مەگەر ئێمە بۆ ئەوە دروست نەبووین کە هەمیشە بەرد دروستکەین و بەرد ببینین و چیا لە بەرد دروست بکەینو جەستە بەردینییەکان لە سەریەک دابنێینو ناومان لەسەر بەردەکان بنووسین؟ مەگەر ئێمە حەقیقەتی ئەم بەردستانە نین؟
ئەوەشتان پێ بڵێم کاتێ بەیار ئێمەی جێهێشت تاکە کەسێ ئاوڕی لێدایەوەو بۆ ماوەیێک سەیری چاوەکانی کرد زەهاو بوو، ئەوان هەمیشە بە چاو لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکردو بەچاو نەخشەیان دادەڕشت و بەچاویش جێبەجێیان دەکرد، ئەو دیالۆگەی ئەوان بەچاو ئەنجامیان دەدا، تا ئێستا هیچ زمانێ دەرینەبڕیوە، هیچ کەسێ لە قسەی ئەوان نەدەگەیشتو هەر بەچاویش بەدوای یەکتر دەکەوتن، شوفرەی ئەوان شوفرەی دەرەوەی زمان بوو، مێرێ سوێندی دەخوارد ئەو بەچاوی خۆی پڕوشەی ئاگری بەیەککەوتنی تەماشای ئەوانی دیوە، سوێندی دەخوارد جارێکیان کەوتبوونە کەمینەوە بە پڕووشەی ئاگرینی تەماشای خۆیانەوە ئەڵقەی کەمینیان شکاندووە و بۆ دوور دوور پەڕیونەتەوە، من خۆم زۆر چاک دەزانم بەیار لە پای چیو لە سۆنگەی چ مرازێکەوە سەری هەڵگرت، ڕۆیشتو ئێمەی لەم بەردستانە خەمبار و دڵتەزێنەدا جێهێشت؟ من دەزانم بەیار چاوەکانی ئەوەندەی ئاگر هەڵپڕژێنێ برستی لەبەر بڕابوو، پێتان بڵێم ئەوەیان تاکە نهێنییێکە هەرگیز بە کەسم نەگوتووە، بە درێژایی چل ساڵە پاڕاستوومەو بۆ کەسم نەدرکاندووە، تەنانەت زەهاویش نازانێ بەو تیشکانەوە چۆن چۆنی خۆی لەگەڵ بەیاردا گرێدابوو، ئەوەبوو بەیار چاوی بە کچێ کەوتبوو ئیدی دڵی لە سینەدا نەمابوو، هەرچەند سەفەری دووری دەکرد بۆ خاتری ئەو کچە بوو دەگەڕایەوە ئەو شوێنە، سوێندتان بۆ دەخۆم من عاشقی وام لە دنیادا نەبینیوە، زۆر جاران ئاگام لێبوو بەڵێ بەڵێ من ئاگام لێبوو بەتایبەت لە سەفەرە دوورەکان، لەبەر خۆ دەگریا، فرمێسکی خۆی دەشاردەوە،دەگریاو دەگریاو دەگریا وەک منداڵێ شیری لێ بڕابێ، دەگریاو دەگریا گریانی ئەو

له تەبەقە زۆر دوورەکانی ژێر زەوییەوە دەهات، بۆنی تەنهاییو غوربەتی لێدەهات، بەڵام هیچ کەس جگە لە من نەیدەزانی بۆ دەگری؟ کاتێ بەیار دەگریا ڕێگەو بانەکان پڕدەبوون لە پەڕەسێلکە، بەچاوی خۆم بینیومە لە کاتی گریانی بەیاردا رووبار وەستاوەو سەبەت سەبەت ئەستێرە ڕژاون، ئای لەو گریانە، من هەرگیز گریانی وام نەدیوە هێندە بەسۆزو کەفو کوڵ، کە لە دوا سەفەرماندا دەگەڕاینەوە بەیار گوتی:

- زەهاو ئەی پیرە هاوڕێم، ئەمجارە گەر بچینەوە ئیدی بۆ سەفەرێ دەچین، بۆ شوێنە هەرە دوورەکانی دنیا، شوێنە نەبینراوەکانی کەون، ئەو شوێنانەی مرۆڤ غەرقی ئەمان دەکاتو لەناو سەرسامیدا دەیهاڕێ، هەرگیز ناگەڕێینەوە، هەرگیز یەکتری نابینینەوەو هەموومان وەکو کوێر پەرشوبڵاوی سەرزەمینێ دەبین کە لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی خودا دایە.

ئێستێش کە بەیار ئێمەی لە نێو ئەم دۆزەخە جێهێشت، من دەزانم چووە چاوەکانی بدا بەم کچە بە قسەی خۆی ئەو کچەی کە ئەو عاشقییەتی، لە تەباری پەرییەکانەوە پەڕیوەتە ناو خێڵی ئینسان، بەر لەوەی بە کوێری وێڵی ئەم سەرزەمینانە بێت، دەیەوێت بچێ پێی بڵێ:

- گوڵەکەم تازە کوانێ من دەتوانم بەتیشکی چاوەکانم کەمینان بشکێنمو سنووران بڕەتێنم؟ ئاخر تازە من چۆن دەتوانم رووبارەکان ڕاگرمو بانگی پەڕەسێلکەکان بکەم، تۆ هەموویت لە من سەندەوە، منت وەک زریان داگیر کردووەو یۆتۆپیاکانی زەینی منت وێران کرد .

مێرێ هەر لە دوای ئەوەی بەیار ئێمەی جێهێشتبوو ئیدی هەمیشە لەنێو داخو خەفەتێکی ئاگراویدا چیرۆک لەدوای چیرۆکی دەگێڕایەوە، ژیلەمۆکانی ناخی پەرشی ناو خەرمانەی رۆحمان دەکرد، تەنانەت بەیار هێندە ئامادەیی لەناو جەستەو خوێنی مێرێدا هەبوو، زۆر جاران لەبەرەخۆ لەگەڵ بەیاردا قسەی دەکرد، زۆرانبازی لەگەڵدا دەکرد وەک ئەوەی لە تەکیا بێت، جارێکیان وەک ئەوەی بەیار لەبەرابەریا بێ هاواری کرد؛

- نەخێر نەخێر تۆ خۆت دەزانی چ تەمتومانێکت ناوەتەوە، بۆیە خۆت لێ دەبێ بە چەندانێ، دەوروپشتت هەمووی لێ دەبێ بە تارمایی، تا ئەو شمشێرەی سەر گەردنم هەڵنەگریت و نەیخەیتەوە بەر کەمەرت و تا ئەو توورەیی و رق و قینەت هەڵنەکێشییەوە ناو هەناوت، تا ئەو دڵۆپە خوێنە سوورانەی ڕژاونەتە سەر ئەو چیمەنە سەوزە نەلێسیتەوە، تا ئەو هاوارەی کە کردت کۆنەکەیتەوە، تا ئەو ئەسپەت لە حیلەو کوڕژن نەخەیتو خۆت هەڵنەدەیتە سەر زینەوە تا چەند هەنگاوێ لە من دوور نەکەویتەوەو بەدەنگێکی گریانئامێز لێم نەپاڕێیتەوە، تا بەدەیان جار مەمنوونی ئەوە

نەبیت کە من داوای ئەو کارانەت لێ دەکەمو سەدان جار نەتگوت ئای چیم بەخۆم کرد بۆ ساتێک تەنها ساتێکی کورت و لە ناکاو ئەو مرۆڤەم خستە بەر شالاوی خوێنبەری چاو گرتنی خۆمەوە، ئەوە هەرگیز ناگەیتە ئەو نهێنییەی کە بێهوودە دەتەوێ بەمنی بدرکێنی، من بێباکم هەر چیت لە دەست دێ بیکە، بەلام بڕواناکەم هێندە نێر بیت بێ ئەو نهێنییە بتوانیت بۆ ساتێک بژیت، ئاخر ئەو نهێنییەی کە هەرگیز بە تۆی نالێم بەندە بە ڕۆژ، بە ڕۆژ و سات بە ساتی خوێن جمانی تۆوە، لە هێندێکیان دەبێ بە میراتگری هەموو زێڕو خشلی ئەم تایەفە، لە هێندێکیشیان دەبێ بە گەداییکی هیچ نەدیوو، هەندێ جاریش ئەفسووس تاجی ئەقڵت پێدەبەخشن، ئیدی هەر حەرفێکی ئەم نهێنییە سیحرێکی بۆ تۆ هەڵگرتووە، هەر سیحرێکی ئەو پیتانە هەزاران ئەفسووس دەیان زەردەخەنەو گریانی لە خۆگرتووە، ئاخر تۆ بەوەی کە جێتهێشتین کارێکی وات نەکردووە تازە بتوانی وەک مرۆڤ بژیت، یاخود بتوانیت هەڵگری ئەو نهێنییە چەک بکەیت، هەر بۆیەش چاکتر وایە دەست هەڵبگریت، چونکە تۆ ئەگەر لە ژیانیشدا بمێنیت، دەبێ حسێبی ئەوە بکەیت کە مردوویت، بەلام مردنی مرۆڤێکی وەک تۆ لە دەستچوونێکی کوشندەیە نەک لەبەر ئەوەی تۆ مرۆڤێکی هێندە بە مەفای، نا نا برالە تۆ ئەوە نیت، چونکە لەدوا ساتەکانی تاریکیدا جێتهێشتین، مرۆڤایەتی دەخوازێ تۆ تا ئەبەد بەم دەردەوە بناڵی.

– باشە من هەرگیز ئەو نهێنییەت بۆ نادرکێنم، خۆ ئەگەر ئەو نهێنییەت بۆ بدرکێنم، ئەوە من بەتاڵ دەبم و هیچ پەیوەندییێکم بە ژیانەوە نامێنێ، تۆش بۆ تا هەتا کاڵەک بە ئەژنۆ دەشکێنیو دەڵێی بریا بە بریاداران ئەو نهێنییەم نەزانیبا، بۆ تۆ لە هەر دوو ڕوودا گرفتاریو ماڵوێرانییە بۆ جارێکی دیکەش پێت دەڵێم تا ئەو شمشێرەی سەر گەردنم هەڵنەگریتو نەیخەیتەوە بەر کەمەرت، تا ئەو تووڕەیی و ڕق و قینەت هەڵنەکێشیتەوە ناو هەناوتو تا ئەو خوێنە سوورانەی دڵۆپ دڵۆپ ڕژاونەتە سەر ئەو چیمەنە سەوزە نەلێسیتەوە، تا ئەو هاوارەی کە سەرتدا کۆنەکەیتەوە، تا ئەو ئەسپەت لە حیلەو کورژن نەخەیتو خۆت هەڵنەدەیتە سەر زینەوە، تا چەند هەنگاوێ لە من دوور نەکەویتەوەو بەدەنگێکی بەزرو گریانئامێزەوە لێم نەپاڕێیتەوە تا بە دەیان جار مەمنوونی ئەوە نەبیت کە من داوای ئەم کارانەت لێدەکەمو سەدان جار نەتگوت ئای من چیم بە خۆم کرد، ئەوە هەرگیز ئەو نهێنییەت بۆ نادرکێنم، چونکە ئێستا من و تۆ وەک یەک واین. ئەوەشت پێ بڵێم هەتا ئەگەر هەمان ئەو کارانەی من پێت دەڵێم ئەنجامیش بدەی ئەوە من نهێنییەکەت بۆ نادرکێنم، تۆ پێویستت بە منەو

منیش پێویستم بە تۆیە، تۆ پێویستت بەوەیە نهێنییەکەت بۆ بدرکێنم، منیش پێویستم بەوەیە بۆتی نەدرکێنم.
– ئاخر هەر دەبێ بیدرکێنی
+ ئاخر نایدرکێنم
– نا دەبێ بیدرکێنی
+ نەخێر نایدرکێنم
– چۆن نایدرکێنی
+ نایدرکێنمو تەواو
– ئاخر نەیدرکێنی من دەتکوژم
+ ئاخر بیدرکێنم تۆ دەکوژرێی
– دەزانی من بەوەی کە بۆتی نادرکێنم زۆر شتم بۆ درکاندووی، بەڵام تۆ کەودەنیو دوای ئەوەی ڕۆیشتی بیچمت لە بیچمی بەراز دەچێ تێناگەی، تێنەگەیشتنی تۆ بەشێکی گەورەی مانەوەی ئەو ژیانەتە، بڕوا بکە ئەگەر ئاوا کەودەنی نەبوای ئێستا لەمێژبوو نەمابووی، هەر چەندە مانەوەشت بەم حاڵەوە زۆر خراترە لە مردنت، بۆیە هەرچی زووە ڕێگەی خۆت بگرە، ئەگینا هەر ئێستا درکاندنم دەکەم بە کوشندەترین چەکی کپ بۆ کوشتنت،،
– نا توخوا مەیدرکێنە.
+ سا بەخوا دەیدرکێنم.
– توخودا مەیدرکێنە.
+ ناتوانم نەیدرکێنم.
– ئاخر بیدرکێنی من دەتکوژم.
+ ئاخر نەیدرکێنم تۆ کوژراوی.
ئا ئێستێکە بۆم بەدیار کەوت، کە ئەو نهێنییە چییە، ئێستێکە هەموو شتێ ئاشکرا بوو.
چی ئاشکرا بوو؟
+ نهێنییەکە، ئا نهێنییەکە
+ نهێنی چی؟
– ئەو نهێنییەی دەتەوێ بیدرکێنم
+ کام نهێنی ؟
– ئەوەی دەڵێی بیدرکێنم
+ باشە بیدرکێنە
+ نەخێر نایدرکێنم
– دەزانی ئەگەر بیدرکێنم دەست بە گریان و پاڕانەوە دەکەیت بتکوژم و

هەر زوو لە سەر زەویت بسڕمەوە، ئێستا هەڵبژێرە بیدرکێنم یا نەیدرکێنم؟
زووکە وەڵامم بدەرەوە ئەگینا، ئەوەش بزانە بەڕاستی لە قازانجت دایە، جا دەتوانی لە میانی کوشتن و درکاندندا سەرپشک بیت.
– بم بم،. بمکودرکێنە» بیدرکوژێنە» دەی دەی
+ چی دەی دەی ؟ کامیان یەکەمجار؟ بیدرکێنم هەوەڵ جار، یان بتکوژم؟
– هەوەڵ جار بیدر هەوەلکوژێنە» نانا بمکوژ هەوەڵ درێنە»
+ چی دەی دەی
– ئێ هەوەڵ درمکوژە» کوژەدرەم» درم هەوەڵ، کوژم هەوەڵ
ئیدی شمشێرەکەی بەسەر گەردنی هەڵدەگرێو بەم لاو بەملادا دێو رادەکاو خۆی لە خۆڵ و لم وەردەدات، هاوار دەکاتو لە مێرێ بە دوور دەکەوێتەوە، ئەوەی یەکەم هاوار دەکات راکە راکە دەوەڵڵا من خۆم بووم خۆم ،. ئەویش هەر بەدەم راکردنەوە هاوار دەکات نەخێر من بووم نانا من بووم،
دووبارە لە یەک نزیک دەکەونەوە، یەکانگیر دەبنەوە بۆ ماوەییێکی دوورو درێژ سەیری یەکتر دەکەن.
تۆ بووی کەواتە ها؟
+ کەواتە تۆ بووی؟
شمشێرەکەی دەردەهێنێو بەهەموو هێزێکییەوە ڕایدەوەشێنێ، بەڵام لە بۆشاییدا دەزرنگێتەوە، لە قووڵایی لێکدانەوەکانی خۆی دەترازێو لە فۆبیای خۆی دەکەوێو جگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکەی نەبینی، شمشێرەکەی بە کەمەرییەوە هەڵواسیو لە بەرزاییێکەوە رووەو ئاسۆ ئاوا بوو، هاواری دەکرد:
بەیار بەیار. بەیاری بازوداغ کە ئێمەت بە جێ هێشت، ئێمە تازە بە تازە باسمان لە سەفەرە دوورو درێژەکان دەکردەوەو ئەو سەفەرانەی لەوەتەی هەین، لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکو لە گۆڕستانێکەوە بۆ گۆڕستانێک ، لە کەمینێکەوە بۆ کەمینێک نەخشەی بۆ دەکێشین. دوای چەند شەو و ڕۆژێکی خەمگین، خەمگینترین شەو و ڕوژی دنیا، ئەو شەو و ڕۆژانەی نە لە ناو بازنەی فەلەک دابوونو نە لەناو بازنەی خودا.
زەهاو وەک بەردێکی بریندار بەسەر لێواری گەورەترین زێی دنیا، کەوتە قسەو قسەکانیشی وەک ئەوە وابوو، مەرجانی بەردی لەدەم بێتە دەر، گوتی:
– بەیار ئای بەیاری بازوداغ، ئەوە دوا سەفەر بوو، دوا سەفەر، کە خۆت پێت گوتین، دەچینە سەفەرێکەوە ئیدی هەموومان وەک چەند کوێرێ

پەرش‌وبڵاوی سەرزەمینەکانی دنیا دەبین، کارەساتێکی هێجگار سەختە پیاو کوێر بێ‌و دنیاش ببینێ، ئەو کوێرانە چەند بەختەوەرن کە دنیا نابینن، هەرگیز دۆزەخ نابینن، بەڵام بەدبەختترین مرۆڤ ئەوەیە کوێر بێ‌و دنیاش ببینێ، ئەوە ئێمەین ئێمە، کاتێک ئەو قسانەی دەکرد بەسەر بەردێکەوە دانیشتبوو خەریکی داتاشینی کەڤرێ بوو، ناوە ناوە گوێی هەڵدەخستە سەر بەردێکەوەو دەیگوت»
– مرۆڤ تەنها لە رێگەی بەردەوە دەتوانێ لە دنیا بگاتو دەزانێ چی روودەدات؟ لەم سەر زەمینەدا بەرد تاقانەترین خەڵقەندەی خودایە، نهێنییەکانی دنیا لەناو دڵی بەردەکان دایە، دەبێ بزانن هەر بەردە و رازێکی پێیە، بەرد بە نرخترین گەوهەری سەر زەوییە، باوەڕ بکەن بەرد ئەو زێڕەیە تەواوی دنیا بەدوایدا دەگەڕێ و هەرگیز کەس نایناسێ، باوکم کە مابوو هەمیشە دەیگوت:
ئەگەر بۆ هەر شوێنێ بچن بەردی تیابێ ئەوە ئەو شوێنە گەورەترین گۆڕستان بووە، هەمیشەش دەبێتەوە گۆڕستان، دەیگوت: بە قووڵی بۆنی بەرد بکەن، بەرد، بەرد، بەرد، ئای لە خۆم بەردێ، چونکە بۆنی گۆڕستانە گەورەکانی مێژووشی لێدێ ، ئاخر بەیار تۆ جێتهێشتین و ئێستاکە لەگەڵ کێدا باسی رووبارو گۆڕستانە گەورەکانو دارستانە چڕەکان بکەین، لەگەڵ کێدا باسی تاشەبەردە گەورەکانی بنی دەریاو ئەو سنوورانە بکەین کە هێند دوورن هێند دوورن هەرگیز مرۆڤ نایانگاتێ، ئێمە بە تەما بووین بچینە دوورترین سنوورەکانی دنیا دوورترین ئەو سنوورانەی تەنها لەناو یۆتۆبیادا هەن، بچینە ناو قووڵایی قووڵترین دەریا:
ئای بەیار، ئەوە چ خەونو خولیایەک بوو، ئێمەی هاوبەندی بە یەکەوە گرێدا بوو؟، تۆ ڕۆیشتیو بێرحمانە ئێمەت لە تەمتوماندا جێهێشت، دەشێ ئێستاکە تۆ کوێرێ بیت و لە سنووره دوورەکانی دنیادا بە دوای خوادا بگەڕێی، دەزانم بەیار، بەیاری بازوداغ، تۆ زۆر جار دەتگوت مرۆڤ هەتا سنوورە دوور دوورەکان و دەریایە گەورە گەورەکان و دارستانە چڕ و فراوانەکانی دنیا تەی نەکات، ناگاتە گەوهەری خودا، تۆ دڵێکت هەبوو هەمووی خەڵوەت بوو بۆ لێکدانەوە، تۆ هەمیشە لەگەڵ ئەستێرەکاندا قسەت دەکردو لاشانێکت پڕ بوو لە پەڕەسێلکە، تۆ لایەکی جەستەت پەڕەسێلکە بوو ئەوەی تر گەڕان و سووڕان و کەمین شکاندنو لافاو گرتنو عەشقە، بەیار بەیاری بازوداغ دڵەکەم تۆ ئێستا بە کوێری لە کام سەرزەمینی دنیا دەسووڕێیتەوە؟ ئەوە وەهمەکانی نەیستان بوو کە لە سەدای رێبەردا دەهاتەوەبۆ زەهاو:

دەبێ سەرزەمینی مرۆڤایەتی لە قامیشی لێکدانەوەی بەیاردا غەرق بێت ، من ئەو هاوارەم لە مێژ بوو لە ڕێبەری پەیڕەوداردا دەبیست، بەڵام ئێستا، بە دەنگێکی یەکجار کپ و بە ڕەوحانیەتێکی خوداوەندی هێجگار شیرین لە زاری زەهاودا، تەنانەت هەندێجار لە گەڵ ئەو هاوارانەدا لێوەکانی ئاگریان دەگرت، هەردوو چاوی پڕ دەبوون لە فرمێسک، ئاخ ئێستاکە سەرتاسەری زەوی لەو بایەدا غەرق بووە، ئەو هاواڕەش هەرگیز بڕانەوەی بۆ نییە : ئەی پیير تووخودا، بۆ ساتێ ووچان بگرە ووچان، گوێم لە دەنگی مناڵەکانمە، گوێم لە دەنگی ژنەکەمە بانگم دەکات ئەوە تۆ لە کوێیت ؟
کە ئەو قسانەشی دەکرد هێشتاکە گوێی خۆی لە سەر تاشەبەردەکانەوە هەڵنەگرتبوو، وەک ئەوە وابوو لەگەڵ بەیاردا قسە بکات، ئەو دەم وەک کەسێ وا بوو کە لە ناو غەیبستانەوە قسە لەگەڵ با بکات و کائینە غەریبەکانی ئەستێرەکانی دیکە بدوێنێ.

## بەشی بیست و دووەم

بۆ ئەوەی زیاتر لە نهێنی ئەوانە غەرق بین، پێویستیمان بەوە هەیە هێندەی دیکە لێیان نزیک بینەوە، کاتێکیش کە لێیان نزیک دەبینەوە، ئەوان هێندەی دیکە دوورکەوتوونەتەوە، ئەوان لە هەموو شوێنێکدا هەن، لەناو باخەکان و لە بنارەکان، لەسەر لووتکەکان، لە باکوور، لە باشوور، لە تەکمان و لە ڕێگاو بانەکان، هەمیشە هەر خەریک بوون، یا ئەوەتا لەراکردندا بوون، یا ئەوەتا دیوارو کۆشکیان دروست دەکرد، دەچوونەوە سەر گردەکان و ڕوویان لە خۆر دەکرد، یاخود لە کۆڕی گریان و پێکەنین و نووسین دابوون، یا لە دەوری ئەشکەوتە وەهمییەکاندا دەسووڕانەوە، لەیەک کاتدا هەر هەموویان بەدەوری کتێبێکدا کۆدەبوونەوە ڕووەو ئاسمان بەرزیان دەکردەوە، بەناو یەکتریدا، دەسووڕانەوە لەو کاتەدا وەک ئەوە وابوو دارەبازەی تەرمێکیان بەرز کردبێتەوەو لە نزا و دروود دابن، لە دوورەوە تەرم بوو و لەنزیکەوە کتێب، تۆ وا هەستت دەکرد لە بەرانبەر سیحرێکی و گیانت پڕ دەبوو لە وەهم، لەنێوان تەرم و کتێبدا مرۆڤ تووشی واهیمەیێکی سەیر دەبوو، بەرزیان دەکردەوە و بەرزیان دەکردەوە و بەرزیان دەکردەوە تا ڕادەی ئەوەی کە لەبەر چاوت دەستیان درێژدەبێتەوە و باڵایان بۆ ئاسمان هەڵدەچێ، ئەگەر بە هزرێکی کراوە و ئاگاهییێکی زۆرەوە دیقەتی خۆتت لەواندا گرێدابا، بۆت بەدیار دەکەوت ئەوانە لە سروشتی مرۆڤدا نەماون و وا هەستت دەکرد کەوا لەناو جەستەی تۆشدا کتێب بەرز دەکەنەوە و تۆش لەگەڵ ئەواندا بۆ ئاسمان هەڵدەکشێی، بەڵام ئاخۆ لە ئەنگیزەی چییە ئاوا بە شەیدایی ئەم کتێبە بەرز دەکەنەوەو هەندێ جاران دەیکەنەوەو هەموو سەریان دەخەنە ناوییەوە، ئەو دەمەی کتێب دەکرایەوە ئاسمان پڕ دەبوو لە سێبەری پیت و ڕستە و دەنگ، دواجار کە دایاندەخستەوە ئاسمان تاریک هەڵگەڕاو هەستت بەوە دەکرد تۆ تەنهاترین مرۆڤی لەو سەرابستانەدا.

لە نێو ئەو ئەندێشەسازییەدا بوو کە مێرێ کەوتەوە خەیاڵی بەیارو دابان ئەو شتانەی وەبیر دەهاتنەوە کە بە یەکەوە ئەنجامیان دابوو، بۆ مێرێ هێجگار سەخت بوو ئەوکاتەی زانی، ئەوە دوا ساتەکانی ژیانی دابانە لە ناو ڕحمی ئەم وەهمەستانەدا، ئەو هەرگیز لە مردن نەدەترسا، چونکە پێی وابوو مردن بۆ ئەو، لەدوای ئەوەی بەیار چووە ناو دەفتەری یادەوەری، ئەوێک کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پڕ بە دڵی خۆی هەناسەی بەختەوەری سەر ئەم زەوییەی هەڵنەکێشاوە، بە تایبەت لە نێو ئەم سەرابستانی قەدەردا، ڕەهابوونێکی گەورەیە، ئەو هەر لەو ڕۆژەوەی بووە هاودەمی بەیارو

مێرێ تۆزێ لەو گومانەی دڵی خۆی لە بیر کردبوو، بەڵام جار جارە کە وەبیری دەهاتەوە گیانی هەڵدەقرچاو لەملاوەش یەک تاکە ئومێد بۆ ئەو لە هەموو شتێ گرینگتر بوو، ئەویش ئەوە بوو لە سەرە مەرگا لە نێو دڵی ئەم قەدەرە سەختەی وێڵ بوونی بە نێو ئەم ئاگرستانەدا، هەرچی شتێک لە ناخیا پەنگی خواردبۆوە و نەدرکێندرابوون وەک تۆپەڵە ئەمانەتێکی گران بیداتەوە دەست ئەو سروشتەی کە هەرگیز سۆزی دایکایەتی خۆی لەگەڵ پارچەیەک لە ڕۆح و خوێنی خۆی نەکردە ئامێز بۆ ئەو، مێرێ هەموو ئاواتەکانی خۆی نایە ژێر گڵ و هیچیان نەهاتە دی، ئەو هەتا ئەو ساتانەش لەگەڵ بەیاردا سەرزەوی تەی دەکردو بە ساڵان ون دەبوون، گەنجێکی کەم نەزیر بوو زۆری لە بڵندان دەڕوانی سەرەنجام لەنەویان کەوتبۆوە، ئەو لە بناری پڕ میوەو جۆگەلەی هەزار بە هەزاری کێواندا قەول و قەراری هەبوو، بەیاریش بەم ڕاستییەی دەزانی، بەڵام سەرەنجام دابان وەک ئەوەی لە برووسک هاتبێتە خوارەوە بۆ ئەو زەوی شەقی بردو توانی بۆ چەند ساتێک خۆی لە بەیار بدزێتەوە و مەریەم گوڵی حەڵاڵی خۆی بکات، داستانی مەریەم گوڵی و دابان بوو بەڕاستی و تۆزی سەختی و گرانی ڕۆژگاریش وردە وردە هەموو شتێکی لە ژینی دووقۆڵی ئەواندا دەسڕییەوە، سەرەتاو کۆتایی هێدی هێدی لە یەکدی دا نزیک دەکەوتنەوە.
هەر بەدەم ئەم خەیاڵانەوە بوو جەستە پلیشاوەکەی خۆی لە نێو ئەم سەرابستانە دەبینی، هەموو شتێکی لەبەر چاو ڕەش دەبۆوە و خۆی لەسەر هەمان سەکۆی وەهم دا دەبینی کە بەیار ئەوی لێ جێهێشتبوو، نە خەیاڵ نە ئیشق نە ئەو دنیا پاکە نە ئەو بارەکچانە، بۆ کوێ چوون، چییان لێهات دنیا لەبەر چاوی ئەودا خاڵێکی ڕەش بوو،لەهەمان ئەو پەڕە کاغەزە بچوکانەوەکەکەوتبوونە بەر دەستی من دیار بوو مێرێ دوو مرۆڤ بوو، مرۆڤێ بە زیندوویێتی پڕ لە هەستی بریندارەوە مردوویێکی لە باوەش گرتبوو هەمیشە لە گەڵیا بوو ئەویش هەستی هەڵپرووکاوی بوو، لە هەناسەدان و سەیرکردندا لە گیاندا لە بۆنکردن و ڕونیشتن دا ژیانێکی سەخت بوو، ژەهری هەلا بوو، بەڵام ئەو کاتەی دەکەوتەوە سەرپشت لە نێو مێرخوزاری ئەو مەزرایە ئاڵتونییەی ئەڤینی دێرینی خۆی ئیدی مێرێ لەو دنیایەدا نەدەما دەچووە دنیایێکی دیکە، مێرێ تیایا ئەو ڕاوچییە خێرایە بوو بەسەر پشتی ئەسپێکی کەرەندی پێشبڕکێی لەگەڵ با دەکرد، پرچی مێرێ لە سەر ئەو ئەسپەدا هەموو دەم و چاوی دادەپۆشت، بەدەیان گەوە شاخی لە دوای ئاسکێ هەڵدەپاچی، مێرێ باڵدارێکی ئەفسانەیی بوو لە سەر پشتی نێچیرەکانی خۆیا هەڵدەنیشت و لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرتن،

لەو سەرەوەش دەگەڕایەوە سەف سەف کچان و پیاوان و ژنان لە چاوەڕوانی ئەودا وەستاون مێرێیان دەبینی کە دەگەڕایەوە چۆن ئەملاو ئەولای ئەسپەکەی تا کەفەڵ هەڵدەفا بوو، مێرێ ئاگای لە خۆ نەدەماو کە خەریک دەبوو پرچی خۆی لە سەر چاو لابدا هەر ئەوەندەی دەزانی لە ناو زوقمی سەرابستانەکەیە و لە سەر خۆڵی ئەو سەرابستانەدا تێنوێتی هەنجن بە هەنجنی کردبوو، پەرش و بڵاو بوونەوەی هاوبەندەکانی بڕستی لێ بڕی بوو، بیری کەوتەوە لە ئێوارەیێکی روونیدا کە وردە وردە تاریکی لووتکەکانیدا چیایان دەپۆشی و ئەستێرەکان بە دەست دەگیران، ورشەی باو خوڕەی ئاو و چەقە چەقی ڕێبواران و تەقە تەقی سمی ئەسپەکان و گریانی ناوەختی ئەو منالانەی لەگەڵ کاروانیدا بوون وەک ئەفسانە دەهاتنە بەرچاو، هەراو زەنا وردە وردە بە دەوری ئاگری چیایان کپ دەبۆوە. دنیا ساف دەبوو، هەستی سەرکێشی سەری بە مێرێ هەڵبڕی، لە نێو ئەم سرووتە ئەفساناوییەدا دەتگوت ڕۆحێکی زێدەی پێ بەخشراوە، هەر بۆیەش زۆرجاران وەک بەراز بە رووی بەیارا هەڵدەشاخا، خەیاڵ مێرێی پەلکێش کردو لە نێو حەشاماتەکەدا هاتە دەرەوە و رووەو ئەو جۆگەلانە چوو کە لە هەموو لایەکەوە وەک هێڵی هەزار بە هەزاری سەر نەخشەکانی دنیا تێکەڵ بە یەک دەبوونەوە، ئەو ناوە لە دوورەوە وەک چۆلترین زەوی خودا وابوو، تەنها مەل و زیندەوەرە بچووکەکان و جۆگەلەی تیژپەڕ و سولی خێرای تیا دەبینرا، مێرێ هەر رۆیی و هەر رۆیی سەردەمانێک زۆر دوور کەوتبۆوە، لە نێو ئەم رەوەزو گەوە شاخ و لووتکە و دۆڵانەدا مێرێ بەتەنها وەک ماییێکی تازە سم کردوو دەلەرییەوە، ئەودەم هەرچی سەرکێشی و ئازادی و رەهایی هەبوو لە نێو گیانیدا تەقیبوونەوە، خۆی خزاندە نێو ئەو سێبەرانەی درەختی پتەوی کرۆسک هەڵیخستبوون لە نێوان ئەو و کاروانیدا مەودایێکی ئەفسانەیی هەبوو، بە سەر کەڤرێکەوە رونیشت چاوی بڕیە ئەو ئەستێرانەی هەڵدەڕژان و لە نێو تاریکی دۆڵەکان ون دەبوون، لە پڕێکا تارماییەک کە لە تارمایی مرۆڤ دەچوو بەسەر سەرییەوە وەستاو هەموو گیانی هێنایە لەرزە، بەڵام زوو دانی بە خۆیدا گرت، سەری بەرز کردەوە و تارمایی وەک کشانەوەی ئاو کە دەریا لە شەپۆل هاویشتندا کەنار پڕ دەکاتەوەو بەرەو دواوە بۆوە، مێرێش وەک ئەوەی رایبکێشن بەدوای تارمایی دا چوو، هەندێ جار لە شێوەی مرۆڤ و هەندێ جاریش لە شێوەی کەڵەکێوی، مێرێ لەو ناوە سەری سوڕ مابوو هەموو گیانی دادەخورپاو تارمایی هەر بۆ دواوە دەچوو و ئەویش هەر بەدوایەوەی بوو، سەرەنجام مێرێ هێندە دوور کەوتبۆوە

لەوەدا نەمابوو بتوانێ بەم نزیکانە بگاتەوە کاروان، بەڵام هێشتاکە تارمایی لەبەردەمیا هەر رادەکاو رادەکا و ئەویش بەدوایەوە، چارەنووس مێرێ‌ی بردەوە نێو دۆڵێکی هێجگار تەنگ و پڕ لە نووری مانگ، دۆڵێک هەتا بزاوتی تلوە بەردێک رمانی شاخێکی نیشان دەدا، تارمایی و تریفە تێکەڵ بوون، ئیدی نێو ئەم دۆڵە یەک پارچە تریفە بوو لە دواجاردا هێندە ماندوو ببوو تارماییەکە چەقی و وەستا، ئەویش کەوتە سەر پشت وەک ئەوەی ئەم تارماییە چاودێری مێرێ بکات نە لێی نزیک دەبۆوە و نە لێی دوور دەکەوتەوە، سەردەمانێک مێرێ چووە خەوێکی قووڵەوە و تارمایی لە مێرێ نزیک کەوتەوە و خۆی هەڵخستە سەر سینەی مێرێ، تارمایی شێوەی تولازێکی گرتبووە خۆیەوە سەراپای مێرێ کەوتبووە جوولە و لەژێر تیشکی مانگەشەوی زێرین دا مێرێ تێکەڵ بەو تارماییە بوو، لە پڕێکا راپەڕی و خۆی بینی وەک مێرووولەیێ لە ناو خۆڵی سەرابستاندا غەرق بووە و زمانی وەک قاقەز خشە خشیەتی.

## بەشی بیست و سێیەم

مێرێ لەو سەرەوەوەک پاڵەوانێکی بەزیوو، وەک سەرلەشکرێکی شکست خواردوو، چاوی خۆی داگرتبوو، بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە بە سەر باڵی پەپوولەی خەیاڵەوە مەرزە دوورەکانی دەبڕی، جارێکیان لە دوورترین لێوارەکانی دنیادا دەکەوێتە ناو تەڵەییێکی گەورەی تارماییەکانو، کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستا دەوروبەری پڕ دەبوون لە ئاسەواریانو هەمیشە دایکی رستێک پیرۆزەی دوعا لێخوێنراوی بە شانییەوە شەتەک دەدان و هەمیشەش مناڵەکان ئەو رستە پیرۆزەیان هەڵدەپچڕاند و هەر دەنکەی بەلایەکدا پەرشوبڵاو دەبۆوەو ئەم دنیایە پڕ دەبوو لە شینی ساماڵ، ئەو دەم ئەو مۆرووانەی هێندە بە جوانیو پڕ لە رووناکایی دەهاتنەوە بەر چاو کە هەرگیز پێی وا بوو جوانی ئاوا لە ناو کەوندا نییە،،وردە وردە فرمێسکەکانی هەڵدەڕشت، ئەو دەیزانی مێرێ باس لە چ دەکاتو چ حەکایەتێکی ئاگراوی دەگێڕێتەوە، ئەو شەوەی کە نەهامەتی و ئابڵۆقە دەورەی داین و وەک گەڵای دار هەڵدەوەرین بەیاری بازوداغ بەو هەموو سیحر و کەرامەت و ئازایەتی خۆیەوە هاواری دەکرد و دەیناڵاند، ناڵینی بەیار شوفرەی ئاخاوتن بوو دەگەڵ قەدەر، هاواری ناوەوەی ئینسان بوو، بەبەر چاوییەوە ئازیزەکانی لە خۆڵ دەگەوزان و کەسێ نەبوو قومێ ئاو بە سەر دەمیانا بکات و هەر بە خۆیانو چاوە گەشەکانیان دەیانڕوانییە بەیار و بەیاریش وەک هەڵۆییێکی بریندار بەسەر تاشە و تاوێر و تەل و تەلبەندەکانا وەک ئەو ئاسکە رایدەکرد و بە دوای کەڵی سەر کردەوە بەسەر کەڤرێکی گەورەوە لە دنیا رادەما. مێرێ دەیگوت:

– وەرە زەهاو وەرە ئێمە لەبا ئاسێ بووینە و دەرکراوین لە سنووری خەمگینی ئینساندا، بەبیرت دێ ئەوان دەمان شەو راشکابوو، ئیدی هەر ئەو راوچیانە بوون، بەرامەی نەرمووکی رانو تەنکەی گەردن غەرقی مەرگێکی تووشی کردن، ئەویش هەمیشە چاوی ڕەشی وەک بازنەیەکی ئەبەنووسی و گلێنەیەکی گەش وەک مانگ، کە باڵانومای چەندین هەزار ڕووداوی ناو دیرۆکن بڕیبووە ئەو تەمانەی لووتکەکانی تێکەڵی هەور کردبوون، ئەو دەمانەی وەک کەڵێکی باڵابەرزی خورتو پڕ لە شکۆ هاودەمی ترۆپکو یاڵەکان بوو، ڕوژانە بەسەر لووتکەیەکی بەرزەوە دەوەستاو سەیری تاوێر تاوێرو چیا چیاو کەنار کەناری دەکرد و من و تۆش ئاخ زەهاو هاوبەندە ئازیزەکەم سەدان هەزارجار لەدوورەوە سەیرمان دەکرد، چ حەددێکیان هەبوو، ئەو خۆی لەگەڵ باز و هەڵۆیانیش بەراورد نەدەکرد، ڕوژانێک بوو خوێنی دەمار و شالوولەکانی وەک تاڤگەیەکی یاقووتی

بازرەقەیان دەداو چاوی راوچیانی دەشکاندو شەرمەزاری دەکردن، گەلە گەلە کەڵەکێوییەکان سەریان لە دوای دەناو بۆ هەر لایەک کوتەکی بەفری شکاندبا ئەوان بۆ ئەملا دەخرۆشان، ئەو ڕێبەری تژی هێماو هیممەتی رەوەبوو، چەندین نەوەی رەوە رەوەو گەلە گەلە بەڕێ کردبوو و بەریهەڵدابوونە کێوانەوە و فێری قودرەت و عەشقی ئەبەدی کردبوون، تەنانەت نووسکەو بڕژمییەکەشیانی دەناسییەوە. لەم سەری کێوەوە بۆ ئەو سەری کێو هەر جارەی نووسکەیەک یا کورژنو پڕمەیەکی کەڵە کێویانی بیستبا، مووە زەردو جوانەکانی وەک ئارمووش زیک دەبوونەوە و بڕستیان دەدا بەرو تاوی دەداو بەهانایانەوە دەچوو، لە دایک بە ڕحمتر بوو، زۆرجاران لە نێوەندی دامێنەکانەوە، بەئەنقەست دەوەستاو دیقەتی دەدایێ، کە ئاخۆ کام لەو کەڵەکێویانە زاتی ئەوە دەکەن، بۆخۆیان وەسەر کێو بکەون و چنگەڕنێ لەگەڵ کەڤر و زناری چیایان بکەن، یا پێشی ئەو بگەنە ترۆپک، بەڵام هەمیشەو هەمیشە لەگەڵ وچانی ئەودا تەواوی رەوەی کەڵە کێویان دەوەستانو هەر هەموویان بەچاوی ڕەشی ئەبەنووسیانەوە سەیری جەستەی پڕ لە هێزو بڕستی ئەویان دەکرد، ئەوێکیش بەیار ئاسا بە درێژایی ژیانی هەر کێوگەڕ بووەو هەزاران هەزار شاخو هەڵەمووتی بڕیبوو، لە هەر شاخێکا سەربهوردی هەزاران راونان و رەدوونانی راوچیانی لە یادی پڕ شکۆی خۆی نەخش کردبوو، ئەوێک کە بە دەیان و سەدان جار لە ترکزەی مەرگ گەڕاوەتەوەو زۆرجاران لوولاقە زراڤ و قەمیشییەکانی لە بەفری کۆساران تەزیوەو زریانی ناوەخت هەناسەی بڕیوەو کەوڵەپێستی لەبەر دڕیوە، بێ باکانە سینەی پڕ لە عەشقی خۆی لە تاوێرە بەردو تەڕاییو نمناکی کەناران هەڵخستووە. ئەو شاخە جوانو رەگ رەگانەی تەوقی سەری ئاسەواری سەدان هەزار هەڵزنانو قۆچانێو درزو شکستی پێوە دیار بوو، کەس بەقەد ئەو هوروژمی ترسی نەدیوەو کەچی لەجێوەش نەجمیوە،  کەسیش بەقەد چاوە خڕو جوانەکانی ئەو سێرەی ساو نەداوەو بەقەد قاچی ئەو تەلانو هەورازی لەبن پێی نەڕماوە، بەڵام هێشتاکەش هەر سەردارو رابەری بێ نەزیری رەوەی خۆی بوو. پیرەکەڵ گەلێ جاران لەبەر نمەنمەی بارانی پاییزاندا بەسەر عەرشی لووتکەوە دەوەستاو چاوی دەدایە ئەو چیا هەزار بە هەزار و گەلیەشاخی قووڵو ئەو خەرەندانەوە کە زۆر جاران راوچیان بێ ڕحمانە ناچاریان کردووە قووڵاییان ببڕێتو بەو قاچە زەردو جوانانەیەوە کە لە قامیشەڵانی ئاواییەکانی بەهەشت دەچوون تەوای ئەو جەستە خەنەییو ئەرخەوانییەی بپەڕێنێتەوە ئەوبەر، بەڵام ئەو لە ناخی خۆیدا هەرگیز لە راوچیانی

نەدەگرت، حوکمی سروشتەو گێرمە و کێشە دەبێ لە ئارادا بێ، پیرەکەڵ زۆر راوچی وەک منی پێکابوو، گەلێ جاران درەختی لە سووتاندا بینی بوو، بەڵام ڕێی سەختی لە ئەشکی چاوی دەبڕیو دەچۆوە سەرەخۆشی کەڵە عاشقەکان. نیوەشەوێکی ڕەش ڕەش بوو، لە چاوی ئەو پیرەکەڵە ڕەشتر بوو کە بەقەد بەردو تاوێرەکان تارمایی مەترسیو حەسرەتی لە هەناوی خۆی نابوو، باران بەلەنگاز دەهاتە خوارەوە، شریخەی برووسکەو گرمەی هەور نەویدی کارەساتو ترسناکی بوون، رەوەی کەڵەکێویان، لە قووڵایی خەرەندەوە رووە و لووتکە هەزار بەهەزارەکان سەردەکەوتن، جار جارە جەستە زەردو بۆر و جوانەکانی کەڵەکێویان، لەژێر رووناهی برووسکە پڕ لە تاووتینەکانیاندا وەک یاقووت دەدرەوشانەوە، درەوشانەوەیەک گیانی ترسی دەسمی و ئاوەدانی دەخستە رۆحی پڕ لە جونبو جۆشیانەوەو دنیایان نقومی تیشکی زێرکفت دەکرد، پیرەکەلی رابەرو پێشەنگی هەڵۆیان هەمدیس گرەو بەرەوەی کاروان بوو، بێباکانە چنگەڕنێی دەگەڵ دژوارترین تەلانو سەختەندازان دەکرد، رەوەی کەڵەکێویان وەکو با لەبەر شەستە بارانی ئاسمان دەپەنگانەوە، بەڵام هەرگیز هەناسەی وچانیان نەدەدایە بەر خۆ و هەمیشە هەوڵیان دەدا بگەنەوە سەرقافڵەی مورادی خۆیانو بێ ئەمەکی نەنوێنن، نەبادا لەبەر دڵو دیدی پیرەکەڵدا وەک نەوەیەکی بێ دەسەڵات بێنە بەرچاو.

لەناکاو نووسکە و کورژنە کەڵێکی هێند بەسفت و سۆ، ئەو ناوەی هەژاند و قەدەمی ناسکو جوانی تەواوی رەوەی خستە لەرزەو لە بن سای یەک برووسکەدا درەوشانەوەی پێستی زەردو جوانیان ئەو ناوەی غەرقی شەوقێکی ئەبەدی کرد، خودایە ئەوە چ رابوونێک بوو، چ سیحرێک بوو لەم کەونە بەرینەدا جێگۆڕکێی بە زنارەکان کرد، پیرەکەڵ هێندەی یادو یادەوەری لە دەروونیدا ئەمبار کردبوو، لە هەر ساتێکی بەرێکەوتنا تووشی تایەکی ئەفسووناوی دەبوو، هەر کاتەی دایدەگرت ئیدی رێگەی تووشو تەلانو کەڤر و گاشەبەردی زل و دارستانی چڕوپڕ لە سام یاخود بەردەڵان و پێچی تووناوتوون و دامێنی رک بۆ ئەو وجوودی نەدەبوو، هەرگیز نەدەهاتنە بەر چاوییەوە. هەمیشە لە بیری ئەو یادەوەرییانە دەبوو تەنانەت کە بەسەر تەلانێکەوە دەچوو، بە یادی دەیان هەزارجار هەڵزنانییەوە، بەرز دەبۆوەو بێ ئەوەی خۆی لە ئاگای ئەوە دابێ کەوا رێگەی تووناوتوون پەی دەکات. ئەو زریکەو کورژنەی هەر بە خاتری تروووسکە یادێک بوو و تا دەمرێ وەک نەخشێکی ئاورین بەسەر زەینو هۆشیدا دەمینێو هەرگیز لەبیر ناچنەوە، زەهاو زەهاو ئای لەو قەدەرە.

ساڵانێکی دوور بوو لە ژێرەوەی یادەوەرییەکان دەیتریواند، بەفر چەندین بەژن ئەو کێو و لووتکانەی تەژی کرد بوو لە ئەدگاری خۆی، کەڵە کێویان تا کونە ئەشکەوتێکیان دەدۆزییەوە دەبوایە چەندین شەو لەبەر تریفەی مانگەشەودا سیحر و جوانی خۆیان بدەن بە سروشت و سروشت بکەن بە تریفەستان، ئەو ڕۆژانە بۆ ئەوان هەم ئاهەنگی یا خۆشی مەست بە شنەی چیابوو، هەم سەرکێشی بوو لە ناو هەوەسێکی شێتانەدا، لە ساتێکدا وەک کۆمەڵە کیژێکی جوان بە جەستەی سرکو تەونی جوانی پێستیان لەبەر تریفەی مانگەشەودا کە زەمینو ئاسمان لەبەر بەفر سپی دەچوونەوە، خۆیان رووتو قووت کردبۆوەو هەریەکە بە یادێک پڕ لە تولانەوەو کۆنە برینی دێرینەوە رووی لە لووتکەیەک کردبوو. راوچیان هاتن، لە هێرشی گورگ دەچوون، شریخەی چەکو زرمەی تیرەکانیان لە شەبەیخوونێکیوادا بۆ ئەوان مایەی سەرسامیو کرێشمە بوو، ئەگەرچی پیرەکەڵ بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە ئولفەتی بەوان گرتبوو، هەر بۆیە لەبەردەم هەمووانەوە وەک دار کاژێکی بە هێزی بەر ڕەشەبا وەستا بوو، تیرەکانیش وەک بارانی بەهار لە دەوروبەریدا دەنیشتنەوە، بەڵام ئەو هەر لەبەر تای گەرمی یادەوەرییەکاندا بە هەردوو چاوە ڕەشو جوانەکانییەوە سەیری سیمای راوچیانی دەکردو بە سیحری ئەو چاوانەوە دەستو چۆکی پێ شل دەکردن، بۆ ئەو ئەمە یەکەمین جار نەبوو، بەڵکو هەزار هەزار جاری دیکەش شەبەیخوونی ئاوای دیبوو، بیری لەوە دەکردەوە چی بکات تا رەوەکەی خۆی لە مەرگی حەتمی ئەو مەرگفرۆشانە نەجات بدات، هەربۆیە وەک برووسکە تاوی داو پەڕییە ناویانەوەو لە چاوترووکانێکدا تەواوی راوچیانی پەرشو بڵاوکردەوەو هەموویانی خستە ناو جادووی پڕ لە ئەزموونی خۆیەوە، ئەوانیش لەبەر سەرسامی و ترس و هێدمی خۆیان، هەموویان سەریان لە دووی پیرەکەڵ نا، لەژێر تریفەی مانگەشەوداو بەسەر فەرشی بەفرچنی ئەو کێوانەدا لەچاو ون بوون، پیرەکەڵ شارەزاو پڕ ئەزموون بوو، دەیزانی بۆ کوێ دەچێو کام رێ سەختو دژوارەو کام رێگە دەشتاییو لێرەوارە، کام رێگەش بێ ناشارەزایی چۆن چۆنی دەبێتە تەڵەمەرگ، بۆیە چاوی تیژی بڕیبووە ئەو رێیەی بە خەرەندێکەوە بن بەست بوو و بەفریش مەرزی داپۆشیبوو، یەک هەنگاوی هەڵە شۆڕی دەکاتەوە بناری خەرەندو هەپڕوون بە هەپڕوونی دەکات، هەربۆیەش راوچییەکانی لە دوای خۆیدا چاو بەهەڵەداو هەر رایدەکرد، تا گەیشتە سنووری ئەو مەرگستانەو راوچیانیش بێباکانە بەدوایدا رایاندەکردو نقومی

ئومێدی هەڵقرچانی ئەو گۆشتە جوانەی رانی پیرەکەڵ ببوون‌و ئاگایان لە هیچ نەمابوو، لە ناکاوێکی هێندە خێرادا، پیرەکەڵ بە پێچەوانەی راکردنی خێرای ئەوانەوەو لەسەر سنووری خەرەندی مەرگدا هەڵبەزییەوەو بەرزبۆوە، ئیدی هەر راوچی بوون‌و لەبەر خێرایی‌و پەلەی چێژیان لەو گۆشتە زیندووەدا خۆیان پێڕانەگیرایەوە و هەڵدێران و بەفری خەرەند قووتی دان. لەملاوەش وردە وردە پیرەکەڵ، بە چاوانی تەژی لە فرمێسکی یاقووتی‌و سینەیەکی لێوانلێو لە خەفەت‌و دڵێکی سەرشار لە حەسرەت‌و خۆی‌و باخێک لە ئولفەتی راوچیان بەرەو لای رەوە دەگەڕایەوە، کاتێ گەیشتەوە رەوە هێشتاکەش لەناو سەرسامی خۆیاندا مەلەیان دەکرد و لمووزیان کردبووە تریفەی مانگ، هەموو کەوتنە جوولەو هەڵسانەوە، دووبارە بەدوای پێشەنگدا رووەو لووتکە سەر لە هەورەکان کەوتنەوە رێ، بەیان تازە ئەنگوتبوو، پیرەکەڵ لە ترۆپکی لووتکەدا وەستا بوو، هەمدیس غەرقی یادەوەرییەکانی سالانی پێشووی خۆی ببوو، بەلام ئەم وەستانەی پیرەکەڵ هەمان وەستانی جارانی نەبوو، چونکە بەر لەوەی رەوەی کەڵەکێویان بگەنەوە پێشەنگی خۆیان، پیرەکەڵ بۆ تا ئەبەد چاوی لێک نابوو.

## بەشی بیست و چوارەم

مێرێ هەر رایدەکردو رایدەکردو هاواری دەکرد: زەهاو زەهاو لە کوێیت؟ زەهاویش ئەو کات برینێکی قووڵ کەوتبووە پشتیەوەو بەدەم ناڵینەوە لە سەرخۆ هاواری دەکرد:

– بەردەکان بەردەکان، بەردەکان بۆن بکە ئێستا کاتی ئەوەیە هانا بۆ ئەو بەردانە ببەین ئەو بەردانە پڕن لە گڕو بورکان، بیهاوێژە ئەوسا دەزانی لە هاویشتندا رووناکایی بەدەست دەگریت، ئەو بەردزارە قوتارمان دەکات تۆ هەمیشە بەردەکان بۆنکە با گۆڕستانەکانمان وەبیر بێتەوە، کە یەکێکیان لە باکوورە و ئەویتر لە باشوور، یەکێکیان لە رۆژهەڵاتە و ئەویتر لە خۆرئاوا. بەیار، بەیاری بازوداغ، ئەو بەردانە سەنگەرن سەنگەر، زرێن و داڵدەت دەدەن، مێژووی دەم بە قفڵ داخراوی هەزار ساڵەی ئێمەن، تەنها هاویشتن کلیلیانە، بەردەکان بۆن بکە و گوێیان بۆ رادێرە، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕنەوە تۆمارێکن لە رابردووی سڕاوەی ئێمەو نەخشەیەکن بۆ ئایندە، زەهاویش هەر ئەوەندە بوو سەری شۆڕ دەکردەوە سەر بەردەکانو ئیدی دەکەوتە قسە لەگەڵ بەردەکانو هێندە لەگەڵ ئەو بەردانە خەریک بوو، ئەو کاتەی سەری هەڵبری لەمێژ بوو ئابلۆقەکە رەتێنرا بوو، زەهاو هێندەی خوێن لێ چۆڕا بوو تەواوی کەڤر و بەردەکانی رەنگاوڕەنگ کردبوو. کاتێ تیشکی خۆرەتاو دەکەوتە سەر ئەو پەڵە خوێنانەوە دنیا دەبوو بە شەبەنگو دەبوو بە جوگرافیای سرووت و رووناکایی، رووناکایی ئەو قەدو قامەتانەی بە پێوە دەچوونە ناو شانازییەکانو هەر بە پێوەش دەچوونە ناو قووڵایی مەرگ. مێرێ ئەوەی دەزانیو دەیزانی لە پای چییە هێندە باوەڕی بە بەرد هەیە، ئەو هەمیشە وەک بەرد کپو بێدەنگ بوو، وەک بەرد لەبەر گەرمای ئەو سەر زەمینە نادیار و بێ سنوورەدا داغ دەبوو، وەکو بەردیش لە ژێر تاڤگەی بە خوڕی کارەساتەکان تەمۆخی خۆی فرێدەداو دەبوو بە پۆڵا بەرد. ئەو کاتەی مێرێ گوێی لە هاواری نسکۆئامێزی زەهاو گرتبوو بڕستی لێ داگیر کرد بوو. ئەوەی وەبیر هاتەوە کە چۆن بەیاری بازوداغ شەوێکیان لە ژێر تیشکی مانگەشەودا وەک کەڵێکی برینداری کۆسکەوتە کە کەوتبێتە بنارێکی هێجگار قووڵەوە گۆرانی بۆ ئەو کچە دەگوت، سەراپای ژیانی ئەوی داگرتبوو.

– تۆ بۆ من رووناکی ، بەڵام ئاخ قەدەری منە لە رووناکاییدا بمرم ».

پاشان چۆن سەرهەڵگەڕایە سەر تاشەبەردێکی گەورەو خۆی هاوێشتە ناو ئەو کانییەی لە نێو ترسناکترین بەردەڵانی زل زلو درەختی گەورەو ژێر گەوەڕی شاخێ بوو کە تەنهاترین شوێنی ئەفسانەیی دنیا بوو، ئەو

کات تیشکی مانگەشەو لەو کانییەی دەداو دنیا دەبوو بە ئاوێنە – بەیاری بازوداغ ئەوەندە بەم شەوە درەنگە لە ناو ئاودا مایەوەو بەردەوامیش گۆرانی دەگوت بە شێوەیێ دەنگی گۆرانییەکانی هێندە لە سیحر دەچوون پێتوا بوو ئەو ناوە پڕ بووە لە پەڕەسێلکە، مانگەشەویش لە ناو چاوە بچووکەکانیان شەوقی دەدایەوە و بە هەزاران هەزار تیشک بە جوولەوە تێکەڵ یەکتر دەبوونو دنیا پڕ ببوو لەو کچەی ئەو خۆشیدەویست، تا دەهات شێوەی ئەو کچانە زۆر دەبوون ئەو سەرزەمینە پڕ ببوو لە شێوەی پەریگرتەی ئەو کچانەی سەر درەختو بان هەورەکانو نێوان ئەستێرەکانو سەر رووی مانگ، تا دەهات دنیا غەرقی ئەو کچانە دەبوو، بەرزایی چیاکانو دۆڵەکان، دامێن و کانییەکان هەر هەموو لە شەبەیخوونی ئەو کچانەدا کەوتبوونە سەما. هەمووی ببوونە ئەو کچە، سوێندتان بۆ دەخۆم ئەوەی کە دەیڵێم من بە هەر دوو چاوی خۆم بینیم کە چۆن دنیا بەو کچانە داپۆشرا، کەون بوو بە یەکپارچە جوانی، هەتا رووناکایی مانگیشیان داپۆشیو ئەستێرەو هەورو ئاسمانیشیان داپۆشی، بە شێوەیێک دنیا غەرقی سێبەر بوو، سێبەرێک تەنها لە بەرزەخدا دەبینرا، ئەو کاتە هێندە درەنگی شەو بوو، بەوە رانەگەیشتم بزانم بەیاری بازوداغ لە ناو کانییەکەدا چۆن شەلاڵی خەیاڵاتی ئەم کچە بووەو خەوم لێکەوت، خەوێک لە هەزار ساڵ دەچوو، لەوێ گەڕامەوە ئەو ئەشکەوتە پاکانەی کە بۆ یەکەم جار مرۆڤ بە پاکی لە دەرگاکانیانەوە هاتبوونە دەرەوەو هێشتا هیچ دڵێ زوڵمەتی تێنەکەوتبوو، بەیانی بەراکردن بەرەو لای کانییەکە بوومەوە تازە بەیار لە ئاوەکە هاتبووە دەرەوەو هێشتا هەموو گیانی تەڕ بوو، بەڵام دنیا هەمووی ببوو بە بەرد. خودایە خودایە ئەو هەموو بەردە جوانانە لە کوێوە هاتوون؟ هەموو بەیەکەوە بریقەیان دەدایەوەو هەریەکە لەناو کەرنەڤاڵی رەنگێکدا منیان دەدواند، ئەوسا زانیم ئەو بەردانە هەموویان تەرمی کچەکانی دۆڵی ئەفسووناوی شەون، ئەو شەوە خوێنئامێزەی هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، تاقانەترین شەوی ناو فەلەکی ئەم کەونە، تەواوی جەستەی بەیاریش ببوو بە زیپکەی عەشقو تای خۆشەویستی، ئەو کات هەستم بەوە دەکرد کە بەیار مەسیحێکەو لە دوا ساتەکانی لە چوار مێخەدانی تووشی ئەو عەشقە ڕاستەقینەیە هاتووەو دڵی پڕبووە لە وەسوەسە.

مێرێ غەرقی ئەو خەیاڵاتانە ببوو، هەر دەنگێ لە دوورەوە دەهات، ئەو دەنگە زۆر بە گوێی مێرێدا ئاشنا بوو، دەنگێ کە هێندێ جار مێرێی دەبردەوە ناو گەڕەکەکانی منداڵیو هەندێ جار لوولی دەدایە ناو شەوەزەنگەکانی عومری، هەندێ جاریش دەیبردەوە نێو ڕحمی دایک کە ڕەمزی گەڕانەوە

بوو بۆ ناو ڕحمی خاک، ئەو خاکەی ئەوێ دەمێ بەیار لە بۆنو بەرامەیدا مەست ببوو، هەندێ جار لەتەکیەوە بوو دەیتوانیوەک باقەبێنێ بیگرێتە باوەشو هەندێ جار ئەوەندە دوور بوو دەتگوت لە دوورترین قووڵایی تەبەقەکانی زەوییەوە دێت، ئەو دەنگە بەردەوام بوو، ئیدی لە نێو ئەو سەر زەمینەی کە بەیاری بازوداغ ئەوانی بە جێهێشتبوو جگە لەو دەنگە هیچی دیکە نەدەبیسترا، زەهاو لە نێو کاسەی ئەم دەنگەدا مەست ببوو، لە بەردێکەوە بۆ بەردێ رایدەکردو لە تاشەبێکەوە بۆ تاشەبێ دەچوو و گوێی خۆی بە سەریا هەڵدەخست، بەڵام ئەفسووس هەر جارەی کە بۆ تاشەبەردێ دەچوو دەنگەکە لە تاشەبێکی دیکەوە بەرز دەبۆوە، تا وای لێهات زەهاو ئەوەندە لەو ناوە دوور کەوتبووەوە کە ئەویش وەک تاشەبەردێ دیاری دەداو هەموویان سوێندیان دەخوارد ئەو زەهاوە ئیدی بۆتە بەرد. ئەو هەمیشە دوور دەکەوتەوە و لە بەردێکەوە بۆ بەردێ، لە تاشەبێکەوە بۆ تاشەبێ، ئەو ڕۆژە زەمەن لەو ناوەدا نەما بوو، من وا تێدەگەیشتم ئێمە لە دەرەوەی زەمەنو لە دەرەوەی کەون گەمانەکانی خۆمان دەکرد، تەنهاترین کۆمەڵە ئینسانێ بووین قەدەری گەڕان بە دوای خولیاو ئارەزووەکانمان ئێمەی هەڵدا بووە نێو ئەو سەر زەمینە، ئەویش قەدەری بە بەرد بوونی مرۆڤ بوو، هەبوون لە نەزەری ئێمەدا ئەوە بوو کە دەبێ بەرەو بەرد بچیو لەوێ یاساکانی خۆی پەرشوبڵاوی سەر زەمین بکاتو بیسەلمێنێ بەرد بەر لە زەمەن هەبووەو گەورەترین پرسیار بووە بۆ خوداوەندەکان و ئاڵۆزترین پێکهاتەی شیمیایی بووە، بۆیە بەرد نە چاوی دراوەتێ و نە دڵ و نە ڕۆحی دراوەتێ، بەڵام گەورەترین قورسایی لە سەر زەمین بەو براوە. ئەگەر ئەو بەردە زلانە نەبووان ئاو دنیای لە خنکان غەرق دەکردو ئاگر هەمیشە بەردەوام دەبوو، خۆڵیش هەموو فەزاکانی دادەپۆشیو ئەم سەدیمە لە خوداوەندەکان ون دەبوو. ئەو ڕۆژە زەهاو هێندە بە دوای ئەو دەنگەدا رایکرد بوو بەر لەوەی تۆپی سووری ئاسۆ بکەوێتە لێواری زەوی گەڕایەوە، چاوەکانی نووریان لێ هەڵدەچوو، دەستەکانی نووریان لێ هەڵدەچوو، هێندە هیلاک ببوو دەتگوت لە شەڕێکەوە دەگەڕێتەوە کە بێهوودەترین شەڕی ئینسان بێ، بەسەر کەڤرێکەوە روو لە ئاسۆ دانیشتو دایە پرمەی گریان، گریانێ لە گرینی مرۆڤ نەدەچوو، تەنها لە گریانی بەیاری بازوداغ دەچوو، کاتێ بە چاوەکانی خۆی دولبەرەکەی خۆی سووتاند. شەو داهاتو زەهاو هەر لە گریان نەکەوت بەیانی هات هەر لە گریان نەکەوت، هەر بە خاتری ئەویش هەموو لە پرمەی گریانیان دەدا، تا لە دواجار دەنگی گریانی ئەم کۆمەڵە

دەرکراوەی سەر ئەو زەمینە وێران و نادیارە کە ئێستاش دەیلێمەوە لە دەرەوەی زەمین و لە دەرەوەی کەوندا بوو، بارانێکی توند هەڵیکردو هەرگیز بارانیوامان نەدیبوو، ئێمەی هەموو خستە سەما، سەماییێک کە هەرگیز سەمای وا بەلەزەتمان نەکردبوو هەرگیزیش نەماندیبوو، سەمامان کرد، هێندە لە بەر ئەو بارانە سەمامان کرد، تا لە پەلوپۆ کەوتین تەنها ئەو کاتە بێدار بووینەوە کە زانیمان بارانەکە وەهم و سەرابێکە و زەهاو بەسەر تاشەبەردەکەوە بە هەزاران هەزار بەردی گەورەو بچووکی بە دەوری خۆی کۆکردبۆوەو هەر بە ناو ئەو بەردانەوە ڕاکشا بوو و چاوی بڕیبووە جێی ئاسۆ، بەڵام نە ئاسۆ دیار بوو نە جارێکی تریش زەهاوم بە زیندوویی بینییەوە. ئای چ ساتێکی بەسام بوو؟

مێرێ لە پڕێکا یەکە یەکەی هاوبەندەکانی وەبیر دەهاتەوە، وەک برووسکە بە ناو گیانیا ڕادەبووری و لەبەرخۆ دەکەوتە ورتە ورتەوە.

– ئەوساکە هێشتا هاوڕێ ئاسنگەرەکانم و قەزانچی و حەمامچی و بازرگان و ڕەزەوانەکانم هەر مابوون و هێندێ لە کوچەو کۆڵان هێندێ لە ئەشکەوتە دوورەکان هێندێ لە سنوورە ئاسێکان و هێندێ لە شەڕە سەختەکان کوژران و شەربەتی شەهادەتیان نۆشی، ئای کە بە نائومێدی سەریان نایەوەو ئێمەیان لە نێو ئەم مەحاڵستانە جێهێشت، ڕەسوی ئاسنگەر وای لەم بەورە دەتگوت خودا بۆ سەر دڵی دوژمنانی ناردووە، بەڵام ئاخ لە شەبەیخوونێکی دژواردا سەری نایەوە، ئەو هەمیشە باسی سەفەرەکانی دەگێڕایەوە، ئەو سەفەرانەی بەبێ نەخشەو ئامانج هاوبەندەکە ڕێکی دەخست و پەرش و بڵاوی دنیا دەبوون. ئەوان هەمیشە ڕایان دەکردو ڕایان دەکرد، ئەوە ڕاکردن بوو لە دەروونی پڕی خۆیان، یا لەو قەدەرەی تێی کەوتبوون، هەر لەو ڕۆژەوە ئیدی کەس نەیدۆزییەوە، تەنها لە ڕێی ئەو قەترە خوێنانەوە نەبێ کە لە دوا ڕۆژەکانی پاییزی بەر لە سەدەیەک ببوون بە گوڵگون و جەستەکەشی ببوو بە نەخشەی ڕۆژهەڵات، مێرێ تۆزێ دەوەستاو هەناسەیێکی ساردی هەڵدەکێشاو دەیگوت :

– ئای ڕەسو ڕەسو، ئەو ڕەندە پیاوەی لە ئاسێترین ئەشکەوتی ژیاندا هەر ئاسنی دەکوتایەوە، پرووشکەی شەبەقی ئومێد بوو جەرەقەی ئاگریشی نێو ڕەوەزە شاخەکانی دەکردە ترس و زەندەق چوون بۆ بەدکاران، تا لە دوا ڕۆژەکانی پاییزی سەدەیەک کەوتە بەر ماشەی ئاگرینی فێڵبازەکانەوە و ئا ئا زەهاو هەموویانم لەبیرە کە چۆن ئەوانیش بوون بە بەرد، نا نا ئەو هەرگیز ئاسنگەر نەبوو ئەو ئاگرسازی دڵان بوو، ئەهای ئاسنگەرەکان وەرن با ئاسنمان بگۆڕین، ئاخ ئەوەتا منیش وام لەبەردەم زەمەنێکی

گۆڵەسەگ، زەمەنێک کە مەنفاییێکی گەورەیە بۆ ڕۆحی مرۆڤ، زەمەنێک وەک فارگۆنێکی دۆزەخی تەنها ئازاری بۆ دڵ و شمشێری بۆ سینەو پەتی بۆ گەردن و خەنجەری بۆ گەردن هەڵگرتووە.

– زەهاو زەهاو ئای لەو ژینە پڕ لە برینە ڕۆژگاری تاڵ و ڕۆژانە مەرگ و راونان، ئێستاکەش سەراب و سەراب و سەراب، ئەمە چ خەمێکی قووڵە تێیکەوتووین زەهاو؟ دەنگ و هاوارمان وەک گەڵای پاییز هەڵدەرژێ و ناگاتە سەر زەوی.

– ئەی ئاسمان تۆ ئەو ساماڵە زیوینە بووی بارانی پاکیت دەباراندو گوڵاڵەکانی ڕۆژگارت گەش دەکردەوەو خەونەکانی مناڵیت زیندوو دەکردەوە و پەلکە زێڕینەی ئومێدت دروست دەکرد. ئەی ئەوە نییە ئێستاکەش هاوبەندەکان بەدیار برینەکانی خۆیان هاوارت بۆ دەنێرن، دەبا بارانت دڵە خەمگینەکانمان بشواتەوە کە لە نێو ئەم وەهمستانەدا خەریکە وێران دەبن، ئەوەتا لە پەنا ئەو تاشەبەردانەی خەیاڵدا خەریکە دەبین بەبەرد. مێرێ کەوتبووە سەر گازەڵەی پشت و خەیاڵ وێرانی دەکرد سەرنجی نەدابووە ئەو شەونمە گەشانەی کە لە بەر پێی دا وەک شووشەی بەر خۆرەتاوی سپێدان دەدرەوشانەوە، هێندە لە ناو هاڵاوی خەم و خەفەتەکانی خۆیدا رۆچوو بوو، تەنانەت نەشیدەزانی چۆن چۆنی ئەم هەموو ڕێیە دوور و درێژانەی بڕیوە و گەیشتۆتە نێو ئەم سەرابستانەوە کە تەرمی یەکە یەکەی هاوبەندەکانی قیامەتێکیان دروست کردووە، کاتێکیش کە وەئاگا هاتبۆوە کەوتە گریانێکی قووڵەوە، گریانێک کە هیچ مرۆڤێ خۆی لە بەرانبەریا ڕانەدەگرت. گریانێکی ئاگرین مەگەر هەر بەیاری بازوداغ گریانی وای کردبێ، تەنانەت مەل و باڵدارەکانیش لە بەرانبەریا دەوەستان و ئاوڕیان لەو دەدایەوە. گریانی مێرێ لەبەر ئەوە نەبوو لە نێو ئەم سەرابستانەوە کەوکەس و هەموو خەیاڵە جوانەکانی و زەهاو و حیکمەتەکانی و مێرێ و جورئەتەکانی لە ژێر تەپ و تۆزی ڕۆژگاری وەهم و سەرابدا کەوتوون و وەک چەند کەسانێکی تەنها کە تەنهاترین تەنهای دنیان لە بەرانبەر تیشکی سووتێنەری خۆردا هەڵدەخووسێن و چاویان پڕ بووە لە مێرووله، بەڵکو گریانی مێرێ بۆ ئەوە بوو کە هەرچییەک ئەو و هاوبەندەکەی بە تەمای ببوون لە ئایدیا و گۆڕینی رەوتی ئەم ژیانەی خۆیان و دەوروبەریان لە بێن دەچێ و ئیدی بۆ ئەبەد ئەو ڕاستییەی تەنها ئەوان دەیزانن دەچێتە ژێر گڵ و چارەنووسی ئەویش هەر بەم ڕاستیانەوە بەند بوو، هەر بۆیەش بە سەر ئەو تاشەبەردە خەیاڵییەوە کەوتبوو و توانای هەڵسانەوەی نەمابوو. وا خۆی دەهاتە بەر چاو کە هەزاران هەزار ساڵە بەردیان لەو بار کردووە،

بەدەم ئەو خەیاڵانەوە بوو کاتێک سەیری ئاسمانی کرد خۆرەتاو وردە وردە بەرەو قووڵایی بنارە دوورە وەهمییەکانەوە دەچێ و ئەویش وردە وردە لە تاریکی پشتی سەرابە سەنگینەکانەوە نوقم دەبێت، هەر لەو داوە تیشکانەی کە مابوو خۆی دەدی ئەویش وردە وردە دەتوێتەوە و ئاوا دەبێ، ئەو وای دەدیت تازە بەهار دەگەیشت و گیا سەری خۆیان لە ژێر تاشە و تاوێرەکاندا دەردەهێنا، کزەباییێکی سارد سارد دەهات گیانی مێرێی دەخستەوە ناو یادەوەرییەکانی هێندەی دیکە غەرقی ناڵە و زێماری دەکرد، مێرێ لەو دەشتاییە سەرابییەدا وەک ئەوەی کەوتبێتە نێو بەهەشتەکەی خۆی شەهدی بەختەوەری لە ڕووخساریا دەتکا، بەسەر گوڵی پەمەیی زەرد و سوورەوە دوور لەو بەسەر گردێکەوە کێڵی گۆڕستانێ و ئەو گوڵە گەنمانەی بە دەوروبەرییەوە شین ببوون و کەروێشکەیان دەکرد، مێرێیان لە رووباری چەند یادێکی دووردا دەشووشتەوە، بەڵام کە دەستی بۆ ڕووخساری برد هەستی بە وشک بوونەوەی خۆی کردو غەرقی خۆڵی سووتاو ببوو.

# بەشی بیست و پێنجەم

ئەو ڕۆژەی زەهاویش لە نێو ئەو دیمەنەدا، بوو بە تاشەبەردێک لەو تاشەبەردانە، خەمگینییێکی هێجگار توخ، ڕۆحی ئێمەی داگرت، بە شێوەیەک کە ئێمە دڵتەنگترین خەڵقەندەی سەر زەوی بووین، بێ ئومێدترین جوولەی کەون بووین و بەنێویەکدا وەک مەڕی گورک دیتە دەسووڕاینەوەو کەسمان بەری پێی خۆمان نەدەدیت، مەرگی زەهاو زۆر زۆر قورستر بوو لە ماڵاوایی کردنی بەیاری بازوداغ، چونکە ئەو بوو دەیتوانی ورەییێکی بەردین بە ڕۆحی ئێمەدا بکات، ئەو بوو لە ناخۆشترین ساتە ژەهراوییەکاندا بە کاسەیێ بەرد مەستی دەکردینو بە تاشەبەردی شکاو، دڵی شکاوی ئێمەی سارێژ دەکرد. ئێمە دڵشکاوترین بەشەر بووین، هەر لەگەڵ مردنی زەهاو، مێرێ ئەو بڕستو هێزەی جارانی، ئەو هەموو حیکاتە گەورانەی بۆی دەگێڕاینەوە، ئەو هەموو پەڕینەوە بە سەر ئەو تێلدڕ و تەلبەندانەی نەمانو ئەویش وەکو زەهاو هەمیشە سەیری دوور دووری دەکرد. بە چاو لەگەڵ کائینە دوورەکان قسەی دەکرد، بەردی دەدواند، سەیری ئەو کۆمەڵە ئینسانەی دەکرد کە قەدەر ئەوانی لە خۆیدا بەند کردووەو نە رایاندەگرێو بەرهەڵایان دەکات، وای بەجێهێشتوون لەناو نائومێدی خۆیاندا وەک درەختی بێ ئاو وشک هەڵگەڕێنو هەر بە پێوە ڕۆحیان دەربچێ، کە بە سەر بەردەکانەوە دەمبینی هەمان ئەو ڕۆژانەم دێتەوە یاد کە بەسەر گۆڕستانەوەم بینی بوو، ئەو ڕۆژەی لەو سەری ئاواییەوە دەشتاییەک لە بەردەجاڕ و بەرزاییەک لە کەڤر وەک دیمەنێک لە رم و شمشێر و تەپوتۆزی جەنگەکان، هەڵدەکشایە خوارەوەو بەر دیدی مرۆڤی لێوانلێو دەکرد لە ئەفسانە و سیحر و ماتەمینی و کەرنەڤاڵێ لەترس، ئاوایی تژی کپی و سامناکی دەکرد، ئا لەوێوە باییێک هەڵیدەکرد کە وەک گوێزان ئەسکوردی مرۆی دەسمی و یەک تاقە مەل و گەڵای لە سەر درەخت و لەنێو ئاسماندا نەدەهێشت، هەر هەمووی رادەماڵین و بە تەواوی ئەو دەشتاییە دەبووە شووشەزار و وەهمێک لە شەڕ و کوشتار و لێکدانەوەی لە باوبژدا ئاسێ دەکرد، بە تایبەت کاتێک ئەو بایە تێکەڵ بەو نیمچە زێیە دەبوو کە زستانان کەف و کوڵی باران هەڵیدەدڕی زەوی پڕ لە شەقار شەقار دەکرد، لەبەرابەریشیا گۆڕستانێکی دێرین بە کێڵی بەردەکانی ئەو ناوەی وەک مەیدانێک لە بەژن و باڵای خۆی راخستبوو، هەمیشە لە میانی دەشت و گۆڕستاندا لە ئێوارانێکی وا دا لەگەڵ هەر مایینە مایینێکی زەهاودا وردە وردە تارمایی ئەو تەرمانە مرۆی دەخستە واهیمەییێکی پیسکەو یەکە یەکەی بن ئەو کێلانەی کە لە تیرە بەردێکی

سورخن بوون، وەک چەند پەیکەرێ لە ئێسقان هەڵدەستانەوەو دەستیان لە ملی یەکدی دەکرد و دەنگی بەیەک کەوتنی ئێسقانە سپییەکانی دەست و سینەیان ئەو ناوەی سەرشار دەکرد لە مۆسیقایەک کە لە مۆسیقای بەڕێ کردنی تەرم دەچوو بە سەر رەزمی کلێساکانەوە دومب، دومب، دومب، لەلایەکی دیکەوە ئەو کۆمەڵە تەرمە بێ رۆحە کە گۆڕەکانی خۆیان بەسەر پشتی مایینی دارینەوە لە دارەبازەییێکی ئاڵتوونی دەچوو جێهێشتبوو، دەکەوتنە ناو یەکتری و پێدەچوو بەر لە مردنیان شتێ هەبووبێ کەوا ئێستێکە خەریکی پاکژکردنەوەی ئەو کۆنە حسێبە بن و یەکتریان وردو خاش دەکرد، زەهاویش لەو ناوەدا هەر هاواری بوو:

- مایین مایین لەو گۆڕستانە چەند لە شیر دەچێ، ئاوابوو، ون بوو نازانم بۆ کوێ چوو؟

ئاواییش هەمیشە وەک کۆمەڵە ماڵێکی خەوتوو لەژێر بارێکی قورسدا دنیایان لە بیر کردبوو، هەندێکیان لە کلاوڕۆژنەو دەلاقەکانەوە تەماشای ئەو تەرمانەیان دەکرد و مت ببوون، جار جارە دووکەڵێکی سپی هەڵیدەکرد و کە دەڕەوییەوە هەموو شتێ لەبەر چاوی زەهاودا ون دەبوو، ئەویش دوا ئاوڕی دەدایەوە، ئەوسا زەهاو تازە لە دەمی خەمێکی حەزیادا ڕزگاری ببوو، خودانی رووەتێکی تا بڵێی سورفڵ و گەش بوو، هەمیشەش لە تەنهاییێکی کوشندەدا دەژیا، کە دایکی وازی لە حیکمەت خان هێنا زەهاویشی رەنجەڕۆ کردبوو، زەهاو جگە لەزەمین کە بە سەریدا رەت دەبوو، ئەو ئاسمانەش کە هەمیشە لە ژێریدا بەدوای واهیمەی ماییندا رایدەکرد، شتێکی دیکەی نەبوو، سەرەڕای ئەوەش زەهاو هەمیشە پێدەکەنی، پێکەنینی زەهاو لە بنی هەورانەوە دەهات، لە قووڵایی لافاوە سەختەکانەوە سەری هەڵدەدا، لە ناو سرووتی ئاگراوی دیرۆکەوە دەهات، ئەوەی زۆر وریا نەبا دەیگوت زەهاو زایەندەییێکی ئاسایی نییە، هەمیشە رادەکا و بە دوای مایینان دەکەوێ، منیش هەر جارەی سەرنجی تەبەشی زەهاوم دەدا، لە ناخەوە هەڵدەچووم و خوێنم دەکفکفا و پێشبینی شتی سەیر سەیرم دەکرد، نیوەڕۆیەک لە نێو هەمان ئەو دەشتە بەردەجاڕەدا، بە تەک کەڤرێکی سپی سپیدا کە لە شیر دەچوو و وەستاو وەک هەورە تریشقە دایە پێکەنین و نیوەڕۆی لە تاریکی هەڵپێچاو دنیا پڕ بوو لە برووسک و تریشقەی هەور، ئەودەم زەهاو هەردوو چاوی خۆی داگرتبوو، هەر هاواری دەکرد:

- مایین مایین، چەند لە شیر دەچێ، باڵی گرت، فڕی، ونبوو، بۆ کوێ چوو؟ ئەو گۆڕستانە هی ماییەنانە، ئای لەم گۆڕستانە پڕ لە ماییەنە.

ئێوارەییێکی خۆشبوو هەتاو تیلماس تیلماس ئاوادەبوو، لایەکی گۆڕستان

سایەو لایەکەی دیکە هێشتاترووسکەی هەتاوی هەر مابوو، لە گۆڕستان نزیک کەوتمەوە، زەهاوم بینی وەک کۆترێکی بەر باران هەڵکوڕمابوو، چاوی بڕیبووە سەر گۆڕێ لە گەڵیا دەدوا، تووشی هەڵوەسەیەک بووم، ماوەیەک زەینم دایێ ئاوڕێکی لێدامەوە، فڕێی دام و ئیدی زەهاوم نەدیتەوە، جارێکی دی گوێمان لە هاواری پڕ ماناو مەفای زەهاو نەبۆوەو جارێکی دی هیچی بۆ نەگێڕاینەوە.

جا لە بەر ئەوەی ئێمە جگە لە رابردوو هیچ شتێکمان نە لە ئێستاو نە لە داهاتوودا هەبوو، هەموو رابردووەکانمان لەناو زەینی خۆماندا زیندوو دەکردەوە، بۆیە ئێمە دوای ئەمە بە حیکایەتەکانی مێرێ دەژیاین، تاکە چەکێ بوو بەهۆیەوە شەڕمان لەگەڵ قەدەر دەکرد، تاکە کتێبێ بوو بە درێژایی مێژوو لە ئێمەیان شاردبۆوەو دەمانخوێندەوە، کتێبێ بوو لە ئاگر، کتێبێ کە بە سەرمەشقی سەمەدی کتێبدارەوە بەند بوو، بەڵام ئەفسووس خامۆشیان کردبوو، تا بە درێژایی بوونمان لە ئایندەدا هەمیشە بێ ئەو کتێبە بین، تاکە ئاوازێ بوو، ئێمەی لە ناو بەهاری خۆیدا سڕ دەکردو بەو شەرابە کونینەیەوە بوو، ئێمە هەمیشە مەست بووینو بەمەستی دەمردینو بەمەستی بەردەوام دەبووینو بە مەستی ئاگاییمان لە خۆمان لوولدەدا، تاقانەترین پۆلیەی ناو ئاگردانی ئێمە بوو، لە ناو شەوە ساردەکانی ژیاندا، هیچیەک لە ئێمە لەو سەفەرەی کە بەیاری بازوداغ گوتبووی:

ئەوە دوا سەفەرەو ئیدی هەریەکەمان قەدەرێ هەڵماندەلووشێ و پەرشوبڵاوی دنیا دەبین، وەکو ئاژەڵە گەورەو زەبەلاحەکانی دنیا تۆمان دەبڕێتەوە، بەڵێ هیچمان وەک خۆمان نەمابووین، تووشی بەد گۆڕانێکی سەیر ببووین، من وامخەیاڵ دەکردەوە کە ئەوەش حەقیقەتێ بوو، هەریەک لە ئێمە تووشی گەورەترین کارەسات ببوو، لە سۆنگەی ئەوەی هەندێ لە نهێنییەکانی کەون بە ئێمە بڕابوو، زۆر جاران رابردوومان دەبینیو دەگەڕاینەوە ناو گەڕەکەکانی و لەناوماڵەکانی رابردووماندا سەرلەنوێ گەورە دەبووینەوە، لەناو رابردوودا خەیاڵمان لەدژی سنوور و تەلبەندەکان گەورە دەکردو لە ناو رابردوودا تووشی بۆسە و کەمین دەبووینەوە، ئەم نهێنییە زۆر خەتەرناک بوو بەڕاستیش خەتەرناکە مرۆڤ بتوانێ بچێتەوە ناو رابردوو، وەک جاران دەست بە ژیان بکاتەوە، ئێمە ببووینە خاوەنی کۆمەڵێک نهێنی تەنانەت کەسانێ لەناو ئێمە دەیتوانی قووڵایی زەویو تەبەقەکانی ژێرەوەی زەوی ببینێ، کەسانێ هەبوون هەموو دەنگێکیان دەبیست، کەسانێ هەبوون چەندین سەعاتو سەعات دەچوونە ناو ئایندەو لەوێ خۆیانو کۆمەڵێ شتی تازەو غەریب دەهاتنەوە. بەڵام هەمیشە کە

دەگەڕانەوە کۆمەڵە بەردێکی ڕەنگاوڕەنگیان پێ بوو و ببووە ئایدیای موقەددەسی ئەوان.
لە هەموویان سەیرتر ئەوە بوو مێریێ هەنگاو بە هەنگاو بەیاری بازوداغی دەبینیو دەیزانی ئێستێکە لە کام سنوورەو چۆن ڕێدەکا؟ ئیدی ئەو نهێنیانەی ئێمە دەستمان لێگیرببوو، هێندەی دیکە مایەی کارەسات بوو، بەڵام ئەو ڕوژەی کە زەهاو نەما، مێریێ هەتا هێز و بڕستی ئەوەشی نەمابوو سەیری غەیبانیەتی بەیاری بازوداغیش بکات تا ئەو ڕۆژەی لە کاتێکدا بەتەک پاشماوە بەردی جەستەی زەهاودا دەڕۆیشت ئاوڕێکی دابۆوەو بەردەجەستەی زەهاو بانگی کردبوو:
– ئای مێریێ کە بەیار گەڕایەوە ئەو بەردانەی من لە بیر نەکەنو لەگەڵ خۆتانا لە سنوورەکانم بگێڕن مێریێ ، پاشان مێریێ جگە لە فەزای بەردرێژکراو هیچی تر نابینیێ، ئەو ڕۆژە هێندە بە کوڵ گریا بوو، فرمێسکەکانی وەک چەند ر،شتە وردیلە بەردێ دەهاتە خوارەوە، چەند هەنگاویێ لەو دوورتر، هەناسە ئاخێکی هەڵکێشا کە دنیای غەرقی خەمناکی کرد، ئەویش خزایە ناو بەردەڵانەکانو تێکەڵ بە بەردەکان بوو، وەک تاشەبەردێکی زل پارچە پارچە ببوو، تا دەهات کەم دەبووینەوە، لە کەمبوونەوەشماندا سنووری ژمارەکان بوونی نەبوو، هەتا ئەو ڕوژەی کە هێندە بە ناو ئەو سەرزەمینە پڕ لە نهێنییە سووڕابووینەوە، ئیدی لە شێوەی مرۆڤ چووبووینە دەرەوەو ببووین بە کۆمەڵێ رابردووی بەردین، سوێندتان بۆ دەخۆم کە سەیری دەستەکانی خۆم کرد، جگە لە دوو تاشەبەردی درێژ هیچی دیم نەدی، ئەو کاتە زانیم من دوا مرۆڤی ئەم سەرزەمینەم، پاش چەند کەمێکی دی دەبم بە بەردێک لەو بەردانەو هیچیتر، بەڵام لە دواجارا مێریێ بوو بە دڵۆپە خوێنێ ڕژایە سەر ڕۆحی برینداری هەموومانەوە.